ئەم کتێبە
بۆ زیاتر لە 30
زمان وەرگێڕاوە

نرخەکەی داشکێنراوە
2500 دینار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

سوننەتەکانی ڕۆژانە

خستنە ڕووی سوننەتەکان و ڕێنوێنیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ
هەر لەخەو هەستانییەوە هەتا کاتی نوستنی



چاپی پێنجەم

نوسینی:
د. عبدالله بن حمود الفريح

وەرگێڕانی:
سامان علی فەرەج

پێداچوونەوەی:
ماموستا صلاح الدين عبدالكريم

کتێبخانەی ئامۆژگاری
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سوننەتەکانی ڕۆژانە

خستنەڕووی سوننەتەکان و ڕێنوێنیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ

هەر لە خەو هەستانیەوە هەتا کاتی نوستنی

نوسینی

د. عبدالله بن حُمُود الفريح

وەرگێڕانی

سامان عەلی فەرەج

پێداچوونەوەی

مامۆستا صلاح الدين عبد الكريم

ناوی کتێب بە عەرەبی: المنح العلية في بيان السنن اليومية
ناوی کتێب بە کوردی: سوننەتەکانی ڕۆژانە
ناوی نووسەر: عبد الله بن حمود الفريح
ناوی وەرگێڕ: ساماڵ عەلی فەرەج
پێداچوونەوەی کتێب: ماموستا صلاح الدين عبد الكريم
بڵاو کردنەوەی: کتێبخانەی ئامۆژگاری
ژمارەی چاپ: پێنجەم
ساڵی چاپ: ١٤٤٦ کۆچی — ٢٠٢٥ زاینی
تیراژ: ٥٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (١٩٢٢) ساڵی ٢٠٢١ کتێبخانە گشتیەکانی پێدراوە

کتێبخانەی ئامۆژگاری
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی - دارەسوتاوەکە - بەرامبەر کەشتی نوح

ktebxanayamozhgary
maktabaalnasiha
٠٧٧٠١٤٩٩٧١١

بسم الله الرحمن الرحيم

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی وەرگێڕ:

سوپاس و ستایش تەنیا بۆ خوای بەرز و بڵند، درود و سڵاو و سۆز و میهرەبانی خوای مەزن بۆسەر گیانی پاک و پیرۆزی ئەو پەیامبەرەی کە هیچ پەیامبەری تری لەدواوە نایەت، دوای ئەوە:

ئەی خوێنەری بەڕێز و سەنگین ئەم پەرتوکەی کە لەبەردەستی تۆی ئازیزدایە گەشتێکی پڕ خێر و فەڕ و خێرایە بەناو فەرمودە ڕاست و دروست و پیرۆزەکانی سەروەری مرۆڤایەتی موحەممەد ﷺ، کە لەمیانەی چاوخشاندن بە ناونیشانی پەرتوکەکەدا بۆت دەرئەکەوێت هەر لە خەوهەستانەوە هەتا نووستن نوسەر هەموو شتێکی بۆ باس کردووین و هیچ بواریکی نەهێشتۆتەوە، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی پەیامبەری خوادا ﷺ، جا ئەمە کارێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر نییە بۆ ئایینێک کە کۆتا ئایینە و خوای مەزن بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی ڕەوانەی کردبێت لەو هەموو ماوە بەرین و فراوانەدا ڕێنوێنی مرۆڤەکانی بۆ کردبێت، ئەوەتا وەک لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە سەلمانەوە (خوا لێی ڕازی بێ): قِيلَ لَهُ: قَدْ عَلَّمَكُمْ نَبِيُّكُمْ صلى الله عليه وسلم كُلَّ شَيْءٍ حَتَّى الخِرَاءَةَ قَالَ: فَقَالَ: أَجَلْ «لَقَدْ نَهَانَا أَنْ نَسْتَقْبِلَ القِبْلَةَ لِغَائِطٍ، أَوْ بَوْلٍ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِاليَمِينَ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِأَقَلَّ مِنْ ثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيعٍ أَوْ بِعَظْمٍ»[1] ، واتە:کاتی خۆی هاوەڵگەران پێیان وت: بەڕاستی ئێوە پێغەمبەرەکەتان ﷺ هەموو شتێکی فێرکردوون تەنانەت چۆنێتی چوونە سەر ئاویش، ئەویش وتی: بەڵێ وایە:" بە دڵنیایی ڕێگری ئەوەی لێکردووین کەوا ڕوو بە قیبلە بکەین بۆ پیسایی، یان بۆ میزکردن، یان بەدەستی ڕاست خۆمان پاک بکەینەوە، یان خۆمان پاک بکەینەوە بە کەمتر لەسێ بەرد، یان بە پاشەڕۆ یان بەئێسقان خۆمان پاک بکەینەوە".

---

(١) رواه مسلم (٢٦٢).

که ئەمەش بۆخۆی شتێکی کەمە لەدەریای بێ سنووری ڕێنماییە زۆر و زەبەند و بێ هاوتاکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە هەتا ساتەوەختی ئێستاشمان کۆمەڵگای بێ باوەڕی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەردە دڵیانە و گلەیی و گازندەیانە لەدەست ئەوەی کە ناتوانن بەو شێوەیەی کە شەریعەتی ئیسلام و پەیامبەرەکەی ﷺ موسڵمانانی بۆ ئاڕاستە کردووە خۆیان پاک و خاوێن بکەنەوە.

جا لەبەر ئەوەی ژیانی مرۆڤ سنورداره و ماوەیەکی کورت و دیاریکراوە هەرچەندە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی زۆریش بێت هەر کەمە، چونکە هەر شتێک بڕانەوەی لەدوابێت و کۆتایی پێ بێت کەم نرخ و بێ بەهایە گەر لەخێر و چاکەدا بەسەر نەبرێت، مانەوەشمان لەم دنیایەدا وەک ڕێبوار و میوانێکی نامۆیە، ئەوەش بزانە خودی خۆت هەرچۆنێک بیت چۆن لەدنیادا ژیان بگوزەرێنی هەر ئەبڕێتەوە، بە تاڵی و ناڕەحەتی بێت یان بە خۆشی و شادمانی بەڵام ئەوەی گرنگە تەنیا دواڕۆژە، جا ژیان بەسەربردن و تەمەن بەڕێکردن لەژێر سایەی سوننەتەکانی پەیامبەر ﷺ و ڕێنوێنیە پیرۆزەکانی زۆرکردنی چاکە و مایەی ڕزگاربوون و سەرفرازیە لەڕۆژی دواییدا، چونکە دنیا هەروەک عیسا پێغەمبەر عليه السلام فەرموویەتی: " مُرُّ الدُنیا حُلْوُ الآخرة، وَ حُلْوُ الدُّنیا مُرُّ الآخرة "[1] ، واتە:" خۆشی و شیرینی دنیا تاڵی و ناڕەحەتی دواڕۆژە (ئەگەر لەسەرپێچی خوای پەروەردگاردا ببیەیتەسەر)، تاڵی و ناخۆشی دنیاش شیرینی و خۆشی دواڕۆژە (ئەگەر لەڕەزامەندی خوای پەروەردگاردا ببیەیتەسەر)، حەسەنی بەصریش (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی: (دنیا سێ ڕۆژە: جا دوێنی ڕۆیشت و تێپەڕی بەهەموو ئەوانەی کە لەناویدا بوو، هەرچی سبەینێشە: ڕەنگە تۆ پێی نەگەیت (بمریت)، جا ئەمڕۆ کەتیایدایت بۆتۆیە بۆیە تۆش کردەوەی تیا بکە)[2]، عەبدوڵڵای کوڕی مونازیلیش (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی: (هەرکەسێ خۆی

---

(١) ابن عبدالبر التمهيد (٢٣٨/١٤).

(٢) الزهد الكبير للبيهقي: ٢/ ١٩٦- ١٩٧.

خەریک بکات بە کاتەکانی ڕابردووە و ئەوەش کە هێشتا نەهاتووە ئەوا کاتەکەی لێ بەفیڕۆ ڕۆشتووە بەبێ هیچ کەڵک و سودێک)[١].

چونکە خۆ خەریک کردن بەو کاتانەی کە ڕابردووە، وا لەو کەسە ئەکات کە سستی و تەمەڵی بنوێنێ لەکار و کردەوەکردندا، ئەگەر بەتایبەتی لەو کەسانەبێ کە کات بەفیڕۆ ئەدەن و کات ئەکوژن، چونکە بەردەوام شەیتان ئەو کاتانەیان بیرئەخاتەوە هەتا تەمی نائومێدی سەردڵیان ئەگرێت و نائومێدی لەدەرونیاندا زیندو ئەکاتەوە، بەهەمان شێوە ئەو کەسانەی لەجیاتی ئێستا تەنیا بیر لەئایندە ئەکەنەوە، ئەوانیش لەخەو و خەیاڵدا ئەژین هەتا مۆری هیوا درێژی لەدڵیان ئەدرێت و لەژێر کاریگەریدا ئەبن بەبێ هیچ کەڵکێک.

ئیبراهیمی کوڕی شەیبانی زاهیدیش (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: (هەرکەسێ پارێزگاری لەکاتەکانی خۆی بکات و بەفیڕۆیان نەدات لەشتێکدا کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە، ئەوا خوای گەورەش دین و دنیای ئەوکەسە ئەپارێزێ)[٢]، بەڕاستی دووبارە بوونەی دیاردەکانی شەو و ڕۆژ و بەدوای یەکدا هاتنیان و تێپەڕینیان بەخێرایی ئاماژەیەکی خێرایە بۆئەوەی هەموو ئەمانە کار لە تۆدا ئەکەن و لە تەمەنی تۆ کەم ئەکەنەوە و دایئەڕنن، وەک کورد واتەنی چ بابێ و چ باران هەر لە بەفر کەم ئەکەنەوە، سەرمایەی زێڕینی تۆش تەمەنتە، بۆیە کەسی ژیر و تێگەیشتوو ئەو کەسەیە کە ساتەکانی ژیانی لەشتی پڕوپوچ و بێ هودەدا بەسەر نابات، و لە هەڵپەی تۆیشوو هەڵگرتن و کۆکردنەوەی خێر و چاکەدایە بۆ گەشتە دوور و درێژ و نەبڕاوەکەی قیامەت، لەپێشەوا مالیکەوە (بەڕەحمەت بێ) هاتووە کاتێ کە پرسیاریان لێکردووە: (چۆن ڕۆژت کردەوە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: ڕۆژم کردەوە لەتەمەنێکدا کە بەردەوام کەم ئەکات و کۆمەڵە گوناهێک کە زیاد ئەکات)[٣].

حاتەم ئەلئەصەمیش (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی: (چوار شت هەیە کەس نزخ و بەهای نازانێ چوار تاقم نەبێ: نزخ و بەهای گەنجێتی: کەس نزخ و بەهای نازانێ

---

(١) من كل سورة فائدة، ص١٠٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٠٨ .

(٣) شرح الزرقاني على الموطأ ٤/١.

مەگەر پیرەکان نەبێ، نرخ و بەهای سەلامەتی و بێ وەیی: کەس نرخ و بەهای نازانێ مەگەر ئەوانە نەبێ کە تووشی بەڵا و نەهامەتی بوون، نرخ و بەهای لەشساغی و تەندروستی: کەس نرخ و بەهای نازانێ مەگەر نەخۆش و دەردەدارەکان نەبێ، نرخ و بەهای ژیانیش: کەس نرخ و بەهای نازانێ مەگەر مردووەکان نەبێ)[1].

جا هەروەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە پزیشکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە جەستەییەکانی، بەهەمان شێوە پێویستیی مرۆڤ بە پەیامبەر و پەیامەکەی و ئەوەیش کە سوننەتەکەی لەخۆی ئەگرێت لەپزیشک و دەرمان پێویست ترن بۆی، چونکە ئەوپەڕی ئەوەی کە مرۆڤ بێت پشت لەپزیشک و دەرمان بکات و نەچێت بەلایاندا تووشی دەرد و نەخۆشی جەستەیی ئەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو پشتی لە پەیامبەر و پەیامەکەی هەڵکرد، ئەوا دڵی ئەمرێت و لەخۆشی و کامەرانی بێ بەش ئەبێت و شەپۆلی بەدبەختی چارەڕەشی دایئەپۆشێت و ژیانی لێ تاڵ ئەکات، و ئارامی و دڵنیایی بەجێی ئەهێڵن، و ژیان و کامەرانی بۆ ناگەڕێتەوە مەگەر بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ڕۆشنایی نیگای خوایی و ڕێکردن لەژێر ڕوناکیەکەیدا)[2].

بۆیە هیچ پلە و پایەیەک نیە لەوە بەرزتر بێ کە تۆ شوێن خۆشەویستەکەت بکەویت لە فەرمان و کردەوە و خووڕەوشتیدا، و ئەدەبی خۆت دابدەیت بە ئاکارەکانی لەقسە و کردار و نیەت و بیروباوەڕ و پەرستشتدا، وەک لە ئیبراهیمی حەربیەوە (بەڕەحمەت بێ) هاتووە کە وتوویەتی: (پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان ئەگەر شتێکی لەئاکار و ڕەوشت و ئەدەبی پەیامبەر ﷺ بینی دەستی پێوەبگرێت)[3].

وە لە حەسانی کوڕی عەتیەوە (بەڕەحمەت بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: (دوو ڕکات نوێژ کە بەندەی موسڵمان لەسەر سوننەت بیکات، خێرتر و چاکتر لە حەفتا ڕکات نوێژ کە لەسەر سوننەت نەیکات)[4].

---

(١) تنبيه الغافلين ٣٩.

(٢) مجموع رسائل الجامي في العقيدة والسنة ص٣٢٠.

(٣) الجامع لأخلاق الراوي ١/١٤٢.

(٤) التهذيب الموضوعي لحلية ص١٢.

لە پێشەوا زوهریشەوە (بەڕەحمەت بێ) گێڕراوەتەوە کە وتوویەتی: (پەنابردنەبەر سوننەت و دەستگرتن پێوەی مایەی سەرفرازی و ڕزگار بوونە)[١].

پێشەوا موجاهیدیش (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: (چاکترین پەرستش ڕاوبۆچوونی چاک و جوانە - واتە شوێنکەوتنی سوننەتی پەیامبەر ﷺ)[٢].

لە ئیبن عەونیشەوە (بەڕەحمەت بێ) هاتووە کە وتوویەتی: (هەرکەسێ لەسەر ئیسلام و سوننەت بمرێ ئەوا ئەو کەسە مژدەی هەموو خێر و خۆشیەکی بۆهەیە)[٣].

لە سالّحی کوڕی ئیمامی ئەحمەدەوە هاتووە (بەڕەحمەت بن) کە وتوویەتی: (پیاوێکی دراوسێمان هات بۆلامان کە خەنەی بەکارهێنابوو، باوکم وتی: بەڕاستی من کاتێ پیاوێک ئەبینم کە شتێک لەسوننەت زیندوو ئەکاتەوە دلّخۆش ئەبم پێی)[٤].

هەروەها شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیەش (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: (خوای گەورە پلەی کەسێک بەرز ئەکاتەوە بە ئەندازەی دەستگرتنی بە سوننەتەوە)[٥] .

جا بەڕاستی ئەو پێشەوا و زانا و خواناسانەی پێشین سوننەتیان جێ بەجێ ئەکرد لەبەر سوننەت بوون و پەرۆشیان بۆی، کەچی بەداخەوە زۆربەی موسلّمانانی ئێستا وازیان لەسوننەت هێناوە بە بیانووی ئەوەی کە سوننەتە و ئەگەر نەکرێت هیچ تاوانێکی لەسەر نیە، داواکارم لەخوای بەرز و بلّند بەسۆز و میهرەبانی خۆی موسلّمانان بگێڕێتەوە بۆسەر ئەو ڕاستە ڕێیەی کە پەیامبەر ﷺ و هاوەلّان و پێشینانی چاکی لەسەر بوون (خوا لەهەموویان ڕازی بێ)، کە هەر خۆی بەتوانا و دەسەلّاتە بەسەر ئەوەدا، سوننەتی پەیامبەرەکەمان ﷺ بۆ زیندوو بکاتەوە هەتا

---

(١) شرح السنة للالكائي ١/١١ ص ١٢٦ تحقيق أبومالك الرياشي .

(٢) حلية الأولياء ٢٩٣/٣ عن طريق من أخبار السلف الصالح .

(٣) شرح السنة للالكائي ٥٥/١ ، ص ١٥٤ تحقيق أبومالك الرياشي .

(٤) سير أعلام النبلاء ٣٣٥/١١ .

(٥) تحفة المجيب ٣٣٩ .

موسڵمانان دەستی پێوەبگرن و لەسەری بڕۆن و لەناو تاک و خێزان و کۆمەڵگەی موسڵماناندا ڕەنگ بداتەوە.

لە کۆتایدا سوپاسی خوای مەزن ئەکەم لەسەر ئەوەی یارمەتیدام بۆ وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە، کە بۆ زیاتر لە سی زمان وەرگێڕدراوە و تەنیا کتێبخانەی کوردی لێی بێ بەش بوو، بۆیە منیش وەک موسڵمانێکی کوردزمان بەپێویستم زانی کەوا شان بدەمە بەری و بەم ئەرکە هەڵسم، تا هاوڵاتیانی کوردزمان لێی بێ بەش نەبن و کەلێنێکیش لەکتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە، و خوای گەورە بیکاتە مایەی بەرچاو ڕۆشنی و شارەزا بوونیان لەسوننەتەکانی پەیامبەرەکەیان لەو بوارەدا کە کە لەدوو توێی کتێبەکەدا خراوەتە ڕوو، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: " لا يَشْكُرُ الله من لا يَشْكُرُ النَّاس "[1]، واتە: " سوپاسی خوا ناکات ئەوەی کە سوپاسی خەڵکی نەکات "، بۆیە ئالێرەدا جێی خۆیەتی لەژێر واتای ئەو فەرمودەیەدا کە سوپاسی (دکتۆر عبد الله بن حُمُود الفريح) نوسەری ئەم پەرتوکە بکەم کە لە نامەیەکی دەنگیدا مۆڵەتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پێدام ، خوای گەورە پاداشتی بە خێری بداتەوە لە دنیا و دواڕۆژدا ، هەروەها سوپاسی مامۆستای بەڕێز (مامۆستا صلاح الدين عبدالكريم) ئەکەم کە ئەرکی کێشا و بە وردی بەم وەرگێڕانەدا چووەوە، خوای پەروەردگار پاداشتی بەخێری بداتەوە و بیخاتە تای تەرازوی کردەوە چاکەکانیەوە لە ڕۆژی دوایدا، وە سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری بەرز و بڵند، و درود و سڵاوی خوای گەورەش لەسەر پەیامبەر و هاوەڵان و ماڵباتەکەی بێت، ئامین.

ساماڵ عەلی فەرەج

١٩ی شەوالی ١٤٤٢ کۆچی بەرامبەر ٢٠٢١/٥/٣١ سلێمانی

---

(١) رواه أبوداود (٤٨١١).

((پێشەکی))

سوپاسی بێ کۆتا بۆ ئەو پەروەردگارەی کە فەرمووپەتی: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ الأحزاب: ٢١، واتە: { بەڕاستی لە پەیامبەری خوادا هەیە بۆ ئێوە پێشەوایەتی و پێشەنگێکی چاک بۆ هەر یەکێک لەئێوە کە بەئومێدی خوای گەورە و ڕۆژی دوایی و زۆر یادی پەروەردگاری ئەکات }، وە هەروەها سوپاس و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی کە چاکترین پەیامبەری بۆ ڕەوانەکردین، و باشترین پەرتووکی بۆ دابەزاندینە خوارەوە و بۆ هەردوو نیگاکەش (قورئان و سوننەت) هەڵگرانێکی لەهاوەڵان بۆ فەراهەم هێنا کە بە باشی بیگەیەنن، وە ئەوانەش کە لەدوای ئەوانەوە هاتن لەپێشینی چاک ئەوانیش بەهەمان شێوە بەباشی هەڵیانگرت، و بە وتەکانیان بەباشی گەیاندیان، و مێژووش کردەوەکانیانی بە باشی بۆ تۆمارکردووین، و ئەوانە پیاوانێک بوون چاکترین هەڵگر بوون بۆ باشترین ئەرک و سپاردە، جا بەڕاستی ئەوانە نمونەیەکی گەش و پرشنگداریان لەڕەفتار و کردار خستەڕوو، کە دەربڕی ڕادەی سۆز و خۆشەویستیان بوو بۆ پێغەمبەرەکەیان ﷺ .

پاشان دەریای سۆز و بەزەیی و سڵاوی پەروەردگار بڕژێت بەسەر باشترین بەدیهێنراوی، کە سوننەت و ڕێوشوێنەکانی گەیاندە بەدیهێنراوەکان و موسڵمانانی پێشەنگی یەکەم، هەر خودی ئەم پێغەمبەرە ﷺ چاکترین کەس بوو لە نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و نزا و پاڕانەوەدا، و باشترین کەس بوو کە ڕاستەڕێی هیدایەت و ڕێنوێنی بۆ ئوممەتەکەی ڕوونکردەوە، و لەسەر بەرچاوو ڕۆشنی و بەڵگەیەکی ڕوون و سپی و بێگەرد و ئاشکرا بەجێی هێشتن کە سەرفراز و ڕزگار بووە ئەوەی کە گوێڕایەڵی بووە و دڵی بۆی کردۆتەوە، دروود و ستایشی پەروەردگار لەسەر خۆی و ماڵبات و خانەوادەکەی، و لەسەر هەموو ئەوانەش بێت کە بەڕێنماییەکانی ئەو ڕێگایەیان گرتەبەر هەتا ڕۆژی دوایی. پاشان دوای ئەوە ...

ئەی برای خوێنەری بەڕێزم:

وا لەخوارەوە چەند دێڕ و پەڕەیەکت بۆ ئەنووسم، کە سوننەت و پەرستشەکانی لەخۆگرتووە، سوننەت گەلێکی نوسراو و بەجێماو، و کۆمەڵە پەرستشێکی ون و زانراو، و وازلێهێنراو، کە بەڕاستی هەموو ئەمانە خەڵات و بەخششێکن لەلایەن خوای بەرز و بڵندەوە بۆ ئەم گەل و ئوممەتە، هەتا پەرستشەکانیان پێ زیاد بکەن، جا هەر بەڕاستی ئەمانە خەڵاتن بۆ ئەم ئوممەتە لەبەر ئەو چەند قات پاداشتە زۆرەی کە بۆ گەلانی تر شتی وانەبووە، خوای باڵادەست بەسۆز و بەزەیی خۆی بەم گەلەی بەخشیوە، و چەندین بەرهەم و بەروبومی گەورە و مەزنی داناوە بۆ ئەوانەی کە دەستوبردیان هەیە و پەلە ئەکەن بۆ ئەنجامدانی، کە بەدڵنیاییەوە خەڵاتێکی بەرز و بڵند، شکۆمەند و بەرهەمداری مەزنە، کە هەموو ئەمانەی کە باسکرا یەکێک لەبرا بەڕێزەکان پێشنیاری بۆ کردم - خوای گەورە بەچاکترین شێوە پاداشتی بداتەوە - وە دوو هۆکاری سەرەکی پاڵنەرم بوون بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە:

یەکەمیان: ئەو ڕوداوە ناخۆشەی کەوتە بەرگوێی هەموو موسڵمانێک، و دڵی هەموو یەکخواپەرستێکی غەمبار کرد، و فرمێسکی بەچاوی هەموو ئەویندارێکی خۆشەویستی خوا پێغەمبەری بەڕێزماندا ﷺ هێنایە خوارەوە، کاتێک بەخراپە و نەشیاو پلاریان تێگرت، و لەلایەن کەسانێکی گاڵتەجاڕ و کینە لەدڵەوە بە مەرامی گاڵوی سوکایەتی پێکردن و بێ ڕێزی نواندن بەرامبەری هاتن وێنەی کاریکاتێری بێ پێز و بێ تامیان کێشا - باوک و دایکم بەفیدای بێت - وە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوام لێرە و لەوێ ئەمجۆرە سوکایەتیە ئەبیستین و پەردەی گوێمان ئەسمێت، کە ئەمەش کارێکی سەیر و سەمەرە نییە لەلایەن دوژمنانی ئەم ئایینەوە؛ بەڵکو هەموو ئەمانە شوێن هاوشێوەکانیان کەوتوون لە بێ باوەڕانی قورەیش و کەسانی تریش، کاتێ ئەهاتن ئازاریان ئەدا و پێیان ڕائەبوارد، بەهەمان شێوە هاوەڵە بەڕێزەکانیشی - خوا لەهەموویان ڕازی بێ - ڕووبەڕووی هەمان سوکایەتی پێکردن و ئازاردان و بەخراپ باسکردن بوونەوە کە ئەو تووشی بوو ﷺ، جا بۆیە

بەرگریکردن لەماف و شکۆی پەیامبەری خوا ﷺ قەرزە لەسەر شانی هەموو تاکێکی ئەم ئوممەتە هەتا مافەکانی بۆ ئەگەڕێتەوە.

* لە گرنگترین جۆرەکانی بەرگریکردن لێی بریتی یە لە:

بەرگریکردن لە سوننەتەکانی، و خستنەڕووی ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکانیەتی ﷺ کە هەندێ کەس هاتوون شێواندوویانە، وە ڕوونکردنەوە و پێ ناساندنی ڕێنوێنی و ڕێبازەکەی و هاندان بۆ جێ بەجێکردنی، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاڤۆک (بڵاوکراوە) لەو بوارەدا، و لەپێشترین کەسێکیش بۆ جێ بەجێکردنی ڕێنماییەکانی پەیامبەر ﷺ و پەلەکردن بۆ پراکتیزەکردنی سوننەتەکانی بریتین لە کەسە دیندارە ڕاستەقینەکانی، چونکە ئەو کەسەی کە بەرگری لێ ئەکات و بە وتەکانی بەڕەچی ئەوانە ئەداتەوە کە سوکایەتی بە کەسایەتی پەیامبەر ﷺ ئەکەن و ناموسی لەکەدار ئەکەن ئەبێ ئەو کەسە خۆی لەوانەبێت کە زۆر سوورن لەسەر جێ بەجێکردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی و بەکردەوە سوننەتەکانی بەجێ بهێنێ، و لە دەروونی خۆی، و دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی، و لەناو کەسوکار و منداڵەکانی، و خوێندکار و براکانیدا، سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ زیندوو بکاتەوە.

هۆکاری دووەمیان: کە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان شایەتە لەسەری بریتی یە لەگوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی نواندن لەجێ بەجێکردنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ و گوێڕایەڵی کردنی، بە بیانووی ئەوەی کە هەرکەس سوننەت جێ بەجێ بکات پاداشت ئەدرێتەوە و لەسەر نەکردنیشی سزا نادرێت، کە ئەگەر - ئەی خوێنەری بەڕێز - تۆ بێیت بەدواچوون بکەیت بۆ سوننەتەکانی پەیامبەر ﷺ ئەوا هەرگیز نابینیت کە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) - لە زۆربەی کار و فەرمانەکانیاندا - جیاوازیان کردبێت لەنێوان کارە واجب و موستەحەبەکاندا، لە ڕوانگەی پرسیارکردن و پراکتیزەکردنەوە، بەڵکو ئەوان لەهەموو کەسێک زیاتر سوورببوون لەسەر کارە خێر و چاکەکان، و زۆر داخ و حەسرەتیان ئەخوارد بۆ لەدەست چوونی ئەگەرچی کارەکە سوننەتیش بوایە، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کەسانی ئەوتۆ ئەبینین کە ژمارەیەکی

زۆر لەکردەوە چاک و مەزنە سوننەتەکان ئەزانێ کەچی کردەوەی پێ ناکات، ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت، ڕەنگە کەسانی ئەوتۆ بەچاوی خۆت ببینیت کە نیشانەی چاکەکاری و دامەزراوی و خۆش ویستنی خێر و چاکەیان تیا بەدی ئەکەیت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینیت زۆر کەمتەرخەم و خەمساردن بەرامبەر زۆرێک لە سوننەتەکان و هەر بەلاشیاندا ناچن!! نابینیت سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لەڕواڵەت و خووڕەووشت و مامەڵەکردن، و پەرستشیاندا ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو تەنانەت ئەم دیاردەیە ئاکاری هەندێ لەوانە بوو کە خەریکی وەرگرتنی زانستی شەرعی بوون و زۆر سووربوون لەسەری، کەچی ئێستا ئەبینیت لە پاشەکشەدایە لە کردەوەکانی و سووربوون و پابەندبوونی بە سوننەتەوە، لەگەڵ ئەوەی شارەزایە بەزۆرێک لە بابەتە زانستیەکان، و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ، ئەگەر چی پێشینی چاک زانست و زانیاریان بە ترسان لەخوا پێناسە ئەکرد، کە گوێڕایەڵیکردنی خوا و پێغەمبەر ﷺ، و زیادکردنی پەرستش، و سووربوون لەسەری بەدوای خۆیدا ئەهێنا، جا ئەبێ مەودای زانست و زانیاری ئێمە بۆ بابەتە ناکۆکەکان (بابەتە خیلافیەکان)، و زانینی بەڵگەگەلێکی زۆر لەبابەتە جیاوازەکان، چ کاریگەریەکی هەبێ لەجێ بەجێکردنی زۆرێک لەسوننەت و پەرستشەکاندا؟

کەسێک بەیەکێک لەوانەی وتبوو کە خەریکی زۆرکردنی زانست بوو بێ ئەوەی کردەوەی پێ بکات: ئەڕێ کابرا ئەگەر تۆ هەموو تەمەنت بە کۆکردنەوەی چەک ببڕێنیتەوە ئەی باشە پێم ناڵێی کەی شەڕی پێ ئەکەیت و پێی ئەجەنگیت؟!

ئەمە لەکاتێکدا پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە (خوا لێیان ڕازی بێ) سەرزەنشتی هەموو ئەو کەسانەیان ئەکرد کە زانابوون و شتیان ئەزانی بەڵام کردەوەیان پێ نەئەکرد، وە هەروەها ئەوانەش کە هەر خەریکی کۆکردنەوەی زانست بوون بەبێ کردەوە، وە جارێکیان هەندێ لە فەرموودەناسان بەیانی زوو هاتنە لای پێشەوا ئەوزاعی (بەڕەحمەت بێ) ئەویش ئاوڕی بەلادا دانەوە و وتی:" ئای چەند کەس هەیە کە سوورن لەسەر وەرگرتنی فەرموودە و کۆکردنەوەی، و چڵێس و تەماعکار نە خۆی لێی سوودمەندە، و نەکەڵکی بۆ کەسانی تریش هەیە "، وە کاتێ خەتیبی بەغدادی (بەڕەحمەت بێ) بینی خەڵکێکی زۆر گرنگی بەگێڕانەوەی فەرموودە

و لەبەرکردنی ئەدەن، لەگەڵ کەمی کردەوە پێکردنی، هات نوسراوێکی بەنرخی دانا بەناونیشانی: (إقتضاء العلم العمل- پێویستی بوونی زانست بەکردەوە پێکردن).

ئەوەی لەپێشەوە ڕابووردو و باسمانکرد حاڵ و بارودۆخی زۆرێکمانە، من هەرگیز نکوڵی لەوە ناکەم کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا نمونەی زۆر گەشاوە و پرشنگدارمان هەیە، بەڵام دیاردەکانی جیاکردنەوەی سوننەت زۆرو زەبەندە، جا ڕامێنە - ئەی بۆ بەڕێز و پیرۆزم - لەهەندێ لەو نمونانەی باسی ئەکەم لەهەڵوێستی پیاوانی پێشەنگی یەکەم - ئەوانەی بەهەست و هۆش و کردەوەکانیان لە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ نزیک بوون - وە ئەوانەشی کە شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرت لەپیاوانی پێشین - ڕەحمەتی خوایان لێ بێ -، کە نمونەیان زۆرە لەم بوارەدا، و لە دەستپێکی ئەم پەرتوکەدا هەندێکیانم لێ باسکردووە، بەڵکو ئەوە ببێتە هاندەرێک تا هیممەت و وەرەی من و ئێوەش بەرزبکاتەوە بۆ جێ بەجێکردنی سوننەتەکان.

داواکارم لەخوای بەرز و بڵند و لێی ئەپارێمەوە بەناوە جوانەکانی و سیفەتە باڵاکانی، کەوا من و ئێوەش لەوانە دابنێ کە شوێنکەوتەی سوننەتن، و لەهەموو گفتار و ڕەفتار و بارودۆخێکدا دەستی پێوە ئەگرن، کە هەر خۆی شایانی ئەوەیە و بەدەسەڵاتە بەسەریدا، وە دروود و ستایش و فەڕ و پیرۆزی زۆری پەروەردگار لەسەر پەیامبەرمان و ماڵبات و هاوەڵەکانی بێت هەتا ڕۆژی دوایی.

❊ ❊ ❊ ❊

((دەستپێک))

واتای سوننەت:

سوننەت لەبنەڕەتدا بریتی یە لە: هەر شتێ کە بدرێتەپاڵ پەیامبەری خوا ﷺ جا وتە بێت، یان کردار، یان دانپیانان، یان بڕیاردان، یان سیفەتێکی سروشتی و زێگماکی، یاخود ئاکار و ڕەووشتی، ئەمە بریتی یە لە واتای سوننەت، کە لەبنچینەدا بریتی یە لە: ڕێگە و ڕێباز، وەک لەو فەرمووەیەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە فەرموویەتی: « فعليكُم بسنَّتي وسُنَّةِ الخُلفاءِ، المَهديِّينَ الرَّاشدينَ، تَمَسَّكوا بها وعَضُّوا عليها بالنَّواجذِ »[1]، واتە:" بەتوندی دەست بگرن بە سوننەتەکانی من و سوننەتەکانی جێنشینە ڕێنوێنیکراوە ژیر و ڕاستاڵەکانەوە، دەستیان پێوە بگرن و تونـد بەخرێکانتـان بیـانگرن"، بەگوێرەی ئەم فەرمـوودەیە هەر کـردەوەیەک لەسـەر ڕێبـازەکەی بێـت ﷺ ئەوا لەسـەر سـوننەتەکەیەتی، جـا لەوانەیە ئەوەی لە سوننەتەکەیدا فەرمانی پێکردبێ کارێکی پەسەند بێ (موستەحەب بێ)، یان واجب بێ، بەگوێرەی ئەوەی بەڵگەکە ئەیخوازێت.

پاشان لەناو زانایانی دوایین (المتأخرين) ئەو ڕایە باڵاو بۆوە کە سوننەت بەواتای: کارێکی چاک و باش دێت (موستەحەب و مەندوب)، کە هەر ئەم ڕایەش بوو کە زانایانی ئوصوڵ و فیقهی لەسەر ئەڕۆشتن و کاریان پێ ئەکرد، کە هەر ئەم واتایەش مەبەستی سەرەکییە لە نووسینی ئەم چەند پەڕەیەی کە لەبەر دەستدایە، کەواتە سوننەت بەگوێرەی ئەمە بریتی یە لەوەی کە پەیامبەر ﷺ فەرمانی پێکردووە بەڵام نەک لە ڕوانگەی پابەندکردنی کەسی بەرامبەرەوە، بەرهەمەکەشی بریتی یە لەوەی: هەرکەسێ ئەنجامی بدات پاداشت ئەدرێتەوە، و ئەوەش وازی لێبهێنی سزا نادرێ لەسەری.

---

(١) رواه أبو داود (٤٦٠٧)، والترمذي (٢٦٧٦)، وصححه في (صحيح الجامع: ٤٤٩/١)، من حديث العرباض بن سارية رضي الله عنه.

چەند نمونەیەک لەسەر پەرۆشی پێشین لەسەر جێبەجێکردنی سوننەت:

١- پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا فەرموودەی نوعمانی کوڕی سالمی هێناوە کە لە عەمری کوڕی ئەوسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە کە وتوویەتی: عەنبەسەی کوڕی ئەبوسوفیان بۆی گێڕامەوە کە وتوویەتی: گوێم لە ئوموحەبیبە بوو ئەیووت: گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: « مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ » قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ: فَمَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَقَالَ عَنْبَسَةُ: « فَمَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ أُمِّ حَبِيبَةَ »، وَقَالَ عَمْرُو بْنُ أَوْسٍ: « مَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ عَنْبَسَةَ » وَقَالَ النُّعْمَانُ بْنُ سَالِمٍ: « مَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ عَمْرِو بْنِ أَوْسٍ »[1]، واتە: " هەرکەسێ لەشەو و ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژی سوننەت بکات، ئەوا خوای گەورە لەبەهەشتدا کۆشکێکی بۆ دروست ئەکات "، ئوموحەبیبە وتی:" وازم لێ نەهێناوە لەو کاتەوە کە لەپێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە"، عەنبەسە وتی:" وازم لێ نەهێناوە لەو کاتەوە کە لەئوموحەبیبەم (خوا لێی ڕازی بێ) بیستووە"، عەمری کوڕی ئەوس وتی:" وازم لێ نەهێناوە لەو کاتەوە کە لە عەنبەسەم بیستووە"، نوعمانی کوڕی سالم وتی:" وازم لێ نەهێناوە لەو کاتەوە کە لە عەمری کوڕی ئەوسم بیستووە".

٢- فەرموودەی عەلی (خوا لێی ڕازی بێ):

فەرموودەکەی عەلی (خوا لێی ڕازی بێ): أَنَّ فَاطِمَةَ، اشْتَكَتْ مَا تَلْقَى مِنَ الرَّحَى فِي يَدِهَا، وَأَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَبْيٌ، فَانْطَلَقَتْ، فَلَمْ تَجِدْهُ وَلَقِيَتْ عَائِشَةَ، فَأَخْبَرَتْهَا فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ ﷺ ، أَخْبَرَتْهُ عَائِشَةُ بِمَجِيءِ فَاطِمَةَ إِلَيْهَا، فَجَاءَ النَّبِيُّ ﷺ إِلَيْنَا، وَقَدْ أَخَذْنَا مَضَاجِعَنَا، فَذَهَبْنَا نَقُومُ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «عَلَى مَكَانِكُمَا» فَقَعَدَ بَيْنَنَا حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ قَدَمِهِ عَلَى صَدْرِي، ثُمَّ قَالَ: «أَلَا أُعَلِّمُكُمَا خَيْرًا مِمَّا سَأَلْتُمَا، إِذَا أَخَذْتُمَا مَضَاجِعَكُمَا، أَنْ تُكَبِّرَا اللهَ أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ، وَتُسَبِّحَاهُ

(١) رواه مسلم (٧٢٨).

ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتَحْمَدَاهُ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمَا مِنْ خَادِمٍ »[١]، واتە:" فاتیمە (خوا لێی ڕازی بێ) سکاڵای بوو لە دەست ئەوەی کە تووشی دەست و پلی دێت بەهۆی زۆری دەستاڕکردنەوە، جا لەوکاتەدا کۆمەڵێک کەنیزەک هێنران بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆیە ئەمیش بەهەلی ئەزانێ و ئەچێ بۆ خزمەتی، بەڵام نەیدۆزیەوە و لەوێ نەبوو و ئەگات بە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) و مەبەستی خۆی پێ ئەگەیەنێ، بۆیە کاتێ پێغەمبەر ﷺ هاتەوە خاتو عائیشە هەواڵی هاتنی فاتیمەی پێدا کە بۆلای هاتبوو، بۆیە پێغەمبەر ﷺ هات بۆلامان، لەکاتێکدا ئێمە چوبووینە ناو جێگاوە بۆ خەوتن، ویستمان هەڵسین بەڵام پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:" لەشوێنی خۆتان بمێننەوە"، هات لەنێوانماندا دانیشت هەتا هەستم بەساردی و فێنکی پێی کرد لەسەر سنگم، پاشان فەرمووی:" ئایا شتێکتان فێرنەکەم لەوە چاکتربێ کە داواتانکردبوو؟ "، هەرکاتێ چوونە ناو جێگاوە بۆ خەوتن، سی و چوارجار (الله أكبر)، و سی و سێ جار (سُبحانَ الله)، و سی و سێ جار (الحمدُ لله) بکەن، ئائەوە خێرتر و چاکترە بۆتان لەخزمەتکار ".

لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوا عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی: «مَا تَرَكْتُهُ مُنْذُ سَمِعْتُهُ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ، قِيلَ لَهُ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ؟ قَالَ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ »[٢]، واتە:" لەوکاتەوە کە لەپێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە وازم لێ نەهێناوە، پێی وترا: تەنانەت شەوی صیفینیش؟ فەرمووی: تەنانەت شەوی صیفینیش ".

شتێکی زانراوە کە شەوی صیفین شەوێک بوو کە جەنگی تیا بەڕابوو، کە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) سەرکردە بوو تیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە خەریک و سەرقاڵی نەکرد لە ئەنجامدانی ئەم سوننەتە.

٣- عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) نەریتی وابوو کاتێ نوێژی لەسەر تەرم ئەکرد، دوای ئەوە بەجێی ئەهێشت، و شوێن تەرمەکە نەئەکەوت، پێی وابوو کە ئەم کارە تەواوی سوننەتە و لەوە زیاتر پێویست ناکات، و ئەو خێر و چاکەیەی

(١) رواه البخاري (٣٧٠٥)، ومسلم (٢٧٢٧).

(٢) رواه البخاري (٥٣٦٢)، ومسلم (٢٧٢٧).

نەبیستبوو کە سەبارەت بە شوێنکەوتنی تەرم هاتبوو هەتا بەخاک ئەسپێردرێت، بەڵام کاتێ فەرمووەکەی ئەبی هورەیرەی (خوا لێی ڕازی بێ) پێ ئەگات زۆر پەشیمان ئەبێت و داخ و خەفەت ئەخوا بۆ لەدەستچوونی ئەو هەموو خێر و چاکەیە، جا ڕامێنن چی ئەڵێ؟!

لە عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) گێڕراوەتەوە، کە لای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) دانیشتبوو، لەپڕ خەباب دەرکەوت، وتی ئەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر: ئایا نەتبیستووە کە ئەبو هورەیرە چی ئەڵێ؟ کە بەدڵنیایی ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: «مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ، كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ رَجَعَ، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُحُدٍ»؟ فَأَرْسَلَ ابْنُ عُمَرَ خَبَّابًا إِلَى عَائِشَةَ يَسْأَلُهَا عَنْ قَوْلِ أَبِي هُرَيْرَةَ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَيْهِ فَيُخْبِرُهُ مَا قَالَتْ: وَأَخَذَ ابْنُ عُمَرَ قَبْضَةً مِنْ حَصَى الْمَسْجِدِ يُقَلِّبُهَا فِي يَدِهِ، حَتَّى رَجَعَ إِلَيْهِ الرَّسُولُ، فَقَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ: صَدَقَ أَبُو هُرَيْرَةَ، فَضَرَبَ ابْنُ عُمَرَ بِالْحَصَى الَّذِي كَانَ فِي يَدِهِ الْأَرْضَ، ثُمَّ قَالَ: «لَقَدْ فَرَّطْنَا فِي قَرَارِيطَ كَثِيرَةٍ »[1]، واتە:" هەرکەسێ لەگەڵ تەرمێکدا لەماڵەوە دەربچێ، و نوێژی لەسەر بکات، پاشان شوێنی بکەوێ هەتا بەخاک ئەسپێردرێ ئەوا دوو قیرات پاداشتی بۆ هەیە، هەر قیراتە هێندەی کێوی ئوحودە، وە ئەو کەسەی نوێژی لەسەر بکات، پاشان بگەڕێتەوە، ئەوا هێندەی کێوی ئوحود پاداشتی بۆ هەیە"، بۆ دڵنیایی ئیبنوعومەر هات خەبابی نارد بۆلای عائیشە تا لەبارەی وتەکەی ئەبی هورەیرەوە پرسیاری لێ بکات، پاشان بگەڕێتەوە بۆلای و هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنێ، ئیبنوعومەر مشتێ چەوی مزگەوتی هەڵگرت و لەدەستیدا ئەمدیو ئەودیوی پێئەکرد هەتا نێررواوەکەی گەڕایەوە بۆلای و پێی وت: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ: ئەبو هورەیرە ڕاست ئەکات، لە داخا ئیبنوعومەر چەوەکەی ناو دەستی کێشا بەزەویدا، و پاشان وتی:" بەڕاستی قیرات گەلێکی زۆرمان لەدەست داوە ".

---

(١) رواه البخاري (١٣٢٤)، ومسلم (٩٤٥).

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەم فەرمووەیە ئەوە دەرئەخات کە هاوەڵان چۆن خولیا و ئارەزووی پەرستشیان بووە کاتێ پێیان بگەیشتایە، چۆن داخ و کەسەریان ئەخوارد کاتێ شتێک لەو پەرستشەیان لە کیس بچوایە، هەرچەندە ئەوان مەزنی و پلەوپایەی فەرموودەکەیان نەئەزانی (واتە: لەپێشتر نەیان ئەزانی)"[1].

٤- فەرموودەی سەعیدی کوڕی جوبەیر(خوا لێی ڕازی بێ)، کە کەسێکی نزیکی عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەل (خوا لێی ڕازی بێ) هات بە پەلەپیتکە بەردی ئەهاویشت، ئەویش ڕێگری لێکرد، و وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کردووە لەبەرد هاویشتن بە پەلەپیتکە ، و فەرموویەتی: «إِنَّهَا لَا تَصِيدُ صَيْدًا، وَلَا تَنْكَأُ عَدُوًّا، وَلَكِنَّهَا تَكْسِرُ السِّنَّ، وَتَفْقَأُ الْعَيْنَ »[2]، واتە:" ئەوە نە نێچیر ئەکوژێت، و نەدوژمنیش ئەشکێنێت، بەڵکو ددان ئەشکێنێت و چاو کوێر ئەکات "، وتی: جارێکی تریش دووبارەی کردەوە، ئەویش وتی: من پێت ئەڵێم کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لە پەلەپیتکە تەقاندن کردووە و کەچی تۆش هەر ئەنجامی ئەدەیت؟ بڕۆ ئیتر هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم ".

نمونەی زۆر هاتووە لەلایەن هاوەڵانەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) کەوا چۆن پارێزگاریان لەسوننەت کردووە و بە مەزنیان داناوە، کە ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نی یە، چونکە بەڕاستی ئەوان لە هەموو کەسێک زیاتر بە پەرۆشبوون لەسەر ئەنجامدانی خێر و چاکە، کە بەهەمان شێوە ئەوانەش کە لەدوای ئەوان هاتن لە پێشین و نەوە چاکەکان بەمانەوە کاریگەربوون، و مێژووش نمونەیەکی گەش و پرشنگداری لەوانە بۆ تۆمارکردووین کە شوێن ئەو پیاوانە کەوتبوون لە دەست گرتنیان بەسوننەتەوە کە هانی دەروونی مرۆڤ ئەدا بۆ سووربوون لەسەر سوننەت و شوێنپێ هەڵگرتنیان.

---

(١) المنهاج: ١٥/٧ .

(٢) رواه البخاري (٥٤٧٩)، ومسلم (١٩٥٤).

ئا ئەوەتا پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بێ) لەپەرتوکە بەناوبانگەکەیدا (المسند) هاتووە زیاتر لە چل هەزار فەرموودەی هێناوە، کە ئیشی بە هەر هەموویان کردووە و جێ بەجێی کردوون، سەبارەت بەوە وتوویەتی:" هیچ فەرمودەیەکم واز لێ نەهێناوە و ئیشم پێی کردووە "، وە کاتێ خوێندبویەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کەڵەشاخی گرتووە، و دیناریێکی وەک حەقدەست داوە بە (أبا طیبة)ی کەڵەشاخگر، وتی:" هاتم کەڵەشاخم گرت، و دیناریێکم دا بە کەڵەشاخگرەکە"، کە دیناریێکیش بریتی یە لە چوارگرام و چارەکێک زێڕ، بەڵام ئەو هاتووە لەپێناو جێ بەجێکردنی فەرموودەدا ئەو بڕە پارە زۆرەی بەخت کردووە - ڕەحمەتی خوای لێ بێ - نموونەش لەم بارەیەوە زۆر زۆرە.

داواکارین لەخوای گەورە و مەزن کە سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ لەناخی دڵدا زیندو بکاتەوە، بۆئەوەی بەشی خۆی خێر و چاکە و بەخششی بەربکەوێ، لەگەڵ نزیکی لەخوای بەرز و بڵند کە لەسوننەتی پێغەمبەرەکەماندا ﷺ داینراوە، جا بەدڵنیایەوە مرۆڤ بە شوێنکەوتنی سوننەت ڕێز و حورمەتی شوێنکەوتن، و نور و ڕوناکی دڵ و دەروون و ژیانی ڕاستەقینە بەدەست ئەهێنێ.

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" ئیبنو عەتا وتوویەتی: هەرکەسێ دەروونی خۆی لەسەر خووڕەوشت و ئادابە سوونەتەکان ڕابهێنێ و پەیوەست بێ پێیانەوە ئەوا خوای گەورە بە نورو ڕوناکی زانست و زانیاری دڵ و دەرونی ڕووناک و پرشنگدار ئەکات، کە هیچ پلەو پایەیەک نیە لەشوێنکەوتنی فەرمان، و کردار، و ئاکارەکانی خۆشەویست ﷺ بەڕێزتربێ "[1].

هەروەها وتوویەتی:" ئەبینی ئەوکەسەی شوێن فەرمانەکانی شەریعەت و سوننەت کەوتووە حەوانەوەی دڵ و دەروون و نور و ڕوناکیان پێ ئەبۆشرێ، لەگەڵ ئەو شیرینی، و ڕێز و شکۆمەندی، و پەسەندکردنەی کە کەسانی تر لێی بێ بەشن،

(١) مدارج السالكين: ٢/٦٤٤ .

وەک حەسەنی بەسری (بەڕەحمەت بێ) فەرموویەتی: بڕوادار ئەوکەسەیە کە شیرینی باوەڕ، و ڕێز و شکۆمەندی پێ بەخشراوە"[١].

لە بەرهەمەکانی شوێنکەوتنی سوننەت:

ئەی - برای خۆشەویستم - شوێنکەوتنی سوننەت بەرهەم گەلێکی زۆری هەیە لەوانە:

١- گەیشتن بە پلەی خۆشەویستی، جا بەنزیکبوونەوە لە خوای مەزن بەئەنجامدانی سوننەتەکان بەندە خۆشەویستی خوای پاک و بێگەرد و بەرز و بڵندی پێ بەدەست دێنێت.

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" هەرگیز خوای گەورە خۆشی ناوێیت هەتا شوێن خۆشەویستەکەی نەکەویت لە ڕواڵەت و ناختا (لە ئاشکرا و نهێنیتدا)، و هەواڵەکانی بەڕاست نەزانیت، و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبیت، و بەپیر بانگەوازەکەیەوە نەچیت، و بەخۆشیەوە باوی نەدەیت بەسەر کەسانی تردا و پەسەندی بکەیت، و حوکم و بڕیارەکانی هیچ کەسێک نەگۆڕیتەوە بەحوکم و بڕیارەکانی، و خۆشەویستی هیچ دروستکراوێکی نەگۆڕیتەوە بەخۆشەویستیەکەی ئەو، و گوێڕایەڵی هیچ کەسێک بەگوێڕایەڵی ئەو نەگۆڕیتەوە، جائەگەر (هەڵوێستت) بەوجۆرە نەبێت ئەوا هیچ خۆت هیلاک مەکە، و بگەڕێرەوە خۆت چۆنت ئەوێت، بگەڕێ بەدوای نور و ڕوناکیدا بۆخۆت چونکە تۆ لەسەر هیچ شتێک نیت"[٢].

٢- بەندە لەگەڵدا بوونی (معیة الله) خوای بەرز و بڵند بەدەست دەهێنێ (واتە: هەمیشە خوای لەگەڵدا ئەبێ)، خوای پاک و بێگەرد و بڵند و باڵا یارمەتی ئەدا بۆ هەموو کارێکی خێر و چاکە، هیچ جوڵەیەک لە ئەندامەکانیەوە دەرناچێت مەگەر خوای بەرزو بڵند پێی ڕازیە، چونکە هەرکەسێ خۆشەویستی خوا بەدەست بهێنێ خودا لەگەڵ بوونیش بەدەست دێنێ.

---

(١) اجتماع الجيوش الإسلامية: ٨/١ .

(٢) مدارج السالكين: ٣٧/٣ .

٣- وەڵامدانەوەی نزا و پاڕانەوانە کە بەدەستهێنانی خۆشەویستی لەخۆی ئەگرێ، جا هەرکەسێ بەکردنی سوننەتەکان لەخوا نزیک بێتەوە خۆشەوویستیەکەشی بەدەست ئەهێنێ، هەرکەسێکیش خۆشەویستی خوا بەدەست بهێنێ ئەوا وەڵامی نزا و پاڕانەوەکانیشی بەدەست ئەهێنێ.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەم سێ بەرهەمە:

فەرموودەی ئەبی هوڕەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی:پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێ: خوای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسیدا ئەفەرمووێ: " مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ: كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ، وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ المُؤْمِنِ، يَكْرَهُ المَوْتَ وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ "[1]، واتە:" هەر کەسێ دژایەتی دۆستێکی من بکات ئەوا من جەنگی لەگەڵدا بەرپا ئەکەم، بەندەکەم بەکردنی هیچ شتێک لەمن نزیک نابێتەوە لەوە خۆشەویستتربێ لەلام کە لەسەرم فەرز کردووە، وە بەردەوام بەندەکەم بەکردنی سوننەتەکان لەمن نزیک ئەبێتەوە هەتا خۆشم ئەوێت، جا کەخۆشم ویست:ئەوا ئەبمە ئەو گوێیەی کە پێی ئەبیستێ (واتە:خوای گەورە لەگوێکانیدا چەسپاوی ئەکات و هەر شتێ کە ڕەزامەندی ئەوی لەسەر نەبێ و خێر و چاکەخوازی نەبێت نایبیستێت)، و ئەبمە ئەو چاوەی کە پێی ئەبینێت (واتە: بەچاوەکانی تەماشای هیچ شتێک ناکات مەگەر ئەوە نەبێ کەخوای گەورە پێی خۆشە و قەدەغەی نەکردبێت)، و ئەبمە ئەو دەستەی کە پەلاماری پێ ئەدا (واتە: بەدەستەکانی هیچ کارێک ناکات مەگەر ئەوە نەبێ کە خوای گەورە پێی ڕازیە)، و ئەبمە ئەو قاچەی کە پێی ئەڕوات (واتە: قاچەکانی تەنیا لە ڕەزامەندی خوادا بەکارئەهێنێ و بۆشوێنێ ناچێ کە ئەو پێی ناخۆش بێت و خێری تیانەبێ)، ئەگەر داوام لێ بکات پێی ئەبەخشم، و ئەگەر پەنام

---

(١) رواه البخاري (٦٥٠٢) .

پێبگرێ پەنای ئەدەم، لەکردنی هیچ کارێکدا ڕاڕانەبووم وەک لەکێشانی گیانی بڕوادارداڕاڕا بووم، ئەو ڕقی لەمردنە و حەزی لێ ناکات و منیش پێم ناخۆشە ئازاری بدەم ".

٤- پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی کە لەئەنجامدانی فەرزەکاندا ڕوویداوە، بێگومان ئەنجامدانی سوننەتەکان هەموو ئەو کەموکوڕیانە پڕئەکاتەوە کە لەکاتی لەئەنجامدانی فەرزەکاندا ڕوویداوە.

ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەمە: فەرمودەکەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە ئەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: «إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ، فَإِنْ انْتَقَصَ مِنْ فَرِيضَتِهِ شَيْءٌ، قَالَ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ فَيُكَمَّلَ بِهَا مَا انْتَقَصَ مِنَ الفَرِيضَةِ، ثُمَّ يَكُونُ سَائِرُ عَمَلِهِ عَلَى ذَلِكَ»[1]، واتە:" یەکەم شتێک لێپرسینەوەی بەندەی لەسەر ئەکرێت لەڕۆژی دواییدا لە کردەوەکانی نوێژەکانیەتی، جا ئەگەر بەچاکی و ڕێکوپێکی ئەنجامی دابێتن ئەوا سەرفراز و سەرکەوتووە، وە ئەگەر کەموکوڕی تیابێت و خراپ بێت ئەوا ڕەنجەڕۆ دۆڕاوە، ئەگەر هەر خەوش و کەموکوڕیەک لەفەرزەکانیدا هەبوو، ئەوا خوای پەروەردگاری بەرزو بڵند ئەفەرموێ: بڕوانن و سەیربکەن ئایا بەندەکەم نوێژی سوننەتی هەیە؟ ئەوا بەو سوننەتانە کەموکوڕی نوێژە فەرزەکانی بۆ تەواو ئەکرێت، ئینجا هەموو کردەوەکانی بەهەمان پێودانگی لەگەڵدا ئەکرێت".

٥- ژیانەوەی دڵ وەک لەپێشەوە باسکرا، جا کاتێ بەندە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پارێزگاری لەئەنجامدانی سوننەتەکان بکات ئەوا بێگومان بۆ لەوە گرنگتر زیاتر پارێزگاری ئەکات، و زۆر لای ناڕەحەت ئەبێ کەوا کەمتەرخەمی بنوێنێ لەئەنجامدانی فەرزەکاندا یاخود بێت فەرامۆشیان بکات و گوێیان پێ نەدا، کە بەمەش چاکە و

---

(١) رواه أحمد (٩٤٩٤)، وأبو داود (٨٦٤)، والترمذي (٤١٣)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ٤٠٥/١).

بەخششێکی تر بەدەست دێنێ، کە ئەویش بریتیە لە: بەمەزن ڕاگرتنی دروشمەکانی خوای بەرز و بڵند، کە بێگومان بەپەرستشی پەروەردگاری دڵی زیندو ئەبێتەوە، هەرکەسێکیش بەچاوی سوکەوە تەماشای سوننەت بکات و گوێی پێ نەدا، ئەوا بە بێ بەش بوونی لە فەرزەکان سزا ئەدرێ.

٦- دوورکەوتنەوە و پارێزراوی لە کەوتنە ناو بیدعە و داهێنراوەکانەوە، چونکە بەندە چەندێ شوێنکەوتەی ئەو بەڵگانە بێت کە لەسوننەتدا هاتوون ئەوا زۆر سوور ئەبێ لەسەر ئەوەی کە هیچ پەرستشێک نەکات مەگەر لەسوننەتی پیرۆزدا بەڵگەیەکی لەسەر هەبێت کە شوێنی بکەوێت، کە بەمجۆرە لە بیدعە و کارە داهێنراوەکان ڕزگارو سەرفراز ئەبێت.

هەروەها پارێزگاری کردن لەسوننەت بەرهەمگەلێکی زۆری هەیە، پێشەوا ئیبنوتەیمیە (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی:" هەرکەسێ شوێن سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێت ئەوا خوای گەورەی بەسە لە هەموو کاروبارێکیدا، و ڕێنمایی ئەکات و سەری ئەخات و ڕۆزی ئەدات"[1]، قوتابیەکەشی ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی:" هەرکەسێ هاوەڵێتی قورئان و سوننەت بکات و یاوەریان بێت، و خۆی نامۆبکات لەدەروونی خۆی و بەدیهێنراوەکان بەگشتی، و بەدڵ و دەروونی کۆچ بکات بۆلای خوا ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە ڕاستگۆیە و پێکاویەتی"[2].

پێش دەستپێکردن بەوەی کە مەبەستمە ئەڵێم:

ئەی بۆ خۆیەر: پێش ئەوەی دەست بکەم بەوەی کە لەم نوسینەمدا مەبەستمە، لە خستنەڕووی سوننەتەکانی ڕۆژانە ئەوەی کەلەتوانامدا بووە و لەم پەڕاوەدا کۆمکردۆتەوە، ئەمەوێ ئەم تێبینیانەی لای خوارەوەت پێ ڕابگەیەنم:

یەکەم: لەم چەند پەڕەیەدا هەموو ئەو فەرمووداندم کۆکردۆتەوە کە سوننەتی ڕۆژانەیە و لێم کۆڵیوەتەوە، هاتووم هەندێ فەرمودەم بەئەنقەست فەرامۆش کردووە

---

(١) القاعيدة الجليلة: ١/١٦٠ .

(٢) مدارج السالكين: ٢/٤٦٧ .

ئەویش لەبەر ڕاجیایی لە جێگیربوونیدا، و لەبەر لاوازی بەڵگەکە، یان لەبەر ڕاجیایی لەتێگەیشتنی لەسەر سوننەت بوونی، وە زۆر سووربووم لەسەر تۆمارکردنی هەر هەواڵێکی ڕاست و دروست کە هاتبێت لەسوننەتی پەیامبەر لەسەر خاوەنەکەی بێت باشترین سەڵاوات و پاکترین سڵاوو ڕێز.

<u>دووەم</u>: هەندێ سوننەت هەیە کە بەگوێرەی بارودۆخ و شوێن و کاتەکانن، کە بۆ هەندێ کەس بە سوننەتەکانی ڕۆژانە ئەژمێررێت بە پێچەوانەی کەسانی ترەوە، بۆیە هاتووم بە ئەنقەست باسم نەکردوون، چونکە زۆربەی خەڵکی ڕۆژانە ئەمەیان لەلا دووبارە نابێتەوە، بۆ نموونە: کەسێ لەشاری مەککە یان مەدینەدا بێت ئەتوانێ هەموو ڕۆژێ سەردانی مزگەوتی قەدەغەکراو (مسجد الحرام)، یان مزگەوتی پەیامبەر بکات، و نوێژی تیابکات و بەوەش پاداشتی چەند جارەی نوێژەکانی دەست بکەوێت، هەروەها هەندێ سوننەت هەیە کەوا تایبەتە بە ئیمام و بانگبێژەکانەوە، بەهەمان شێوە هەندێ سوننەت هەیە پەیوەندی بەکارێکی دیاریکراوەوە هەیە، کە ڕەنگە نەیەتەڕێی زۆر کەس، هەندێ سوننەت هەیە بە جیاوازی بارودۆخەکان ئەگوێت: وەک سەردانکردنی برایانە لەبەر خوای بەرز و بڵند، و پەرستشی بیرکردنەوە و تێڕامان، و سوپاسگوزاری، و سەردانی نەخۆش، و سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ، و سەردانی گۆڕستان، و گەیاندنی پەیوەندی و ڕشتەی خزمایەتی، و وەرگرتنی زانستی شەرعی، و خێرکردن، و سوننەتەکانی خۆشتن و هەر سوننەتێکی تر کە بە دەست ئەنقەست نەمهێناوە و فەرامۆشم کردووە، لەبەرئەوەی بۆم نەسەلماوە کە ئەو فەرموودەیە سوننەتی ڕۆژانە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەندە ئەتوانێ لەهەر ڕۆژێکدا کەخۆی ئارەزووی لێ بێت جێبەجێیان بکات، بەڵام وەک لەپێشەوە باسمکرد سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئەو فەرموودانە بهێنم کە لەشەوو ڕۆژدا دووبارە ئەبنەوە.

<u>سێیەم</u>: ئەی بەڕێزان باش بزانن کە شوێنکەوتنی ڕێنوێنیەکانی سەروەرمان ﷺ هەموو بوارەکان ئەگرێتەوە هەر لە شوێنکەوتنی ئاکار و ڕەووشتە بەرزەکانی، و هەڵسوکەووت و مامەڵەکردنەکانی، و ئاکار و ڕەوشتی لەگەڵ پەروەردگاری بەرزو

بڵندی و لەگەڵ سوننەتەکانیدا، و لەگەڵ خەڵکیشدا، بۆیە - ئەی بەڕێز و پیرۆز - نەکەی هەرگیز غافڵ و بێ ئاگابیت لەم بابەتە گرنگە، چونکە بەڕاستی خووڕەوشت کۆڵەکە و ڕاگرێکی گرنگە کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆرمان پێویستە.

داواکارین لە پەروەردگاری - پاک و بێگەرد - کەوا ڕێنمایمان بکات بۆسەر خووڕەوشتی جوان، و دوورمانبخاتەوە لە ڕەووشتی خراپ و ناشرین.

* ئەوەش باش بزانە کە نزیک بوونەوە لە خوای بەرز و بڵند بە ئەنجامدانی فەرزەکان لەپێشترە لەکردنی سوننەتەکان و مەزنترین پاداشتیشی هەیە، چونکە خوای بڵند و بااڵ فەرموویەتی: « وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ»، واتە:" بەندەکەم بەکردنی هیچ شتێک لەمن نزیک نابێتەوە لەوە خۆشەویستتربێ لەلام کە لەسەرم فەرز کردووە".

<u>چوارەم</u>: من ئەمەوێ بەم سوننەتانەی کە کۆمکردۆتەوە یەکەمجار دەروونی کەمتەرخەمی خودی خۆمی پێ بدوێنم، بۆئەوەی هەمیشە لەبەر دیدەمدا بێت هەتا بەخستنەڕووی ئەو سوننەتانە بەردەوام کەڵکی پێ بگەیەنم، کە پێشتر کەمتەرخەم بووم لە ئاستیاندا، و هەتا هانی بدەم لەپێکان و جێ بەجێکردنی ئەم سوننەتانە، و پارێزگاری کردن لە ڕێنماییەکانی سەروەرمان ﷺ، پاشان کەڵک گەیاندن بە براکانم، و هاندانیان لەسەر شوێنکەوتنی سەروەر و سەردارمان ﷺ.

بۆیە ئەی بۆ ڕێز و خۆشەویستم پەلەبکە و دەستپێشکەری بکە لە قۆستنەوەی هەلی تەمەنتدا، پێش ئەوەی ئەجەل یەخەت بگرێت و هیوابڕاوبیت لەژیانت، ئەویش بەوەی سوننەتەکان زۆر جێبەجێ بکەیت و کردەوەی چاک زۆر بکەیت، هەتا لە ڕۆژی دوایی و گەیشتنەوە بە پەروەردگارت ئاکامی کردەوەکانت سوپاسکراو بێت، بەوەرگرتنی پاداشتی گەورە و مەزن، لەخانەی مانەوەی هەتایی کە بەهەشتە، لەبەرئەوەی بە باشی شوێن سوننەت و ڕێنوێنیەکانی سەرگەورەی کوڕانی ئادەم کەوتبووێت ﷺ.

لە کۆتایدا ئەڵێم... ئەی بڕای بەڕێزم لەکاتی هەڵسوکەوت کردنت لەگەڵ سوننەتەکاندا دوو ڕاسپاردەم بۆت هەیە کە پێشەوا نەوای (بەڕەحمەت بێ) باسی لێکردوون:

یەکەمیان: ئامان نەکەی واز لەهیچ سوننەتێک لەسوننەتەکان بهێنیت و بهێڵێت بەسەرتدا تێپەڕێ، بەڵکو با بەشتی تیابێت ئەگەرچی بۆتەنیا جارێکیش بێت لە تەمەنتدا.

پێشەوا نەوای (بەڕەحمەت بێ)[1] وتوویەتی:" باش بزانە هەرکەسێ شتێ لەکردەوە چاکەکانی پێگەیشت پێویستە لەسەری کاری پێبکات ئەگەرچی بۆ تەنیا جارێکیش بووە، بۆئەوەی لەچاکەکاران بژمێررێت، وە نابێت هەرگیز بەڕەهایی وازی لێبهێنێت، ئەویش لەبەر ئەو فەرمووەیەی کە سەروەرمان ﷺ فەرمووێتی: «إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ»[2]، واتە:" ئەگەر فەرمانی شتێکم پێکردن ئەوەندەی لەتواناتاندا هەیە جێ بەجێی بکەن و ئەنجامی بدەن".

دووەمیان: ئەگەر هەرکاتێ خوای گەورە نازونیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتی کەوا جۆرە پەرستشێکی لەلا ئاسان کردی، و تۆش شایستەی بوویت و بەردەوام بووی لەسەری، بەڵام ڕۆژێ لەڕۆژان لەدەستت چوو، ئەوا تۆ لەلای خۆتەوە هەوڵبدە لەکاتێکی تردا ئەنجامی بدەیت ئەگەر لەوجۆرە پەرستشانە بوو کەبەقەزا ئەگێڕرێتەوە، چونکە ئەگەر بەندە لەسەر لە دەستدانی جۆرە پەرستشێک ڕاهات و شلی نواند و کەمتەرخەم بوو تیایدا ئەوا بەتەواوی کردەوەپێکردنی لەدەست ئەدات.

پێشەوا نەوای (بەڕەحمەت بێ) سەبارەت بەقەزاگیرانەوەی زیکرەکان وتوویەتی:" پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە خوێندنێکی تایبەتیان هەیە لەزیکرەکان لەشەودا بێت یان لە ڕۆژدا، یان لەدوای نوێژە فەرزەکان، یاخود لەهەر بارودۆخێکی تردا بێت بەڵام لەدەستی چوو، ئەوا ئەتوانێ هەرکاتێ کە بۆیکرا قەرەبووی بکاتەوە و ئەنجامی بدات، و پشتگوێی نەخات چونکە ئەگەر هاتوو

---

(١) الأذكار: ١٦/١ .

(٢) رواه البخاري (٧٢٨٨)، ومسلم (١٣٣٧) واللفظ له .

بەردەوام بوو لەسەری و پابەندبێ پێیەوە ئەوا هەرگیز ناهێڵێ لە کیسی بچێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کەمتەرخەمی نواند لەگێڕانەوەیدا ئەوا زۆر لای سادە و ئاسان ئەبێ کە لەکاتی خۆیشیدا بەزایەی بدات و بیفەوتێنێت"[1].

داواکارم لەخوای مەزن مەن و ئێوەش لەوانە بگێڕێت کە شوێن ڕێنوێنی و شوێنەوارەکانی پەیامبەر ﷺ کەوتوون لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا، و لەگەڵ دەستە و کۆمەڵەی ئەودا کۆمان بکاتەوە، کە هەرخۆی خاوەن و شایانی ئەوەیە و بەتوانایە بەسەریدا، وصلى الله على نبينا محمد، و على آله، وصحبه وسلم تسليما كثيرا إلى يوم الدين .

---

(١) الأذكار: ٢٣/١ .

سوننەتە کات دیاریکراوەکان
(ئەو سوننەتانەی کاتەکانیان دیاریکراوە)

مەبەستمان لەسوننەتە کات دیاریکراوەکان: ئەو سوننەتانەیە کە کاتەکانی دیاریکراوە لەشەوو ڕۆژدا، دابەشم کردووە بۆ حەوت کات: پێش بەرەبەیان، کاتی بەرەبەیان، کاتی چێشتەنگاو، کاتی نیوەڕۆ، کاتی عەسر، کاتی ئێوارە، کاتی خەوتنان.

یەکەم: کاتی پێش بەرەبەیان (شەبەقی)

کە ئەمە بڕیتیە لەکاتی سەرەتا و یەکەم بەگوێرەی لەخەو هەستان، جا دەقەکان بەڵگەن لەسەر چەندین کردار و هەڵسوکەوت کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش بەرەبەیان ئەنجامی ئەدان، کە لەم کاتەدا ئەتوانین سوننەتەکان بۆ دوو بەش دابەش بکەین:

* بەشی یەکەم *

(هەستان لە خەو)

لەگەڵ ئەو کردەوانەی لەدوای ئەوەوە دێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی ئەدان

١/ سیواکی بەدەم و دانیدا ئەهێنا:

لە حوزەیفەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕراوەتەوە کە وتوویەتی: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ «إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ، يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ»[١]، واتە:" کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ بەشەو هەستایە سیواکی بەدەم و دانیدا ئەهێنا ".

لەگێڕانەوەیەکی پێشەوا موسلیمدا هاتووە کە: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا قَامَ لِيَتَهَجَّدَ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ»[٢]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ شەو هەستایە بۆ شەونوێژ سیواکی بەدەم و دانیدا ئەهێنا و پاکی ئەکردنەوە".

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٤٥)، ومسلم برقم (٢٥٥).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٥٥).

٢/ ویردی لە خەو هەستانی ئەخوێند:

ئەوێش بڕیتیە لەو وێردەی کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە فەرموودەکەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ بیویستایە بنووێ ئەیفەرموو: «بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا» واتە:" بەناوی تۆوە ئەی پەروەردگارم ئەمرم و ئەژیم "، وە کاتێ لەخەو هەستایە ئەیفەرموو: «الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ»(١)، واتە:" سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە زیندوی کردینەوە دوای ئەوەی مراندنی و گەڕانەوەشمان هەر بۆلای ئەوەو هەر ئەوێش زیندومان ئەکاتەوە ".

٣/ خەوی لە دەم و چاوی ئەسڕێ (واتە: بە دەستەکانی چاوی هەڵئەکۆڤت).

٤/ تەماشای ئاسمانی ئەکرد.

٥/ دە ئایەتی کۆتایی سورەتی ئالی عیمرانی ئەخوێند.

ئەم سێ سوننەتە لە فەرموودەکەی ئیبنوعەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە وتویەتی: « أَنَّهُ بَاتَ لَيْلَةً عِنْدَ مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ وَهِيَ خَالَتُهُ فَاضْطَجَعْتُ فِي عَرْضِ الوِسَادَةِ " وَاضْطَجَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَأَهْلُهُ فِي طُولِهَا، فَنَامَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ، حَتَّى إِذَا انْتَصَفَ اللَّيْلُ، أَوْ قَبْلَهُ بِقَلِيلٍ أَوْ بَعْدَهُ بِقَلِيلٍ، اسْتَيْقَظَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ، فَجَلَسَ يَمْسَحُ النَّوْمَ عَنْ وَجْهِهِ بِيَدِهِ، ثُمَّ قَرَأَ العَشْرَ الآيَاتِ الخَوَاتِمَ مِنْ سُورَةِ آلِ عِمْرَانَ، ثُمَّ قَامَ إِلَى شَنٍّ مُعَلَّقَةٍ، فَتَوَضَّأَ مِنْهَا فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ، ثُمَّ قَامَ يُصَلِّي»(٢)، واتە:" شەوێکیان لەماڵی مەیمونە (خوا لێی ڕازی بێ) خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەتەوە کە پووری بووە، لەسەر پانایی بەرەیەک ڕاکشام، پێغەمبەری خوا ﷺ و خێزانەکەشی لەسەر درێژایی بەرەکە ڕاکشان،

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٢٤)، ومسلم من حديث البراء رضي الله عنه برقم (٢٧١١).

(٢) رواه البخاري برقم (١٨٣)، ومسلم برقم (٧٦٣).

پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا نیوەی شەو، یان کەمێک پێش ئەوە یان کەمێک دوای ئەوە لێی خەوت، پێغەمبەری خوا ﷺ لەخەو هەستاو دانیشت و بەدەستی خەوی لەدەم و چاوی ئەسڕی (واتە: بەدەستەکانی چاوی هەڵگڵۆفی)، پاشان دە ئایەتی کۆتایی سورەتی ئاڵی عیمرانی خوێند، ئینجا هەستا بۆلای کونەیەک ئاو کە هەڵواسرابوو دایگرت، و دەستنوێژێکی جوان و تێروتەسەلی پێگرت، پاشان هەستا دەستیکرد بەنوێژ".

لە گێڕانەوەی پێشەوا موسلیمدا هاتووە[1]: « فَقَامَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ، فَخَرَجَ فَنَظَرَ فِي السَّمَاءِ، ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٠»، واتە:" پەیامبەری خوا ﷺ لەکۆتایی شەودا هەستا، و لەماڵەوە هاتە دەرەوە و ڕوانیە ئاسمان، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:{ بەڕاستی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژدا چەندەها بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هەیە بۆ خاوەن فام و ژیریەکان }.

لە گێڕانەوەکەی پێشەوا موسلیمدا ئەو ئایەتەی دیاریکردووە کە بخوێنرێت بۆ هەرکەسێ بیەوێ ئەم سوننەتە جێ بەجێ بکات، کە دێت بەم فەرمایشتەی خوای بەرز و بڵند دەست پێئەکات: ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ هەتا کۆتایی سورەتی ئاڵی عیمران.

خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ پێش دەستنوێژگرتن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە بەبێ دەستنوێژ قورئان بخوێنرێت.

٦/ سێ جار شتنی هەردوو دەستەکان:

ئەویش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ، فَلَا يُدخِلُ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٥٦).

حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلَاثًا، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ»[1]، واتە:" ئەگەر هەرکەسێ لەئێوە لەخەو هەستا بادەستی نەخاتە ناو دەفری ئاوی دەسنوێژەکەیەوە هەتا سێ جار ئەیشوات، چونکە نازانێ شەو کەخەوتووە دەستی لەکوێدابووە و بەر کوێی کەوتووە ".

زانایان ناکۆکن سەبارەت بەحوکمی شتنی دەستەکان سێ جار لەدوای هەستان لەخەو، کە دوو ڕایان لەسەری هەیە:

ڕای یەکەم: حەنبەلیەکان بۆ ئەوە چوون کەوا واجبە، کە ئەمەش لە زاراوە و ڕاو بۆچوون و شتە تایبەتەکانی حەنبەلیەکانە، شێخ عەبدولعەزیز بن بازیش (بەڕەحمەت بێ) لەڕاڤەی پەرتوکی (عمدة الأحكام)دا ئەم ڕایەی پەسەند کردووە و باویداوە بەسەر ڕاکانی تردا.

بەڵگەشیان ئەو فەرمودەیەیە کە لە پێشەوە باسکرا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کردووە کەوا دەست بخرێتە ناو ئاوی دەسنوێژەوە پێش شتنی، بێگومان بنەڕەتیش لە ڕێگری کردن حەرامێتیە، لێرەشدا هیچ هۆکارێک نیە ئەم ڕێگریکردنە لە حەرامێتی لابدات و بیترازێنێ، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ »[2]، واتە:" ڕێگری هەر شتێکم لێکردن وازی لێبهێنن و دەستبەرداری بن ".

ڕای دووەم: کارێکی باشە، کە ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانە، بەڵگەشیان بەمانە هێناوەتەوە:

١- گشتگیری واتای فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ ۝٦ ﴾ المائدة: ٦، واتە:{ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێ هەستان بۆ نوێژکردن ئەوا دەم و چاو و دەستەکانتان بشۆن لەگەڵ ئانیشکتاندا }.

---

(١) رواه البخاري برقم (١٦٢)، ومسلم برقم (٢٧٨).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٢٨٨)، ومسلم برقم (١٣٣٧).

ئەوەی کە لەم ئایەتەدا بەڵگە بێت ئەوەیە کە: خوای پاک و بێگەرد فەرمانی کردووە بە دەستنوێژگرتن بەبێ شتنی دەستەکان، ئایەتەکەش گشتگیرە بۆ هەموو کەسێکە چ ئەوانەی کە شەو لەخەو هەڵئەسن، و بێجگە لەوانیش.

ب- وتەکەی پەیامبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: « فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ »، واتە:" چونکە نازانێ شەو کەخەوتووە دەستی لەکوێیدا بووە "، لێکدانەوەی فەرمووەکە ئەوە دەرئەخات کە شتنی دەستەکان کارێکی موستەحەب و باشە، چونکە پیسی دەستەکان گومانی تێدایە، بنەڕەتیش ئەوەیە کەوا پاکن کە ئەمەش دڵنیایی ئەبەخشێ، بێگومان دڵنیایش بەگومان لاناچێت.

بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان کە سەرئەنجامی لێکدانەوەی بەڵگەکان بەهەند وەربگرێت و پەیڕەوی ڕای یەکەم بکات، لەبەر بەهێزی بەڵگەکەیان، و نەبوونی هیچ بەڵگەیەک کە لەواجبێتی لایبدات و بیترازێنێ.

٧/ سێ جار ئاو هەڵمژین و لە لووت ڕادان:

ئەمەش لەبەر فەرموودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَنَامِهِ فَلْيَسْتَنْثِرْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَبِيتُ عَلَى خَيَاشِيمِهِ»[١]، واتە:" ئەگەر هەرکەسێ لەئێوە لەخەو هەستا با سێ جار ئاو لە لوتی وەردات و هەڵیمژێ و فن بکات، چونکە شەیتان بەشەو لەناو لوتیدا ئەمێنێتەوە و ئەخەوێت"، لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا بەمجۆرە هاتووە: «إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَنَامِهِ فَتَوَضَّأَ فَلْيَسْتَنْثِرْ ثَلَاثًا... »[٢]، واتە:" ئەگەر هەرکەس لەئێوە لەخەو هەستا و دەستنوێژی گرت با سێ جار ئاو هەڵمژێت و لە لووتی وەردات...".

زانایان ناکۆکن سەبارەت بەحوکمی ئاو هەڵمژین سێ جار دوای هەستان لە خەو و دوو ڕایان هەیە سەبارەت بەمە:

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٢٩٥)، ومسلم برقم (٢٣٨) واللفظ له .

(٢) رواه البخاري برقم (٣٢٩٥).

پای یەکەم: پێیان وایە کارێکی چاک و موستەحەبە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارەی لە فەرموودەکەدا هاتووە: «فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَبِيتُ عَلَى خَيَاشِيمِهِ»، واتە:" چونکە شەیتان شەو لەناو کونەلوتیدا ئەمێنێتەوە و شەو ئەکاتەوە".

ئەوەش کە لەم رووەوە بەڵگەیە: وتویانە: بەشەو مانەوەی شەیتان لێرەدا هیچ پیسیەکی دیار و بەرچاوی لێ ناکەوێتەوە هەتا فەرمان بە مرۆڤ بکرێت لای ببات لەڕوی سەپاندنەوە.

پای دووەم: پێیان وایە واجبە، چونکە بنەڕەتی فەرمانکردن بۆ واجبێتیە، و هیچ بەڵگەیەک نیە لە واجبێتی دەربیکات و بیترازێنێ، وە ئەوانەی کە خاوەنی پای یەکەم باسیانکردووە لادەرێک نیە کە بەڵگەی پێ بچەسپێت و فەرمانەکە لە واجبێتی بخات، چونکە حیکمەتی فەرمانکردن بە ئاو هەڵمژین ڕەنگە شاراوە و نادیار بێت، نەک پیسیەکی دیار بێت پێویست بێ لابببرێت.

ئەشگونجێ کەوا هەڵگرتنی ڕەهاکە بۆسەر بەستراوەکە بێت (یحمل المطلق علی المقید - واتە: کار بە موقەیەدەکە ئەکرێت و کار بە موطڵەقەکە ناکرێت)، جا لە فەرموودەکەی سەرەتای ئەم بەشەدا فەرمانکراوە بە سێ جار ئاو هەڵمژین لە کاتی لەخەو هەستاندا، وە لە فەرموودەکەی پێشەوا بوخاریدا فەرمانەکەی بەکاتی دەستنوێژ گرتنەوە بەستۆتەوە، جا یان کار بە موقەیەدەکە ئەکرێت و کار بە موطڵەقەکە ناکرێت ئەوا ئەو کاتە مەبەست لە فەرمانکردنەکە: کاتی دەستنوێژ گرتنە، یاخود کار بەهەردوو فەرموودەکە بکرێت، ئەوا ئەو کاتە ئاو هەڵمژین و لە لووت ڕادان و فن کردن واجبە ـ هەر خواش زاناترە ـ .

* **کەڵکێک:** کە پەیامبەر ﷺ فەرمووی: «فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَبِيتُ عَلَى خَيَاشِيمِهِ»، زانایان سەبارەت بە واتاکەی ناکۆکن:

وتراوە: مانەوەی شەیتان بە شەو لەناو لوتدا ڕاستەقینە نیە، بەڵکو مەبەست لێی بوونی ئازارێکە کە لەگەڵ مەبەستەکانی شەیتاندا یەکدەگرێتەوە.

هەروەها وتراوە: واتاکەی بەگوێرەی ڕواڵەتی فەرموودەکەیە، واتە شەیتان بەڕاستی شەو لەناو لوتی مرۆڤدا ئەمێنێتەوە، چونکە لوت یەکێکە لە دەرچەکانی

جەستە کە لەوێوە خۆی ئەگەیەنێتە ناو دڵ، وە دەرچەکانی تر هەموویان داخەر و کڵۆمی تایبەت بەخۆیان هەیە، تەنیا لووت و گوێ نەبێت، کە شەیتان لێیانەوە ئەچێتە ژوورەوە، لە فەرموودەکەی ئیبنو مەسعودا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە: ذُكِرَ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ رَجُلٌ نَامَ لَيْلَهُ حَتَّى أَصْبَحَ، قَالَ: «ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْهِ»، أَوْ قَالَ: «فِي أُذُنِهِ»[1]، واتە:" لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ باسی پیاوێک کرا هەموو شەوەکەی هەتا بەیانی لێی خەوتووە و نوێژی نەکردووە، فەرمووی:" ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردۆتە ناو گوێکانیەوە"، یان فەرمووی:" گوێیەوە ".

هەروەها دەمیش داخەری خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ هانی داوین کەوا لەکاتی باوێشک داندا دەممان دابخەین، نەوەکو شەیتان بچێتە ژوورەوە، لە صەحیحی پێشەوا موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەکەی ئەبی سەعیدی خودریدا (خوا لێی ڕازی بێ) بە مەرفوعی کە: «إِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ، فَلْيُمْسِكْ بِيَدِهِ عَلَى فِيهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَدْخُلُ»[2]، واتە:" ئەگەر هەرکەس لەئێوە باوێشکیدا با دەست بگرێ بەدەمیەوە، چونکە شەیتان دەچێتە ناویەوە"، لەگێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: «فَلْيَكْظِمْ مَا اسْتَطَاعَ»[3]، واتە:" هەتا ئەتوانێ بیگێڕێتەوە".

وە لەفەرموودەی هاوبەشی نێوان (بوخاری و موسلیم) لە فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەدا (خوا لێی ڕازی بێ) بەمجۆرە هاتووە: « فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَالَ: ها، ضَحِكَ الشَّيْطَانُ »[4]، واتە:" تا ئەتوانێ بیگێڕێتەوە، چونکە کاتێ یەکێک لەئێوە باوێشک ئەدات و ئەڵێ: ها، شەیتان پێی پێئەکەنێ ".

جا هەرچۆنێک بێت ئەوا پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێ کەوا باوەڕی پێی هەبێت، و بەڕاستی بزانێت، و پابەندبێ پێیەوە، و گوێڕایەڵی بێت ئەگەر ماهیێتی و حیکمەتی فەرمانکردنەکە بزانێت، یاخود نادیار و شاراوە بێت لەلای، کە ئەمەش

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٢٧٠)، ومسلم برقم (٧٧٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٩٩٥).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٩٩٤).

(٤) رواه البخاري برقم (٦٢٢٦)، ومسلم برقم (٢٩٩٤).

یەکێکە لە کۆی ئەو زانست و زانیارییانەی خوای بەرز و بڵند کە دەوری هەموو شتێکی داوە و لە ئێمە شاراوە و پەنهان بووە.

٨/ دەستنوێژگرتن:

ئەویش لەبەر فەرمووەکەی ئیبنوعەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لە پێشەوە باسکرا کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی نوێژ بکات، هەستا و چوو بۆلای کونەیەک ئاو کە بەقەدی دیوارەکەدا هەڵواسرابوو وە دەستنوێژی گرت.

جا لێرەدا لە باسکردنی دەستنوێژدا، هەڵوەستەیەکی لێ ئەکەین و تیایدا بەکورتی و بەپوختی نەک بەدرێژی باسی سوننەتەکانی دەستنوێژ ئەکەین، کە هەر لەبەر تەواوکاری سوننەتەکان باسی ئەکەم.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

((لە سوننەتەکانی دەستنوێژ))

١- سیواک کردن:

کە پێش دەستپێکردنی دەستنوێژ، یان پێش ئاو لەدەم وەردان سیواک بکەیت، کە ئەمەش شوێنی دووەمە کە سوننەتە سیواکی تیادا بکرێت، کە لەپێشەوە باسی شوێنی یەکەممان کرد، بۆیە سوننەتە هەرکەسێ کە ویستی دەستنوێژ بگرێت سیواک بکات، ئەویش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:« لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مع كُلِّ وُضُوءٍ »[١]، واتە:" ئەگەر گران و ناڕەحەت نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم فەرمانی سیواک کردنم پێئەکردن لەگەڵ هەموو دەستنوێژگرتنێکدا ".

هەروەها لەبەر فەرمودەکەی دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە فەرموویەتی:« كُنَّا نُعِدُّ لَهُ سِوَاكَهُ وَطَهُورَهُ، فَيَبْعَثُهُ اللهُ مَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَهُ مِنَ اللَّيْلِ، فَيَتَسَوَّكُ، وَيَتَوَضَّأُ، وَيُصَلِّي »[٢]، واتە:" ئێمە سیواک و ئاوی دەستنوێژمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئامادە ئەکرد، جا چەندێ کە خوای گەورە وویستی لێی بوایە لەشەو بەئاگای ئەهێنا، سیواکی ئەکرد، و دەستنوێژی ئەگرت، و نوێژی ئەکرد...".

٢- ناوی خودا هێنان (بسم الله) کردن:

ئەویش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە بەمەرفوعی هاتووە:« لا وضوءَ لِمَن لم يَذكُرِ اسمَ الله عليه»[٣]، واتە:" دەستنوێژی کەسێک دروست نیە کە ناوی خوای لەسەر نەهێنابێ"، کە ئەم فەرمودەیە لاوازە، ئەبوزورعە و ئەبوحاتەم و ئیبنوقەتتان و پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بن) بەلاوازیان

---

(١) رواه أحمد برقم (٩٩٢٨)، وابن خزيمة وصححه: ١٤٠/٧٣/١، والبخاري تعليقا بصيغة الجزم في باب: سواك الرطب واليابس للصائم .

(٢) رواه مسلم برقم (٧٤٦).

(٣) رواه أحمد برقم (١١٣٧١)، وأبو داود برقم (١٠١)، وابن ماجه برقم (٣٩٧).

داناوە، و وتویانە:" لەم بابەتەدا هیچ فەرمووداەیەکی ڕاست و دروست جێگیر و چەسپاو نییە ".

ئەم فەرموودەیە لەڕێی کۆمەڵێ هاوەڵەوە بەڵگەی لەسەر هاتووە، کە هەموو بەڵگەکان لاوازییان تیایە و لاوازن، وە کۆمەڵێ لە زانایان (بەڕەحمەت بن) ڕایان وایە و بۆئەوە چوون کە فەرموودەکە بەکۆی ڕێگاکانیەوە بەرز ئەبێتەوە بۆ پلەی باش (من الضعيف إلى الحسن).

حافزی ئیبنوحەجەر (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" ئەوەی کە دیار و بەرچاوە، کۆی هەموو فەرموودەکان هێزێکی ئەوتۆی تیایە کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کە ئەم فەرموورەیە بنەڕەتێکی هەیە"[1]، وە ئەگەر ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە بهێنرێتەوە، ئەوا والێک ئەدرێتەوە کە بۆ موستەحەبێتی بێ نەک بۆ واجبێتی بێت، کە ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانە (بەڕەحمەت بن)، وە فەرموودەکەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) ژمارەیەک لەزانایان بەکۆی ڕێگاکانی بە حەسەنیان داناوە[2].

٣- سێ جار شتنی دەستەکان:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی پێشەوا عوسمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە سەبارەت بەچۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەر ﷺ گێڕاویەتیەوە و تیایدا هاتووە کە: « دَعَا بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ...». ثُمَّ قَالَ: «رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا»[3]، واتە:" داوای ئاوی دەستنوێژی کرد، و دەستنوێژی گرت و سێ جار لەپی دەستەکانی شت..."، پاشان فەرمووی:" پێغەمبەری خوام ﷺ بینی وەک ئەم دەستنوێژەی من دەستنوێژی گرت ".

---

(١) تلخيص الحبير: ٧٥/١ .

(٢) انظر: (تلخيص الحبير) لابن الحجر: ١٢٨/١، و (محجة القرب) لابن الصلاح (٢٤٩)، و (السيل الجرار) للشوكاني: ٧٦/١، وغيرهم.

(٣) رواه البخاري برقم (١٦٤)، ومسلم برقم (٢٢٦) واللفظ له .

جا ئەوەی کە دەست شتن لە واجبێتی لائەدات و ئەیترازێنێ: فەرمایشتی پەروەردگاری بڵند و بااڵیە کە ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾ المائدة: ٦، واتە:{ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێ هەستتان بۆ نوێژکردن ئەوا دەم و چاوو دەستەکانتان لەگەڵ ئانیشکتان بشۆن }، وەک بینیمان لە ئایەتەکەدا باسی شتنی دەستەکان نەهاتووە.

٤- لە ڕاستەوە دەستپێکردنی شتنی دەست و قاچەکان:

ئەویش لەبەر فەرمووەکەی دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە فەرموویەتی: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ «يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ، فِي تَنَعُّلِهِ، وَتَرَجُّلِهِ، وَطُهُورِهِ، وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ»[1]، واتە: پەیامبەری خوا ﷺ:" لە ڕاستەوە دەستپێکردنی پێ خۆش بوو، لە نەعل لەپێکردن، و قژ داهێنان، و دەستنوێژگرتن، و لەهەموو هەڵسوکەوت و بوارەکانی تری ژیانیدا ".

هەروەها فەرمووەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتی: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: « وإذا توضأتُم، فابدؤوا بأيامِنِكُم »[2]، واتە:" هەرکاتێ دەستنوێژتان گرت، لەلای ڕاستەوە دەست پێبکەن ".

ئیبنوقودامە (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی:" ئەوەندەی ئێمە بزانین هیچ ڕاجیاییەک نییە لەنێوان زانایاندا، سەبارەت بە چاکێتی لەلای ڕاستەوە دەستپێکردن "[3].

٥- دەستکردن بە ئاو لەدەم و لووت وەردان و هەڵمژینی:

ئەویش لەبەر فەرمووەکەی پێشەوا عوسمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە سەبارەت بەچۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەر ﷺ گێڕاویەتیەوە و تیایدا هاتووە کە: «

---

(١) رواه البخاري برقم (١٦٨)، ومسلم برقم (٢٦٨).

(٢) رواه أبو داود برقم (٤١٤١)، وصححه ابن خزيمة (١/٩٠)، وقال النووي: هذا الحديث حسن، وإسناده جيد، (المجموع: ١/٣٨٢).

(٣) انظر: المغني (١/١٢٠).

ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْثَرَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ... »[١]، واتە:" ئینجا ئاوی لە دەم و لوتی وەردا و هەڵی مژی و فنگی کرد، پاشان سێ جار دەم و چاوی شت..."، جا ئەگەر هاتوو ئاو لە دەم و لووت وەردان و هەڵمژینی دواخست بۆ دوای شتنی دەم و چاوی دروستە.

٦- زیادەڕەوی کردن لە ئاو لە دەم و لوت وەردان و هەڵمژینی بۆ جگە لە ڕۆژووەوان:

ئەویش لەبەر فەرمووەکەی لەقیتی کوڕی صەبیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووییەتی: «أسبِغِ الوُضوءَ، وخَلِّلْ بينَ الأصابِعِ، وبالِغْ في الإستِنشاقِ إلا أن تكونَ صائماً»[٢]، واتە:" بەتێر و تەسەلی دەستنوێژ بگرە، و پەنجە بخەرە نێوانی پەنجەکانتەوە، و زیادەڕەوی بکە لە ئاو هەڵمژیندا مەگەر کاتێ کە بەڕۆژوو بیت ".

دەستەواژەی زیادەڕەوی کردن لە ئاو هەڵمژینم لەبڕگەی (أسبِغِ الوُضوءَ)ە وە وەرگرتووە.

ئیبنوعوسەیمینی مامۆستامان (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" زیادەڕەوی کردن لە ئاو لەدەم وەردان بریتییە لەوەی کە: ئاوەکە بەتوندی بکەیتە ناو دەمتەوە، بەجۆرێک کە هەموو ناودەمت بگرێتەوە، وە زیادەڕەوی کردن لە ئاو هەڵمژین بریتییە لەوەی کە: بەهەمان هێزی پێشوو هەڵی بمژیت... بەڵام ئەوەی هەیە بۆ ڕۆژوەوان کارێکی باش نییە، چونکە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاوەکە بەتەواوەتی هەڵمژێت، و لە لووتیشەوە بچێتە خوارەوە بۆ ناو گەدەی "[٣].

---

(١) رواه البخاري برقم (١٩٩)، ومسلم برقم (٢٢٦).

(٢) رواه أحمد برقم (١٧٨٤٦)، وأبو داود برقم (١٤٢)، وقال ابن حجر: هذا حديث صحيح (الإصابة: ١٥/٩).

(٣) انظر: الممتع (١٧١/١).

کە فەرموویەتی: (أسبغِ الوُضوءَ) مەبەست لێی: بریتییە لەوەی کە هەموو ئەندامێک مافی خۆی لە دەستنوێژدا بەتەواوەتی پێبدرێ و بە تێروتەسەلی تەپکرێت، کە ئەمەش دەستنوێژگرتنی واجبە.

دەستنوێژی باش و موستەحەبیش: بریتییە لە گرتنی دەستنوێژێکی تەواو بەبێ سوننەتەکان، بەڵام ئەوەی هەیە دەستنوێژی تێروتەسەل (بەسوننەتەکانەوە) پاداشتێکی زۆر گەورە و مەزنی لەسەرە بەتایبەتی کاتی ناڕەحەتی، وەک ئەوەی ئاوەکە سارد بێت لە زستاندا و جگە لەوەی لا نەبێت، یاخود ئاوەکە گەرم بێت لە هاویندا و جگە لەو ئاوە ئاوی تری لا نەبێت، جا ئەگەر هاتوو بەتێروتەسەلی دەستنوێژی گرت ئەوا پلەوپایەی پێ بەرزتر ئەبێتەوە و چاکتر گوناهەکانی ئەسڕێتەوە.

ئەوەی بەڵگەبێت لەسەر ئەوە: ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە کە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللهُ بِهِ الْخَطَايَا، وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ؟» قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ الله! قَالَ: «إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ»[1]، واتە:" ئایا شتێکتان پێ نەڵێم کە بەهۆیەوە خوای گەورە گوناهەکانتان بسڕێتەوە و پلەوپایەتان بەرزبکاتەوە؟ وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی:" بەجوانی دەستنوێژگرتن لەکاتی ناڕەحەتیدا، زۆر هەنگاونان بۆ مزگەوتەکان، چاوەڕوانکردنی نوێژ لەدوای نوێژ، ئا ئەمەیە سەنگەرگرتن و لەسەنگەردابوون ".

٧- ئاو لەدەم و لووت وەردان بە یەک مشت ئاو:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی عەبدوڵای کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە سەبارەت بە چۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ، وتوویەتی: «... أَدْخَلَ يَدَهُ فَاسْتَخْرَجَهَا فَمَضْمَضَ، وَاسْتَنْشَقَ مِنْ كَفٍّ وَاحِدَةٍ فَفَعَلَ ذَلِكَ ثَلَاثًا... »[2]، واتە:" ...

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٥١).

(٢) رواه البخاري برقم (١٩٢)، ومسلم برقم (٢٣٥) واللفظ له.

دەستی کرد بە ئاوەکەداو دەری هێناو، بە مشتێ ئاو ئاوی لەدەم و لووتی وەردا ئەمەی سێ جار دووبارە کردەوە ...".

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" هەرگیز هیچ بەڵگەیەک لە فەرموودەی ڕاست و دروستا نەهاتووە لەسەر ئەوەی کە ئاو لەدەم و لووت وەردانی لەیەک جیاکردبێتەوە ... بەڵکو بەدەستی ڕاستی ئاوی هەڵدەمژی و بەدەستی چەپی فنگی ئەکرد و فڕێی ئەدایە دەرەوە "[1].

٨- دەستی تەڕ هێنان بەسەردا (مەسحی سەر) پێویستە بەو جۆرە بێت کە لەسوننەتدا هاتووە:

مەسحی سەریش بەوە ئەبێت کە هەردوو دەستی لە پێشی سەریەوە دانەنێت و ئەیبات بۆ دواوەی پشتەسەری، و پاشان ئەیگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستی پێکردوە، ئافرەتیش بەهەمان شێوە ئەم سوننەتە جێ بەجێ ئەکات و ئەو قژەی کە لەگەردنی ئافرەتەکە زیاتربێت پێویست ناکات دەستی تەڕی پیادا بهێنێت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەکەی عەبدوڵای کوڕی زەیدە (خوا لێی ڕازی بێ) کە سەبارەت بە چۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە تیایەتی: «... بَدَأَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِهِ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ ثُمَّ رَدَّهُمَا حَتَّى رَجَعَ إِلَى الْمَكَانِ الَّذِي بَدَأَ مِنْهُ... »[2]، لە پێشەوەی سەری دەستی پێکرد، ئینجا دەستی ئەبرد بۆ پشتەسەری و پاشان گێڕایەوە بۆ پێشەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستی پێکردبوو...".

٩- سێ جار شتنی ئەندامەکان:

شتنی یەک جار واجبە، بەڵام دووەم جار و سێیەم جار سوننەتە و نابێت لەسێ جار زیاتر بێت.

ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر ئەمە: ئەو فەرموودەیەیە کە لای پێشەوا بوخاری (بەڕەحمەت بێ) جێگیر بووە لە فەرموودەی ئیبنوعەباس (خوا لێیان ڕازی

---

(١) زاد المعاد: ١٩٢/١.

(٢) رواه البخاري برقم (١٨٥)، ومسلم برقم (٢٣٥).

بێ) کە وتویەتی: «تَوَضَّأَ النَّبِيُّ ﷺ مَرَّةً مَرَّةً»[١]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ یەک جار یەک جار دەستنوێژی گرت ".

هەروەها لای پێشەوا بوخاری (بەڕەحمەت بێ) جێگیر بووە لە فەرمودەی عەبدوڵای کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە: « أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ تَوَضَّأَ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ»[٢]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ دووجار دووجار دەستنوێژی گرت ".

هەروەها جێگیر بووە لە صەحیحی (بوخاری و موسلیم)دا لە فەرمودەی ئیبنوعەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتویەتی:« أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ تَوَضَّأَ ثَلَاثًا»[٣]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار سێ جار دەستنوێژی گرت ".

جا لەبەر ئەوە وا چاکە بە هەمەچەشن دەستنوێژ بگرین، هەندێ جار یەک یەک، و هەندێ جار دوو دوو، هەندێ جاریش سێ سێ بێت، هەندێ جاریش لەژمارەکاندا جیاواز بێت، بۆ نمونە دەم و چاوی سێ جار بشوات، و دەستەکانی دووجار، و پێکانی یەک جار بشوات، وەک لە صەحیحی (بوخاری و موسلیم)دا لە فەرمودەی عەبدوڵای کوڕی زەیددا (خوا لێی ڕازی بێ) لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە[٤]، بەڵام وا چاکە بەزۆری ئەو جۆرەیان ئەنجام بدات کە لەهەمویان کاملّترە کە ئەویش بریتیە لە سێ جار، کە ئەوە ڕێباز و ڕێنوێنی پەیامبەری مەزنە ﷺ.

١٠- ئەو جۆرە نزا و پاڕانەوانەی کە لەدوای دەستنوێژەوە هاتوون:

لە عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُبْلِغُ - أَوْ فَيُسْبِغُ - الْوَضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ »[٥]، واتە:" هەریەکێک لە ئێوە دەستنوێژ بگرێت بەجوانی و تەواوەتی پاشان بڵێت:

---

(١) رواه البخاري برقم (١٥٧).

(٢) رواه البخاري برقم (١٥٨).

(٣) رواه البخاري برقم (١٥٩).

(٤) زاد المعاد: ١٩٢/١.

(٥) رواه مسلم برقم (٢٣٤).

گەواهی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نییە جگە لە زاتی خودا و گەواهی ئەدەم کە موحەممەد ﷺ بەندە و نێردراوی خوایە، ئەوا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوە لە کامیانەوە ئارەزوو بکات ئەچێتە ژوورەوە ".

یاخود ئەو ویردەی کە لەفەرموودەی ئەبی سەعیدی خودریدا (خوا لێی ڕازی بێ) بە مەڕفوعی هاتووە: « من تَوَضَّأ ففرغ من وضوئِهِ ثُمَّ قَالَ سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِك أشهد أَن لَا إِلَه إِلَّا أَنْت أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْك طبع الله عَلَيْهَا بِطَابع ثمَّ رفعت تَحت الْعَرْش فَلم تُكسَر إِلَى يَوْم الْقِيَامَة »[1]، واتە:" هەرکەسێ دەستنوێژ بگرێت بەجوانی و کاتێ لێ بڵێ: پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ تۆیە خوایە، گەواهی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نییە جگە لەتۆ، داوای لێخۆشبوونت لێئەکەم و بۆلای تۆ ئەگەڕێمەوە، کە ئەمە بڵێ ئەوا لەلاپەڕەیەکدا بۆی ئەنوسرێتەوە و مۆرئەکرێت بە مۆرێک، پاشان بەرزئەکرێتەوە بۆژێر عەرشی پەروەردگار کە هەتا ڕۆژی قیامەت ناشکێنرێت ".

حافزی ئیبنوحەجەر (بەڕەحمەت بێ)[2] ڕشتەی (سەنەدی) ئەم فەرموودەیەی بەصەحیح داناوە، و ڕوونی کردۆتەوە کە ئەگەر بە مەڕفوعی صەحیح نەبێت ئەوا وەستاوە (واتە: مەوقوفە)، و هیچ زیانێکی بۆ فەرموودەکە نییە، چونکە حوکمی مەڕفوعی هەیە، چونکە وتەی لەوجۆرە بواری بۆ ڕاوبۆچوون تیادا نییە و بە ڕاو بۆچوون قسەی لەو جۆرە ناکرێت.

دەبا موسڵمان هوشیار و بەئاگابێت کاتێ ئەیەوێ دەستنوێژ بگرێت، چونکە دەستپێشخەری بۆ پەرستشێک ئەکات کە سێ چاکەی زۆر مەزن لەخۆئەگرێت، کە هۆکاری بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای بەرز و بڵند، و هۆکاری سڕینەوە و لێخۆشبوونی گوناهەکانە، و هۆکارێکیشە بۆئەوەی لەڕۆژی دوایدا خشڵ بکرێتە شوێنی دەستنوێژەکەی (ئەو شوێنەی دەستنوێژ ئەیگرێتەوە)، ئا لەوێدا هەست بەو خۆشیە ئەکات کەپێشوازی لێ ئەکات، لەبەر هەستکردنی بەوەی کە ئەم پەرستشە

---

(١) رواه النسائي في (عمل اليوم والليلة، ص١٤٧)، والحاكم (١/٧٥٢).

(٢) نتائج الأفكار: ١/٢٤٦.

چ جۆرە چاکە و بەخششێکی پێئەبەخشێت، خوای بڵند و باڵا فەرمووبەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢٢، واتە:{ بەڕاستی خوا تۆبەکارانی خۆشەوێت و پاک و خاوێنەکانی خۆشەوێت }.

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبەتی: «إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ - أَوِ الْمُؤْمِنُ - فَغَسَلَ وَجْهَهُ خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ - أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ -، فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ كَانَ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ -، فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلَاهُ مَعَ الْمَاءِ - أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ - حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنَ الذُّنُوبِ»[1]، واتە:" ئەگەر کاتێ بەندەی موسڵمان - یان باوەڕدار - دەستنوێژی گرت و دەموچاوی شت، هەموو ئەو گوناهانەی کە بەچاوی کردوونی لەگەڵ ئاوەکەدا - یان لەگەڵ دوا تنۆکی ئاوەکەدا - ئەڕوات، وە کاتێ دەستەکانی شت هەموو ئەو گوناهانەی بەدەستەکانی کردوونی لەگەڵ ئاوەکەدا - یان لەگەڵ دوا دڵۆپی ئاوەکەدا - ئەڕوات، وە کاتێ قاچەکانی شت هەموو ئەو گوناهانەی کە بەو قاچانەی بۆی چووە لەگەڵ ئاوەکەدا - یان لەگەڵ دوا تنۆکی ئاوەکەدا - ئەڕوات، هەتا وای لێ دێت کە پاک ئەبێتەوە لە گوناهو تاوان ".

هەر لەوەوە گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: گوێم لە خۆشەویستەکەم بوو ﷺ ئەیفەرموو: « تَبْلُغُ الْحِلْيَةُ مِنَ الْمُؤْمِنِ، حَيْثُ يَبْلُغُ الْوَضُوءُ»[2]، واتە:" خشڵ و ڕازانەوەی بڕوادار ئەگاتە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەستنوێژ گرتوونیەوە ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٤٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٥٠).

* بەشی دووەم *

(شەونوێژ لەگەڵ نوێژی ویتر)

چەند کردەومێەکی تیا ئەنجام ئەدرێ کە هەر هەمووی لە ڕێنوێنی سەروەرمانە ﷺ

١/ سوننەت وایە شەونوێژ لەکاتە چاکەکەیدا ئەنجام بدرێ:

ئەگەر بوترێ: باشە چاکترین کات بۆ شەونوێژ کام کاتەیە؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: شتێکی زانراوە کە کاتی نوێژی ویتر لەدوای نوێژی خەوتنانەوە دەست پێئەکات هەتا کاتی بەرەبەیان، جا لەبەر ئەوە شوێنی ئەنجامدانی نوێژی ویتر لەنێوان نوێژی خەوتنان و نوێژی بەیانیدایە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە:

ا- فەرموودەکەی دایکمان عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوێەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي فِيمَا بَيْنَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى الْفَجْرِ، إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُسَلِّمُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَيُوتِرُ بِوَاحِدَةٍ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ لەنوێژی خەوتنان ئەبۆوە هەتا بەرەبەیان یانزە ڕکات نوێژی ئەکرد، لەنێوان هەر دوو ڕکاتێکدا سڵاوی ئەدایەوە، بەڕکاتێکی تەنهاش نوێژی وەتری ئەکرد ".

ب- فەرموودەکەی دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوێەتی: «مِنْ كُلِّ اللَّيْلِ قَدْ أَوْتَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ أَوَّلِ اللَّيْلِ، وَأَوْسَطِهِ، وَآخِرِهِ، فَانْتَهَى وِتْرُهُ إِلَى السَّحَرِ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کاتێکی شەودا نوێژی وەتری ئەکرد، لە

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٠٣١)، ومسلم برقم (٧٣٦).

(٢) رواه البخاري برقم (٩٩٦)، ومسلم برقم (٧٤٥).

سەرەتای شەو، و ناوەڕاست، و کۆتایی شەوەوە، بەڵام (لەکۆتایی تەمەنیدا پێش مردنی) وەترەکەی ئەبردە کاتی پارشێو ".

ئیبنو مونزیر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە لە نێوان نوێژی خەوتنان بۆ بەرەبەیان کاتی کردنی نوێژی وەترە "[1].

بەڵام چاکترین کات بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ: بریتیە لە سێیەکی شەو لەدوای نیوە شەوەوە.

مەبەست لەمە ئەوەیە: مرۆڤ شەو بکات بە دوو بەشەوە، و بێت لە سێیەکی دووەمی نیوەشەودا هەستێ بۆ شەونوێژ، و لەکۆتایی شەودا لێی بخەوێت، واتە: لە شەش یەکی چوارەم و پێنجەمدا هەستێ بۆ شەونوێژ، و لەشەش یەکی شەشەمدا لێی بخەوێت .

ئەوەی بەڵگەبێت لەسەر ئەمە: فەرمودەکەی عەبدوڵای کوڕی عەمرە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «إِنَّ أَحَبَّ الصِّيَامِ إِلَى اللهِ، صِيَامُ دَاوُدَ، وَأَحَبَّ الصَّلَاةِ إِلَى اللهِ، صَلَاةُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَام، كَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَيَقُومُ ثُلُثَهُ، وَيَنَامُ سُدُسَهُ، وَكَانَ يَصُومُ يَوْمًا، وَيُفْطِرُ يَوْمًا»[2]، واتە:" خۆشەویسترین و پەسەندترین ڕۆژوو لەلای خوای مەزن ڕۆژوی داودە، و خۆشەویسترین و پەسەندترین نوێژیش لەلای خوای مەزن نوێژی داودە، نیوەی شەو ئەخەوت و سێ یەکی شەونوێژی ئەکرد، شەش یەکی ئەخەوتەوە، وە ڕۆژێک بەڕۆژو ئەبوو، ڕۆژێکیش نەیئەگرت ".

جا ئەگەر مرۆڤی موسڵمان بیەوێ ئەم سوننەتە جێ بەجێ بکات: ئەبێ چۆن ڕەچاوی شەو بکات؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: پێویستە هەر لەخۆڕئاوا بوونەوە هەتا گزنگی بەربەیان ڕەچاوی کات بکات، ئینجا دابەشی بکات بە شەش بەشەوە، سێ بەشی یەکەم ئەکاتە نیوەی یەکەمی شەو، ئینجا لەدوای ئەوەوە هەڵسێت - واتە: لەشەش یەکی چوارەم و پێنجەمدا هەڵسێت -؛ چونکە ئەمە بەسێ یەک دانەنرێت، پاشان لە شەش یەکی

---

(١) الإجماع، ص٤٥.

(٢) رواه البخاري برقم (٣٤٢٠)، ومسلم برقم (١١٥٩).

کۆتایدا ئەخەوێت، کە ئەکاتە شەش یەکی شەشەم، هەر لەبەر ئەمەیە دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی: «مَا أَلْفَاهُ السَّحَرُ - تَعْنِي النَّبِيَّ ﷺ عِنْدِي إِلَّا نَائِمًا»[1]، واتە:" هەرگیز نەبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەو لەلام بوبێت و لەپارشێودا بەخەوتوی نەمبینیبێت".

جا بەو شێوەیەی کە باسمانکرد مرۆڤی موسڵمان لە چاکترین کاتی شەودا هەڵئەسێ بۆ شەونوێژ، وەک لە پێشەوە لە فەرمووەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتبوو.

جا ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە هەستا بۆ شەونوێژ ئایا گەیشتووە بەکاتی دابەزینی پەروەردگاری باڵادەست، کە بریتییە لە سێ یەکی کۆتایی شەو؟

لەوەڵامدا ئەڵێین: بەڵێ لە شەش یەکی پێنجەمدا پێی گەیشتووە، ئەوەش ئەو کاتە بوو کە شەوی دابەشکرد بۆ شەش بەش، جا شەش یەکی یەکەم و دووەم بە سێ یەکی یەکەمی شەو دائەنرێت، وە شەش یەکی سێیەم و چوارەم بە سێ یەکی دووەمی شەو دائەنرێت، وە شەش یەکی پێنجەم و شەشەم بە سێ یەکی کۆتایی شەو دائەنرێت، کە ئەم کاتەش کاتی دابەزینی پەروەردگاری بڵندو باڵایە، وە ئەوکەسەی لەو سێ یەکەدا هەڵئەسێت کە لەدوای نیوەشەوەیە ئەوا ئەمیش گەیشتووە بە سێ یەکی کۆتایی لە شەش یەکی پێنجەمدا، کە ئەم کاتەش خودی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ڕێنمایی کردووین بۆ ئەو کاتە پیرۆزە، وەک لەپێشەوە لەفەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتبوو کە فەرمووی: « وَأَحَبَّ الصَّلَاةِ إِلَى اللهِ، صَلَاةُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَام، كَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَيَقُومُ ثُلُثَهُ، وَيَنَامُ سُدُسَهُ»[2]، واتە:" وە خۆشەوویستترین و پەسەندترین نوێژیش لەلای خوای مەزن نوێژی داودە، نیوەی شەو ئەخەوت و سێ یەکی شەونوێژی ئەکرد، شەش یەکی ئەخەوتەوە"، هەر ئەویش بوو ڕێنمایی کردین بۆ چاکێتی کۆتایی شەو، کە تیایدا هاتنە خوارەوەی پەروەردگارمانی تیادایە بەجۆرێک کە شایستەی زاتی بەرز و بڵندی

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٣٣)، ومسلم برقم (٧٤٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٣٤٢٠)، ومسلم برقم (١١٥٩).

بێت، کە کۆکردنەوەی هەردوو فەرموودەکە بەوجۆرە ئەبێت کە لە پێشەوە ڕابوردن جا هەرکەسێ ئەمەی نەتوانی ئەوا ئەچێت بۆ پلەی دووەم لە چاکێتی و پەسەندێتیدا، ئەویش ئەوەیە کە دێت لەسێ یەکی کۆتایی شەودا هەڵئەسێت.

لێرەدا پوختەی قسە ئەوەیە کە:چاکی و پەسەندێتی لە کاتی شەونوێژدا سێ پلەی هەیە:

پلەی یەکەم: بریتیە لەوەی کە نیوەی یەکەمی شەو بخەوێت، پاشان لەشەش یەکیدا لێی بخەوێت وەک لەپێشەوە ڕابورد.

ئەوەشی کە بەڵگە بێت لەسەری فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمرە (خوا لێیان ڕازی بێ).

پلەی دووەم: ئەوەیە کە سێ یەکی کۆتایی شەو هەڵسێت.

ئەوەی کە بەڵگەبێ لەسەری: فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێەتی: « يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ فَيَقُولُ: مَنْ يَدْعُونِي، فَأَسْتَجِيبَ لَهُ وَمَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، وَمَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ »[1]، واتە:" هەموو شەوێک خوای پەروەردگاری پیرۆز و بەرز و بڵند کاتێ سێ یەکی کۆتایی شەو ئەمێنێت دائەبەزێتە ئاسمانی دونیا و ئەفەرموێ: کێ لێم ئەپارێتەوە و بانگم ئەکات تا وەڵامی بدەمەوە، و کێ داوام لێ ئەکات تا پێی ببەخشم، وە کێ داوای لێخۆشبوونم لێ ئەکات تا لێی خۆشبم ".

هەروەها فەرموودەکەی جابریش (خوا لێی ڕازی بێ) کە دوایی ئەیهێنین.

جا ئەگەر هاتو ترسا لەوەی کە کۆتایی شەو هەڵنەسێت ئەوا ئەیگوێزێتەوە بۆ پلەی دووەم.

پلەی سێ یەم: لەسەرەتای شەودا نوێژ بکات، یان لەهەر کاتێکی تری شەودا کە بۆی ئەگونجا.

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٤٥)، ومسلم برقم (٧٥٨).

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەوە: فەرموودەی جابرە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ خَافَ أَنْ لَا يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ، وَمَنْ طَمِعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ، فَإِنَّ صَلَاةَ آخِرِ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ، وَذَلِكَ أَفْضَلُ»[١]، واتە:" هەرکەسێ ئەترسێ لەوەی لەکۆتایی شەودا هەڵنەسێتەوە و بەئاگانەیەتەوە ئەوا با لەسەرەتای شەودا وەترەکەی بکات، هەرکەسێکیش بەتەمایە لەکۆتایی شەودا هەستێ و متمانەی بەخۆیەتی ئەوا با وەترەکەی دوابخات و لەکۆتایی شەودا بیکات، چونکە نوێژی کۆتایی شەو لەلایەن فریشتەکانەوە گەواهی بۆدراوە، کە ئەمەشیان چاکترە".

هەروەها ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەبی زەڕ[٢]، و ئەبی دەرداء[٣]، و ئەبی هوڕەیڕە[٤] (خوا لێیان ڕازی بێ) وا مانا ئەکرێت و لێکئەدرێتەوە، هەریەکێک لەوان ئەڵێن: « أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ »، واتە:" خۆشەویستەکەم کە پێغەمبەری خوایە ﷺ ئامۆژگاری کردوم و ڕایسپاردووم بەکردنی سێ شت "، وە تیایدا هاتووە کە:" وأَنْ أُتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ "[٥]، واتە:" وە نوێژی وەتر بکەم پێش ئەوەی بنوم ".

٢/ سوننەت وایە موسڵمان یانزە ڕکات نوێژ ئەنجام بدات:

کە ئەمەش لەهەموویان تێر و تەواوترە لەبەر فەرموودەکەی دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە فەرموویەتی:" مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَزِيدُ فِي رَمَضَانَ،

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٥٥).

(٢) رواه النسائي في (السنن الكبرى:٢٧١٢)، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة:٢١٦٦).

(٣) رواه أحمد برقم (٢٧٤٨١)، وأبو داود برقم (١٤٣٣) وصححه الألباني في (صحيح أبي داود: ١٧٧/٥).

(٤) رواه مسلم برقم (٧٣٧).

(٥) رواه البخاري برقم (١٩٨١).

وَلَا فِي غَيْرِهِ عَلَى إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً "[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ نەلەڕەمەزان و جگە لەڕەمەزانیشدا لەیانزە ڕکات زیاتری نەکردووە ".

هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە سیانزە ڕکات نوێژی کردووە، پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا فەرموودەکەی دایکمان عائیشەی(خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُوتِرُ مِنْ ذَلِكَ بِخَمْسٍ، لَا يَجْلِسُ فِي شَيْءٍ إِلَّا فِي آخِرِهَا»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەودا سیانزە ڕکات نوێژی ئەکرد، لەوانە پێنج ڕکاتی بەنیەتی وەتر ئەکرد، دانەئەنیشت لەکۆتا ڕکاتیدا نەبێت ".

هەروەها لەفەرموودەی ئیبنوعەباسدا(خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە: « فَصَلَّى النَّبِيُّ ﷺ فِي تِلْكَ اللَّيْلَةَ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، ثُمَّ نَامَ رَسُولُ اللهِ ﷺ »[3]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەو شەوەدا سیانزە ڕکات نوێژی کرد، ئینجا لێی نووست ".

زانایان ناکۆکن سەبارەت بەو دوو ڕکاتە زیادەیەی کە لە فەرموودەکانی سەرەوەدا هاتووە، چونکە خودی عائیشە خۆی ڕایگەیاند کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەیانزە ڕکات زیاتری نەکردووە.

وتویانە: ئەو دوو ڕکاتە سوننەتی دوای نوێژی خەوتنان بووە، وە وتویانە: مەبەست لێی سوننەتی نوێژی بەیانی بووە، وە وتویانە: دوو ڕکاتی سوکەڵە بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەتای شەونوێژدا ئەیکرد و شەونوێژەکەی پێ ئەکردەوە، وەک لەفەرموودەدا هاتووە، حافزی ئیبنوحەجەر(بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی پەسەندکردووە و بەشیاوتری داناوە[4].

ئەوەی دیار و ئاشکرایە - کەهەر خواش زاناترە - ئەوەیە کە ئەمە لە بابەتی جۆراوجۆرێتی ئەنجامدانی نوێژی وەترەوەیە، کە زۆربەی وەترەکانی پێغەمبەری خوا

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٤٧)، ومسلم برقم (٧٣٨).

(٢) رواه البخاري برقم (١١٤٧)، ومسلم برقم (٧٣٧).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٩٨)، ومسلم برقم (٧٦٣).

(٤) انظر: الفتح (٣/٢١).

ﷺ (واتە شەونوێژەکانی بە نوێژی وەترەوە) یانزە ڕکات بووە، وە هەندێ جاریش سیانزە ڕکات بووە، کە بەمجۆرە ئەتوانین ئەو فەرمووەدانە کۆبکەینەوە کە لەو بارەیەوە هاتوون.

٣/ سوننەت وایە شەونوێژ بەدوو ڕکاتی سوکەڵە دەست پێبکرێت:

ئەویش لەبەر فەرمووەکەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە فەرموویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ لِيُصَلِّيَ، افْتَتَحَ صَلَاتَهُ بِرَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ شەو هەڵئەستا بۆ شەونوێژکردن، نوێژەکەی بەدوو ڕکاتی سوکەڵە دەست پێئەکرد ".

٤/ سوننەت وایە ئەو وێردانەی ئیستفتاح (دەستپێکردنی نوێژ) بخوێنرێ کە لەکاتی ئەنجامدانی شەونوێژدا هاتوون، لەوانە:

١- ئەوەی کە لەصەحیحی موسلیمدا هاتووە لەفەرمووەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ شەو هەڵئەستا نوێژەکەی بەم وێردە دەست پێئەکرد: «اللهُمَّ رَبَّ جَبْرَائِيلَ، وَمِيكَائِيلَ، وَإِسْرَافِيلَ، فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ، اهْدِنِي لِمَا اخْتُلِفَ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِكَ، إِنَّكَ تَهْدِي مَنْ تَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ»[2]، واتە:" ئەی خوایە پەروەردگاری جوبرەئیل و میکائیل و ئیسرافیل، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانای نهێنی و ئاشکراکان، تۆخۆت فەرمان و حوکم ئەکەیت لەنێوان بەندەکانتا لەوەی کە ناکۆک و جیاوازن تیایدا، دەسا ڕێنوێنیم بکە بۆ ئەو هەق و ڕاستیەی کە خەڵکی جیاواز و ناکۆکن تیایدا بەویست و بەخششی خۆت،

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٦٧).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٧٠).

بەڕاستی هەر یەکێک تۆ ویست و ئارەزوت لێی بێت ڕێنوێنی ئەکەیت بۆسەر ڕێگای ڕاست ".

ب- ئەوەی کە لەصەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لەفەرمودەی ئیبنوعەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ شەو هەڵئەستا بۆ شەونوێژ ئەیفەرموو: «اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيِّمُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، أَنْتَ الْحَقُّ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ، وَقَوْلُكَ الْحَقُّ، وَلِقَاؤُكَ الْحَقُّ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، وَالنَّبِيُّونَ حَقٌّ، وَالسَّاعَةُ حَقٌّ، اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ، وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ، فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، أَنْتَ إِلَهِي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ»[1]، واتە:" ئەی خوایە سوپاس و ستایش بۆتۆیە، تۆ ڕوناکی ئاسمانەکان و زەویت، سوپاس و ستایش بۆتۆیە تۆ ڕاگر و هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکان و زەویت، سوپاس و ستایش بۆتۆیە تۆ خاوەن و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەیش کە لەناویاندایە، خوایە تۆ ڕاستیت و بەڵێنت ڕاستە و وتەت ڕاستە، و بەدیدار و گەیشتن پێت (لەڕۆژی دوایدا) ڕاستە، و بەهەشت ڕاستە، و ئاگری دۆزەخ ڕاستە، و پێغەمبەران ڕاستن، و ڕۆژی دوایی ڕاستە، خوایە گوێرایەڵی تۆ بووم تەنیا خۆم بەتۆ سپاردووە، و باوەڕم بەتۆ هێناوە، و تەنیا پشتم بەتۆ بەستووە، و بۆلای تۆ گەڕامەوە، و بەپشتیوانی تۆ دژایەتی بێ باوەڕانم کردووە و بەڕەچم داونەتەوە، و داد و حوکم ئەهێنم بۆلای تۆ، دەخوایە تۆش لەو گوناهانەم خۆشبە کەپێشتر کردومە و ئەوەیش کە دوام خستووە و لەدوایدا ئەیکەم، و ئەوەی بەنهێنی بووەو شاردومنەتەوە و ئەوەیش بەئاشکرا کردومە، خوایە هەرتۆ پەرستراومیت و هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لەتۆ ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٤٩٩)، ومسلم برقم (٧٦٨).

٥/ سوننەتە کە ڕاوەستان و چەمینەوە و سوژدەکانی درێژ بکاتەوە:

پێویستە هەموو پوکنە کرداریەکانی نوێژ وەک یەک و نزیک بن لەیەکەوە.

٦/ پێویستە ئەو سوننەتانە جێ بەجێ بکات کە لەبارەی قورئان خوێندنەوە هاتوون، لەوانە:

ا- پێویستە بەشێنەیی و لەسەرخۆ بیخوێنێتەوە، واتە خێراو بەپەلە نەیخوێنێتەوە، یان دەنگی بۆ بلەرێنێتەوە.

ب- با قورئان خوێندنەوەکەی ئایەت بەئایەت جیابکاتەوە و لەسەری بوەستێت، واتە: نەیەت دوو ئایەت و سێ ئایەت بەسەریەکەوە بخوێنێت، بەڵکو هەر ئایەتە و سەربەخۆ لەسەری بوەستێت .

ج- هەرکاتێ گەیشت بە ئایەتێک کە فەرمانی تەسبیحیکردنی تیابوو ئەویش (سبحان الله) بکات، وە کاتێ گەیشت بە ئایەتێک داواکردنی تیابوو ئەویش داوا لەخوای گەورە بکات، وە کاتێ گەیشت بە ئایەتێ شوێنی پەناگرتن بوو لەخوا ئەویش پەنا بەخوا بگرێت (جا لەئاگری دۆزەخ بێت یان هەر شتێکی تر کە مایەی پەناگرتن بێ لەخوا).

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی حوزەیفەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَافْتَتَحَ الْبَقَرَةَ، فَقُلْتُ: يَرْكَعُ عِنْدَ الْمِائَةِ، ثُمَّ مَضَى، فَقُلْتُ: يُصَلِّي بِهَا فِي رَكْعَةٍ، فَمَضَى، فَقُلْتُ: يَرْكَعُ بِهَا، ثُمَّ افْتَتَحَ النِّسَاءَ، فَقَرَأَهَا، ثُمَّ افْتَتَحَ آلَ عِمْرَانَ، فَقَرَأَهَا، يَقْرَأُ مُتَرَسِّلًا، إِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا تَسْبِيحٌ سَبَّحَ، وَإِذَا مَرَّ بِسُؤَالٍ سَأَلَ، وَإِذَا مَرَّ بِتَعَوُّذٍ تَعَوَّذَ، ثُمَّ رَكَعَ، فَجَعَلَ يَقُولُ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ»، فَكَانَ رُكُوعُهُ نَحْوًا مِنْ قِيَامِهِ، ثُمَّ قَالَ: «سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ»، ثُمَّ قَامَ طَوِيلًا قَرِيبًا مِمَّا رَكَعَ، ثُمَّ سَجَدَ، فَقَالَ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى»، فَكَانَ سُجُودُهُ قَرِيبًا مِنْ قِيَامِهِ.[1]، واتە:" شەوێک لەشەوان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ نوێژم کرد، بەسورەتی (البقرة) دەستی پێکرد،لەدڵی خۆمدا وتم: سەد ئایەت ئەخوێنێت و

(١) رواه مسلم برقم (٧٧٢).

ئەچێتە ڕکوعەوە، کەچی بەردەوام بوو، وتم: لە ڕکاتێکدا هەموو سورەتەکە تەواو ئەکات، کەچی بەردەوام بوو، لە دڵی خۆمدا وتم: ئێستا سورەتەکە تەواو ئەکات و کڕنووش ئەبات، کەچی بینیم دەستیکرد بەخوێندنی سورەتی (النساء) تا تەواویکرد، ئینجا دوای ئەوە دەستی کرد بەخوێندنی سورەتی (آل عمران) تا تەواویکرد، زۆر بەشێنەیی و لەسەرخۆ ئەیخوێند، کاتێ بگەیشتایە بە ئایەتێک باسی پاک و بێگەردی پەروەردگاری مەزنی تیابوایە (سبحان الله)ی ئەکرد، ئەگەر بگەیشتایە بە ئایەتێک داواکردنی (فەزڵ و بەخششی خوای) تیابوایە ئەویش لەخوا ئەپاڕایەوە و داوای لێ ئەکرد و ئەگەر بگەیشتایە بە ئایەتێک شوێنی پەناگرتن بوایە بەخوای مەزن (لەسزا و دۆزەخەکەی) ئەویش پەنای پێ ئەگرت ، پاشان کڕنووشی برد و چووە ڕکوعەوە، تیایدا ئەیفەرموو: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ» واتە:" پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری مەزنمە"، چەمینەوە و ڕکوعەکەی بەئەندازەی ڕاوەستانەکەی بوو، پاشان فەرمووی: «سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ» واتە:" خوای مەزن سوپاس و ستایشی ئەوکەسەی بیست کە ستایشی کرد و سوپاسی خۆی بۆدەربڕیوە"، ئینجا ڕاست بۆوە زۆر بەدرێژی مایەوە نزیک لەوەی کە لەڕکوعدا بوو، ئینجا سوژدەی بردو فەرمووی: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى»، واتە:" پاکی و بێگەردی و بۆ پەروەردگاری بەرزو بڵندم "، بەڕاستی ماوەی مانەوەی لە سوژدەکانی نزیک بوو لەماوەی ڕاوەستانەکانی ".

هەروەها بەڵگەیەکی تریش ئەو فەرمودەیەیە کە پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بێ) لە موسنەدەکەیدا هێناویەتی لەفەرمودەی ئوموسەلەمەدا (خوا لێی ڕازی بێ): أَنَّهَا سُئِلَتْ عَنْ قِرَاءَةِ رَسُولِ الله ﷺ فَقَالَتْ كَانَ يُقَطِّعُ قِرَاءَتَهُ آيَةً آيَةً: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝١ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝٢ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝٣ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ۝٤ ﴾ الفاتحة: ١ - ٤ [1]، واتە:" پرسیاری لێکرا سەبارەت بە قورئان خوێندنی پەیامبەری خوا ﷺ لەوەڵامدا وتی: قورئان خوێندنەکەی ئەبڕی و ئایەت ئایەت

(١) رواه أحمد برقم (٢٦٥٨٣)، وقال الدارقطني (١١٩): إسناده صحيح وكلهم ثقات، وصححه النووي في (المجموع: ٣/٣٣٣).

لەسەری ئەوەستا و پیتەکانی دەرئەخست و مافی خۆی ئەدانێ،﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ی ئەخوێند و لەسەری ئەوەستا،﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ی ئەخوێند و لەسەری ئەوەستا، ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ی ئەخوێند و لەسەری ئەوەستا، ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ی ئەخوێند و لەسەری ئەوەستا ".

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی:" پەیامبەری خوا ﷺ قورئان خوێندنەکەی ئەبڕی و لەسەر هەموو ئایەتێک ئەوەستاو تێی ڕائەما... و جاری وابووە کە سورەتێکی زۆر جوان ئەخوێندەوە هەتا بەجۆرێک درێژ ئەبۆوە لە سورەتێکی لەخۆی درێژتر و شەو تا بەیانی لەسەر ئایەتێک ئەوەستاو دووبارەی ئەکردەوە"[1]، و وتوویەتی:" جاری وابووە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەونوێژدا قورئانی بەسرتە و نهێنی خوێندووە، و جاری واشبووە بەئاشکرا خوێندوویەتی، و بەپێوە ڕاوەستانی درێژئەکردەوە، جاری واشبووە کورتی ئەکردەوە و نوێژی وەتری لە کۆتایی شەودا کردووە کە ئەمەیان زۆرترینیان بووە و لە سەرەتای شەو و، ناوەڕاستی شەویشدا کردوویەتی"[2].

٧/ سوننەت وایە لەهەر دوو ڕکاتێکدا سەلام بداتەوە:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی ئیبنوعومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پیاوێک لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ هەستاو وتی: ئەی پەیامبەری خوا شەونوێژ چۆن ئەکرێت؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خِفْتَ الصُّبْحَ،فَأَوْتِرْ بِوَاحِدَةٍ»[3]، واتە:" شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکاتە، ئەگەر ترسی نزیک بوونەوەی نوێژی بەیانیت هەبوو، ئەوا یەک ڕکات وەتر بکە".

---

(١) زاد المعاد: ١/٣٣٧.

(٢) السلسلة الصحيحة: ١/٢٤٠.

(٣) رواه البخاري برقم (٩٩٠)، ومسلم برقم (٧٤٩).

مەبەست لە " مَثْنَى مَثْنَى": واتە دوو ڕکات دوو ڕکات، لە دوو ڕکاتدا سەلام ئە دڕێتەوە، نابێت چوار ڕکات نوێژ بەسەر یەکەوە بکات[1]، ئەویش لەبەر فەرموودەکەی دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابورد کە تیایدا فەرمووی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي فِيمَا بَيْنَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى الْفَجْرِ، إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُسَلِّمُ بَيْنَ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَيُوتِرُ بِوَاحِدَةٍ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ لەنوێژی خەوتنان ئەبۆوە هەتا بەرەبەیان یانزە ڕکات نوێژی ئەکرد، لەنێوان هەر دوو ڕکاتێکدا سڵاوی ئەدایەوە، بەڕکاتێکی تەنهاش نوێژی وەتری ئەکرد ".

٨/ سوننەت وایە لە سێ ڕکاتی کۆتاییدا چەند سورەتێکی دیاریکراو بخوێنێت:

لەڕکاتی یەکەمدا ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ﴾ الأعلى، بخوێنێت، و لەڕکاتی دووەمدا ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ ﴾ الكافرون، بخوێنێت، و لەڕکاتی سێیەمدا ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ﴾ الإخلاص، بخوێنێ[3].

٩/ سوننەت وایە لە نوێژی وەتردا جاروبار قنوت بخوێنرێت:

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" خۆی لەڕاستیدا بەپێوەڕاوەستان، و بێدەنگی، و بەردەوام بوون لەسەر پەرستش، و نزاوپاڕانەوە، و خوای گەورە بەپاک و بێگەرد ڕاگرتن (سبحان الله) کردن، و کزۆڵەیی و ملکەچ بوون، بەهەموو ئەمانە ئەوترێت قنوت "[4].

---

(١) فەرموودە هاتووە کە چوار ڕکاتی بە یەک تەحیات خوێندووە (مامۆستا صلاح الدين).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٣١٠)، ومسلم برقم (٧٣٦).

(٣) رواه أبو داود برقم (١٤٢٣)، والنسائي برقم (١٧٣٣)، وابن ماجه برقم (١١٧١)، وصححه النووي في (الخلاصة: ٥٥٦/١)، وصححه الألباني في (صحيح النسائي: ٢٧٣/١).

(٤) زاد المعاد: ٢٧٦/١.

کە مەبەست لێرەدا: نزاو پاڕانەوەیە، کە لەڕکاتی سێیەمدایە کاتێ سورەتی (الإخلاص)ی تیا ئەخوێنرێت، بێگومان سوننەت وایە خوێندنی قنوت لە نوێژی وەتردا جاروبار بخوێنرێت، و جاروباریش وازی لێبهێنرێت، کە شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیەش (بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە و واچاکە کە نەکردنی زیاتر بێت وەک لەکردنی.

هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە: کۆمەڵێک فەرموودەی زۆر هاتوون کە باسی نوێژی وەتری پێغەمبەری خوایان ﷺ کردووە، لە عائیشە و ئومو سەلەمە و ئیبنوعەباس و حوزەیفە و ئیبنومەسعودەوە (خوا لە هەموویان ڕازی بێ)، لە هیچیاندا ئەوە نەهاتووە کە لە نوێژی وەتردا قنوتی خوێندبێت، وە خودی عائیشە خۆی (خوا لێی ڕازی بێ) یەکێک بووە لەوانەی کە زۆر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووە و وابەستەی بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لێیەوە نەگێڕراوەتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی نوێژی وەتردا قنوتی خوێندبێت.

باسێک: ئایا خوێندنی قنوت لە نوێژی وەتردا جێگیر بووە لە وتە یاخود کردەوەی پێغەمبەری خوادا ﷺ؟

ڕای یەکەم: پێیان وایە بەڵێ لە وتە و کردەوەی پێغەمبەری خوادا ﷺ جێگیر و چەسپاو بووە، بەڵگەشیان بەمانەی خوارەوە هێناوەتەوە:

یەکەم: لەکردەوەیدا: بەڵگەیان بە فەرموودەی ئوبەی کوڕی کەعب (خوا لێی ڕازی بێ) هێناوەتەوە کە وتوویەتی: « أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَنَتَ فِي الوِترِ قَبلَ الرُّكوعِ »[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەنوێژی وەتردا قنوتی ئەخوێند پێش ئەوەی بچەمێتەوە و بچێتە ڕکوعەوە ".

دووەم: لە وتە و فەرمایشتیدا بەڵگەیان بە فەرموودەی حەسەنی کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ) هێناوەتەوە کە وتوویەتی: عَلَّمني رسولُ اللهِ ﷺ كلماتٍ

---

(١) رواه أبو داود معلقا في باب القنوت في الوتر حديث رقم (١٤٢٧)، والنسائي برقم (١٧٠٠)، وابن ماجه برقم (١١٨٢).

أقولُهُنَّ في الوِتر -: «اللهُم اهْدِني فيمَنْ هَدَيتَ، وعافِني فيمَنْ عافَيْتَ، وتَوَلني فيمَنْ تَوَلَيتَ، وبارِكْ لي فيما أعطيتَ، وقني شَرَّ ما قَضَيْتَ، فَإِنَّكَ تَقضِي ولا يُقضَى عَليكَ، وإِنَّهُ لا يَذِلُّ مَنْ وَالَيتَ، وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ، تَبارَكْتَ رَبَّنا وتَعَالَيتَ »[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ چەند وشەیەکی فێرکردم کە لە قنوتی نوێژی وەتردا بیخوێنم:" خوایە ڕێنوێنیم بکە لەگەڵ ئەوانەدا کە ڕێنوێنیت کردوون و پارێزراو و لەش ساغم بکە لەگەڵ پارێزراواندا، و پشتم بگرە لەگەڵ پشتگیری لێکراواندا، و فەڕو بەرەکەت بخەرە ئەوەی پێم ئەبەخشیت، و لە وەزەن و خراپەی ئەوەی بڕیارت لەسەرداوە بمپارێزە، بەڕاستی تۆ بڕیار و دادوەری ئەکەیت و کەس نییە بڕیارت بەسەردا بدات، ئەوەی تۆ پشتگیری بکەیت هەرگیز زەلیل و ڕیسوا نابێت، و ئەوەی تۆ دژایەتی بکەیت هەرگیز شکۆمەند و بەدەسەڵات نابێت، ئەی پەروەردگارمان پاکی و بێگەردی و بەرزی و بڵندی هەر بۆتۆیە ".

ڕای دووەم: پێیان وایە کە هیچ شتێک لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر نەبووە سەبارەت بە قنوتی وەتر، نە لە وتە و فەرمایشتیدا، و نە لە کردار و ڕەفتاریدا.

* ئەو فەرمووداەیەی ئوبەی کوڕی کەعب (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابووردا لاوازە، هەریەک لەپێشەوایان ئەحمەد و ئیبنوخوزەیمە و ئیبنومونزیر (بەڕەحمەت بن) بەلاوازیان داناوە.

* وە فەرمووداەکەی حەسەنی کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ) فەرمووداەیەکی صەحیحە، تەنیا بێژەی (قنوت الوتر) نەبێت کە شازە، خاوەنی سوننەتەکان گێڕاویانەتەوە لەڕێگەی: ئەبی ئیسحاق، لەبوراەیدی کوڕی ئەبی مەریەمەوە، لە ئەبی حەورائەوە، ئەویش لە حەسەنەوە.

* هەرچی پێشەوا ئەحمەدە ئەم فەرمووداەیەی گێڕاوەتەوە لە: یەحیای کوڕی سەعیدەوە، لە شوعبەوە، وتویەتی بوراەیدی کوڕی ئەبی مەریەم بۆیگێڕاومەتەوە

---

(١) رواه أحمد برقم (١٧١٨)، وأبو داود برقم (١٤٢٥)، والترمذي برقم (٤٦٤)، والنسائي برقم (١٧٤٦)، وابن ماجه برقم (١١٧٨).

بەبێژەی:« كَانَ يُعَلمنا هذا الدُّعاء اللهُم اهْدِنِي فيمَنْ هَدَيتَ.. »[١]، واتە:" ئەم نزا و پاڕانەوەیەی فێرئەکردین، خوایە ڕێنوێنیم بکە لەگەڵ ئەوانەدا کە ڕێنوێنیت کردوون"، و وتوویانە: ئا ئەمە پارێزراوە، چونکە شوعبە متمانەپێکراوترە لە هەموو ئەوانەی کە لە بورەیدەوە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، بۆیە گێڕانەوەکەی ئەو پێشخراوە بەسەر هی تردا.

پێشەوا ئیبنوخوزەیمە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەم فەرموودەیە شوعبەی کوڕی حەجاج لە بورەیدەی کوڕی ئەبی مەریەمەوە گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە نزاو پاڕانەوە، باسی قنوت و وەتری تیادا نەهاتووە و وتوویەتی: شوعبە توانای لەبەرکردنی لەوانی تر بەهێزترە..، جا ئەگەر هاتوو هەواڵی لەوجۆرە لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ جێگیربوو سەبارەت بەوەی کە فەرمانی بەخوێندنی قنوت کردبێت لە نوێژی وەتردا، یان قنوتی لە نوێژی وەتردا خوێندبێت، ئەوا لەلام شیاو نییە کە سەرپێچی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بکرێت، و من بزانم شتی وا جێگیر نەبووە"[٢].

پێش ئەمیش پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بێ) وتویەتی:" هیچ فەرموودەیەک لەم بارەیەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەڕاست و دروستی نەهاتووە..."[٣].

کە هەر ئەم ڕایەش زاڵە - هەر خواش زانا تره -، بەڵام ئەوەی هەیە کە خوێندنی قنوت لەنوێژی وەتردا لەلایەن هاوەڵانی بەڕێزەوە جێگیر بووە، وە پرسیار لە عەتاء کرا سەبارەت بەخوێندنی قنوت، لەوەڵامدا وتی:" هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەنجامیان ئەدا "، لە عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) جێگیر بووە وەک لای پێشەوایان ئەحمەد، و ئەبی داود، و تیرمزی هاتووە، وتوویەتی: فەرموودەیەکی حەسەنە، هەروەها لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) جێگیر بووە لەلای ئیبنوئەبی شەیبە (بەڕەحمەت بێ).

---

(١) رواه أحمد برقم (١٧٢٧).

(٢) صحيح ابن خزيمة: ١٥٢/٢.

(٣) (التلخيص) لابن حجر: ١٨/٢.

*** ئایا خوێندنی قنوت لە پێش کڕنووش بردنەوە ئەخوێندرێ یان لەدوایەوە؟**

زانایان بەڕەحمەت بن ڕاجیا و ناکۆکن سەبارەت بەمە، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە: هیچ فەرمووەیەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر نەبووە لەم بابەتەدا، و زانایان ئەندازەگیری (قیاسی) ئەمەیان لەسەر قنوتی بەڵا و کارەسات کردووە.

جا بۆیە وتراوە: پێش کڕنووش بردنە.

بەڵگەشیان بەو فەرمووەیە هێناوەتەوە کە: عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبزا (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، وتی: « صَلَّيْتُ خَلْفَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ صَلَاةَ الصُّبْحِ فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ بَعْدَ الْقِرَاءَةِ قَبْلَ الرُّكُوعِ: " اللهُمَّ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ... »[1]، واتە:" لەدوای عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) نوێژی بەیانیم کرد، گوێم لێی بوو لەدوای قورئان خوێندنەوە و پێش چەمینەوە و کڕنووش بردن ئەیووت:" ئەی پەروەردگارمان بەتەنیا هەرتۆ ئەپەرستین...".

وە وتراوە: دوای کڕنووش بردنە.

بەڵگەشیان فەرمودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە و وتوویەتی: « كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ يَقُولُ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ، يَدْعُو لِرِجَالٍ فَيُسَمِّيهِمْ بِأَسْمَائِهِمْ ... »[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا کەسەری لە کڕنووش بردن بەرزئەکردەوە ئەیفەرموو: خوای مەزن سوپاس و ستایشی ئەوکەسەی بیست کە ستایشی کرد و سوپاسی خۆی بۆدەربڕیوە، پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆتۆیە، نزای بۆهەندێ لە پیاوانی موسڵمانان ئەکرد و بۆیان ئەپاڕایەوە...".

---

(١) رواه البيهقي (٢/٢١١)، وصحح أسناده الألباني في (الإرواء: ٢/١٧١).

(٢) رواه البخاري برقم (٨٠٤)، ومسلم برقم (٦٧٥).

هەروەها فەرمووەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە بوخاریدا هاتووە بەهەمان شێوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدوای کڕنووش بردنەوەیە، کە تیایدا هاتووە:" لەدوای کڕنووش بردنەوە خوێندوویەتی "[1].

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە - کە هەر خواش زاناترە - کارکردن لەمەدا بەرفراوانە، دروستە پێش چەمینەوە، و دوای چەمینەوەش لەڕکاتی کۆتایدا بخوێنرێت.

پێشەوا بوخاری (بەڕەحمەت بێ) لە صەحیحەکەیدا بەشێکی تایبەتی داناوە بەسەردێڕی:[باب القنوت قبل الركوع، وبعده]، واتە:[بەشی قنوت خوێندن پێش چەمینەوە، و دوای چەمینەوە]، بەڵام ئەوەی هەیە لەفەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ قنوت خوێندن دوای کڕنوش بردن زیاتر هاتووە، هەروەکو کۆمەڵێ لەزانایان دیاریان کردووە، کە بەمەش ڕای خوێندنی قنوت دوای کڕنووش زاڵ ئەبێت بەسەر ڕای خوێندنی پێش کڕنووش بردن.

پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لەدوای چەمینەوە و کڕنووش بردن خۆشەویست تر لەلام "[2]، کە ئەمەش ئەچێتە ناو بابەتی هەمەجۆری سوننەتەوە، جارێک پێش کڕنووش بردن قنوت بخوێنرێ، و جارێکیش دوای کڕنووش بردن قنوت بخوێنرێ.

شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بەڵام قنوت خوێندن، خەڵکی تیایدا بوونەتە دوو بەش و مامناوەندێک: هەیانە پێی وایە کە نابێت قنوت بخوێنرێت مەگەر لەپێش کڕنووش بردنەوە نەبێت، و هەشیانە پێی وایە دروست نیە مەگەر لەدوای کڕنووش بردنەوە نەبێت، بەڵام زانایانی شەرعناسی فەموودەناسی وەک پێشەوا ئەحمەد و جگە لەویش هەردوو جۆرەکەیان لەلا دروستە، ئەویش لەبەر هاتنی فەرموودەی ڕاست و دروست لەبارەیانەوە، ئەگەرچی خۆیان لەدوای کڕنووش بردنیان هەڵبژاردووە، چونکە ئەمەیان ڕیوایەتەکانی زۆرترن و جوانتریش قیاس

---

(١) رواه البخاري برقم (٩٥٦).

(٢) مسائل أحمد: ١/١٠٠.

ئەکرێت لەسەر (سمع الله لمن حمده) و گونجاوترە، لەبەرئەوەی بیستنی نزاو پاڕانەوە زۆر گونجاوە لەگەڵ وتەی بەندە کاتێ ئەڵێ: (سمع الله لمن حمده)، جا لەوێدا دەست ئەکات بەسوپاس و ستایشکردنی خوای گەورە پێش نزاو پاڕانەوە، هەروەک چۆن سورەتی فاتیحة ئەو مەبەستە ئەگەیەنێ و بەڵگەیە لەسەری کە سەرەتاکەی سوپاس و ستایشکردنە، و کۆتاییکەشی نزا و پاڕانەوەیە "[1].

*** باسێک: ئایا لەکاتی خوێندنی قنوتی وەتردا دەستەکان بەرز ئەکرێتەوە؟**

ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە: بەندە دەستەکانی بەرز ئەکاتەوە، جەماوەری زانایانیش (بەڕەحمەت بن) هەمان ڕایان هەیە، ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لەعومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) جێگیر بووە، وەک لای پێشەوا بەیهەقی (بەڕەحمەت بێ) هاتووە و بە صەحیحی داناوە[2]، و وتوویەتی:" کۆمەڵێک لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) لەقنوتدا دەستیان بەرزکردۆتەوە "[3].

*** باسێک: ئایا لە نوێژی وەتردا قنوتەکەی بەچی دەست پێئەکات؟**

وتراوە: بەو پاڕانەوەیە دەست پێئەکات کە پەیامبەر ﷺ حەسەنی فێرکرد: « اللهُم اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيتَ ».

بەڵگەشیان: بەو فەرموودەیەی حەسەن (خوا لێی ڕازی بێ) هێناوەتەوە کە لەپێشەوە هێنامان و وەک لە پێشەوە ڕابورد فەرموودەکە ڕاست و دروستە بەبێ باسکردنی بڕگەی (لە قنوتی وەتردا)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم بڕگە و بێژەیەش ڕاست بێت، ئەوا لە فەرموودەکەدا باسی چاکێتی دەستپێکردنی قنوتی وەتری تیادا نییە بە پاڕانەوەکەی حەسەن (خوا لێی ڕازی بێ).

---

(١) مجموع الفتاوى: ٢٣/١٠٠.

(٢) رواه البيهقي: ٢/٢١١.

(٣) السنن الكبرى: ٢/٢١١.

پای پەسەند لەمەدا - کە هەر خواش زاناترە- ئەوەیە کە بە سوپاس و ستایشکردنی خوای بەرز و بڵند دەست پێبکات، پاشان سڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ و ئینجا بپارێتەوە، چونکە ئەم شوێنە نزیکترین شوێنە بۆ وەڵامدانەوەی نزا و پارانەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمووەی فەزاڵەی کوڕی عوبەیدە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «سَمِعَ النَّبِيُّ ﷺ رَجُلاً يَدْعُو فِي صَلاَتِهِ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: عَجِلَ هَذَا، ثُمَّ دَعَاهُ فَقَالَ لَهُ أَوْ لِغَيْرِهِ: إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِتَحْمِيدِ اللهِ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ، ثُمَّ لْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، ثُمَّ لْيَدْعُ بَعْدُ بِمَا شَاءَ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لە پیاوێک بوو لەکۆتایی نوێژەکەیدا ئەپارایەوە بەڵام سڵاواتی نەدا لەسەر پێغەمبەر ﷺ، پەیامبەر ﷺ فەرمووی: ئەمە پەلەی کرد، پاشان بانگی کرد و پێی فەرموو یاخود بەکەسێکی تری فەرموو: ئەگەر یەکێک لەئێوە نوێژێکرد و لێ بۆیەوە با بە سوپاسکردنی خوای گەورە و ستایشکردنی دەست پێبکات، پاشان سڵاوات بدات لەسەر پەیامبەر ﷺ، ئینجا دوای ئەوە نزا بکات و بەئارەزووی خۆی بپارێتەوە و داوای خێر و چاکەی دنیا و قیامەت بکات ".

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لە نزا و پارانەوەدا کارێکی باشە (موستەحەبە) کە ئەوکەسەی ئەپارێتەوە بە سوپاسکردنی خوا دەست پێبکات، و ستایشی بکات پێش داواکردنی پێویستیەکەی، ئینجا داوای پێویستیەکەی بکات وەک لەفەرموودەکەی فوزاڵەی کوڕی عوبەیدا هاتووە "[2].

---

(١) رواه الترمذي برقم (٣٤٧٧)، وقال: هذا حديث حسنٌ صحيح.

(٢) الوابل الصيب: ص١١٠.

*** باسێک: ئایا دوای خوێندنی نزای قنوت دەست ئەهێنرێ بەدەموچاودا و ئەسرپدرێتەوە؟**

ڕای ڕاست و دروست: ئەوەیە کە سوننەت نیە دوای خوێندنی نزای قنوت دەست بهێنرێ بەدەموچاودا و بسرێتەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە عومەر(خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوویەتیەوە: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا رَفَعَ يَدَيْهِ فِي الدُّعَاءِ، لَمْ يَحُطَّهُمَا حَتَّى يَمْسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ »[1]، واتە:" کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەستە پیرۆزەکانی بۆ دوعاکردن بەرز ئەکردەوە، داینەئەنان هەتا دەموچاوی پێنەسرپنایەتەوە"، ئەمە فەرموودەیەکی لاوازە، چونکە ڕێڕەوی فەرموودەکە لەدەوری (حەمادی کوڕی عیسای جوهەنی) ئەسوڕێتەوە، کە لاوازە و فەرموودەی بە بەڵگە ناهێنرێتەوە، وە ئەم فەرموودەیە کۆمەڵێک لە زانایانی فەرموودەناس(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بەلاوازیان داناوە وەک، حافزی عێراقی و نەوایی و ئیبنولجەوزی، وە یەحیای کوڕی مەعین و ئەبوزورعە وتوویانە:" فەرموودەیەکی مونکەرە "، ئەبوزورعە ئەمەشی بۆ زیادکردووە:" ئەترسم ئەم فەرموودەیە هیچ بنەڕەتێکی نەبێت ".

هەروەها ئەم فەرموودەیە گەواهێکی هەیە لە فەرموودەی یەزیدی کوڕی سائیب کە ئەبوداود و ئەحمەد گێڕاویانەتەوە، بەڵام لاوازە، چونکە ڕێڕەوی فەرموودەکە لەدەوری(عەلی کوڕی لوهەیعە) ئەسوڕێتەوە، کە لاوازە.

جا بۆیە سوننەت وایە واز لە سرپینەوەی دەموچاو بهێنرێ لە دوای لێبوونەوە لە پاڕانەوە، چونکە نە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ و نە لە هاوەڵانیشەوە(خوا لێیان ڕازی بێ) هیچ بەڵگەیەکی لەسەر جێگیر نەبووە، هەروەها، نە لە قنوتی نوێژی وەتر، و نە لە هیچ شتێکی تردا، نە لەناو نوێژ و نە لە دەرەوەی نوێژیشدا.

---

(١) رواه الترمذي برقم (٣٣٨٦).

پرسیار لەپێشەوا مالیک کرا (بەڕەحمەت بێ) سەبارەت بە پیاوێک لەدوای لێبوونەوە لە پاڕانەوە بە لەپەکانی دەستی دەموچاوی ئەسڕێتەوە، ئەویش نکوڵی لەو کارە کرد، و وتی:" شتی وا نازانم و ئاگادارنیم "[١].

پێشەوا میروەزی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سەبارەت بەڕای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەوا ئەبوداود بۆی گێڕامەوە و وتی: گوێم لە ئەحمەد بوو، پرسیاری پیاوێکی لێکرا کە کاتێ لە نوێژی وەتر ئەبێتەوە بەدەستەکانی دەموچاوی ئەسڕێتەوە، ئەویش لەوەڵامدا وتی: هیچ شتێکم لەو بارەیەوە نەبیستووە، و بینیم ئەحمەد شتی وای نە ئەکرد ".

هەروەها پێشەوا بەیهەقی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سەبارەت بە سڕینەوەی دەموچاو بەدەستەکان لەدوای لێبوونەوە لە پاڕانەوە لە نزای قنوت ئەوا من لە هیچ یەکێکی پێشینەوە شتی وام نەبیستووە، ئەگەر چی لە هەندێ کەسەوە گێڕاوەتەوە لە دەرەوەی ئەوە و لەم بارەیەوە فەرمودەیەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە کە لاوازی تیادایە، کە لەلایەن هەندێ کەسیانەوە لەدەرەوەی نوێژ ئەنجامیانداوە، بەڵام لەناو نوێژدا ئەوا کردەوەی لەوجۆرە نە بەهیچ فەرمودەیەکی ڕاست و دروست جێگیر بووە، و نەبە فەرمودەیەکی چەسپاو و نە بەهاوشێوەشی، بۆیە باشتر وایە ئەو کارە نەکرێت، بەڵکو تەنیا ئەوە بکرێت کە پێشین ئەنجامیان داوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە تەنیا دەستیان بەرزکردۆتەوە بێ ئەوەی بیهێنن بەدەموچاویاندا لە نوێژدا "[٢].

شێخولئیسلام (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بەڵام سەبارەت بە دەست هێنان بەدەموچاو و سڕینەوەی بە لەپی دەست، ئەوا هیچی لەسەر نییە فەرموودەیەک، یان دوو فەرموودە نەبێت کە ئەوانیش بەڵگەیان پێ ناهێنرێتەوە (لەبەر لاوازیان) "[٣].

---

(١) انظر كتاب: (الوتر) للمروزي، ص٢٣٦.

(٢) السنن: ٢١٢/٢.

(٣) الفتاوى: ٥١٩/٢٢.

١٠/ نزا و پاڕانەوە لە سێ یەکی کۆتایی شەودا:

نزا و پاڕانەوە لە سێ یەکی کۆتایی شەودا لەو سوننەتانەیە کەوا جەختی لەسەر کراوە، جا ئەگەر لە قنوتی کۆتایی شەودا پاڕایەوە ئەوا بەسیەتی و ئەگەر لە قنوتەکەیدا نەپاڕابێوە ئەوا سوننەتە لەم کاتەدا لەخوا بپاڕێتەوە، چونکە ئەوە کاتێکە وەڵامدانەوەی نزا و پاڕانەوەی تیایدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەو کات و ساتە هاتنە خوارەوەی خوای شکۆمەند و بەرز و بڵندی تیایە بۆ ئاسمانی دونیا هاتنە خوارەوەیەک شایستەی شکۆمەندی ئەو بێت، لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: « يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ فَيَقُولُ: مَنْ يَدْعُونِي، فَأَسْتَجِيبَ لَهُ ومَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، ومَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ »[1]، واتە:" هەموو شەوێک خوای پەروەردگاری پیرۆز و بەرز و بڵند کاتێ سێ یەکی کۆتایی شەو ئەمێنێت دانەبەزێتە ئاسمانی دونیا و ئەفەرموێ: کێ لێم ئەپاڕێتەوە و بانگم ئەکات تا وەڵامی بدەمەوە، و کێ داوام لێ ئەکات تا پێی ببەخشم، و کێ داوای لێخۆشبوونم لێ ئەکات تا لێی خۆشبم ".

١١/ سوننەتە کاتێ سڵاوی دایەوە لە نوێژی وەترەکەی سێ جار بڵێ: «سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ»، و دەنگی بەرز بکاتەوە لە سێهەم جاردا:

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئوبەی کوڕی کەعبە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: يُقْرَأُ فِي الْوِتْرِ بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، وَقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، وَقُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ فَإِذَا سَلَّمَ قَالَ: «سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ» ثَلَاثَ مَرَّاتٍ »[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەنوێژی وەتردا سورەتی ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١ ﴾ و ﴿ قُلْ

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٤٥)، ومسلم برقم (٧٥٨).

(٢) رواه النسائي برقم (١٧٠٢)، وصححه النووي والألباني كما تقدم قريبا.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ و ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾﴾ی ئەخوێند و کاتێ سڵاوی ئەدایەوە سێ جار ئەیفەرموو:" پاکی و بێگەردی بۆ خودای پاشای پاک و پیرۆز ".

هەروەها لە فەرموودەی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبزادا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە: « وَيَرْفَعُ بِسُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ صَوْتَهُ بِالثَّالِثَةِ »[1]، واتە:" وە لەسێ یەم جاردا دەنگی بە «سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ» بەرز و درێژ ئەکردەوە ".

١٢/ سوننەتە خێزان و کەسوکاری هەڵسێنێ بۆ شەونوێژ:

بۆ پیاو سوننەتە کە خێزانەکەی هەڵسێنێ بۆ شەونوێژ، بەهەمان شێوە ژنیش ئەگەر شەو هەستا بۆ شەونوێژ ئەوا سوننەتە کەوا مێردەکەی هەڵسێنی، لەگەڵ تێکڕای ئەندامانی خێزانەکەی، کە ئەمەش لەجۆری هاوکاری کردنی یەکترییە لەسەر خێر و چاکە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی دایکمان عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي صَلَاتَهُ مِنَ اللَّيْلِ كُلَّهَا وَأَنَا مُعْتَرِضَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يُوتِرَ أَيْقَظَنِي فَأَوْتَرْتُ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو شەونوێژەکەی ئەکرد لەکاتێکدا من لەنێوان ئەو و ڕوگەدا ڕاکشا بووم، جا کاتێ بیویستایە نوێژی وەتر بکات هەڵی ئەسانم و منیش وەترەکەم ئەکرد".

هەروەها لە ئومو سەلەمەی دایکمانەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕراوەتەوە کە وتوویەتی: اسْتَيْقَظَ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ: «سُبْحَانَ اللهِ، مَاذَا أُنْزِلَ مِنَ الخَزَائِنِ، وَمَاذَا أُنْزِلَ مِنَ الفِتَنِ، مَنْ يُوقِظُ صَوَاحِبَ الحُجَرِ - يُرِيدُ بِهِ أَزْوَاجَهُ حَتَّى يُصَلِّينَ - رُبَّ كَاسِيَةٍ فِي الدُّنْيَا عَارِيَةٌ فِي الآخِرَةِ»[3]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان لەخەو هەڵسا فەرمووی:" پاکی

---

(١) رواه أحمد برقم (١٥٣٥٤)، والنسائي برقم (١٧٣٤)، وصححه الألباني في تحقيق (مشكاة المصابيح: ٣٩٨/١).

(٢) رواه البخاري برقم (٥١٢)، ومسلم برقم (٥١٢) واللفظ له.

(٣) رواه البخاري برقم (٦٢١٨).

و بێگەردی بۆ خوا، ئەمشەو لە گەنجینەکانی خواوە چی باریوە، و چ فیتنە و ئازاوەیەک دابەزیوە، کێ بێ ژنە ژوور نشینەکان بەئاگا بێنێتەوە - مەبەستی خێزانەکانی بوو هەتا هەستن نوێژ بکەن - ئای چەند ئافرەتی پۆشتە هەیە لە دنیادا کە لەڕۆژی دوایدا ڕووت و قووتن ".

لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئەم کارە زیاتر ئەبوو، لەلای پێشەوا موسلیم (بەڕەحمەت بێ) هاتووە کە لە دایکمان عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە کە وتوویەتی: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ، «إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ، أَحْيَا اللَّيْلَ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ، وَجَدَّ وَشَدَّ الْمِئْزَرَ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ پێی بنایەتە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانەوە، شەوەکەی بەخواپەرستی زیندوو ئەکردەوە، و کەس و کارەکەی هەڵئەسان، و زیاتر کۆششی ئەکرد و خۆی ماندو ئەکرد و پشتوێنی لێ تووند ئەکردەوە (نەئەچوە لای خێزانەکانی) ".

١٣/ سوننەت وایە ئەو کەسەی شەو هەڵ ئەسێ، بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە و میهرەبان بێ لەگەڵ خودی خۆیدا، بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر کزۆڵەیی و ملکەچیەکەی:

ئەگەر هەرکەسێ تووشی سستی و لەش قورسی بوو ئەوا با دابنیشێ، ئەویش لەبەر ئەو فەرمووەیەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە و وتوویەتی: دَخَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ الْمَسْجِدَ، وَحَبْلٌ مَمْدُودٌ بَيْنَ سَارِيَتَيْنِ، فَقَالَ: «مَا هَذَا؟» قَالُوا: لِزَيْنَبَ تُصَلِّي، فَإِذَا كَسِلَتْ، أَوْ فَتَرَتْ أَمْسَكَتْ بِهِ، فَقَالَ: «حُلُّوهُ، لِيُصَلِّ أَحَدُكُمْ نَشَاطَهُ، فَإِذَا كَسَلَ، أَوْ فَتَرَ فَلْيَقْعُدْ »[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ چووە مزگەوتەوە، بینی گوریسێک لەنێوان دوو کۆڵەکەدا بەستراوە، فەرمووی:" ئەمە چیە؟ " وتیان: هی زەینەبە نوێژ ئەکات، کاتێ سست و ماندو ئەبێت، یان لەشی قورس و بێ هێز ئەبێت دەستی

---

(١) رواه مسلم برقم (١١٧٤).

(٢) رواه البخاري برقم (١١٥٠)، ومسلم برقم (٧٨٤).

پێوە ئەگرێت، فەرمووی:" بیکەنەوە و لایبەن، با هەریەکێکتان چەندێ گوڕ و توانای هەبوو نوێژ بکات، جا ئەگەر سست بوو نەیتوانی، یان لەشی قورس بوو ئەوا با دابنیشێت ".

کاتێ وەنەوزی ئەدا و خەو ئەیبردەوە با بنوێت، بۆئەوەی بەچاپوکی و گورج و گۆڵیەوە هەڵسێت و دوای ئەوە نوێژ بکات، ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەیەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ فَلْيَرْقُدْ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْهُ النَّوْمُ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى وَهُوَ نَاعِسٌ لَعَلَّهُ يَذْهَبُ يَسْتَغْفِرُ، فَيَسُبُّ نَفْسَهُ»[1]، واتە:" ئەگەر هەر یەکێکتان لە نوێژدا وەنەوزی ئەدا و خەو ئەیبردەوە باڕاکشێت، هەتا خەوەکەی ئەڕەوێت و خەو بەری ئەدا، چونکە هەر یەکێکتان ئەگەر بەخەوالّویی نوێژ بکات لەوانەیە لەجیاتی ئەوەی داوای لێخۆشبوون بکات، قسە بەخۆی بڵێت ".

هەروەها ئەگەر خەوەنوچکە بردیەوە لەکاتێکدا لەشەودا قورئانی ئەخوێند، ئەوا سوننەت وایە کە بخەوێت، بۆئەوەی بەهێز بێت، ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ، فَاسْتَعْجَمَ الْقُرْآنُ عَلَى لِسَانِهِ، فَلَمْ يَدْرِ مَا يَقُولُ، فَلْيَضْطَجِعْ»[2]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان هەستا بۆ شەونوێژ، قورئانەکەی بەڕەوانی بۆ نەئەخوێندرا و زمانی تەتەڵەی ئەکرد، و نەیئەزانی چی ئەڵێت، ئەوا باڕاکشێت هەتا خەوەکەی بەری ئەدات ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٢١٢)، ومسلم برقم (٧٨٦).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٨٧).

١٤/ سوننەت وایە هەر کەسێ شەونوێژەکەی لە کیس چوو لە ڕۆژدا بەجووت شەونوێژەکەی بکاتەوە:

ئەگەر هاتوو داب و نەریتی وابو کە نوێژی وەتری بەسێ ڕکات ئەکرد بەڵام بەسەر وەترەکەیدا خەوی لێکەوت و نەیکرد، یان نەخۆش کەوت و نەیتوانی بیکات، ئەوا لەڕۆژدا دێت چوار ڕکات ئەکات، ئیتر ئا بەوجۆرە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ئەکرد، و نەریتی وابوو یانزە ڕکات وەتری ئەکرد، عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) سەبارەت بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «وَكَانَ إِذَا غَلَبَهُ نَوْمٌ، أَوْ وَجَعٌ عَنْ قِيَامِ اللَّيْلِ صَلَّى مِنَ النَّهَارِ ثِنْتَيْ عَشْرةَ رَكْعَةً»[1]، واتە:" وە هەرکاتێ خەو بەسەریدا زاڵ بوایە، یان ئازار زۆری بۆ بهێنایە کە نەتوانێت شەونوێژ بکات ئەوا لەڕۆژدا دوانزە ڕکاتی ئەکرد ".

(١) رواه مسلم برقم (٧٤٦).

دووەم: کاتی بەرەبەیان

کەچەند کردەوەیەکی تیا ئەکرێ کە هەمووی لە ڕێنوێنی پێغەمبەرە ﷺ

* بانگدان *

کە چەند سوننەتێک لەخۆئەگرێ لەوانە:

١/ شوێنکەوتنی بانگبێژ:

سوننەتە هەر کەسێ گوێی لە بانگ بوو بانگبێژ چی ئەڵێ ئەویش ئەوە بڵێتەوە، لە دوو حەیعەلەکاندا نەبێت (واتە: حي على الصلاة وحي على الفلاح)، کە لەوێدا ئەڵێیت: (لاحول ولا قوة إلا بالله)، ئەویش لەبەر فەرمووەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (خوا لێیان ڕازی بێ) کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ئەیفەرموو: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ، فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ...»[1]، واتە:" ئەگەر گوێتان لە بانگبێژ بوو، ئەو چی ئەفەرموو ئێوەش ئەوە بڵێنەوە ...".

وە فەرمووەکەی عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) کە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، فَقَالَ أَحَدُكُمْ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، قَالَ: اللهُ

---

(١) رواه مسلم برقم (٣٨٤).

أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ »[1]، واتە:" کاتێ بانگبێژ وتی (اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ)، هەر یەکێکتان بڵێ: (اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ)، ئینجا وتی: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) ئەویش بڵێ: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ)، ئینجا وتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)، ئەویش بڵێ: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)، پاشان وتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) ئەویش بڵێ: (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ)، پاشان وتی: (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) ئەویش بڵێ: (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ)، ئینجا وتی: (اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ) ئەویش بڵێ: (اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ)، ئینجا وتی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) ئەویش بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) ئەمانە لەدڵیەوە بڵێ ئەچێتە بەهەشتەوە ".

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:"... کە ئەمەش لە پێویستی حیکمەت و دانایی کەوا ئەخوازێ کە بارودۆخی بانگبێژ و بیسەر وەک یەک بێت، چونکە وشەکانی بانگ هەمووی زیکرە بۆیە سوننەتە بۆ گوێگر کە بیڵێتەوە، وە وشەی حەیعەلەش (حَيَّ عَلَى) بانگ کردنە بۆ نوێژ بۆکەسێ کە ببیستێت، بۆیە سوننەتە بۆ بیسەر کە داوای کۆمەک بکات بۆ بەپیرەوە چوونی ئەم بانگەوازە بە وشەی داوای یارمەتی کردن و پشت پێبەستن، کە بریتییە لە: (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ العَظِيمِ)، واتە:" هیچ هەوڵ و توانایەک نییە شەڕ و خراپە لابدات و دوری بخاتەوە، و هیچ هێزێکیش نییە کەوا خێر و چاکە بهێنێ مەگەر بەویست و یارمەتی و کۆمەکی خوای بەرز و بڵند نەبێت "[2].

لەکاتی (تثویب) کردندا واتە: وتنی (الصَّلاةُ خيرٌ مِنَ النَّوم) بۆ نوێژی بەیانی، ئەوا ئەو کەسەی کە دوای بانگ ئەکەوێت و ئەیڵێتەوە بانگبێژ چی وت ئەویش ئەوە ئەڵێتەوە، واتە ئەڵێت (الصَّلاةُ خيرٌ مِنَ النَّوم).

---

(١) رواه مسلم برقم (٣٨٥).

(٢) زاد المعاد: ٢/٣٩١.

شێخ موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم ئال شێخ (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ...»، واتە:" ئەو (بانگبێژ) چی ئەفەرموو ئێوەش ئەوە بڵێنەوە"، ئەمە بۆخۆی بەڵگەیە کە بڵێیت (الصَّلاةُ خيرٌ مِنَ النَّوم)[1].

حافزی ئیبنوحەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتی: لە ئیبنو جورەیجەوە گێڕاوەتەوە وتوویەتی:" بۆم گێڕاوەتەوە کە خەڵکانێک هەبوون بۆ بانگبێژ (کاتێ بانگی ئەدا) بێ دەنگ ئەبوون وەک چۆن لەکاتی قورئان خوێندندا بێ دەنگ ئەبوون "[2] [3].

٢/ وتنی ویردی دوای شایەتمانی بانگبێژ:

سوننەتە دوای ئەوەی بانگبێژ (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)ی دووەم ئەڵێت، ئەو ویردە بڵێت کە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس (خوا لێی ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: «مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ»[4]، واتە:" هەرکەسێ کە گوێی لە بانگ ئەبێ بڵێت: شایەتی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لەخوا تاک و تەنیایە و هیچ هاوبەشێکی نییە و موحەممەد بەندەو ڕەوانەکراوی ئەوە، ڕازیم بەوەی خوا پەروەردگارم بێت و موحەممەدیش پێغەمبەر و پێشەوام بێت، و ئیسلام ئاین و بەرنامەم بێت، ئەوا خوا لەگوناهەکانی خۆش ئەبێت ".

---

(١) فتاوى الشيخ محمد بن إبراهيم: ١٣٥/٢.

(٢) الفتح: حديث (٦١١)، باب ما يقول إذا سمع المنادي.

(٣) واتە: قسەیان نە ئەکرد و وەڵامی بانگەکەیان نەدایەوە ، (مامۆستا صلاح الدين).

(٤) رواه مسلم برقم (٣٨٦).

٣/ سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای بانگ:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی عەبدوڵای کوڕی عەمر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمـوویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ، فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ، لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِي الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ»[1]، واتە:" ئەگەر کاتێ گوێتان لەبانگبێژ بوو، ئەو چی ئەڵێت ئێوەش بیڵێنەوە ئینجا سڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە هەرکەس سڵاواتێکم لەسەر بدات خوای گەورە دەجار سڵاواتی لەسەر ئەدات، ئینجا لەخوای پەروەردگار داوای پلەی بەرزی وەسیلەم بۆ بکەن، کە پلەوپایە و شوێنێکە لە بەهەشتدا، بۆکەس نابێ و ناگونجێ جگە لەبەندەیەک لە بەندەکانی خوا، هیوادارم ئەو کەسەش من بم، جا هەرکەس لەخوا داوای وەسیلەم بۆ بکات بەر شەفاعەتی من ﷺ ئەکەوێت و بۆی مسۆگەر ئەبێت ".

باشترین جۆری سڵاواتدانیش: سڵاواتی ئیبراهیمیە: « اللهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ... ».

٤/ وتنی ئەو نزا و پاڕانەوەیەی کە لەدوای بانگدانەوە هاتووە:

ئەویش لەبەر فەرمـوودەکەی جـابر(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتـوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلَاةِ القَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ القِيَامَةِ»[2]، واتە:" هەرکەس کە گوێی لە بانگ بوو بڵێ: خوایە، ئەی پەروەردگاری ئەم بانگەوازە تێر و تەواوە، و نوێژە دابەستراو و دامەزراوە، ببەخشە بە موحەممەد ﷺ پلەو پایەی بەرزی وەسیلە (کە شوێنێکی بەرزی بەهەشتە) و

---

(١) رواه مسلم برقم (٣٨٤).

(٢) رواه البخاري برقم (٦١٤).

فەزیلّە (كە پلەیەكی بلّند و زیادەتره بەسەر تێكڕای بەدیهێنراوەكانیدا و هیچ كەسێك لەگەلّیدا بەشدار نابێت)، و لەسەر ئەو شوێنە سوپاسكراوەی كە پەیمانت پێداوە زیندووی بكەرەوە (كە بریتیە لە پلەی تكاكردنی گەورە و مەزن لەڕۆژی دوایدا)، ئەوا بەر تكاكردنی من ئەكەوێت و بۆی مسۆگەر ئەبێت لەڕۆژی دوایدا ".

مامۆستای پایەبەرزمان ئیبنوعوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: (الـدَّعْوَةِ التَّامَّةِ): بریتییە لە بانگ، چونكە بانگكردنە و بە تێر و تەواو وەسف كراوە، چونكە پێكهاتووە لە بە مەزن دانانی خوای پەروەردگار و یەكخواپەرستی، و گەواهیدان بە پەیام و بەرنامەی ئیسلام، و بانگەوازكردن بۆ خێر و چاكە ...، (المقام المحمود)یش هەموو شوێن و وێستگەكانی ڕۆژی دوایی ئەگرێتەوە، لە هەموویان تایبەت تر بریتییە لە تكاكردنی گەورە و مەزن (الشفاعة العظمى) "[1].

٥/ پاڕانەوەی دوای بانگ:

ئەویش لەبەر فەرموودەكەی عەبدوڵای كوڕی عەمر (خوا لێیان ڕازی بێ) كە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: أنَّ رجلاً قال: یا رسولَ الله، إن المُؤذنینَ یَفضُلوننا، فقال رسولُ الله ﷺ: «قُل كما یقولون، فإذا انتَهیتَ فسَلْ تُعطَه »[2]، واتە: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بانگبێژەكان بەهۆی بانگدانەوە پێشمان كەوتوون لە پاداشتدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بانگبێژەكان چی ئەڵێن تۆش بیڵێرەوە، جا كە تەواو بووی لەخوا داوا بكە پێت ئەبەخشرێت و پاڕانەوەكەت گیرا ئەبێت ".

---

(١) الشرح الممتع: ٢/٨٧-٨٨.

(٢) رواه أبو داود برقم (٥٢٤)، وحسنه ابن حجر في (نتائج الأفكار: ١/٣٦٧)، والألباني في (صحيح الكلم الطيب، ص٧٣).

هەروەهـا ئەو فەرمـوودەیەی ئەنەس (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گێـڕاویەتیەوە، کە پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـوویەتی: «الـدُّعَاءُ بَـيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَـةِ لَا يُـرَدُّ»[1]، واتە:" پاڕانەوەی نێوان بانگ و قامەت ڕەت ناکرێتەوە".

* کەڵکێک: ڕێگری کراوە لەوەی کە دوای بانگ لە مزگەوت بچێتە دەرەوە:

بەڵـگەش لەسـەر ئەمە: ئەو فەرمـوودەیەیە کە پێشـەوا موسـلیم (بەڕەحمەت بـێ) گێـڕاویەتیەوە لە فەرمـوودەی ئەبـی شەعسـائەوە (خوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی: كُنَّا قُعُودًا فِي الْمَسْجِدِ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، فَأَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْمَسْجِدِ يَمْشِي- فَأَتْبَعَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ ﷺ بَصَرَهُ حَتَّى خَرَجَ مِنَ الْمَسْجِدِ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ ﷺ: «أَمَّا هَذَا، فَقَدْ عَصَى أَبَـا الْقَاسِـمِ صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ»[2]، واتە:" ئـێمە ڕۆژێ لە مـزگەوت لەگەڵ ئەبـی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) دانیشتبووین، بـانگبێژ بانگیـدا ، پیاوێـک لە مـزگەوتەکە هەستا و لێیـدا ڕۆیشـت، ئەبـو هوڕەیڕە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) چـاوی تێبـڕی هەتـا لە مـزگەوت چـووە دەرەوە، جـا ئەبـو هـوڕەیڕە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) وتـی:" ئـا ئەوە سەرپێچی فەرمانی باوکی قاسمی کرد (کە پێغەمبەری خوایە ﷺ)".

سوننەتی بەیانی: کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت:

نوێژی سوننەتی بەیانی بریتیە لە یەکەم سوننەتی جەخت لێکراو (سوننەتی ڕاتیبە)، کە بەندە لەڕۆژدا ئەنجامی ئەدا، کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت، جـا پێش ئەوەی باسی ئەمە بکەین پێویستە باسی هەندێ لەو کارانە بکەیـن کە تـایبەتە بە سوننەتە دامەزراو و جەخت لێکراوەکانەوە، بێگومان سوننەتی جەخت لێکراویش: بریتییە لەو سوننەتانەی کە بە هەمیشەیی ئەکرێت و سەربە نوێژە فەرزەکانە.

---

(١) رواه النسائي برقم (٩٨٩٥)، وصححه ابن خزيمة (١/٢٢١/٤٢٥).

(٢) رواه مسلم برقم (٦٥٥).

زانایان ڕایان جیاوازە سەبارەت بە ژمارەی سوننەتە جەخت لێکراوەکان:

ڕای یەکەم: ئەڵێن ژمارەکانی دە ڕکاتە، دوو ڕکات پـێش نـوێژی بەیـانی، وە دوو ڕکات پێش نیوەڕۆ، و دوو ڕکاتیش لەدوایەوە، وە دوو ڕکات دوای نوێژی ئێوارە، و دوو ڕکاتیش لەدوای نوێژی خەوتنانەوە، کە هەمووی ئەکاتە دە ڕکات، کە زانایـان لەسەری ڕێکەوتوون، وەک ئیبن هوبەیرە (بەڕەحمەت بێ) ئەمەی گێڕاوەتەوە[1].

بەڵگەشیان: بە فەرموودەکەی ئیبنوعومەر(خوا لێیان ڕازی بـێ) هێنـاوەتەوە کە وتوویەتی: «حَفِظْتُ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ عَشْرَ رَكَعَاتٍ رَكْعَتَيْنِ قَبْـلَ الظُّهْـرِ، وَرَكْعَتَـيْنِ بَعْـدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعِشَاءِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الصُّـبْحِ، وَكَانَـتْ سَاعَةً لاَ يُدْخَلُ عَـلَى النَّبِـيِّ ﷺ فِيهَـا»[2]، واتە:" لە پێغەمبەری خـواوە ﷺ دە ڕکـاتم وەرگرتووە و فێربووم، دوو ڕکات لە پێش نـوێژی نیـوەڕۆوە، و دوو ڕکـات لەدوایەوە، و دوو ڕکات لەپاش نوێژی ئێوارەوە کە لەماڵەوە ئەیکرد و دوو ڕکـات لەدوای نـوێژی خەوتنانەوە کە لەماڵەوە ئەیکرد و دوو ڕکـاتیش لەپـێش نـوێژی بەیـانیەوە، کە ئەوە کاتێک بوو نەئەچووە لای پێغەمبەر ﷺ تیایدا ".

ڕای دووەم: لایـان وایە کە ژمـارەکەی دوانـزە ڕکـاتە و پـێش نـوێژی نیـوەڕۆ چـوار ڕکـاتە نەک دوو ڕکـات، کە هەر ئەم ڕایەشـیان زاڵ و بەرچـاوە - هەر خـواش زاناترە بەوە -.

ئەوەش کە بەڵگەبێ لەسەر ئەمە:

١- فەرموودەی عائیشەی دایکمـانە (خوا لێـی ڕازی بـێ) لەلای بوخـاری: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ لاَ يَدَعُ أَرْبَعًا قَبْلَ الظُّهْرِ»[3]، واتە:" پێغەمـبەری خـوا ﷺ هەرگیـز وازی لەچوار ڕکاتی پێش نـوێژی نیـوەڕۆ نەئەهێنـا و ئەیکـردن "، هەروەهـا لەلای پێشـەوا

---

(١) انظر: الإفصاح (١/١٥١).

(٢) رواه البخاري برقم (١١٨٠)، ومسلم برقم (٧٢٩).

(٣) رواه البخاري برقم (١١٨٢).

موسلیمیش هاتووە کە وتوویەتی: «كَانَ يُصَلِّي فِي بَيْتِي قَبْلَ الظُّهْرِ أَرْبَعًا»(١)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵی منداا لەپێش نوێژی نیوەڕۆوە چوار ڕکاتی ئەکرد".

ب- فەرموودەی ئومو حەبیبەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ، يَقُولُ: «مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ»(٢)، واتە: گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو:" هەرکەسێ لە شەو و ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژی سوننەت بکات، ئەوا خوای گەورە بەهۆیانەوە ماڵێکی لەبەهەشتدا بۆ دروست ئەکات ".

هەروەها پێشەوا تیرمزیش (بەڕەحمەت بێ) تەخریجی ئەم فەرموودەیەی کردووە و ئەمەشی بۆ زیادکردووە: « أَرْبَعًا قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العِشَاءِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الْفَجْرِ »(٣)، واتە:" چوار ڕکات پێش نیوەڕۆ، و دوو ڕکات لەدوایەوە، و دوو ڕکات لەدوای نێوارە، و دوو ڕکات لەدوای خەوتنانەوە، وە دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی ".

زانایان ناکۆکن سەبارەت بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی نێوان ئەم دوو فەرموودەیە:

فەرموودەکەی ئیبنوعومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) کە بوخاری و موسلیم هێناویانە، کە تیایدا هاتووە:" پێغەمبەری خوا ﷺ پێش نوێژی نیوەڕۆ دوو ڕکاتی کردووە "(٤)، لەگەڵ فەرموودەکەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لای بوخاریە و تیایدا هاتووە کە:" پێغەمبەری خوا ﷺ پێش نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتی کردووە "(٥).

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٣٠).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٢٨).

(٣) رواه الترمذي برقم (٤١٥)، وقال حسن صحيح.

(٤) رواه البخاري برقم (١١٨٠)، ومسلم برقم (٧٢٩).

(٥) رواه البخاري برقم (١١٨٢).

جا وتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وابووە پێش نیوەڕۆ چوار ڕکاتی کردووە، جاری واشبووە دوو ڕکاتی کردووە.

وتوویانە: لەکاتی پێچەوانە بوونی دوو فەرمـوودەدا زیادەکەیـان وەرنەگیرێت، بۆیە موسڵمان دێت لەپێش نوێژی نیوەڕۆوە چوار ڕکات ئەنجام ئەدات.

هەروەها وتوویانە: هەرکەسێ لەماڵەوە نوێژی کرد چوار ڕکات ئەکات، لەبەر فەرموودەکەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەگەر لە مـزگەوت نـوێژی کـرد دوو ڕکات ئەکات، ئەمیش لەبەر فەرموودەکەی ئیبنوعومەر (خوا لێیان ڕازی بێ).

بەڵام ئەوەی زاڵ و دیـارە لەم ڕایـانە - کە هەر خـواش زانـاترە -: ئـیش بە زیادەکەیان ئەکرێت، چونکە شیاوترە لەبەر ئەو زانیاریەی کە خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بـێ) هەیبـووە کە ئیبنوعـومەر (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) نەیبـووە، هەروەهـا فەرموودەکەی ئومو حەبیبەی دایکمان (خـوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی: سَـمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، يَقُولُ: «مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ (وفي رواية: غَيْرَ فَرِيضَةٍ)، بُنِـيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ»، واتە: گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو:" هەرکەسێ لە شەو و ڕۆژێکدا دوانزە ڕکـات نـوێژ بکـات (لە گیرانەوەیەکـی تـردا هـاتووە بە بێـژەی: جگە لە فەرزەکان)، ئەوا خوای گەورە بەهۆیـانەوە مـاڵێکی لەبەهەشـتدا بـۆ دروسـت ئەکات "، جا بۆیە وا چاکترە نوێژە سوننەتە جەخت لێکراوەکان لە مـاڵەوە ئەنجـام بدرێت، بە بەڵگەی ئەم فەرموودانەی لای خوارەوە:

١- فەرمـوودەی زەیـدی کـوڕی سـابت (خوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرمـوو: « فَصَلُّوا أَيُّهَا النَّاسُ فِي بُيُوتِكُمْ، فَإِنَّ أَفْضَلَ الصَّـلاَةِ صَـلاَةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ»[1]، واتە:" ئەی خەڵکینە لە ماڵەکانتاندا نوێژی سوننەت بـکەن، چونکە چاکترین و خێرتـرین نـوێژی مـرۆڤ ئەو نـوێژەیە کە لەمـاڵەوە ئەیکـات جـگە لەنوێژە فەرزەکان ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٢٩٠)، ومسلم برقم (٧٨١).

ب- لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «اجْعَلُوا مِنْ صَلَاتِكُمْ فِي بُيُوتِكُمْ، وَلَا تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا»(١)، واتە:" هەندێ لە نوێژەکانتان (مەبەستی نوێژی سوننەتە) لە ماڵەکانتاندا ئەنجامی بدەن و مەیکەن بە گۆڕستان (کە نوێژی تیاناکرێت) ".

ج- لە جابرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا قَضَى أَحَدُكُمُ الصَّلَاةَ فِي مَسْجِدِهِ، فَلْيَجْعَلْ لِبَيْتِهِ نَصِيبًا مِنْ صَلَاتِهِ، فَإِنَّ اللهَ جَاعِلٌ فِي بَيْتِهِ مِنْ صَلَاتِهِ خَيْرًا»(٢)، واتە:" ئەگەر یەکێکتان لە نوێژ بۆوە لە مزگەوت، با بەشی ماڵەوەشی نوێژ بهێڵێتەوە، چونکە خوای گەورە خێر و چاکەشی داناوە بۆ نوێژەکانی ماڵەوەی ".

*** ئەو نوێژە سوننەتانەی زۆر جەختی لەسەر کراوە:**

ا- فەرمودەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمْ يَكُنْ عَلَى شَيْءٍ مِنَ النَّوَافِلِ أَشَدَّ مُعَاهَدَةً مِنْهُ عَلَى رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الصُّبْحِ»(٣)، واتە:" بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز نەبووە لەسەر هیچ نوێژێکی سوننەت ئەوەندەی دوو ڕکاتە سوننەتەکەی بەیانی بەردەوام و مکوڕ بووبێ لەسەری و پارێزگاری لێکردبێ ".

ب - فەرمودەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا»(٤)، واتە:" دوو ڕکاتی سوننەتی بەرەبەیان خێرترە لەدنیا و هەرچیش لەدنیادایە ".

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٨٧)، ومسلم برقم (٧٧٧) واللفظ له.

(٢) رواه مسلم برقم (٧٧٨).

(٣) رواه البخاري برقم (١١٩٦)، ومسلم برقم (٧٢٤) واللفظ له.

(٤) رواه مسلم برقم (٧٢٥).

هەر لای پێشەوا موسلیم هاتووە لە عائیشەی دایکمانەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە دوو ڕکات سوننەتەکەی سپێدەی بەیان فەرموویەتی: «لَهُمَا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا جَمِيعًا»[1]، واتە:" ئەو دوو ڕکاتەی بەیانی لەتێکڕای دنیا خۆشەویستترە لەلام ".

ج- لە هەردوو صەحیحەکەدا (بوخاری و موسلیم) فەرموودە هاتووە کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز وازی لە سوننەتی بەیانی و وەتر نەهێناوە، نە لەکاتی نیشتەجێ بوون و نە لەکاتی گەشت و گەڕاندا.

پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لەبەر گرنگی ئەم دوو نوێژە (سوننەتی بەیانی و وەتر) پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز وازی لێیان نەهێناوە و دەستبەرداریان نەبووە، نە لەکاتی گەشت و گەڕان و نە لەکاتی نیشتەجێبدا، لەکاتی گەشت و سەفەریشدا بەردەوام بووە لەسەر کردنی سوننەتی بەیانی و وەتر، زۆر بەتینتر لەتێکڕای نوێژە سوننەتەکانی تر، و هەرگیز لێیەوە نەگێڕاوەتەوە کە لەکاتی گەشت و گەڕاندا هیچ سوننەتێکی جەخت لێکراوی ئەنجامدابێت جگە لەو دوانە "[2].

*** سوننەتی بەیانی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر چەند هۆیەک:**

یەکەم: دروستە لەکاتی گەشت و گەڕاندا ئەنجامبدرێت وەک لەپێشەوە باسکرا، بەڵام نوێژە سوننەتە جەخت لێکراوەکانی تر سوننەت وایە وازیان لێبهێنرێت وەک سوننەتی نیوەڕۆ و ئێوارە و خەوتنان.

دووەم: خێر و پاداشتەکەی، کە خێرترە لە دنیا و ئەوەش کە تیایدایە، وەک لەپێشەوە ڕابورد.

سێیەم: سوننەت وایە بەسوکەڵەیی بکرێت.

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٢٥).

(٢) زاد المعاد: ١/٣١٥.

ئەوەی کە بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمووەی عائیشەی دایکمانە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ فَيُخَفِّفُ، حَتَّى إِنِّي أَقُولُ: هَلْ قَرَأَ فِيهِمَا بِأُمِّ الْقُرْآنِ أم لا؟»(١)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ دوو ڕکات نوێژە سوننەتەکەی بەیانی بە سوکەڵەیی ئەکرد، بەجۆرێک بوو تەنانەت ئەمووت: ئاخۆ ئەبێ فاتیحای تیایاندا خوێندبێت یان نا؟".

بەڵام بەو مەرجەی کە نابێت ئەو سوکەڵەییە بەجۆرێک بێت کاربکاتە سەر واجبەکان و بەکەموکوڕی بیانکات، یاخود سەربکێشێ بۆ ئەوەی بەپەلە نوێژەکەی بکات وەک چۆن کەڵەشێر دەنوک ئەدا لەزەوی، بەوەش بکەوێتە ناو کارێکی قەدەغەکراوەوە.

<u>چوارەم</u>: سوننەتە لەدوای خوێندنی فاتیحا لەڕکاتی یەکەمدا ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١﴾ بخوێنێت، و لەڕکاتی دووەمدا ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ بخوێنێت.

یان لەدوای خوێندنی فاتیحا لەڕکاتی یەکەمدا: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ۝١٣٦﴾ البقرة: ١٣٦، واتە:{ ئەی موسڵمانان بڵێن ئێمە باوەڕمان هێناوە بەخوا و بەو قورئانەی بۆمان دابەزیوە و بەو پەرتوکە ئاسمانیانەی کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب دابەزیوە و ئەوەی کە دراوە بە مووسا و عیسا و ئەوەی کە دراوە بە پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ یەکێکیاندا وە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانەکانین }.

لەڕکاتی دووەمدا ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا

(١) رواه البخاري برقم (١١٧١)، ومسلم برقم (٧٢٤).

مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ آل عمران: ٦٤، واتە:{ ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەی خاوەن پەرتوکە ئاسمانیەکان وەرن بۆلای وشەیەک کە ئێمە و ئێوە تیایدا یەکسانین کە جگە لەخوا هیچ کەسێک نەپەرستین وە هیچ شتێک نەکەین بە هاوتاو هاوبەشی و با هەندێکمان هەندێکمان نەکەین بە پەروەردگار جگە لەخوا جا ئەگەر بەمە پازی نەبوون و پشتیان هەڵکرد ئەوا پێیان بڵێن: ئێوە شایەت بن ئێمە موسڵمانین و فەرمانبەرداری خوای بەرز و بڵندین }، کە هەموو ئەمانەش سوننەتن و بەجۆراو جۆری هاتوون، جا مرۆڤی موسڵمان بێت هەرجارەی یەکێکیان بخوێنێ.

ئەوەشی کە بەڵگەیێ لەسەر ئەمە:

ا- فەرمووەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی پازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَرَأَ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴿١﴾﴾ وَ ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾﴾[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو رکات سوننەتەکەی بەیانیدا ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴿١﴾﴾ و﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾﴾ ئەخوێند".

ب- فەرموودەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان پازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ فِي الْأُولَى مِنْهُمَا: ﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا﴾ {البقرة: ١٣٦} الْآيَةَ الَّتِي فِي الْبَقَرَةِ، وَفِي الْآخِرَةِ مِنْهُمَا: ﴿آمَنَّا بِاللهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ {آل عمران: ٥٢}[2]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو رکات سوننەتەکەی بەیانیدا لە یەکەمیاندا: ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ البقرة: ١٣٦، ئەخوێند، وە لەپکاتی دوایدا ﴿ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٢٦).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٢٧).

﴿٥٢﴾ ﴾ آل عمران: ٥٢، ئەخوێند کە واتاکەی بریتیە لە:{ کاتێ کە عیسا علیه السلام هەستی کرد گەلەکەی بەردەوامن لەسەر کوفر و باوەڕی پێ ناهێنن فەرمووی: کێ پشتیوانمە بۆ گەیاندنی ئاینی خوا شاگرد و کەسە تایبەتەکانی خۆی وتیان: ئێمە پشتیوان و سەرخەری ئاینی خوای گەورەین و باوەڕمان بە خوای مەزن هێناوە و تۆش لەڕۆژی دواییدا بەشایەت بە کە ئێمە موسڵمانین }".

هەروەها لەگێڕانەوەیەکی تردا هەر لای پێشەوا موسلیم لە ئیبنو عەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَقْرَأُ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ: ﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا﴾ {البقرة: ١٣٦}، وَالَّتِي فِي آلِ عِمْرَانَ: ﴿تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ﴾ {آل عمران: ٦٤}[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو ڕکات سوننەتەکەی بەیانیدا لە یەکەمیاندا: ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦ ﴾ البقرة:١٣٦، ئەخوێند، وە لەڕکاتی دووەمدا﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤ ﴾ آل عمران: ٦٤ ئەخوێند".

پێنجەم: سوننەتە لەدوای ئەنجامدانی نوێژی سوننەتی بەیانی، لەسەر لای ڕاست ڕابکشێت، بەڵگەش لەسەر ئەمە:

١- فەرموودەی عائیشەی دایکمانە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا صَلَّى رَكْعَتَيِ الفَجْرِ اضْطَجَعَ عَلَى شِقِّهِ الأَيْمَنِ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ دوو ڕکاتە سوننەتەکەی بەیانی ئەکرد لەسەر لای ڕاست لێی ڕائەکشا ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٢٧).

(٢) رواه البخاري برقم (١١٦٠)، ومسلم برقم (٧٣٦).

ب- فەرمودەکەی عائیشەی دایکمانە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا صَلَّى رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ، فَإِنْ كُنْتُ مُسْتَيْقِظَةً حَدَّثَنِي، وَإِلَّا اضْطَجَعَ»[1]، واتە: " کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو ڕکاتە سوننەتەکەی بەیانی ئەکرد، ئەگەر من بەئاگا بومایە قسەی لەگەڵ ئەکردم، ئەگەر نا لێی ڕادەکشا ".

زانایان ڕایان جیاوازە سەبارەت بەم ڕاکشانە:

وتوویانە: ڕاکشان دوای نوێژی سوننەتی بەیانی بە ڕەهایی کارێکی سوننەتە، زۆربەی زانایان (بەڕەحمەت بن) ئەم ڕایەیان لاپەسەندە، لەبەر فەرمودەکەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابوردو، هەروەها لەوانەی کە ئەم کارەیان ئەنجامداوە و فتوایان بۆداوە هاوەڵانی بەڕێز: ئەبوموسای ئەشعەری، و ڕافیعی کوڕی خەدیج، و ئەنەسی کوڕی مالیک، و ئەبو هوڕەیڕەیە (خوا لەهەموویان ڕازی بێ)، وە ئیبنو سیرین، و عوروە،و ئەوانی تریش لەحەوت زانا و فەقیهەکانی مەدینە هەر هەمان ڕایان بووە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

یان وتوویانە: سوننەتە بۆ کەسێک کە هەڵسێ بۆ شەونوێژ و زۆر لە نوێژەکەیدا بمێنێتەوە، بۆئەوەی بەم ڕاکشانە کەمێک پشوو بدات، کە ئەم ڕایەش هەڵبژاردەی شێخولئیسلامە (بەڕەحمەت بێ).

هەروەها وتراوە: واجبە: بێجگە لەوە شتی تریشیان وتووە.

بەڵام ڕای یەکەم لەهەموویان زاڵتر و دیارترە ـ هەر خواش زاناترە ـ .

* واچاکە نوێژی بەیانی پەلەی لێبکرێت، واتە: بە تاریکی لەسەرەتای کاتەکەیدا بکرێت، کە هەر ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە:

١- فەرمودەکەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) خێزانی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە وتوویەتی: «لَقَدْ كَانَ نِسَاءٌ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ يَشْهَدْنَ الْفَجْرَ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ مُتَلَفِّعَاتٍ

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٤٣).

بِمُرُوطِهِنَّ، ثُمَّ يَنْقَلِبْنَ إِلَى بُيُوتِهِنَّ، وَمَا يُعْرَفْنَ مِنْ تَغْلِيسِ رَسُولِ اللهِ ﷺ بِالصَّلَاةِ»[1]، واتە:" ژنە باوەڕدارەکان ئامادەی نوێژی بەیانی ئەبوون لەخزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ و بەکۆمەڵ ئەیانکرد، خۆیان ئەپێچا لەپۆشاک و عەباکانیانەوە، پاشان دوای نوێژ ئەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان لەبەر تاریکی زوو نوێژکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ نەئەناسرانەوە ".

ب- فەرموودەی جابر(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «اَنَّ النَّبِيّ ﷺ كَانَ يُصَلِّي الصُّبْحَ بِغَلَسٍ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی بەتاریکی ئەکرد ".

بەڵام فەرموودەکەی ڕافیعی کوڕی خەدیج(خوا لێی ڕازی بێ) کە بەمەڕفوعی هاتووە (واتە: بەرزیکردۆتەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ) وتوویەتی: « أَسْفِرُوا بِالفَجْرِ، فَإِنَّهُ أَعْظَمُ لِلأَجْرِ»[3]، واتە:" کە دنیا ڕوناک بۆوە نوێژی بەیانی بکەن، چونکە ئەوە پاداشتی مەزنترە ".

وتراوە: مەبەست لەمە: درێژکردنەوەی قورئان خوێندنە، هەتا دوای ئاسمان ڕوناک بونەوە نوێژەکە تەواو بێت و بێنە دەرەوە.

وە وتراوە: ئەم فەرموودەیە سڕاوەتەوە و حوکمەکەی نەماوە (واتە:مەنسوخە).

هەروەها وتراوە: مەبەست لەمە: دواخستنیەتی هەتا بەجوانی دڵنیابن لە دەرکەوتنی گزنگی بەرەبەیان، و هیچ گومانێکیان نەمێنی.

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٧٨)، ومسلم برقم (٦٤٥) واللفظ له.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٦٠)، ومسلم برقم (٦٤٦).

(٣) رواه أحمد برقم (١٧٢٨٦)، والترمذي، وصححه (١٥٤).

ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت، کە ئەمەش چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت:

هەرچەندە نوێژی بەیانی یەکەم نوێژە کە پیاوان ئەچن بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی، بەڵام چوون بۆ مزگەوتەکان چەند فەرمانێک لەخۆ ئەگرێت کە سوننەتە مرۆڤی موسڵمان جێ بەجێیان بکات:

١/ سوننەتە پێشبڕکێ بکرێ لە زوو چوونە مزگەوت:

ئەویش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ، لَاسْتَبَقُوا إِلَيْهِ... »[١]، واتە:" ئەگەر بیانزانیایە لەزوو هاتن بۆ مزگەوت چ خێرێکی تیایە پێشبڕکێیان بۆ ئەکرد..".

بەڕاستی پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە (خوا لێیان ڕازی بێ) زۆر سوور بوون لەسەر زوو ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانیان، لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: (ما أذَّن المؤذن منذ ثلاثين سنة إلا وأنا في المسجد)[٢]، واتە:" سی ساڵیش ئەبێت بانگبێژ بانگی نەداوە وەلێ[٣] من لە مزگەوتدا بووم "، هەروەها فەرموویەتی: (ما سمعت تأذيناً في أهلي منذ ثلاثين سنة)[٤]، واتە:" سی ساڵیش ئەبێت لەناو ماڵ و خێزانمدا گوێم لە بانگ نەبووە"، واتە: کاتی بانگ ئەو لە مزگەوتدا بووە".

---

(١) رواه البخاري برقم (٦١٥)، ومسلم برقم (٤٣٧).

(٢) رواه ابن أبي شيبة برقم (٣٥٢٢).

(٣) تێبینی: وەلێ: واتە: مەگەر، ئیللا.

(٤) ذكره ابن سعد في (الطبقات:٥/١٣١).

٢/ بە دەستنوێژەوە لە ماڵەوە بێتە دەرەوە، بۆئەوەی هەنگاوەکانی بۆ بنوسرێت:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «صَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَمَاعَةٍ تَزِيدُ عَلَى صَلَاتِهِ فِي بَيْتِهِ، وَصَلَاتِهِ فِي سُوقِهِ، بِضْعاً وَعِشْرِينَ دَرَجَةً، وَذَلِكَ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ أَتَى الْمَسْجِدَ لَا يَنْهَزُهُ إِلَّا الصَّلَاةُ، لَا يُرِيدُ إِلَّا الصَّلَاةَ، فَلَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلَّا رُفِعَ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ، وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ، حَتَّى يَدْخُلَ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا دَخَلَ الْمَسْجِدَ كَانَ فِي الصَّلَاةِ مَا كَانَتِ الصَّلَاةُ هِيَ تَحْبِسُهُ، وَالْمَلَائِكَةُ يُصَلُّونَ عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مَجْلِسِهِ الَّذِي صَلَّى فِيهِ، يَقُولُونَ: اللهُمَّ ارْحَمْهُ، اللهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، اللهُمَّ تُبْ عَلَيْهِ، مَا لَمْ يُؤْذِ فِيهِ، مَا لَمْ يُحْدِثْ فِيهِ»[1]، واتە:" نوێژی پیاو بە کۆمەڵ خێرێ زیاترە لەو نوێژەی لە ماڵەوە یان لەبازاڕ ئەیکات بەبیست و ئەوەندە پلە، ئەوەش بەوە ئەبێت ئەگەر یەکێکتان دەستنوێژ بگرێت، بەدەستنوێژێکی جوان، ئینجا بێت بۆ مزگەوت، هیچ شتێک هانی نەدا بێت جگە لە نوێژەکە، هیچ مەبەستێکی تری نەبێت نوێژەکە نەبێت، ئەوا هەر هەنگاوێکی کە ناویەتی وەلێ پلەیەک پێی بەرز بۆتەوە و گوناهێکیشی لەکۆڵ بۆتەوە و لێی سڕاوەتەوە، هەتا ئەچێتە ناو مزگەوتەوە، جا کاتێ چووە ناو مزگەوتەوە ئەوە لەنوێژدایە مادام نوێژەکە گیری دابێت فریشتەکانیش ئەپارێنەوە بۆ ئەو کەسەتان مادام لەو شوێن و کۆڕەدا بێت کە نوێژی تیاکردووە، ئەفەرموون: خوایە بەزەییت پێیدا بێتەوە، خوایە لێی خۆش ببە، خوایە تۆبەو پەشیمانی لێ وەربگرە، ئەگەر ئازاری کەسی نەدابێ و دەستنوێژی نەشکابێ ".

٣/ پێویستە بە هێمنی و لەسەرخۆییەوە لە ماڵ بچێتە دەرەوە بۆ نوێژ:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەپێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «إِذَا سَمِعْتُمُ الإِقَامَةَ، فَامْشُوا إِلَى الصَّلَاةِ

(١) رواه مسلم برقم (٦٤٩).

وَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ وَالوَقَارِ، وَلاَ تُسْرِعُوا، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا، وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا»[١]، واتە:" كە گوێتان لە قامەت بوو، بە هێمنی و لەسەرخۆیەوە بڕۆن بۆ نوێژەکانتان، و پەلە پەل مەکەن، بەفریای چەند ڕکات کەوتن بیکەن، ئەوەیش پیای نەگەیشتن دوایی تەواوی بکەن ".

هەر لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا ثُوِّبَ لِلصَّلَاةِ فَلَا تَأْتُوهَا وَأَنْتُمْ تَسْعَوْنَ، وَأْتُوهَا وَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا، وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا كَانَ يَعْمِدُ إِلَى الصَّلَاةِ فَهُوَ فِي صَلَاةٍ»[٢]، واتە:" هەرکاتێ قامەت کرا بۆ نوێژ بە پەلە و هەڵەداوان مەیەن بۆی، بەڵکو بەجۆرێک وەرن کە ئارامی و شێنەییتان پێوە دیار بێت، بەفریای چەند کەوتن بیکەن، ئەوەش پێی ڕانەگەیشتن دوایی تەواوی بکەن، چونکە بەڕاستی هەر یەکێک لە ئێوە ئەگەر بچێت بۆ نوێژ(تا ئەگاتە ناو نوێژەکە) هەر لەنوێژدایە ".

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:"... السَّكِينَةُ: واتە: شێنەیی و پەلە نەکردن لە جموجۆڵدا، و دوورکەوتنەوە لەکاری پرۆپووچ و بێ هودە، الوَقَار: لەڕواڵەتدا وەک چاو پاراستن، و دەنگ نزم کردنەوە (نەڕەنەڕ نەکردن)، و ئاوڕنەدانەوە و ملەقوتێ نەکردن بەملاو لادا "[٣].

٤/ پێشخستنی قاچی ڕاست لەکاتی چوونە مزگەوت، و پێشخستنی قاچی چەپ لەکاتی هاتنە دەرمودا:

ئەمیش لەبەر فەرموودەکەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتویەتی: : «مِنَ السُّنَّةِ إِذَا دَخَلْتَ الْمَسْجِدَ أَنْ تَبْدَأَ بِرِجْلِكَ الْيُمْنَى، وَإِذَا خَرَجْتَ أَنْ تَبْدَأَ بِرِجْلِكَ الْيُسْرَى»[٤]،

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٦)، ومسلم برقم (٦٠٢).

(٢) رواه مسلم برقم (٦٠٢).

(٣) (شرح مسلم) للنووي، حديث: ٦٠٢.

(٤) رواه الحاكم (٣٣٨/١)، وصححه على شرط مسلم.

واتە:" سوننەت وایە هەرکاتێ هاتیتە ناو مزگەوتەوە پێی ڕاستت پێش بخەیت، هەرکاتێک هاتیتە دەرەوە پێی چەپت پێش بخەیت ".

لەبەر ئەوەی ئەمە هاتووە لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا وتوویەتی:[بەشی لای ڕاست پێشخستن لەکاتی چوونە ناو مزگەوت و شوێنی تریش]، وە وتوویەتی: وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ: «يَبْدَأُ بِرِجْلِهِ اليُمْنَى فَإِذَا خَرَجَ بَدَأَ بِرِجْلِهِ اليُسْرَى»، واتە:" ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) ئەگەر بچوایەتە ناو مزگەوتەوە پێی ڕاستی پێش ئەخست، وە کاتێ ئەهاتە دەرەوە پێی چەپی پێش ئەخست "، هەروەها لەبەر فەرموودەکەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُحِبُّ التَّيَمُّنَ فِي شَأْنِهِ كُلِّهِ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لەوە ئەکرد کە لای ڕاستی پێش بخات لە هەموو هەڵسوکەوت و بوارەکانی ژیانیدا ".

چونکە بنچینەی شەرعی بریتییە لەوەی کە: هەر شتێک بابەتی ڕێزلێنان بوو چاک وایە لای ڕاست پێش بخرێت، هەر شتێکیش دژ و پێچەوانەی ڕێزلێنان بوو وا باشە لای چەپ پێش بخرێت، بەڵام جگە لەوانە ئەوا بنەڕەت وایە کە لای ڕاست پێش بخرێت.

٥/ لەکاتی چوونە ناو مزگەوت و هاتنە دەرەوەدا ئەو وێردە بخوێنێت کە لە سوننەتدا هاتووە:

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی ئەبی حومەید، و ئەبی ئوسەید (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ، فَلْيَقُلْ: اللهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، وَإِذَا خَرَجَ، فَلْيَقُلْ: اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ »[2]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان چووە ناو مزگەوتەوە بابڵێت: خوایە دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ

---

(١) رواه البخاري برقم (١٦٨)، ومسلم برقم (٢٦٨) واللفظ له.

(٢) رواه مسلم برقم (٧١٣).

بکەرەوە و کاتێ هاتە دەرەوە با بڵێت: خوایە من داوای خێر و چاکەی خۆت لێ ئەکەم".

٦/ دوو ڕکات نوێژی سوننەتی سڵاوی مزگەوت بکات:

ئەمەش کاتێک ئەبێت ئەگەر هاتو زوو هاتبوو بۆ نوێژ، جا لەو کاتەدا سوننەتە دانەنیشێت هەتا دوو ڕکات نوێژ ئەکات، لەبەر فەرمووەکەی ئەبی قەتادە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێەتی: «إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ، فَلَا يَجْلِسْ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ»(١)، واتە:" ئەگەر یەکێکتان چووە ناو مزگەوتەوە، بادانەنیشێت هەتا دوو ڕکات نوێژ ئەکات".

تەنیا ئەنجامدانی سوننەتی پێش نوێژ بەسە و ئەکەوێتە بری نوێژی سڵاوی مزگەوت ئەگەر هاتوو نوێژەکە سوننەتی پێشەوەی هەبوو وەک نوێژی سوننەتی بەیانی، و نیوەڕۆ، یان سوننەتی چێشتەنگاو ئەگەر لەکاتی چێشتەنگاودا بچێتە مزگەوتەوە، یاخود نوێژی وەتر ئەگەر لە مزگەوت ئەنجامی بدات، یان لەکاتی نوێژی فەرزدا، چونکە مەبەست لە نوێژی سڵاوی مزگەوت ئەوەیە: بۆ ئەوەی ئەو کەسە نەچێتە مزگەوت و دانەنیشێت بەبێ ئەوەی نوێژ بکات، کە ئەم کارەش ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتە بە نوێژکردن، بۆ ئەوەی بەبێ نوێژکردن نەچێتە ناویەوە.

٧/ سوننەتە بۆ پیاوان دەست پێشخەری بکەن بۆ چوونە ڕیزی یەکەم، چونکە چاکترین و خێرترین ڕیزە، بەڵام بۆ ئافرەتان چاکترینیان ڕیزی دواوەیە:

ئەمیش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خَيْرُ صُفُوفِ الرِّجَالِ أَوَّلُهَا، وَشَرُّهَا آخِرُهَا، وَخَيْرُ

(١) رواه البخاري برقم (١١٦٣)، ومسلم برقم (٧١٤).

صُفُوفِ النِّسَاءِ آخِرُهَا، وَشَرُّهَا أَوَّلُهَا»[1]، واتە:" چاکترین و خێرترین ڕیزی پیاوان ڕیزی یەکەمە، خراپترینیان (واتە:کەمترین خێر و پاداشتیان) ڕیزی دواوەیە، چاکترین ڕیزی ئافرەتان ڕیزی دواوەیە و خراپترینیان ڕیزی پێشەوەیە ".

ئەم فەرموودەیەی کە باسکرا بۆ کاتێکە کە پیاوان و ژنان بەکۆمەڵ نوێژیان ئەکرد و هیچ بەربەستێک لەنێوانیاندا نەبوو وەک دیوار و هاوشێوەی ئەوە، جا لەوکاتەدا خێرترین و چاکترین ڕیزی ژنان کۆتا ڕیزە، چونکە پارێزراو ئەبن لەچاو و تێڕوانینی پیاوان .

بەڵام ئەگەر هاتوو دیوار و هاوشێوەی ئەوە لەنێوانیاندا هەبوو، یاخود شوێنی تایبەت و سەربەخۆ بە ژنان هەبوو وەک ئێستا لەزۆربەی مزگەوتەکاندا بەدی ئەکرێت، جا لەو حاڵەتەدا چاکترین و خێرترین ڕیزی ژنان ڕیزی یەکەمە، کە ئەمەش ڕای هەڵبژاردەی شێخ ئیبن باز و ئیبنو عوسەیمینە (بەڕەحمەت بن)، ئەمەش لەبەر نەمانی هۆی نزیکی لە پیاوانەوە، چونکە حوکمی هەر شتێک بەدەوری هۆکارەکەیدا ئەسوڕێتەوە بە بوون و نەبوونی (الحكم يدور مع علته وجوداً وعدماً)، هەروەها لەبەر گشتگیرێتی هاتنی چەندین فەرموودە لەسەر چاکێتی ڕیزی یەکەم وەک:

١- فەرمودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الْأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لَاسْتَهَمُوا وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ، لَاسْتَبَقُوا إِلَيْهِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ، لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا»[2]، واتە:" ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە کەوا بانگ و ڕیزی یەکەم چ خێر و پاداشتێکیان تیادایە، پاشان دەست نەکەوتایە بە تیر و پشک بۆکردن نەبێت، ئەوا تیر و پشکیان بۆئەکرد، و ئەگەر بیانزانیایە لەزوو هاتن و دەستپێشکەریکردن بۆ نوێژ چ خێر و پاداشتێکی هەیە، ئەوا پێش بڕکێیان بۆئەکرد،

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٤٠).

(٢) رواه البخاري برقم (٦١٥)، ومسلم برقم (٤٣٧).

وە ئەگەر بیانزانیایە لەنوێژی خەوتنان و بەیانیاندا چ خێر و پاداشتێک هەیە، ئەوا ئەگەر بەگاگۆڵکێش بوایە ئەهاتن بۆی ".

ب- فەرمووەی جابری کوڕی سەمورە (خوا لێی ڕازی بێ) کە تیایدا هاتووە: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ الله ﷺ فَقَالَ: «أَلَا تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟» فَقُلْنَا يَا رَسُولَ الله، وَكَيْفَ تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟ قَالَ: «يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الْأُوَلَ وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ»[1]، واتە:" جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە دەرەوە بۆناومان و فەرمووی:" ئەرێ ئەوە ڕیز نابن و ڕێک ڕانەوەستن وەک چۆن فریشتەکان لە خزمەت پەروەردگاریاندا ڕیز ئەبەستن؟" وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فریشتەکان چۆن لە خزمەت پەروەردگاریاندا ڕیز ئەبن؟ فەرمووی:" دێن ڕیزی یەکەم تەواو ئەکەن و ڕێک ڕانەوەستن و پاڵئەدەن بەیەکەوە لەڕیزەکەدا ".

هەروەها لەم فەرمودەیەدا جگە لەچاکێتی ڕیزی یەکەم، سوننەت بوونی ڕێک ڕاوەستانی ڕیزەکانیشی لێ وەرئەگیرێت.

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" نوێژکردن لەڕیزی یەکەم کارێکی باشە (موستەحەبە)، پاشان ڕیزەکانی دوای ئەو، ئینجا هەتا کۆتا ڕیز، جا ئەم حوکمە لە هەموو بارودۆخێکی ڕیزی پیاواندا بەردەوامە، بەهەمان شێوە ڕیزەکانی ژنانیش کە هەرخۆیان بەکۆمەڵ نوێژ ئەکەن دوور لەچاوی پیاوان هەمان حوکمی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتو ژنان لەگەڵ پیاواندا لەیەک جەماعەتدا نوێژیان کرد، بێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لەنێوانیاندا هەبێت، ئەوا لەو کاتەدا چاکترین ڕیزی ژنان ڕیزی دواوەیە، ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خَيْرُ صُفُوفِ الرِّجَالِ أَوَّلُهَا، وَشَرُّهَا آخِرُهَا، وَخَيْرُ صُفُوفِ النِّسَاءِ آخِرُهَا، وَشَرُّهَا أَوَّلُهَا»[2][3]، واتە:" چاکترین و خێرترین ڕیزی

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٣٠).

(٢) رواه مسلم برقم (٤٤٠).

(٣) المجموع: ١٩٢/٤-١٩٣، وانظر: مجموع فتاوى ابن باز: ١٤٥/٢٥، ومجموع ابن عثيمين: ٣٦/١٣.

پیاوان ڕیزی یەکەمە، خراپترینیان (واتە:کەمترین خێر و پاداشتیان) ڕیزی دواوەیە، چاکترین ڕیزی ئافرەتان ڕیزی دواوەیە، و خراپترینیان ڕیزی پێشەوەیە ".

٨/ سوننەتە ئەوانەی لەدوای ئیمامەوە نوێژ ئەکەن لێیەوە نزیک بن:

واچاکە بۆ ئەوانەی لەدوای ئیمامەوە نوێژ ئەکەن بەگوێرەی ڕیزبوونیان لەڕیزی یەکەمدا بن وەک لەپێشەوە باسکرا، پاشان پێویستە سووربێت لەسەر ئەوەی کە لەئیمامەوە نزیک بێت، جا ڕیز بوونەکە لەلای ڕاستەوە بێت یان لەلای چەپەوە ئا ئەوە باشترە وگرنگ ئەوەیە کە لەئیمامەوە نزیک بیت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمودەی ئیبنو مەسعودە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «لِيَلِنِي مِنْكُمْ، أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى »[1]، واتە:" با زانا و خاوەن ژیری و تێگەیشتووەکان لێم نزیک ببنەوە"، کە ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەئیمام نزیک بیتەوە ئیتر لەهەر لایەکەوە بێت لای ڕاست بێت یان لای چەپ.

پێشەوا ئیبنو موفلیح (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەگەری ئاقاری فەرمودەکە ئەوەی لێ وەرئەگیرێت کە دووری لەلای ڕاستی ئیمامەوە چاکتر نیە لەنزیکی لای چەپیەوە (واتە: خێر لەوەدا نیە کە لای ڕاستەوە بیت و لەئیمامەوە دوور بیت)"[2].

داواکارین لەخوای بەرز و بڵند کە لەوانەمان بگێڕێت شوێن کەوتەی قورئان و سوننەتن، و دوور و دژ بەهەموو داهێنراوێکن کە لەدینەدا ئەکرێت، کە هەرخۆی خاوەن و شایستەی ئەوەیەو بەتوانایە بەسەریدا.

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٣٢).

(٢) المجموع: ٤٠٧/١.

* سوننەتەکانی ناو نوێژ *

بێگومان نوێژ چەندین سوننەت لەخۆ ئەگرێت، بۆیە واچاکە نوێژخوێن بەپەرۆش بێت بۆ ئەنجامدانیان، جا هەرکەسێ کردەوەی زیاتر بێت ئەوا پاداشتی زیاتر ئەبێت، لەگەڵ خێر و نزیک بوونیش لەخوای گەورەوە، بۆیە بەئەندازەی جێ بەجێکردنی ئەم سوننەتانە جیاوازی دروست ئەبێت لەنێوان دوو کەسدا کە هەردوکیان لەیەک کاتدا بەیەکەوە ئەچنە ناو نوێژێکەوە، و لەیەک کاتیشدا لەنوێژەکە دێنە دەرەوە، بەڵام لەبەدەست هێنانی خێر و پاداشتدا جیاوازیەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، چونکە یەکێکیان دێت هەرچی سوننەت هەیە جێ بەجێی ئەکات لەگەڵ ئەرکان و واجباتەکاندا، بەڵام ئەوەی تریان تەنیا بەکردنی ئەرکان و واجباتەکان واز ئەهێنێت و هیچ سوننەتێک جێ بەجێ ناکات.

جا نوێژیش سوننەت گەلێکی زۆری هەیە وا لە خوارەوە هەندێکی لێ باس ئەکەین:

یەکەم: بەربەستی نوێژ (سوترەی نوێژ):

کە سوننەتە تیایدا ئەم خاڵانە ئەنجام بدرێت:

١ - سوننەتە بەربەست دابنرێت:

بەربەستی نوێژ سوننەتە بۆ پێشنوێژ و ئەو کەسەش کە بەتەنیا بۆخۆی نوێژ ئەکات، جا ئەوکەسەی لەدوای پێشنوێژەوە (ئیمامەوە) نوێژ ئەکات بەربەستی ئیمامەکە بەربەستیشە بۆ ئەو، ئەوەش کە بەڵگەبێ لەسەر سوننەت بوونی دانانی بەربەست فەرمووەی ئەبی سەعیدی خودریە (خوا لێی ڕازی بێ) کە بەمەرفوعی

هاتووە، و تیایدا هاتووە: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ ...»[١]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان نوێژی ئەکرد بەرامبەر بە بەربەستێک لەنێوان خۆی و خەڵکیدا..".

فەرمووەیەکی زۆر هەیە لەسەر سوننەت بوونی بەربەست، خودی پێغەمبەری خوا ﷺ بەربەستی بۆخۆی داناوە لە چەرپا و دیوار و قەدی درەخت و تەختە و قەمە و نێزە و کۆما و کۆپارەی هوشتر و جگە لەوانەش.

دانانی بەربەست کارپێکراوە لە ئاوەدانی و چۆڵەوانیدا، و لەکاتی نیشتەجێ بوون و گەشت و گەڕاندا، جا چونیەکە ئەگەر ترسی هەبێ کەسێک بەبەردەمیدا بڕوات یاخود ترسی نەبێت، چونکە فەرموودەکان هیچ جیاوازیەکیان نەکردووە لەنێوان ئاوەدانی و چۆڵەوانیدا، چونکە خودی پێغەمبەری خوا ﷺ بەربەستی بۆخۆی داناوە لەکاتی نیشتەجێ بوون و گەشت و گەڕانیدا، وەک لە فەرموودەی ئەبی جوحەیفەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە[٢].

٢ - سوننەتە لە بەربەستەکە نزیک بیت:

کاتێ نوێژخوێن لەبەربەست نزیک ئەبێتەوە، ئەوا سوننەت وایە کە لەنێوان شوێنی سوژدەبردنەکەی و بەربەستەکەی بە ئەندازەی ڕێڕەوی تێپەڕبوونی مەڕێک بێت.

ئەویش لەبەر فەرموودەکەی سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ بَيْنَ مُصَلَّى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَبَيْنَ الجِدَارِ مَمَرُّ الشَّاةِ»[٣]، واتە:" لەنێوان شوێنی سوژدەبردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و بەربەستەکەی بەردەمی (کە دیوار بووە) ئەوەندەی ڕێڕەوی تێپەڕبوونی مەڕێک بووە".

هەروەها لەلای پێشەوا ئەحمەد، و ئەبی داود هاتووە کە لەنێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و بەربەستەکەی بەردەمی سێ باڵ بووە، کە فەرموودەکەی

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٠٩)، ومسلم برقم (٥٠٥).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٠١)، ومسلم برقم (٥٠٣).

(٣) رواه البخاري برقم (٤٩٦)، ومسلم برقم (٥٠٨).

ئیبنوعومەرە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « أَنَّه ﷺ صَلَّى فِي الكَعبَة ، وَبَيْنَهُ وَبَيْنَ الجِدار ثَلَاثَةُ أَذْرُعٍ »(١)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو کەعبەدا نوێژی کرد، لەنێوان ئەو و دیواری کەعبەدا سێ باڵ ئەبوو".

کە ئەمەش بەڕەچاوکردنی ئەوەی کاتێ بە پێوە وەستا ئەبێ نێوانیان ئەوەندە بێت.

٣ - سوننەت وایە ئەو کەسەی بە بەردەم نوێژخوێندا ئەڕوات ڕێگری لێبکرێت و بگێڕدرێتەوە:

ئەمیش لەبەر فەرموودەکەی ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيُصَلِّ إِلَى سُتْرَةٍ وَلْيَدْنُ مِنْهَا ،وَلَا يَدَع أَحَداً يَمرُ بَيْنَهُ و بَينَها، فَإذا جاءَ أَحَدٌ يَمرُ فَليُقاتِلهُ ، فإنَهُ شَيْطَان »(٢)، واتە:" ئەگەر یەکێک لەئێوە نوێژی کرد با ڕووەو بەربەستێک نوێژەکەی بکات و لێی نزیک بێتەوە و نەهێڵێت هیچ کەسێک بە بەردەم نوێژەکەیدا تێپەڕێت، جا ئەگەر هاتو یەکێک بە بەردەمیدا تێپەڕی با شەڕی لەگەڵدا بکات، چونکە ئەوە شەیتانە".

هەروەها فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَلَا يَدَعْ أَحَدًا يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ، فَإِنَّ مَعَهُ الْقَرِينَ »(٣)، واتە:" ئەگەر هەر یەکێک لەئێوە نوێژی کرد با ڕێگە نەدات هیچ کەسێک لەبەردەمیەوە بڕوات، جا ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن و وازی نەهێنا ئەوا بابجەنگێت لەگەڵیدا، چونکە ئەوە هاوەڵە شەیتانی لەگەڵدایە (کە وای لێ ئەکات ئەو کارە بکات) ".

---

(١) رواه أحمد برقم (٦٢٣١)، وأبو داود برقم (٢٠٢٤)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود:٦/٢٣٦)، وأصله في البخاري برقم (٥٠٦).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٠٥).

(٣) رواه مسلم برقم (٥٠٦).

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوەی بەبەردەم نوێژخوێنەکەدا ئەڕۆیشت ئافرەت، یان سەگی ڕەش، یان گوێدرێژ بوو، ئەوا وتەی ڕاست و دروست ئەوەیە کە نابێ بهێڵرێت بڕۆن و ئەبێ بگێڕدرێنەوە، چونکە نوێژ ئەبڕێ وەک لەفەرمووودەی ئەبی زەڕی غەفاریدا هاتووە (خوا لێی ڕازی بێ) لەلای پێشەوا موسلیم[1]، بەپێچەوانەی جگە لەوانەی کە باسکرا نوێژ نابڕێ.

مامۆستای پایەبەرزمان ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەشێ بوترێ: پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت، لەگەڵ ئەوەی ڕۆیشتنەکەی نوێژ نابڕێت، جا ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت پێویستە بەرهەڵستی بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕۆیشتنەکەی نوێژ نابڕێت پێویست ناکات بەرهەڵستی بکرێت و ڕێی لێ بگیرێت، چونکە ئەوپەڕی ئەوەی لێ ئەکەوێتەوە کە پاداشتی نوێژەکە کەم ئەکاتەوە و بەتاڵی ناکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت، و نوێژەکەت بەتاڵ ئەکاتەوە و لێت تێک ئەدات"[2].

ڕای ڕاست و دروست سەبارەت بەهاوتاکردنی ئافرەت لەگەڵ سەگی ڕەش و گوێدرێژدا، ئەوەیە یەک هۆکار کۆی نەکردونەتەوە، بەڵکو هەریەکەیان هۆکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، جا لە تێپەڕینی ئافرەتدا فیتنە و سەرقاڵ کردنی نوێژخوێنی لێ ئەکەوێتەوە، بەڵام لەوانی تردا ئەوەیە کەپیسن، کە سەگی ڕەش شەیتانە ئەوە بەگوێرەی ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ»[3]، هەروەها بێجگە لەوەش شتی تریش وتراوە - کە هەر خواش زاناترە -، جا خوای بەرز و بڵند حیکمەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەبەندەکانی شاراوەیە، بەڵام پێویستە لەسەر بەندەکانی کەوا ملکەچ و گوێڕایەڵی بن (ئەگەر حیکمەتەکەی بزانن یان نا).

---

(١) رواه مسلم برقم (٥١٠).

(٢) الممتع: ٢٤٥/٣.

(٣) رواه مسلم برقم (٥١٠).

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوەی بەبەردەم نوێژخوێنەکەدا ئەڕۆیشت ئافرەت، یان سەگی ڕەش، یان گوێدرێژ بوو، ئەوا وتەی ڕاست و دروست ئەوەیە کە نابێ بهێڵرێت بڕۆن و ئەبێ بگێڕدرێنەوە، چونکە نوێژ ئەبڕن وەک لەفەرمووودەی ئەبی زەڕی غەفاریدا هاتووە (خوا لێی ڕازی بێ) لەلای پێشەوا موسلیم[1]، بەپێچەوانەی جگە لەوانەی کە باسکرا نوێژ نابڕن.

مامۆستای پایەبەرزمان ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەشێ بوترێ: پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت، لەگەڵ ئەوەی ڕۆیشتنەکەی نوێژ نابڕێت، جا ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت پێویستە بەرهەڵستی بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕۆیشتنەکەی نوێژ نابڕێت پێویست ناکات بەرهەڵستی بکرێت و ڕێی لێ بگیرێت، چونکە ئەوپەڕی ئەوەی لێ ئەکەوێتەوە کە پاداشتی نوێژەکە کەم ئەکاتەوە و بەتاڵی ناکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕۆیشتنەکەی نوێژ ئەبڕێت، و نوێژەکەت بەتاڵ ئەکاتەوە و لێت تێک ئەدات"[2].

ڕای ڕاست و دروست سەبارەت بەهاوتاکردنی ئافرەت لەگەڵ سەگی ڕەش و گوێدرێژدا، ئەوەیە یەک هۆکار کۆی نەکردونەتەوە، بەڵکو هەریەکەیان هۆکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، جا لە تێپەڕینی ئافرەتدا فیتنە و سەرقاڵ کردنی نوێژخوێنی لێ ئەکەوێتەوە، بەڵام لەوانی تردا ئەوەیە کەپیسن، کە سەگی ڕەش شەیتانە ئەوە بەگوێرەی ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «الْكَلْبُ الْأَسْوَدُ شَيْطَانٌ»[3]، هەروەها بێجگە لەوەش شتی تریش وتراوە - کە هەر خواش زاناترە -، جا خوای بەرز و بڵند حیکمەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەبەندەکانی شاراوەیە، بەڵام پێویستە لەسەر بەندەکانی کەوا ملکەچ و گوێڕایەڵی بن (ئەگەر حیکمەتەکەی بزانن یان نا).

---

(١) رواه مسلم برقم (٥١٠).

(٢) الممتع: ٢٤٥/٣.

(٣) رواه مسلم برقم (٥١٠).

٤ - سوننەتە لەگەڵ هەموو نوێژێکدا سیواک بکەیت:

کە ئەمەش سێ یەم شوێنە لەو شوێنانەی کە جەخت کراوە سیواکی تیادا بکرێت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە:فەرمودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي أَوْ عَلَى النَّاسِ لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ صَلاَةٍ»[١]، واتە:" ئەگەر قورس و گران نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم - یان لەسەر خەڵکی - ئەوا فەرمانم پێ ئەکردن بەسیواک کردن لەگەڵ هەموو نوێژێکدا ".

دووەم: لەکاتی هەستاندا بۆ نوێژ سوننەتە ئەم کارانەی لای خوارەوە ئەنجام بدرێت:

١/ دەست بەرزکردنەوە لەکاتی ئەڵاهوئەکبەر کردنی نوێژ دابەستندا:

ئەمەش لەبەر فەرمودەکەی ئیبنوعومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ حَذْوَ مَنْكِبَيْهِ إِذَا افْتَتَحَ الصَّلاَةَ، وَإِذَا كَبَّرَ لِلرُّكُوعِ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ، رَفَعَهُمَا كَذَلِكَ أَيْضًا، وَقَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الحَمْدُ، وَكَانَ لاَ يَفْعَلُ ذَلِكَ فِي السُّجُودِ»[٢]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ نوێژی دائەبەست دەستەکانی بەرزئەکردەوە هەتا ئاستی شانەکانی و کاتێ ئەڵاهوئەکبەری ئەکرد بۆ ڕکوع، و کاتێکیش کە سەری بەرز ئەکردەوە لەڕکوع، بەهەمان شێوە دەستەکانی بەرز ئەکردەوە، و ئەیفەرموو: خوای مەزن سوپاس و ستایشی ئەوکەسەی بیست کە ستایشی کرد و سوپاسی خۆی بۆدەربڕیوە، پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆتۆیە، بەڵام لەکاتی سوژدەدا وای نەئەکرد (دەستەکانی بەرز نەئەکردنەوە) ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٨٧).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٣٥)، ومسلم برقم (٣٩٠).

ئیبنو هوبەیرە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە دەست بەرزکردنەوە لەکاتی نوێژ دابەستندا سوننەتە و واجب نییە "[1].

ئەمەی باسکرا یەکەم شوێنە لەو شوێنانەی کە لەکاتی ئەڵاهوئەکبەرکردندا دەستی تیابەرز ئەکرێتەوە، کە ئەمەش شوێنی ڕێکەوتنە لەلای زانایان و ناکۆک نین تیایدا، بەڵام ئەو شوێنانەی تر کە ماوەتەوە جێی ناکۆکیە و هاوڕانین تیایدا ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت.

شوێنەکانی دەست بەرز کردنەوە کە دەقیان لەسەر هاتووە، چوار شوێنە:

(لەکاتی ئەڵاهوئەکبەرکردنی نوێژ دابەستندا، و لەکاتی چوونە ڕکوع، و سەربەرزکردنەوە لە ڕکوع)، کە ئەم سیانەیان جێگیر و چەسپاو بووە لە بوخاری و موسلیمدا کە لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە وەک لە پێشەوە باسکرا، بەڵام شوێنی چوارەم: ئەو کاتەیە کە لە تەحیاتی یەکەم هەڵئەسیتەوە، کە ئەمەش هەروەها جێگیر و چەسپاو بووە لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە.

٢/ سوننەتە لەکاتی دەست بەرزکردنەوەدا پەنجەکانی دەست دڕێژکراوە و ڕێک بن:

ئەمەش لەبەر فەرمووەکەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ رَفَعَ يَدَيْهِ مَدًّا »[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ هەڵئەسا بۆ نوێژ و نوێژی دائەبەست دەستەکانی بەدڕێژکراوی بەرز ئەکردەوە".

---

(١) الإفصاح: ١/١٢٣.

(٢) رواه أحمد برقم (٨٨٧٥)، وأبو داود برقم (٧٥٣)، والترمذي برقم (٢٤٠)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود:٣/٣٤١).

٣/ سوننەتە دەست بەرزکردنەوە هەتا ئەو شوێنە بێت کە لە سوننەتدا هاتووە:

سەبارەت بەچۆنێتی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستەکان، دەقەکان بە دوو شێواز لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتوون، تا ئاستی شانەکان لە فەرمودەی هاوبەشی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)[١]، وە تا ئاستی نەرمایی گوێکانی (واتە: سەری پەنجەکانی تا ئاستی سەرەوەی گوێی بێت و پەنجە کەڵەی لەئاستی نەرمایی گوێی بێت) لەلای موسلیم هاتووە، لەفەرمودەی مالیکی کوڕی حوەیریس (خوا لێی ڕازی بێ)[٢]، جا واچاکە نوێژخوێن هەرجارەی یەکێکیان بکات.

٤/ سوننەتە نوێژخوێن دوای ئەڵاهوئەکبەرکردنی نوێژ دابەستن دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دابنێت:

کە ئەمەش بە کۆڕای زانایانە، وەک ئیبنو هوبەیرە (بەڕەحمەت بێ) ئەمەی بۆ گواستوینەتەوە[٣]، کە لەدوایدا بەڵگەکانی دێت.

٥/ سوننەتە بەدەستی ڕاستی دەستی چەپی بگرێت:

جا سەبارەت بە چۆنێتی دەستی ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ دوو جۆری هەیە، واچاکە نوێژخوێن هەرجارەی یەکێکیان ئەنجام بدات:

چۆنێتی یەکەم: دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی، ئەمەش لەبەر فەرمودەی وائیلی کوڕی حوجر (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، إِذَا كَانَ قَائِمًا فِي الصَّلَاةِ قَبَضَ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ»[٤]، واتە:" پێغەمبەری خوام ﷺ

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٣٥)، ومسلم برقم (٣٩٠).

(٢) رواه مسلم برقم (٣٩١).

(٣) انظر: الإفصاح: ١/١٢٤.

(٤) رواه النسائي برقم (٨٨٧)، وصححه الألباني.

بینی دوای ئەڵاهوئەکبەرکردنی نوێژ دابەستن بەدەستی ڕاستی مەچەکی دەستی چەپی ئەگرت".

چوارێتی دووەم: دەستی ڕاستی بخاتە سەر باڵی چەپی، ئەمەش لەبەر فەرمودەی سەهلی کوڕی سەعد (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّاسُ يُؤْمَرُونَ أَنْ يَضَعَ الرَّجُلُ اليَدَ اليُمْنَى عَلَى ذِرَاعِهِ اليُسْرَى فِي الصَّلاَةِ»[1]، واتە:" خەڵکی فەرمانیان پێ ئەکرا کە دەستی ڕاست بخەنە سەر باڵ و قۆڵی چەپیان لەنوێژدا ".

جا نوێژخوێن جارێک دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی، و جارێکیش بیخاتە سەر قۆڵ و باسک و باڵی چەپی، بۆ ئەوەی بە هەمەچەشن سوننەت جێ بەجێ بکات.

٦/ سوننەتە نزای سەرەتای دەستپێکی نوێژ بخوێنێ (دعاء الإستفتاح):

نزای سەرەتای دەستپێکی نوێژ چەند شێوەیەکی هەیە، وا چاکە نوێژخوێن بە هەمەجۆر بیانخوێنێت، هەر جارەی شێوازێکیان بخوێنێ، ئەو شێوازانەی کە هاتوون ئەمانەن:

١- «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ وَتَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ»[2]، واتە: " خوایە پاکی و بێگەردی و ستایش شایستەی تۆیە و ناوی تۆ پیرۆزە فەڕو بەرەکەتی زۆرە و دەسەڵاتت بەرز و بڵندە و هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت بێجگە لەتۆ ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٤٠).

(٢) رواه أحمد برقم (١١٤٧٣)، وابو داود برقم (٧٧٦)، والترمذي برقم (٢٤٣)، والنسائي برقم (٩٠٠)، من حديث أبي سعيد رضي الله عنه، والحديث فيه مقال، وله طرق يتقوى بها، وقد حسنه الحافظ ابن حجر في (نتائج الأفكار: ١/٤١٢).

لەلای موسلیم هاتووە کە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) لەکاتی خوێندنی ئەم نزایەدا دەنگی بەرز ئەکردەوە، هەتا هاوەڵان فێر بکات (خوا لەهەموویان ڕازی بێ)[١].

ب- «الْحَمْدُ للهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ» ، واتە:" سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن سوپاسێکی زۆری پاک و بێگەردی بەفەڕ و پیرۆز بێت"، پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە خێر و چاکەی ئەم نزایە فەرموویەتی: «لَقَدْ رَأَيْتُ اثْنَيْ عَشَرَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا، أَيُّهُمْ يَرْفَعُهَا»[٢]، واتە:" کەتۆ ئەو وێردەت خوێند دوانزە فریشتەم بینی دەستپێشخەرییان بۆکرد هەتا کامیان بەرزی بکەنەوە ".

ج- «اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ، كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنَ الْخَطَايَاي كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلني مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَ الْمَاءِ وَالبَرَدِ»[٣]، واتە:" خوایە نێوان من و گوناهەکانم دوور بخەرەوە وەک چۆن ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات دوورخستۆتەوە لەیەکتری، خوایە لەگوناە و تاوانەکانم پاکم بکەرەوە وەک چۆن جل و بەرگی سپی لەچڵک و پیسی پاک ئەکرێتەوە، خوایە لەگوناهەکانم بمشۆرە بە بەفر و ئاو و تەرزە ".

د- «اللهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ للهِ كَثِيرًا، وَسُبْحَانَ اللهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا»، واتە:" خوا زۆر لەهەموو شتێک گەورەترە (یان:خوای پەروەردگار بەمەزن و شکۆدار ڕائەگرم بە پەرستش و یەکخواپەرستی و بەپاک و پیرۆز ڕاگرتنی)، زۆر سوپاس و ستایشێکی زۆر بۆ خوا کە شایستەی شکۆمەندی ئەو بێت، و پاکی و بێگەردی بۆ خوا لە بەیانیان و ئێواراندا "، پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە خێر و چاکەی ئەم نزایە

---

(١) رواه مسلم برقم (٣٩٩).

(٢) رواه مسلم برقم (٦٠٠)، من حديث أنس رضي الله عنه.

(٣) رواه البخاري برقم (٧٤٤)، ومسلم برقم (٥٩٨)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

فەرموویەتی: «عَجِبْتُ لَهَا، فُتِحَتْ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ»(١)، واتە:" مایەی سەرسوڕمانم بوو، هەموو دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە ".

هەروەها چەند ویردێکی تریش هەیە کە لەکاتی سوننەتەکانی هەستانی شەونوێژدا باسکران.

٧/ پەنابەخوا گرتن:

پەناگرتن بەخوا سوننەتە، جا سوننەت وایە بە هەمەجۆری شێوازەکانی پەناگرتن بەخوا بخوێنی ، هەر جارەی شێوازێکیان بخوێنی، ئەو شێوازانەی کە هاتوون ئەمانەن:

ا- (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)، واتە:" پەنا ئەگرم بەخوای پەروەردگار لەشەڕ و خراپەی شەیتانی نەفرین لێکراو "، کە ئەم شێوازەیان جەماوەری زانایان هەڵیان بژاردووە و پەسەندیان کردووە (ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت)، ئەمەش لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ ﴾ النحل: ٩٨، واتە:{ کە ویستت قورئانی پیرۆز بخوێنی ئەوا پەنا بگرە بەخوای گەورە لەشەیتانی ڕەجمکراو و دوورخراو لە ڕەحمی خوا}.

ب- (أعوذ بالله السَّميع العليم من الشَّيطان الرَّجيم)، ئەمەش لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾ فصلت: ٣٦، واتە:{ ئەگەر لەلایەن شەیتانیشەوە وەسوەسەیەکت بۆ دروست بوو ئەوا پەنابگرە بەخوای گەورە بەڕاستی خوای گەورە زۆر بیسەر و زانایەو پەنات ئەدات و ئەتپارێزێت لەشەیتان }.

---

(١) رواه مسلم برقم (٦٠٠)، من حديث ابن عمر رضي الله عنه.

٨/ بیسمیلا کردن: خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحيم):

سوننەت وایە دوای پەنا بەخوا گرتن (بسم الله) بکرێت، و بڵێیت (بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەمەش لەبەر فەرموودەی نوعەیمی موجمیر(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «صَلَّيتُ وراءَ أبي هُريرة ﷺ ، فقرأَ: بِسْمِ الله الرَّحمنِ الرَّحيمِ، ثُمَّ قرأَ بأُمِّ القُرآن ... »، وفيه: « والَّذِي نفسي بيده، إني لأَشْبَهُكُم صَلاةً بِرَسُولِ الله ﷺ »[١]، واتە:" لەدوای ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) نوێژم کرد، (بسم الله الرحمن الرحيم) ی خوێند، پاشان سورەتی فاتیحای خوێند..."، فەرموودەکە ئەمەشی تیایە:" سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە، نوێژی من لە هەموتان زیاتر لە نوێژی پێغەمبەر ﷺ ئەچێت " .

بەڵام ئەوەی کە خوێندنی بەسمەلە لەواجبێتی ئەترازێنێ: فەرموودەی ئەو پیاوەیە کەنوێژەکەی بەخراپی کرد (المسيء الصلاة)*، پێغەمبەری خوا ﷺ نەهات بەسمەلە فێری ئەو پیاوە بکات کە نوێژەکەی بەخراپی کرد، بەڵکو ڕێنوێنی کرد بۆ خوێندنی سورەتی فاتیحا، وەک لە فەرموودەی ئەبی هورەیرەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە بوخاری و موسلیم بە هاوبەشی هێناویانە[٢].

٩/ ئامین کردن لەگەڵ پێشنوێژدا:

ئەمەش کاتێک ئەبێت کە پێشنوێژ سورەتی فاتیحا بە ئاشکرا ئەخوێنێت، جا لەو کاتەدا سوننەتە بۆ هەموو ئەوانەی لەدوایەوەن دوای ئەوەی پێشنوێژ ئامین ئەکات ئەوانیش لەدوایەوە بڵێن ئامین، لەبەر فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی

---

(١) رواه النسائي برقم (٩٠٦)، وابن خزيمة وصححه (٢٥١/١)، قال الدارطني: هذا حديث صحيح، ورواته كلهم ثقات (السنن: ٤٦/٢).

* نابێ بوترێ (المسيء الصلاة) بەڵکو ئەبێ بوترێ: ئەو پیاوەی کە نەینەزانی بەجوانی نوێژ بکات (حديث الرجل الذي كان لايحسن الصلاة)، چونکە کابرا هیچ خراپەیەکی نەبووە تا وای پێ بوترێت بەڵکو تەنها ئەوە بووە کە نەیزانیوە بەجوانی نوێژ بکات، ئەمەش پێشەوا شافعی بەرەحمەت بێ لەکتێبی (الأم)دا هێناویەتی وەک شێخ صالح عوصەیمی لە یەکێک لەوانەکانیدا باسی کرد – وەرگێڕ – .

(٢) رواه البخاري برقم (٧٥٧)، ومسلم برقم (٣٩٧).

ڕازی بێ) کە وتوویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا أَمَّنَ الإِمَامُ، فَأَمِّنُوا، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلاَئِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»[١]، واتە:" کاتێ پێشنوێژ وتی ئامین، ئێوەش بەدوایدا ئامین بکەن، چونکە هەرکەسێ ئامین کردنەکەی لەگەڵ ئامین کردنی فریشتەکاندا هاوکات بێت ئەوا خوای گەورە لەگوناهی ڕابوردووی خۆش ئەبێت"، ئامینیش واتە: خوایە نزاو پاڕانەوەکەم لێ وەربگرە.

١٠/ خوێندنی قورئان لەدوای فاتیحاوە:

خوێندنی قورئان لە ڕکاتی یەکەم و دووەمدا لەدوای خوێندنی سورەتی فاتیحا سوننەتە، کە ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، لەبەر فەرموودەی ئەبی قەتادە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ مِنْ صَلاَةِ الظُّهْرِ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ، وَسُورَتَيْنِ يُطَوِّلُ فِي الأُولَى، وَيُقَصِّرُ فِي الثَّانِيَةِ ...»[٢]، واتە:" پێغەمبەر ﷺ لە دوو ڕکاتی یەکەمی نوێژی نیوەڕۆدا فاتیحا و دوو سورەتی تری ئەخوێند، یەکەمی درێژ ئەکردەوە، و دووەمی کورتتر ئەخوێند...".

هەروەها فەرمایشتی پەیامبەر ﷺ کە فەرموویەتی: «لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ»[٣]، واتە:" هەرکەسێ لەنوێژەکەیدا سورەتی فاتیحا نەخوێنێ نوێژی بۆنییە".

ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێ تێئەگەین کە تەنیا خوێندنی فاتیحا بەس بێت و پێویست بەخوێندنی سورەتی تر ناکات لەدوایەوە، بەڵام ئەوانەی لەدوای پێشنوێژەوە نوێژ ئەکەن لەنوێژە ئاشکراکاندا لەدوای خوێندنی فاتیحا هیچی تر ناخوێنن بەڵکو تەنیا گوێ لەقورئان خوێندنی پێشنوێژەکە ئەگرن.

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٨٠)، ومسلم برقم (٤١٠).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٥٩)، ومسلم برقم (٤٥١).

(٣) رواه البخاري برقم (٧٥٦)، ومسلم برقم (٣٩٤).

ئیبنو قودامە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" نازانین لەنێو زانایاندا ڕاجیایی هەبێت لەسەر ئەوەی کە سوننەتە لەدوای خوێندنی فاتیحا لە دوو ڕکاتی یەکەمی هەموو نوێژێکدا قورئانی تر بخوێنرێت"(١).

سێیەم: لەکاتی چەمینەوەدا سوننەتە ئەمانەی لای خوارەوە ئەنجام بدرێ:

١/ سوننەتە دەست بخرێتە سەر ئەژنۆکان و کڵاوەی ئەژنۆ بگیرێت و نێوانی پەنجەکان بڵاوبێت:

ئەمەش لەبەر فەرمودەی ئەبی حومەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَا كُنْتُ أَحْفَظَكُمْ لِصَلاَةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ «رَأَيْتُهُ إِذَا كَبَّرَ جَعَلَ يَدَيْهِ حِذَاءَ مَنْكِبَيْهِ، وَإِذَا رَكَعَ أَمْكَنَ يَدَيْهِ مِنْ رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ هَصَرَ ظَهْرَهُ...»(٢)، واتە: من لە هەمووتان زیاتر ئاگادار و شارەزاترم بە نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ:" بینیم کاتێ ئەڵاهوئەکبەری کرد بۆ نوێژ دابەستن هەردوو دەستی بەرز ئەکردەوە تا ئاستی شانەکانی، وە کاتێ ئەچەمیەوە دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی جێگیر ئەکرد، پاشان پشتی ڕێک و ڕاست و تەخت ئەکردەوە ...", هەروەها لە فەرمودەی ئەبی مەسعوددا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە: « وَفَرَّجَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ مِنْ وَرَاءِ رُكْبَتَيْهِ»(٣)، واتە:" پەنجەکانی دەستی بەکراوەیی و لێکجیایی لەخوار ئەژنۆکانی دائەنا (واتە: لەپی دەستی لەسەر کڵاوەی ئەژنۆی دائەنا و پەنجەکانی لەخوار کڵاوەی ئەژنۆیەوە)".

---

(١) السنن: ٥٦٨/١.

(٢) رواه البخاري برقم (٨٢٨).

(٣) رواه أحمد برقم (١٧٠٨١)، وأبو داود برقم (٨٦٣)، والنسائي برقم (١٠٣٨)، بسند حسن، وله شاهد من حديث وائل بن حجر، عند ابن خزيمة (٥٩٤).

٢/ سوننەت وایە ئەوەی کە ئەچەمێتەوە پشتی بەرێکی درێژ بکات:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی حومەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « وَإِذَا رَكَعَ أَمْكَنَ يَدَيْهِ مِنْ رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ هَصَرَ ظَهْرَهُ...»[١]، واتە:" وە کاتێ ئەچەمیەوە دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی جێگیر ئەکرد، پاشان پشتی ڕێک و ڕاست و تەخت ئەکرد...."، واتە پشتی کوڕ نەئەکرد و نەیئەچەمانەوە و بەڕێکی ڕایئەگرت.

هەروەها سوننەتە سەری لەئاستی پشتیدا بێت، نە بەرزی بکاتەوە و نە نزمی بکاتەوە، لەبەر فەرموودەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە لای پێشەوا موسلیمە، کە تیایدا لە پەسنی چەمینەوەی پێغەمبەری خوادا ﷺ وتوویەتی: « وَكَانَ إِذَا رَكَعَ لَمْ يُشْخِصْ رَأْسَهُ، وَلَمْ يُصَوِّبْهُ وَلَكِنْ بَيْنَ ذَلِكَ »[٢]، واتە:" کاتێ ئەچەمیەوە نە سەری بەرز ئەکردەوە، و نە زۆر نزمی ئەکردەوە، بەڵکو لەو نێوانەدا بوو بەڕێکی ".

٣/ سوننەتە نوێژخوێن لەکاتی چەمینەوەدا ئانیشکەکانی لەلا کەلەکەی دووربخاتەوە:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێ) کە تیایدا هاتووە: «ثُمَّ رَكَعَ وَجَافَى يَدَيْهِ وَوَضَعَ يَدَيْهِ عَلَى رُكْبَتَيْهِ وَفَرَّجَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ...، ثُمَّ قَالَ هَكَذَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يُصَلِّي»[٣]، واتە:" ئینجا چەمیەوە و ئانیشکەکانی لەلا کەلەکەی دوور ئەخستەوە و لەپەکانی دەستی لەسەر کڵاوەی ئەژنۆکانی دانا و پەنجەکانی دەستی لێک جیائەکردەوە...، پاشان وتی: پێغەمبەری خوام ﷺ بەو جۆرە بینی نوێژی ئەکرد".

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٢٨).

(٢) رواه مسلم برقم (٤٩٨).

(٣) رواه أحمد برقم (١٧٠٨١)، وأبو داود برقم (٨٦٣)، والنسائي برقم (١٠٣٨).

بەڵام بەو مەرجەی ئەم ئانیشک دوورخستنەوەیە ئەزیەتی ئەوەی تەنیشتی نەدات، چونکە دروست نییە بۆ نوێژخوێنانی تری پێ ئەزیەت بدات و ناڕەحەتیان بکات.

پێشەوا نەواوی (بەڕحمەت بێ) سەبارەت بە ئانیشک دوورخستنەوە وتوویەتی:" من نازانم سەبارەت بە چاکێتی ئانیشک دوورخستنەوە هیچ جیاوازیەک هەبێت لەنێوان هیچ زانایەکدا، وە پێشەوا تیرمزی ڕای زانایانی بەڕەهایی سەبارەت بە چاکێتی ئەمەی لە کڕنوش بردن و سوژدە بردندا گواستۆتەوە "[1].

٤/ سوننەتە ئەو ویردانە بخوێنێ کە سەبارەت بە چەمینەوە هاتوون:

سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کە ئەچەمێتەوە لەگەڵ وتنی (سبحان ربي العظيم) ویردی تریش هەیە کە سەبارەت بە چەمینەوە هاتوون بیانخوێنێ، لەوانە:

ا- « سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي »[2]، واتە:" ئەی خودای پەروەردگارمان پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆتۆیە، دەسا خوایە لەگوناهاکانم خۆشبە".

ب- « سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ »[3]، واتە:" پاکی و بێگەردی و بێ کەموکورتی لە هەموو نەنگی و ناتەواوی و هاوتایەک بۆ پەروەردگار و بەدیهێنەری فریشتەکان و جیبریل (یان گیانی هەرچی بەدیهێنراوەکان هەیە) ".

ج- «اللهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي، وَبَصَرِي، وَمُخِّي، وَعَظْمِي، وَعَصَبِي»[4]، واتە:" خوایە بۆ تۆ چەمیمەوە، و باوەڕم بەتۆ هێناوە، و

---

(١) انظر: (المجموع:٣/٤١٠).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٩٤)، ومسلم برقم (٤٨٤)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

(٣) رواه مسلم برقم (٤٨٧)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

(٤) رواه مسلم برقم (٧٧١)، من حديث علي رضي الله عنه.

تەسلیمی تۆ بووم، بیستن و بینینم و مۆخ و ئێسک و دەمارم مل کەچ و گوێڕایەڵی تۆ بوون ".

د- « سُبْحَانَ ذِي الْجَبَرُوتِ وَالْمَلَكُوتِ وَالْكِبْرِيَاءِ وَالْعَظَمَةِ »(١)، واتە:" پاک و بێگەردە ئەو خوایەی خاوەن هێز و دەسەڵاتی ڕەهایە بەجۆرێک کە ویستی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و خاوەن مولکی تەواو و گەورەیی و مەزنێتی یە ".

جا سوننەتە بۆ هەر موسڵمانێک کە چەندێکی لە توانادایە لەکاتی چەمینەوەیدا لەم ویردانە بخوێنێ، کە سوننەت وایە لەکاتی چەمینەوەیدا خوای بەرز و بڵند بەمەزن ڕابگرێ، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ، وەک لە فەرموودەی ئیبنو عەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە فەرموویەتی: « فَأَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ سُبْحَانَهُ وَ تَعَالَى »(٢)، واتە:" لە چەمینەوەدا پەروەردگاری پاک و بێگەرد و بەرز و بڵند بە مەزن ڕابگرن".

بۆیە چاک وایە مرۆڤی موسڵمان پابەند بێت بەو بێژە و دەقانەی کە لەپێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاونەتەوە، وەک ئەو دەقانەی کە لەسەرەوە هێنامان *.

چوارەم: سەرپەرزکردنەوە لە چەمینەوەدا، کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت:

١/ درێژکردنەوەی ئەم ڕوکنە:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی سابتی بوننانی، لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « إِنِّي لَا آلُو أَنْ أُصَلِّيَ بِكُمْ كَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يُصَلِّي بِنَا، قَالَ: فَكَانَ أَنَسٌ

---

(١) رواه أحمد برقم (٢٣٤١١)، وأبو داود برقم (٨٧٣)، والنسائي برقم (١٠٥٠)، من حديث عوف بن مالك رضي الله عنه، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود: ٢٤/٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٤٧٩).

* واتە: هیچ موسڵمانێک پرکێشی ئەوە نەکات بێت لەخۆیەوە شتێک بخوێنێت و دابهێنێت کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەهاتبێت - وەرگێڕ -.

يَصْنَعُ شَيْئًا لَا أَرَاكُمْ تَصْنَعُونَهُ، كَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ انْتَصَبَ قَائِمًا، حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ قَدْ نَسِيَ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجْدَةِ مَكَثَ، حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ قَدْ نَسِيَ »[١]، واتە:" من هیچ کەمتەرخەمی ناکەم لەوەی نوێژتان پێ بکەم وەکو چۆن پێغەمبەرم ﷺ بینیوە نوێژی بەئێمە ئەکرد، (سابت) کە گێڕەرەوەی فەرمووەکەیە ئەڵێ: ئەنەس شتێکی ئەکرد من نەمدیوە ئێوە بیکەن، ئەو کاتێ سەری لە کڕنوش بەرز ئەکردەوە ئەوەندە ئەوەستاو درێژی ئەکردەوە، ڕەنگە کەسێک بیوتایە لەوانەیە لەبیری چووبێت و کاتێ لە سوژدە بردن سەری بەرز ئەکردەوە ئەوەندە ئەمایەوە و دانەنیشت، ڕەنگە کەسێک بیوتایە لەوانەیە لەبیری چووبێت ".

٢/ هەمەجۆری لە وتنی شێوازەکانی: (رَبَّنَا لَكَ الْحَمْد) لەنێوان ئەمانەی خوارەوەدا:

ا- « اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ »[٢]، واتە:" ئەی خوای پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ ".

ب- « اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ »[٣].

ج - « رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ »[٤]، واتە:" پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ ".

د - « رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ »[٥].

هەرجارەی یەکێکیان بخوێنە بە هەمەجۆری.

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٢١)، ومسلم برقم (٤٧٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٩٥)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٣) رواه البخاري برقم (٧٩٦)، ومسلم برقم (٤٠٤)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٤) رواه البخاري برقم (٧٩٩)، ومسلم برقم (٤١١)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

(٥) رواه البخاري برقم (٧٢٢)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

٣/ سوننەتە دوای سەربەرز کردنەوە لە کرنووش ئەو وێردانە بخوێنرێت کە لە فەرموودەدا هاتوون وەک ئەمانەی لای خوارەوە:

ا- « رَبَّنا لَكَ الحَمدُ مِلءُ السَّماواتِ وَالأَرضِ، وَمِلءُ مَا شِئتَ مِن شَيءٍ بَعدُ، أَهلَ الثَّناءِ وَالمَجدِ، أَحَقُّ مَا قَالَ العَبدُ، وَكُلُّنا لَكَ عَبْدٌ: اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيتَ، وَلَا مُعطِيَ لِمَا مَنَعتَ، وَلَا يَنفَعُ ذَا الجَدِّ مِنكَ الجَدُّ »[1]، واتە:" ئەی خوای پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ پڕ بەئاسمانەکان و پڕ بەزەوی و پڕ بەنێوانیان و پڕ بە هەرشتێک کە ویست و ئارەزووی خۆتی لەسەرە، ئەی خاوەنی ستایش و پایە بەرزی، پەواتربێ لەوەی کە بەندەکەت ئەیڵێ و هەمووشمان هەر بەندەی تۆین، خوایە هیچ رێگرێک نیە بۆ ئەو شتەی کە تۆ ئەیبەخشی، و هیچ بەخشەرێکیش نیە بۆ ئەو شتەی کە تۆ ئەیگریتەوە، و هیچ خاوەن ماڵ و سامان و دەوڵەمەندی و پلەو پایەیەک ماڵ و منداڵ و پلە و پایەکەی کەڵکی پێ ناگەیەنێ و دەربازی ناکا لەتۆ ".

ب- «الْحَمْدُ للهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ »، واتە:" سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن سوپاسێکی زۆری پاک و بێگەردی بەفەڕ و پیرۆز بێت"، پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە خێر و چاکەی ئەم نزایە فەرموویەتی: «لَقَدْ رَأَيْتُ اثْنَيْ عَشَرَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا، أَيُّهُمْ يَرْفَعُهَا»[2]، واتە:" کە تۆ ئەو وێردەت خوێند دوانزە فریشتەم بینی دەستپێشکەرییان بۆ کرد هەتا کامیان بەرزی بکەنەوە ".

ئەم فەرموودەیە پێشەوا بوخاری لە فەرموودەی ڕیفاعەی کوڕی ڕافیعەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، و پێشەوا موسلیمیش لە فەرموودەی ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە.

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٧٧).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٠٠)، ومسلم برقم (٧٩٩).

ج- « اللَّهُمَّ طَهِّرْنِي بالثَّلْجِ وَالبَرَدِ، وَالمَاءِ البَارِدِ اللَّهُمَّ طَهِّرْنِي مِنَ الذُّنُوبِ وَالخَطَايا، كَما يُنقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الوَسَخِ»[1]، واتە:" خوایە لە تاوانەکانم پاکم بکەرەوە و بمشۆرە بە بەفر و تەرزە و ئاوی سارد، خوایە لەتاوانەکانم پاکم بکەرەوە، هەروەک چۆن جل و بەرگی سپی لەچڵک و پیسی پاک ئەکرێتەوە ".

ئەم زیادەیە لە فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا موسلیم .

جا ئەگەر هاتو موسڵمان بێت ئەم ویردانە بخوێنێت ئەتوانێ ئەم ڕوکنە دروژ بکاتەوە .

پێنجەم: سوژدەبردن: کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت:

١/ سوننەتە بۆ کەسی سوژدەبەر بااڵەکانی لەلا تەنیشت و سک و ڕانی دوور بخاتەوە:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی بوحەینە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا صَلَّى فَرَّجَ بَيْنَ يَدَيْهِ حَتَّى يَبْدُوَ بَيَاضُ إِبْطَيْهِ»[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ سوژدەی ببردایە هەردوو قۆڵی لەبن باڵ و لاکانی دوور ئەخستەوە هەتا سپایی بن باڵی دەرئەکەوت ".

هەروەها فەرموودەی مەیمونە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا سَجَدَ لَوْ شَاءَتْ بَهْمَةٌ أَنْ تَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ لَمَرَّتْ»[3]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ سوژدەی ئەبرد ئەگەر بەرخێک بیوویستایە ئەیتوانی بەژێر باڵیدا بڕوات ".

کە لەمەشدا زیادەڕەوی دەرئەخات لەبڵاوکردنەوەی باڵەکان و دوورخستنەوەیان لەلاکانی، کە سوننەت وایە بەمەرجێ ئازار و ئەزیەتی بۆ

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٧٦).

(٢) رواه البخاري برقم (٣٩٠)، ومسلم برقم (٤٩٥).

(٣) رواه مسلم برقم (٤٩٦).

دەوروبەری نەبێت، وەک چۆن پێشتر لەکاتی چەمینەوەدا باسی دوورخستنەوەی باڵەکانمان کرد.

هەروەها سوننەت وایە کاتێ نوێژخوێن سوژدە ئەبات هەردوو ڕانی لەیەکتر دوورببخاتەوە و جوتیان نەکات، و سکی نەخاتە سەر ڕانەکانی، بەڵکو هەردوو ڕانی لەسکی دوورببخاتەوە، ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئەبی حومەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەباسی چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ وتوویەتی: « وإذا سجدَ فَرَّجَ بين فَخِذَيهِ غيرَ حامِلٍ بطنَه على شيءٍ من فَخِذَيهِ »[1]، واتە:" کاتێ سوژدەی ئەبرد هەردوو ڕانی ئەکردنەوە بێ ئەوەی سکی لەسەر هیچ شوێنێکی ڕانی دابنێت ".

پێشەوا شەوکانی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەم فەرمووەیە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی بڵاوکردنەوەی ڕانەکان و بەرزکردنەوەی سک لەسەریان لەکاتی سوژدەبردندا، کە هیچ ناکۆکی ڕاجیاییەک نییە لەنێوان زانایاندا لەسەر ئەمە "[2].

٢/ سوننەتە بۆ کەسی سوژدەبەر سەری پەنجەکانی پێی بەرەو ڕووگە (قیبلە) بێت:

ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئەبی حومەید (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی من لە هەموواتان زیاتر ئاگادار و شارەزاترم بە نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ کە تیایدا وتوویەتی: «فَإِذَا سَجَدَ وَضَعَ يَدَيْهِ غَيْرَ مُفْتَرِشٍ وَلاَ قَابِضِهِمَا، وَاسْتَقْبَلَ بِأَطْرَافِ أَصَابِعِ رِجْلَيْهِ القِبْلَةَ »[3]، واتە:" کاتێ سوژدەی ئەبرد دەستەکانی بەجۆرێک دانەنا نە ڕای ئەخستن و نە ئەی نووقاندن و سەری پەنجەکانی هەردوو پێی بەرەو ڕووگە ئەکرد ".

بەڵام پەنجەکانی دەست لەکاتی سوژدەدا ئەوا سوننەت وایە کە جووت بێت و ڕووەو قیبلە بێت، وەک جێگیر بووە لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)

---

(١) رواه أبو داود برقم (٧٣٥)، کە ئەم کارەش سوننەتە بەکۆڕای زانایان وەک شەوکانی و جگە لەویش ئەم ڕایەیان گواستۆتەوە.

(٢) نيل الأوطار: ٢/٢٥٧.

(٣) رواه البخاري برقم (٨٢٨).

لەپەرتوکی (موطأ)ی پێشەوا مالیک، هەروەها لە پەرتوکی (مصنف ابن أبي شيبة)دا لە حەفصی کوڕی عاصمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: «مِنَ السُّنَّةِ فِي الصَّلَاةِ أَنْ يَبْسِطَ كَفَّيْهِ وَيَضُمَّ أَصَابِعَهُ وَيُوَجِّهُهُمَا مَعَ وَجْهِهِ إِلَى الْقِبْلَةِ»(١)، واتە:" سوننەت وایە لەنوێژدا لەپی دەستەکانی ڕابخات و پەنجەکانی بنوسێنێت بەیەکەوە و لەگەڵ دەم و چاویدا ڕوویان بکاتە قیبلە ".

٣/ سوننەت وایە ئەو وێردانە بخوێنێت کە سەبارەت بە سووژدە هاتوون:

سوننەت وایە بۆ کەسی سوژدەبەر کە لەگەڵ (سُبْحانَ رَبِّيَ الأَعلَى)دا وێردی تریش بخوێنێت کە سەبارەت بە سوژدە هاتوون، وەک ئەمانەی خوارەوە:

ا- «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي »(٢)، واتە:" ئەی خودای پەروەردگارمان پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆتۆیە، دەسا خوایە لەگوناهەکانم خۆشبە".

ب- «سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ»(٣)، واتە:" پاکی و بێگەردی و بێ کەموکورتی لە هەموو نەنگی و ناتەواوی و هاوتایەک بۆ پەروەردگار و بەدیهێنەری فریشتەکان و جیبریل (یان گیانی هەرچی بەدیهێنراوەکان هەیە) ".

ج- «اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَصَوَّرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الخَالِقِينَ»(٤)، واتە:" خوایە بۆ تۆ سوژدەم بردووە، و بەتۆ باوەڕم هێناوە، و خۆم بە تۆ سپاردووە، و ڕووم سوژدەی برد بۆ

---

(١) انظر: (مصنف ابن أبي شيبة:١/٢٣٦)، وله شاهد من حديث وائل بن حجر: "أنَّ النبي؟ كان إذا سجدَ ضمَّ أصابعه"، وحسنه الهيثمي في (مجمع الزوائد:٢/١٣٥).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٩٤)، ومسلم برقم (٤٨٤)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

(٣) رواه مسلم برقم (٤٨٧)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

(٤) رواه مسلم برقم (٧٧١)، من حديث علي رضي الله عنه.

ئەو زاتەی کە بەدیهێناوە و وێنەی کێشاوە بەجوانترین شێوە، و بیستن و بینینی تیا بەدیهێناوە، بەرز و بڵند و مەزنە ئەو خوایەی فەڕ و بەرەکەتی زۆرە،کە چاکترین بەدیهێنەرە ".

د - «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ، وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلانِيَتَهُ وَسِرَّهُ»[1]، واتە:" خوایە لە هەموو گوناهو تاوانەکانم ببورە، لە بچووک و گەورەیان، لە سەرەتا و کۆتاییان، لە ئاشکرا و نهێنیان ".

هـ - «اللَّهُمَّ أَعوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعوذُ بِكَ مِنْكَ لا أُحْصِي ثَناءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَما أَثْنَيتَ عَلَى نَفْسِكَ»[2]، واتە:" خوایە پەنا ئەگرم بەڕەزامەندیت لەوەی لێی ناڕازیت و تووڕەت ئەکات، و پەنا ئەگرم بە لێبوردەیت لە تۆڵە و سزاکانت، و پەنا ئەگرم بە تۆ لەخۆت (چونکە هیچ دەرووێەک نییە بۆ دەرباز بوون لە خوا مەگەر گەڕانەوە نەبێت بۆ لای)، ستایشی تۆ بێ سنور و بێ کۆتایە هەرچەندە هەوڵیش بدەم ستایشت بکەم، چونکە تۆ هەر بەو شێوەیەی کە ستایشی خۆتت کردوە (ستایشی هیچ کەسێ ناگاتە ئاستی ئەو ستایشەی کە خۆت پێ پەسن کردووە)".

سوننەت وایە هەر جارەی یەکێک لەم وێردانە بخوێنێت لە سوژدەدا بە هەمەچەشنی، جا ئەوەی زانراو و ئاشکرایە واجبە لە چەمینەوەدا یەک جار بڵێیت (سُبْحانَ رَبِّيَ العَظِيم) لەوە زیاتر سوونەتە.

بەهەمان شێوە لە سوژدەشدا یەک جار واجبە بڵێیت (سُبْحانَ رَبِّيَ الأَعلَى) لەوە زیاتر سوونەتە.

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٨٣)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٢) رواه مسلم برقم (٤٨٦)، من حديث عائشة رضي الله عنها.

٤/ سوننەت وایە لەسوژدەدا نزا و پاڕانەوە زۆر بکرێت:

چونکە سوژدە بردن نزیکترین شوێنە بۆ بەندە کە لە پەروەردگاری بەرز و بڵندیەوە نزیک بێت، هەر بۆیە سوننەتە نزا و پاڕانەوەی زۆری تیابکرێت، لەبەر فەرمایشتی پەیامبەری ئازیز ﷺ وەک لە فەرمووەدەی ئیبنو عەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا موسلیم کە فەرموویەتی: « وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجتَهِدُوا فِي الدُّعاءِ، فَقَمِنٌ أَن يُستَجَابَ لَكُم»[1]، واتە:" وە لەسوژدەشدا کۆشش بکەن لەنزاکردن و زۆر بپاڕێنەوە، چونکە بەو شێوەیە شایانی ئەوەیە لێتان وەربگیرێت ".

شەشەم: سوننەتەکانی دانیشتنی نێوان دوو سوژدەکە:

١/ سوننەت وایە نوێژخوێن قاچی چەپی ڕابخات و لەسەری دابنیشێت، و قاچی ڕاستی بچەقێنێت:

ئەمەش لەبەر فەرمووەدەی ئەبی حومەیدی ساعیدی (خوا لێی ڕازی بێ) کە بە مەرفوعی هاتووە و ئەوەی تیایە کە فەرموویەتی: « فَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ جَلَسَ عَلَى رِجْلِهِ اليُسْرَى، وَنَصَبَ اليُمْنَى»[2]، واتە:" وە کاتێ لەنێوان دوو ڕکاتدا دانەنیشت لەسەر قاچی چەپی دانەنیشت، و قاچی ڕاستی هەڵنەنا و ئەیچەقاند بەزەویدا ".

٢/ پێویستە ئەم ڕوکنە درێژ بکرێتەوە:

ئەمەش لەبەر فەرمووەکەی سابتی بوننانی (خوا لێی ڕازی بێ) کە پێشتر باسمانکرد.

---

(١) رواه مسلم برقم (٤٧٩).

(٢) رواه البخاري برقم (٨٢٨).

٣/ سوننەتە بۆ ئەو کەسەی ئەیەوێت هەڵسێتەوە بۆ هەر ڕکاتێک بێت جا دووەم ڕکات بێت یان چوارەم ڕکات، ئەوا تۆزێک دابنیشێت و پشوویەک بدات پێش ئەوەی هەڵسێتەوە:

ئەمەش پێی ئەوترێت (جلسة الإستراحة) واتە: دانیشتنی حەوانەوە یان پشووە دانیشتن، کە هیچ ویردێکی دیاریکراوی لەبارەوە نەهاتووە، وە ئەم دانیشتنە بە سێ فەرموودە جێگیر بووە:

* فەرموودەی مالیکی کوڕی حوەیریس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ ﷺ يُصَلِّي، فَإِذَا كَانَ فِي وِتْرٍ مِنْ صَلاَتِهِ لَمْ يَنْهَضْ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَاعِدًا»[١]، واتە:" پێغەمبەری خوای ﷺ بینیوە کە نوێژی ئەکرد، جا کاتێ لە سوژدەی ڕکاتی یەکەم یان سێ یەم ئەبۆوە بۆ ڕکاتی دووەم یان چوارەم هەڵنەئەسایەوە هەتا پشوویەکی کەمی نەدایە".

مالیکی کوڕی حوەیریسیش (خوا لێی ڕازی بێ) ئەو هاوەڵە بەڕێزەیە کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری بۆ گێڕاوینەتەوە کە فەرمووی: «صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي»[٢]، واتە:" نوێژ بکەن هەروەک چۆن منتان بینیوە نوێژ ئەکەم ".

* فەرموودەی ئەبی حومەیدی ساعیدی (خوا لێی ڕازی بێ) کە پێشەوا ئەحمەد و ئەبو داود گێڕاویانەتەوە و شێخ عەبدولعەزیز بن بازیش (بەڕەحمەت بێ) ڕشتەی فەرموودەکەی بە باش داناوە (جَوَّدَ إِسْنَادَه)، وە لە فەرموودەکەدا ئەبی حومەید هاتووە پەسنی چۆنێتی نوێژی کردووە - کە باسی دانیشتنی حەوانەوەی تیادا هاتووە - کە دە هاوەڵی لەلابووە (خوا لێیان ڕازی بێ) و هەموشیان بەڕاستیان داناوە، کە ئەمەش جەخت لەسەر سوننەت بوونی ئەکات[٣].

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٢٣).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٣١).

(٣) رواه أحمد (٤٢٤/٥)، وأبو داود (٤٦٧/١).

لە پەرتوکی (الشرح الکبیر)دا وتوویەتی: ئەمەش فەرمووەیەکی ڕاست و دروستە و پێویستە ئیشی پێ بکرێت[١].

ناکۆکی هەیە لەنێوان زانایاندا سەبارەت بە سوننەت بوونی دانیشتنی حەوانەوە، بەڵام ڕای ڕاست و دروست و پێکەر ئەوەیە کە بەڕەهایی کارێکی سوننەتە، ئەویش لەبەر فەرمووەی مالیک و ئەبی حومەید (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابورد و باسمانکرد، وە لەو زانایانەی کە بەڕەهایی زاڵێتی سوننەت بوونی ئەمەیان داوە: نەواوی، و شەوکانی، و ئیبنوباز، و ئەلبانیە (ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ)، هەروەها لیژنەی هەمیشەیی لێکۆڵینەوەی زانستی و فتوادانیش[٢].

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" هەر ئەمە ڕای ڕاست و دروست و پێکەرە کە فەرمووەی ڕاست و دروستی لەبارەوە هاتووە و جێگیر بووە "[٣].

حەوتەم: ئەو سوننەتانەی کە سەبارەت بە تەحیات هاتوون:

١/ سوننەت وایە نوێژخوێن لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا قاچی چەپی ڕابخات و قاچی ڕاستی بچەقێنێت و هەڵیبنێ:

کە ئەم چۆنێتیەش ئەبێ نوێژخوێن ئەنجامی بدات دوای ئەوەی کە ڕکاتی دووەمی تەواو کرد بە چەمینەوە، و سوژدەبردن، و هەستانەوە، و دانیشتنیەوە، جا چونیەکە ئەگەر نوێژی چوار ڕکاتی، یان سێ ڕکاتی، یان دوو ڕکاتی بێت، لەهەر دانیشتنێکی ڕکاتی دووەم بۆ خوێندنی تەحیات ئەبێ بەم جۆرە بێت، لەبەر فەرمووەی ئەبی حومەید (خوا لێی ڕازی بێ) کە بەمەڕفوعی هاتووە، ئەمەی تیایە: « فَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ جَلَسَ عَلَى رِجْلِهِ اليُسْرَى، وَنَصَبَ اليُمْنَى »[٤]، واتە:" جا کاتێ

---

(١) الشرح الکبیر: ٥٣٧/٣.

(٢) انظر: فتاوى ومقالات متنوعة: ٩٩/١١، وفتاوى اللجنة الدائمة:٤٤٥/٦-٤٤٦.

(٣) المجموع: ٤٤١/٣.

(٤) رواه البخاري برقم (٨٢٨).

لەنێوان دوو ڕکاتدا دانەنیشت لەسەر قاچی چەپی دانەنیشت، و قاچی ڕاستی هەڵنەنا و ئەیچەقاند بەزەویدا ".

هەروەها فەرموودەی عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « وَكَانَ يَقُولُ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ التَّحِيَّة، وَكَانَ يَفْرشُ رِجْلَهُ اليُسرى وَيَنْصِبُ رِجْلَهُ اليُمْنَى »[1]، واتە:" وە لەهەموو دوو ڕکاتێکدا تەحیاتی ئەخوێند، قاچی چەپی ڕائەخست و قاچی ڕاستی ئەچەقاند و ڕایئەگرت ".

بەڵام خوێندنی تەحیاتی کۆتایی لە نوێژە چوار ڕکاتی و سێ ڕکاتیەکاندا ، ئەوا بە ویستی خوا لەدوایدا باسی چۆنیەتەکەی ئەکەین.

٢/ سوننەت وایە بە هەمەجۆری دەستی دابنێت لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا:

دانانی دەستەکان لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا دوو جۆری هەیە:

چۆنێتی یەکەم: دەستەکانی لەسەر ڕانەکانی دابنێت.

چۆنێتی دووەم: دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دابنێت، ئەویش بەو جۆرەی کە بە لەپی دەستی چەپی کڵاوەی ئەژنۆی چەپی بگرێت، بەڵام دەستی ڕاستی ئەوا دێت ئاماژەی پێ ئەکات ـ کە دوایی لێی ئەدوێین و ڕوونی ئەکەینەوە ـ .

بەڵام دەستی چەپ ئەوا هەمیشە کراوە ئەبێت، جارێک لەسەر ڕانی دایئەنێت، و جارێکیش ئەژنۆی پێ ئەگرێت.

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ - أي: النبي ﷺ - إِذَا جَلَسَ فِي الصَّلاةِ وَضَعَ كَفَّهُ اليُمْنَى عَلَى فَخِذِهِ اليُمْنَى، وَقَبَضَ أَصَابِعهُ كُلَّها وَأَشَارَ بإصبعِهِ الَّتِي تَلِي الإبهامَ، ووَضَعَ كفَّهُ اليُسرى عَلَى فَخَذِهِ اليُسرى»[2]، وفي رواية: « ويُلْقِمُ كَفَّهُ اليُسرى رُكْبَتَهُ »[3]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کە دانەنیشت بۆ

(١) رواه مسلم برقم (٤٩٨).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٨٠).

(٣) رواه مسلم برقم (٥٧٩).

تەحیات خوێندن، لەپی ڕاستی لەسەر ڕانی ڕاستی دانەنا و هەموو پەنجەکانی ئەنوقاند و ئەهات ئاماژەی بەو پەنجەیەی ئەکرد کە لەدوای پەنجە کەڵەوە دێت (پەنجەی شایەتمان)، وە لەپی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دانەنا "، لەگێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە:" ئەژنۆی چەپی ئەخستە ناو دەستی چەپی ".

٣/ سوننەت وایە لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا چۆنێتی دانانی پەنجەکانی دەستی هەمەجۆر بێت:

جا چۆنێتی دانانی پەنجەکان لەکاتی تەحیاتدا دوو شێوازی هەیە:

شێوازی یەکەم: هەموو پەنجەکانی دەستی ڕاستی بنوقێنێت، و بێت ئاماژە بە پەنجەی شایەتمانی بکات، بەڵام پەنجەکانی دەستی چەپی کراوەبن.

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابورد: « وَقَبَضَ أَصَابِعهُ كُلَّهَا وَأَشَارَ بِإِصبعِهِ الَّتِي تَلِي الإِبهَامَ ...»[١]، واتە:" وە هەموو پەنجەکانی ئەنوقاند و ئەهات ئاماژەی بەو پەنجەیەی ئەکرد کە لەدوای پەنجە کەڵەوە دێت (واتە: پەنجەی شایەتمان)".

شێوازی دووەم: دەستی ڕاستی بەشێوەی پەنجاوسێ لێبکات، کە بێت پەنجە تووتە و بۆ تووتە بگرێت، و ئەڵقەیەک بە پەنجە کەڵە و باڵا بەرزە (پەنجەی ناوەڕاست) دروست بکات، و ئاماژە بە پەنجەی شایەتمان بکات، بەڵام دەستی چەپ ئەبێت کراوە بێت.

ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە لەگێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: «أَنَّ رَسُولَ الله ﷺ كَانَ إِذَا قَعَدَ فِي التَّشهُّدِ وَضَعَ يَدَهُ اليُسرى عَلَى رُكْبَتِهِ اليُسرى، وَوَضَعَ يَدَهُ اليُمْنَى عَلَى رُكْبَتِهِ اليُمْنَى، وَعَقَدَ ثَلاثَةً وَخَمْسِينَ، وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ»[٢]، واتە:" پەیامبەری خوا ﷺ کاتێ دانەنیشت بۆ تەحیات خوێندن دەستی چەپی ئەخستە سەر ئەژنۆی چەپی، و دەستی ڕاستی ئەخستە سەر ئەژنۆی

---

(١) رواه مسلم برقم (٥٨٠).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٨٠).

ڕاستی، و بەپەنجەکانی دەستی ڕاستی بەشێوەی پەنجاوسێی پێک ئەهێنا، و پەنجەی شایەتمانی ئەجوڵان و ئاماژەی پێ ئەکرد".

٤/ سوننەت وایە بە هەمەجۆری دەقەکانی تەحیات بخوێنرێت:

واتە هەرجارەی دەق و شێوازێکیان بخوێنرێت کە لەفەرمووەدا هاتوون، لەوانە:

ا- « التَّحِيَّاتُ للهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ »[1]، واتە:" هەموو جۆرە بەمەزن دانان و دووری لە هەموو نەنگ و کەموکوڕییەک و مولک و وشەی پاک و چاک هەیە هەر بۆ خوایە، سڵاو و سۆز و بەزەیی و فەڕ و بەرەکەتی خوات لەسەر بێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (یاخود: خوا بتپارێزێ لەهەموو خراپە و ناڕەحەتیەک و فەڕ و بەرەکەت بڕێژێ بەسەر ژیان و دوای مردنیشت بەزۆر بوونی شوێنکەتووانت)، سڵاو لەسەر ئێمە و هەموو بەندە چاکەکانی خوا بێت (لەئاسمان و لەزەویدا)، گەواهی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە زاتی پیرۆزی الله، و گەواهی ئەدەم کە موحەممەد ﷺ بەندە و نێردراوی خوایە ".

ب- «التَّحِيَّاتُ المُبارَكَاتُ، الصَّلوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لله، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّها النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ الله وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ الله الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله»[2].

ج- «التَّحِيَّاتُ الطَّيِّبَاتُ الصَّلوَاتُ لله السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّها النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ الله وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ الله الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ محمدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ »[3].

---

(١) رواه البخاري برقم (١٢٠٢)، ومسلم برقم (٤٠٢)، من حديث ابن مسعود رضي الله عنه.

(٢) رواه مسلم برقم (٤٠٣)، رضي الله عنها.

(٣) رواه مسلم برقم (٤٠٣)، رضي الله عنها.

سوننەت وایە بە هەمەجۆری هەرجارەی یەکێکیان بخوێنی، وەک چۆن بنەڕەت و بنچینە ئەوەیە سەبارەت بەو دەقانەی سوننەت کە بە جۆراو جۆری هاتوون.

٥/ سوننەت وایە نوێژخوێن لە تەحیاتی نوێژە سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتیەکاندا بەشێوەی تەوەروک دابنیشێت (واتە: قاچی ڕاستی بچەقێنێت و هەڵی بنێت و قاچی چەپی بخاتە ژێری و لەسەر سمت لەسەر زەوی دابنیشێت):

دانیشتنی تەوەڕوکیش بە چەندین شێواز هاتووە، بۆیە وا چاکە بەجۆراو جۆری ئەنجام بدرێت، لەوانە:

ا- قاچی چەپی ڕابخات، و لەژێر قاچی ڕاستیەوە دەری بکات، و قاچی ڕاستی بچەقێنێت و هەڵی بنێت، و سمتی بخاتە سەر زەوی و لەسەری دابنیشێت، ئەم شێوازە پێشەوا بوخاری (بەڕەحمەت بێ) گێڕاویەتیەوە [١].

ب- هەردوو قاچی ڕابخات، و لەلای ڕاستیەوە دەریان بکات، و سمتی بخاتە سەر زەوی.

ئەم شێوازە ئەبو داود، و ئیبنوحەبان، و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە [٢]، ئەبێ ئەوەش بزانین ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە دانیشتنی تەوەڕوک لە هەموو دانیشتنێکی تەحیاتدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە تەحیاتی کۆتایی نوێژە سێ ڕکاتی و چوار ڕکاتیەکاندا ئەنجام ئەدرێ جگە لە دوو ڕکاتیەکان.

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٢٨)، من حديث أبي حميد الساعدي رضي الله عنه.

(٢) رواه أبو داود برقم (٧٣١)، وابن حبان برقم (١٨٦٧)، والبيهقي (١٢٨/٢)، من حديث أبي حميد الساعدي رضي الله عنه، وصححها الألباني رحم الله الجميع.

٦/ سوننەت وایە نوێژخوێن بە هەمەجۆری ئەو دەقانە بخوێنێ کە سەبارەت بە سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوون:

ئەمەش لەبەر ئەوەی چەندین شێوازی سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ هاتوون، لەوانە:

ا- «اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ»[1]، واتە:" ئەی خوایە لێخۆشبوون و سۆز و بەزەیی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ ماڵبات (خانەوادە) و کەس و کاری موحەممەد ﷺ هەروەک چۆن درودت ڕژاند بەسەر ئیبراهیم و ماڵبات و کەس و کاری ئیبراهیم دا، بەڕاستی تۆ سوپاسکراو و خاوەن شکۆ و بڵندیت، خوایە فەڕ و بەرەکەت و پیرۆزی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ و ماڵبات (خانەوادە) و کەس و کاری موحەممەد ﷺ دا هەروەک چۆن فەڕ و بەرەکەتت ڕژاند بەسەر ئیبراهیم و ماڵبات و کەس و کاری ئیبراهیم دا علیه السلام ، بەڕاستی تۆ سوپاسکراو و خاوەن شکۆ و بەرز و بڵندیت"،صەڵەواتی خوا لەسەر پێغەمبەر ﷺ بریتییە لە ستایش کردنی لای فریشتە نزیک و بەڕێزەکانی.

ب- « اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ فِي العَالَمِينَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ»[2]، واتە:" خوایە درود و سۆز و بەزەیی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ و ماڵبات (خانەوادە) و کەس و کاری موحەممەد ﷺ هەروەک چۆن درودت ڕژاند بەسەر ماڵبات و کەس و کاری ئیبراهیم دا علیه السلام، خوایە فەڕ و بەرەکەت و پیرۆزی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ و ماڵبات و کەس و کاری موحەممەد ﷺدا هەروەک چۆن فەڕ و بەرەکەتت

(١) رواه البخاري برقم (٨٢٨)، من حديث كعب بن عجرة رضي الله عنه.

(٢) رواه مسلم برقم (٤٠٥)، من حديث أبي مسعود الأنصاري رضي الله عنه.

ڕژاند بەسەر مالّبات و کەس و کاری ئیبراهیم علیه السلام لەهەردوو جیهاندا، بەڕاستی تۆ سوپاسکراو و خاوەن شکۆ و بەرز و بلّندیت".

ج - « اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ »[1]، واتە:" خوایە درود و سۆز و بەزەیی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ و خێزانەکان و نەوەکانیدا هەروەک چۆن درودت ڕژاند بەسەر مالّبات و کەس و کاری ئیبراهیم دا علیه السلام، وە فەڕ و بەرەکەتی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەد ﷺ و خێزانەکان و نەوەکانیدا هەروەک چۆن ڕژاندوتە بەسەر مالّبات و کەس و کاری ئیبراهیم دا علیه السلام، بەڕاستی تۆ سوپاسکراو و خاوەن شکۆ و بەرز و بلّندیت".

٧/ سوننەت وایە نوێژخوێن پێش ئەوەی سلاّو بداتەوە پەنا بگرێ بەخوا لە چوار شت:

کە ئەمەش ڕای جەماوەری زانایانە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت جیاواز لەوانەی کە پێیان وایە واجیبە، ئەمەش لەبەر فەرمودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا فَرَغَ أَحَدُكُم مِنَ التَّشَهُّدِ الآخِرِ، فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ أَرْبَعٍ: مِن عَذَابِ جَهَنَّمَ، ومِن عَذابِ القَبرِ، وَمِن فِتنَةِ المَحيَا وَالمَماتِ، وَمِن شرّ المَسيحِ الدَّجَّالْ »[2]، واتە:" ئەگەر هەریەکێکتان لە تەحیاتی دوایی بوەوە با پەنا بگرێ بەخوا لەچوار شت: لە سزای دۆزەخ، و سزای ناوگۆڕ، و فیتنە و ئاشوبی ژیان و مردن، و شەڕ و خراپەی مەسیحی دەججال ".

ئەم فەرمودەیە موسلیم گێڕاویەتیەوە، و لە بوخاری و موسلیمیشدا بەهاوبەشی هاتووە [3]، لەفەرمودەی خاتو عائیشەی دایکماندا (خوا لێی ڕازی بێ).

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٣٦٩)، ومسلم برقم (٤٠٧)، من حديث أبي حميد الساعدي رضي الله عنه.

(٢) رواه مسلم برقم (٥٨٨).

(٣) رواه البخاري برقم (٨٣٢)، ومسلم برقم (٥٨٩).

چەند نزا و پاڕانەوەیەکی تریش لەفەرموودەدا هاتوون سوننەتە بۆ نوێژخوێن پێش سڵاودانەوە بە جۆراو جۆری بیانخوێنێ، لەوانە:

١- « اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ »(١)، واتە:" خوایە من پەنا بەتۆ ئەگرم لەگوناهو تاوان و قەرزاری ".

٢- « اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ »(٢)، واتە:"خوایە من داوای بەهەشتت لێ ئەکەم کە پێم ببەخشی،و پەنات پێ ئەگرم لەئاگری دۆزەخ ".

٣- «اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي، إِنَّكَ أَنْتَ الغَفُورُ الرَّحِيمُ »(٣)، واتە:" خوایە من ستەمێکی زۆرم لەخۆم کردووە، کەسیش لەگوناهو تاوان خۆش نابێت جگە لەتۆ، دەسا خوایە بەلێخۆشبوونی خۆت لێمخۆشبە، و بەزەیت پێمدا بێتەوە، بەڕاستی هەر خۆت لێبوردە و میهرەبانی ".

٤- «اللهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ »(٤)، واتە:" خوایە داوای هێز و کۆمەک و یارمەتیت لێ ئەکەم لەسەر یادکردنت و سوپاس کردنت و چاک و جوان پەرستنت (کە بەدڵسۆزی و لەسەر سوننەت بێ) ".

٥- «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ البُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الجُبْنِ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ العُمُرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الدُّنْيَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ»(٥)، واتە:" خوایە پەنات پێ ئەگرم لەڕژدی و چرۆکی، و پەنات پێ ئەگرم لەترسنۆکی، و پەنات پێ ئەگرم لەوەی

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٣٢)، ومسلم برقم (٥٨٩).

(٢) رواه أبو داود برقم (٧٩٢)، وصحح إسناده الألباني في (صحيح أبي داود:٣/٣٧٧).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٣٢٦)، ومسلم برقم (٢٧٠٥).

(٤) رواه أحمد برقم (٢٢١١٩)، وأبو داود برقم (١٥٢٢)، والنسائي برقم (١٣٠٤)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:٢/١٣٢٠).

(٥) رواه البخاري برقم (٦٣٧٠).

بمهێڵێتەوە تا کۆتایی تەمەن و پیری و پەککەوتەیی، و پەنات پێ ئەگرم لەفیتنە و ئازاوەی دنیا، و پەنات پێ ئەگرم لەسزای ناوگۆڕ ".

٦- «اللهُمَّ حَاسِبْنِي حِسَابًا يَسِيرًا»(١)، واتە:" خوایە بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان و سانا لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکە (لەڕۆژی دوایدا)".

پاشان سڵاو بداتەوە و لابکاتەوە بەلای ڕاست و چەپدا، لاکردنەوە دوای سڵاو دانەوەی نوێژ سوننەتە، وە زیادەڕەوی کردن لە ئاوڕدانەوەشدا هەر سوننەتە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی سڵاودانەوەدا تەنانەت بەجۆرێک لای ئەکردەوە هەتا لەدوایەوە سپیایی ڕومەتی ئەبینرا ﷺ، لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: «كُنْتُ أَرَى رَسُولَ اللهِ ﷺ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ، وَعَنْ يَسَارِهِ، حَتَّى أَرَى بَيَاضَ خَدِّهِ»(٢)، واتە:" من خۆم پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە سڵاوی بەلای ڕاست و چەپیدا ئەدایەوە، هەتا سپیایی گۆنا و ڕوومەتیم ئەبینی ".

هەشتەم: ئەو وێردانەی دوای سڵاودانەوە لە نوێژە فەرزەکان هاتوون سوننەتن:

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" زانایان کۆکن لەسەر چاکێتی (موستەحەبی) خوێندنی وێرد لەدوای نوێژەوە"(٣).

هەروەها کارێکی چاکیشە کە دەنگ بەخوێندنی ئەو وێردانە بەرز بکرێتەوە، لەبەر فەرمووەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ رَفْعَ الصَّوْتِ، بِالذِّكْرِ حِينَ يَنْصَرِفُ النَّاسُ مِنَ الْمَكْتُوبَةِ كَانَ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ »(٤)، واتە:" دەنگ بەرزکردنەوە بە خوێندنی زیکرەکان کاتێ

---

(١) رواه أحمد برقم (٢٤٢١٥)، وصححه الألباني في تحقيقه على (مشكاة المصابيح:٣/١٥٤٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٨٢).

(٣) الأذكار: ص٦٦.

(٤) رواه البخاري برقم (٨٤١)، ومسلم برقم (٥٨٣).

بمهێڵێتەوە تا کۆتایی تەمەن و پیری و پەککەوتەیی، و پەنات پێ ئەگرم لەفیتنە و ئازاوەی دنیا، و پەنات پێ ئەگرم لەسزای ناوگۆڕ ".

٦- «اللهُمَّ حَاسِبْنِي حِسَابًا يَسِيرًا»(١)، واتە:" خوایە بە لێپرسینەوەیەکی ئاسان و سانا لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکە (لەڕۆژی دوایدا)".

پاشان سڵاو بداتەوە و لابکاتەوە بەلای ڕاست و چەپدا، لاکردنەوە دوای سڵاو دانەوەی نوێژ سوننەتە، وە زیادەڕەوی کردن لە ئاوڕدانەوەشدا هەر سوننەتە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی سڵاودانەوەدا تەنانەت بەجۆرێک لای ئەکردەوە هەتا لەدوایەوە سپیایی ڕومەتی ئەبینرا ﷺ، لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: «كُنْتُ أَرَى رَسُولَ اللهِ ﷺ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ، وَعَنْ يَسَارِهِ، حَتَّى أَرَى بَيَاضَ خَدِّهِ»(٢)، واتە:" من خۆم پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە سڵاوی بەلای ڕاست و چەپیدا ئەدایەوە، هەتا سپیایی گۆنا و ڕوومەتیم ئەبینی ".

هەشتەم: ئەو وێردانەی دوای سڵاودانەوە لە نوێژە فەرزەکان هاتوون سوننەتن:

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" زانایان کۆکن لەسەر چاکێتی (موستەحەبی) خوێندنی وێرد لەدوای نوێژەوە"(٣).

هەروەها کارێکی چاکیشە کە دەنگ بەخوێندنی ئەو وێردانە بەرز بکرێتەوە، لەبەر فەرمووەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ رَفْعَ الصَّوْتِ، بِالذِّكْرِ حِينَ يَنْصَرِفُ النَّاسُ مِنَ الْمَكْتُوبَةِ كَانَ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ»(٤)، واتە:" دەنگ بەرزکردنەوە بە خوێندنی زیکرەکان کاتێ

(١) رواه أحمد برقم (٢٤٢١٥)، وصححه الألباني في تحقيقه على (مشكاة المصابيح:٣/١٥٤٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٨٢).

(٣) الأذكار: ص٦٦.

(٤) رواه البخاري برقم (٨٤١)، ومسلم برقم (٥٨٣).

خەڵکی لەنوێژە فەرزەکان ئەبووندە و سڵاویان ئەدایەوە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ باو بوو"، لەبێژەیەکی تردا وتوویەتی: «كُنْتُ أَعْرِفُ انْقِضَاءَ صَلاَةِ النَّبِيِّ ﷺ بِالتَّكْبِيرِ»(١)، واتە:" من بە تەکبیر (الله أكبر) کردن ئەمزانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژ بۆتەوە و سەلامیان داوەتەوە "*.

ویردەکانیش ئەمانەیە:

١- سێ جار بڵێ "أستغفر الله "، واتە:" خوایە داوای لێ خۆشبوونت لێ ئەکەم لەهەر کەموکوڕیەک کە لەپەرستنی تۆدا کردبێتم "، ئینجا بڵێ: «اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلامُ وَمِنْكَ السَّلامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الجَلالِ وَالإِكْرَامِ»(٢)، واتە:" خوایە بەهەموو پێوەرێک تۆ سەلامەت و بێ خەوشیت لە هەموو ناو و سیفات و کردارێکی کەموکوڕ، ئاشتی و سەلامەتییش لە تۆوەیە (ئەگەر تۆ نەبویتایە نە سەلامەت ئەبووین و نە ئەمانتوانی هەستین و نەهیچ کردارێکیش ئەنجام بدەین)، بەرزی و بڵندی تەنیا بۆتۆیە ئەی ئەو زاتەی شایستەی شکۆمەندی و ڕێزیت ".

٢- «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِالله، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَلَا نَعْبُدُ إِلَّا إِيَّاهُ، لَهُ النِّعْمَةُ وَلَهُ الفَضْلُ، وَلَهُ الثَّنَاءُ الحَسَنُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الكَافِرُونَ»(٣)، واتە:" هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا تاک و تەنیا و بێ هاوبەشە، مولک و ستایشی ڕەها هەر بۆ ئەوە، و هەر ئەویش توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هیچ هەوڵ و توانایەک نییە شەڕ و خراپە لابدات و دوری بخاتەوە، و هیچ هێزێکیش نییە کەوا خێر و چاکە بهێنێ مەگەر بەویست و یارمەتی و کۆمەکی خوای بەرز و بڵند نەبێت، هیچ

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٤٢)، ومسلم برقم (٥٨٣).

* پێشەوا شافیعی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: ئیمام دەنگ بەرز ئەکاتەوە هەتا خەڵکی فێری زیکرەکان ئەبن، کە فێربوون دەنگی نزم ئەکاتەوە (مامۆستا صلاح الدين).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٩١)، من حديث ثوبان رضي الله عنه.

(٣) رواه مسلم برقم (٥٩٤).

پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێت جگە لەخوای مەزن، ئێمە بێجگە لەو گوێڕایەڵی هیچ کەسێکی تر ناکەین و نایپەرستین، ناز و نیعمەتی دیار و نادیار و ستایشی چاک هەربۆ ئەوە، هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لەخوای گەورە بەدڵسۆزی دینداری بۆئەکەین ئەگەرچی بێ باوەڕانیش پێیان ناخۆش بێت (چونکە بێ باوەڕان تا ئەوپەڕی ڕق و قین پێیان ناخۆشە هەموو پەرستشێک بەدڵسۆزی تەنیا بۆ خوا ئەنجام بدرێ)"، ئەمە لەفەرموودەی ئیبنو زوبەیردا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، و وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُهَلِّلُ بِهِنَّ دُبُرَ كُلِّ صَلاةٍ»، واتە: " پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوای هەموو نوێژێک دەنگی بەم زیکرە لێ بەرز ئەکردەوە".

٣- «لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ»(١)، واتە:" هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا تاک و تەنیا و بێ هاوبەشە، مولک و ستایشی ڕەها هەر بۆ ئەوە، و هەر ئەویش بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ و بەتوانایە، خوایە هیچ ڕێگرێک نییە بۆ ئەو شتەی تۆ ئەیبەخشیت، هیچ کەسێکیش ناتوانێ شتێ بەبەخشێ کەتۆ بیگریتەوە و ڕێگر بیت و هیچ خاوەن پلە و پایە و ماڵ و منداڵ و دەسەڵاتێک دەسەڵاتەکەی کەڵک و سودی بۆی نابێ لەڕۆژی دوایدا لە سزای تۆ (بەڵکو تەنیا پەرستش و کردەوەی چاک کەڵکی بۆ خاوەنەکەی ئەبێت) ".

٤- ئینجا ئەو ویرد و تەسبیحاتانە ئەخوێنێ کە لەفەرموودەدا هاتوون، کە چەند شێوازێکی هەیە:

شێوازی یەکەم: (٣٣) جار بڵێ: (سبحان الله)، و(٣٣) جار بڵێ: (الحمد لله)، و(٣٣) جار بڵێ: (الله أكبر)، وە بەخوێندنی ئەم ویردە سەد تەواو ئەکات: " لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٤٤)، ومسلم برقم (٥٩٣)، من حديث المغيرة بن شعبة رضي الله عنه.

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ سَبَّحَ اللهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ ثَلَاثاً وَثَلَاثِينَ، وَحَمِدَ اللهَ ثَلَاثاً وَثَلَاثِينَ، وَكَبَّرَ اللهَ ثَلَاثاً وَثَلَاثِينَ، فَتِلْكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ، وَقَالَ: تَمَامَ المِائَةِ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ البَحْرِ »[1]، واتە:" هەر کەسێک دوای هەموو نوێژێک (٣٣) جار بڵێ: (سبحان الله) واتە: (خوای پەروەردگاری هەردوو جیهان بە پاک و بێگەرد و پیرۆز ڕائەگرم لە هەموو کەموکوڕی و نەنگییەک)، و(٣٣) جار بڵێ: (الحمد لله) واتە: (سوپاس و ستایشی کامڵ و ڕەها بۆ خوای گەورە و مەزن)، و(٣٣) جار بڵێ: (الله أكبر) واتە: (خوا گەورەترە لە هەموو گەورەیەک)، ئەوە نەوەد و نۆ جار، وە لەسەری سەدەمیندا بڵێ:" لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ "، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی ئەبوریێت (گوناهە بچوکەکانی چونکە گوناهی گەورە پێویستی بەتۆبەی ڕاستەقینە هەیە)ئەگەرچی بەوێنەی کەفی دەریاش بێت ".

شێوازی دووەم: (٣٣) جار بڵێ: (سبحان الله)، و(٣٣) جار بڵێ: (الحمد لله)، و(٣٤) جار بڵێ: (الله أكبر).

ئەمەش لەبەر فەرموودەی کەعبی کوڕی عوجرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مُعَقِّباتٌ لَا يَخِيبُ قَائِلُهُنَّ - أَوْ فَاعِلُهُنَّ - دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ، ثَلَاثٌ وَثَلَاثُونَ تَسْبِيحَةً، وَثَلَاثٌ وَثَلَاثُونَ تَحْمِيدَةً، وَأَرْبَعٌ وَثَلَاثُونَ تَكْبِيرَةً»[2]، واتە:" کۆمەڵێک ویرد هەن هەرکەسێ بیانڵێ - یان بیانکات - دوای هەموو نوێژێکی فەرز نائومێد و خەسارەتمەند نابێت (واتە: لە بەهەشت و پاداشتی چاک بێ بەش نابێت)، ئەویش وتنی (٣٣) جار (سبحان الله)، و(٣٣) جار (الحمد لله)، و(٣٤) جار (الله أكبر)ە ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٥٩٧).

(٢) رواه مسلم برقم (٥٩٦).

شێوازی سێ یەم: (٢٥) جار بڵێ: (سبحان الله)، و(٢٥) جار بڵێ: (الحمد لله)، و(٢٥) جار بڵێ: (الله أكبر)، و(٢٥) جار بڵێ: (لا إله إلا الله).

ئەم شێوازەیان لای پێشەوا تیرمیزی هاتووە، لە فەرمودەی زەیدی کوڕی سابت (خوا لێی ڕازی بێ)[١].

شێوازی چوارەم: (١٠) جار بڵێ: (سبحان الله)، و(١٠) جار بڵێ: (الحمد لله)، و(١٠) جار بڵێ: (الله أكبر).

ئەم شێوازەشیان هەر لای پێشەوا تیرمیزی هاتووە، لە فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا (خوا لێیان ڕازی بێ)[٢].

وەک لەپێشەوە باسکرا بنچینە و بنەڕەت لەو پەرستشانەی کە بە هەمەجۆری هاتوون ئەوەیە کە هەرجارەی شێوازێکیان ئەنجام بدرێت، جارێ ئەمەیان و جارێ ئەوەی تریان.

وە سوننەت وایە کە بەپەنجەکانی دەست تەسبیحات بکرێت، لەبەر ئەو فەرمودەیەی کە پێشەوا ئەحمەد و تیرمزی گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: «سَبِّحْنَ واعْقِدنَ بِالْأَصَابِعِ فَإِنَّهُنَّ مَسْئُولَاتٌ مُسْتَنْطَقَاتٌ»[٣]، واتە:" تەسبیحات بکەن و بەسەری پەنجەکانتان بیانژمێرن، چونکە ئەوانیش وەک هەر ئەندامێکی تر لەڕۆژی دوایدا پرسیاریان لێ ئەکرێت و ئەهێنرێنە گۆ ".

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ژماردنی ویردەکان بە پەنجەکانی دەست سوننەتە وەک پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: «سَبِّحْنَ واعْقِدنَ بِالْأَصَابِعِ فَإِنَّهُنَّ مَسْئُولَاتٌ مُسْتَنْطَقَاتٌ»، بەڵام تەسبیحات کردن بەتەزبیح هەندێ

---

(١) رواه الترمذي برقم (٣٤١٣)، وصححه الألباني في تحقيق (مشكاة المصابيح: ٣٠٧/١).

(٢) رواه الترمذي برقم (٣٤١٠)، وصححه الألباني في تحقيق (مشكاة المصابيح: ٧٤٣/٢).

(٣) رواه أحمد برقم (٢٧٠٨٩)، والترمذي برقم (٣٤٨٦)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع: ٧٥٣/٢).

کەس هەیە لایان ناپەسەندە، هەشیانە پێیان باشە و ناپەسەند نییە لایان، ئەگەر نیەتی لەگەڵدا باش بێت، ئەوا کارێکی باشە و بێزراو نییە"[١].

٥- خوێندنی (آية الكرسي) :

لەبەر فەرموودەی ئەبی ئومامە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ قَرَأَ آيَةَ الْكُرْسِيِّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ لَمْ يَمْنَعْهُ مِنْ دُخُولِ الْجَنَّةِ إِلَّا أَنْ يَمُوتَ»[٢]، واتە:" هەرکەسێ (آية الكرسي) بخوێنێت لەدوای هەموو نوێژە فەرزەکانەوە، هیچ شتێک ڕێگری لێ ناکات بۆ چوونە ناو بەهەشتەوە مردن نەبێت ".

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" پێم گەیشتۆتەوە لە مامۆستامان ئەبی عەباسەوە (خوا گیانی پیرۆز بکات) کەوا سەبارەت بەم ئایەتە وتوویەتی: وازم لەخوێندنی نەهێناوە لەدوای هەموو نوێژێکەوە "[٣].

٦- خوێندنی هەردوو سورەتی (الفلق و الناس) (المعوذتين):

لەبەر فەرموودەی عوقبەی کوڕی عامیر(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَمَرَنِي رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ أَقْرَأَ بِالْمُعَوِّذَاتِ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ»[٤]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردم کە لەدوای هەموو نوێژێکەوە هەردوو پەنا پێگیراوەکە سورەتی (الفلق و الناس) بخوێنم ".

ئەمەی کە باسمانکرد کۆمەڵێک سوننەتی نوێژ بوون کە کارێکی باشە نوێژخوێن ئەنجامیان بدات، تا ئێستاش ئێمە هەر لەکاتی بەڕەبەیان داین، وە ئەوەی

---

(١) انظر: المجموع الفتاوى:٢٢/٥٠٦.

(٢) رواه النسائي في (السنن الكبرى) برقم (٩٩٢٨)، والمنذري في كتابه (الترغيب والترهيب:٢٣٧٣)، وابن عبد الهادي في (المحرر:١/١٩٨)، وابن القيم في (زاد المعاد:١/٣٠٣).

(٣) انظر: زاد المعاد:١/٢٨٥.

(٤) رواه أبو داود برقم (١٥٢٥)، وقال الألباني: "قلت إسناده صحيح، وصححه ابن خزيمة وابن حبان"، في (صحيح أبي داود:٥/٢٥٤).

کە خستمانە ڕوو لەبەرئەوەیە پێویستمانە کە هەمیشە لەیادماندا بێ لەهەموو جێیەکی ئەنجامدانی نوێژدا ـ هەر خواش زاناترە ـ .

* ئەوەی لەم بەشەدا ڕێگری لێکراوە (لە نوێژدا) بریتییە لەمانەی خوارەوە:

ئاوڕدانەوە بەملاولادا، و چاو بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان، و ئەو هەڵتروشکانەی کە ڕێگری لێکراوە (کە بێیت وەک سەگ لەسەر سمتت دابنیشیت)، و ڕاخستنی باڵەکان لەکاتی سوژدە بردندا، و خۆ خەریک کردن بەهەر شتێکەوە بێت، و دەست خستنەسەر لاتەڕاف و کەلەکە، و نوێژکردن لەکاتێکدا میز و پیسایی تەنگەتاوی بکەن، و نوێژکردن لەکاتی ئامادەبوونی خواردندا، و نوێژکردن لە شوێنێکدا کە لە پێشیەوە شتانێک هەبێت کە لە نوێژەکەی بێ ئاگای بکەن، و نوێژکردن وەک دەنوک لە زەویدانی قەلەڕەش، و دانەوینەوە بۆ چوونە سوژدە وەک دانەوینەوەی حوشتر(کە بێیت لەجیاتی دەستەکان لە پێشدا قاچەکان دابنێیت)، و قسەکردن لە نوێژدا، و پێشکەوتنی ئیمام لە نوێژدا، هەروەها هەڵکردن و کۆکردنەوەی پۆشاک و قژ بەستن لە نوێژدا.

<u>نۆیەم</u>: سوننەت وایە دوای نوێژی بەیانی لەجێ نوێژەکەیدا دابنیشێت هەتا خۆر هەڵدێت:

لە جابری کوڕی سەمورەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا صَلَّى الفَجْرَ جَلَسَ فِي مُصَلَّاهُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَسَنًا»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ نوێژی بەیانی ئەکرد لە جێنوێژەکەیدا دانەنیشت هەتا خۆر هەڵ ئەهات و بەرووی دەرئەکەوت".

---

(١) رواه مسلم برقم (٦٧٠).

هەروەها لەبێژەیەکی تری موسلیم، لە سیماکی کوڕی حەربەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: قُلْتُ لِجَابِرِ بْنَ سَمُرَةَ: أَكُنْتَ تُجالِسُ رَسُولَ الله ﷺ ؟ قَالَ: نَعَمْ كَثِيراً، «كَانَ لَا يَقُومُ مِنْ مُصَلَّاهُ الَّذِي يُصَلِّي فِيهِ الصُّبْحَ، أَوِ الغَدَاةَ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَمْسَ، فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ قَامَ، وَكَانُوا يَتَحَدَّثُونَ فَيأْخُذُونَ فِي أَمْرِ الجَاهِلِيَّةِ، فَيَضْحَكُونَ وَيَبْتَسِمُ»[1]، واتە: " بە جابری کوڕی سەمورەم وت: ئایا تۆ لەخزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتوویت؟ وتی: بەڵێ زۆر دانیشتووم، نەریتی وابوو لەو جێ نوێژەی کە نوێژی بەیانی لێ ئەکرد هەڵنەئەسا هەتا خۆر هەڵئەهات، جا کاتێ خۆر هەڵئەهات هەڵئەسا، لەو ماوەیەدا هاوەڵەکانی قسەیان ئەکرد و باسی کردەوەکانی سەردەمی نەفامیان ئەکرد، و پێئەکەنین و پێغەمبەریش ﷺ زەردەخەنە ئەیگرت ".

(١) رواه مسلم برقم (٦٧٠).

* ويردەكانى بەيانيان *

كاتى خوێندنى ويردەكانى بەيانيان لە بەرەبەيانەوە دەست پێئەكات، جا كاتێ بانگبێژ بانگيدا بۆ نوێژى بەيانى ئەو كاتە خوێندنى ويردەكانى بەيانى دەست پێئەكات، هيچ گومانى تيا نييە كەوا خوێندنى ويردەكان قەڵايەكى تۆكمە و بەهێزە لەدنيادا بۆ بەندەى موسڵمان، و گەنجينەيەكى مەزنيشە بۆى لەڕۆژى دواييدا، بە ويستى خوا لەكاتى لێكۆڵينەوە لەكاتى عەسردا باس لەكاتى دەست پێكردن و كۆتايى خوێندنى ويردەكانى بەيانيان و ئێواران ئەكەين .

ويردەكانى بەيانيان و ئێوارانيش بريتى يە لەمانەى خوارەوە:

١ - مَنْ قَالَ: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، مَنْ قَالَهَا عَشْرَ مَرَّاتٍ حِينَ يُصْبِحُ، كُتِبَ لَهُ بِهَا مِائَةُ حَسَنَةٍ، وَمُحِيَ عَنْهُ بِهَا مِائَةُ سَيِّئَةٍ، وَكَانَتْ لَهُ عَدْلَ رَقَبَةٍ، وَحُفِظَ بِهَا يَوْمَئِذٍ حَتَّى يُمْسِيَ، وَمَنْ قَالَ مِثْلَ ذَلِكَ حِينَ يُمْسِي، كَانَ لَهُ مِثْلُ ذَلِكَ»[1]، واتە:" هەركەسێ كاتێ رۆژ ئەكاتەوە دەجار بڵێ (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)، ئەوا خواى گەورە (١٠٠) چاكەى بۆ ئەنوسێت، و(١٠٠) خراپەى لێ ئەسڕێتەوە، وە ئەمە بۆى وەكو ئەوەيە بەندەيەكى لە كۆيلەيەتى ڕزگار كردبێت، و بەهۆيەوە ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە ئەكاتەوە پارێزراو ئەبێت لەشەيتان، وە هەركەسێ كاتێ ئێوارەى لێ ئەبێتەوە هەمان شت بڵێ، ئەوا بەهەمان شێوە پاداشتى بۆ هەيە ".

---

(١) رواه أحمد برقم (٨٧١٩) ، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه ، وحسّن ابن باز رحمه الله.

٢- «أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لله وَالحَمْدُ لله، لَا إِلهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَخَيْرَ مَا فِيهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الكَسَلِ، وَالهَرَمِ، وَسُوءِ الكِبَرِ، وَفِتْنَةِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ القَبْرِ»، واتە:" وا کەوتینە ئێوارەوە و ئێوارەمان بەسەرداهات، هەموو مولْک و دەسەلاتێکیش بەردەوام هەر بۆ خوایە، سوپاس و ستایش بۆ خوایە، هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لە خوا تاک و تەنیایە هیچ هاوەڵ و هاوتایەکی نییە، خوایە من داوای خێر و چاکەی ئەمشەوەت لێ ئەکەم و خێر و چاکەی ئەوەی تیایدایە، پەناشت پێئەگرم لە زیان و خراپەی ئەم شەوە و زیان و خراپەی ئەوەی تیایدایە، خوایە من پەنات پێئەگرم لەتەمەڵی و تەوەزەلی و پیری و سەرەنجامی خراپی حاڵەتی پیری، و فیتنە و گرفتاری دنیا و سزای ناو گۆڕ".

کاتێ بەیانی بەسەرداهات بڵێت: «أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ لله... اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا فِي هَذَا اليَوْمِ وَخَيْرَ مَا بَعْدَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِ هَذا اليَوم وَشَرِ مَا بَعْدَهُ...»[1]، واتە: " بەیانیمان بەسەرداهات و کەوتینە بەیانیەوە و هەموو مولْک و دەسەلاتێکیش بەهەقیقەت هەر بۆ خوایە... خوایە من داوای خێر و چاکەی ئەوەی لەم ڕۆژە و دوای ئەم ڕۆژەت لێ ئەکەم، پەناشت پێئەگرم لەزیان و خراپەی ئەوەی لەم ڕۆژە و دوای ئەم ڕۆژەدایە...".

٣- سەرگەورەی ویردی داوای لێ خۆشبوون کردن (سید الإستغفار): « اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ »، واتە:" خوایە تۆ پەروەردگاری منی هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لە تۆ، بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم و من لەسەر پەیمان (پەیمانی بەتەنیا پەرستن و گوێڕایەڵی کردنت) و بەڵێنەکەی تۆم بەپێی توانام (کە بەچاکەی خۆت بمخەیتە بەهەشتەوە)، پەنات پێ ئەگرم لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٧٢٣) ، من حديث ابن مسعود رضي الله عنه.

كردومە (ئەو گوناهو تاوانانەی بە ئەندامەكانم ئەنجامم داون)، دان ئەنێم بەهەموو ئەو ناز و نیعمەتـانەی كە بەسـەرمدا ڕژاندوتە و لە ژمـارە نـایەن ، بە پەشـیمانیەوە دان ئەنێم بە گوناهو تاوانەكانمدا دەسا خوایە لە گونـاهو تاوانەكـانم ببـورە و چاوپۆشـیم لێ بكە، چونكە بەڕاستی جگە لە تۆ لە توانا و دەسەڵاتی هیچ كەسێكدا نـیـە كە لە گوناهو تاوان خۆش بێت ".

قَالَ ﷺ: «وَمَنْ قَالَهَا مِنَ النَّهَارِ مُوقِنًا بِهَا، فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ قَبْلَ أَنْ يُمْسِيَ، فَهُـوَ مِـنْ أَهْـلِ الجَنَّةِ، وَمَنْ قَالَهَا مِـنَ اللَّيْـلِ وَهُـوَ مُـوقِنٌ بِهَـا، فَـمَاتَ قَبْـلَ أَنْ يُصْـبِحَ، فَهُـوَ مِـنْ أَهْـلِ الجَنَّـةِ»[1]، پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـوویەتی:" هەركەسـێ لە بەیانیـدا بەدڵنیـایی و بـێ هـیچ گومانێـک بیڵـێ و ئەو ڕۆژە بمـرێ پـێش ئەوەی بگـاتە ئێـوارە، ئەوا ئەو كەسـە لە دانیشتوانی بەهەشتە و ئەچێتە ناوبەوە، و هەركەسێ لە شەودا بەدڵنیایی و بێ هـیچ گومانێـک بیڵـێ و پـێش ئەوەی ڕۆژ بكـاتەوە و ئەو شـەوە بمـرێ، ئەوا ئەوكەسـە لە دانیشتوانی بەهەشتە و ئەچێتە ناوبەوە".

٤- ئەگەر هەر یەكێكتان ڕۆژی لێ بۆوە بـا بڵـێ: «اللَّهُـمَّ بِـكَ أَصْـبَحْنَا، وَبِـكَ أَمْسَينَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ»، واتە:" خوایە بە كۆمەك و پشتیوانی تـۆ بە تەنیا بەیانی و ئێوارەمان كردەوە، و هەموو كاتێ تۆ ئەمانژێنیت و ئەمانمرێنی، و گەڕانەوە و زیندوو بونەوەشمان لە ڕۆژی دوایدا هەر بۆلای تۆیە".

كاتێ شەوی بەسەردا هات بڵـێ: «اللَّهُمَّ بِكَ أَمْسَينَا، وَبِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ المَصِيرُ»[2]، واتە:" خوایە بە كۆمەك و پشـتیوانی تـۆ بە تەنیـا ئێـوارە و بەیانیمان كردەوە، و هەموو كاتێ تۆ ئەمانژێنیت و ئەمانمرێنی، و گەڕانەوە و زیندوو بونەوەشمان لەڕۆژی دوایدا هەر بۆلای تۆیە".

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٠٦) من حديث شدَّاد بن أوس رضي الله عنه.

(٢) رواه أبو داود برقم (٥٠٦٨)، والترمذي برقم (٣٣٩١)، والنسائي في (السنن الكبرى:٩٨٣٦)، وابن ماجه برقم (٣٨٦٨)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه، وصحح إسناده ابن باز رحمه الله.

٥ - « اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ عَالِمَ الغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي، وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ، وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءًا أَوْ أَجُرَّهُ إِلَى مُسْلِمٍ »، واتە:" خوایە ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانا و شارەزای شتە نهێنی و پەنهانەکان و ئاشکرا و هەستپێکراوەکان، هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لە تۆ، پەروەردگار و خاوەنی هەموو شتێک، پەنات پێ ئەگرم لە شەڕ و خراپەی دەروونم (کە فەرمانی خراپەم پێ بکات)، و شەڕ و خراپەی شەیتان و وەسوەسە کردنی بۆ بەندە کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات، و لەوەی کەخراپە بەسەر خۆمدا بهێنم یان ببمە هۆکاری ئەوەی خراپە تووشی موسڵمانێک بکەم (بەوەش گوناهی زیاتر لەخۆم باربکەم)".

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو ویردەی سەرەوە فەرموویەتی: « قُلْهَا إِذَا أَصْبَحْتَ، وَإِذَا أَمْسَيْتَ، وَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ »[1]، واتە:" بیخوێنە کاتێ بەیانیت کردەوە، و کاتێ ئێوارەت بەسەردا هات، و کاتێکیش کە چوویتە ناو جێگەوە بۆ نووستن "، ئەمەش کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی فەرموو کە ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی ڕازی بێ) بە پێغەمبەری خوا ﷺی فەرموو:" ئەی پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی چەند وشەیەکم پێ بکە کە بیڵێم کاتێ بەیانیم کردەوە و ئێوارەم بەسەردا هات"، ئەویش هات ئەم ویردەی فێرکرد، ئەم فەرموودەیە هەروەها پێشەوا بوخاریش (بەرەحمەت بێ) لە پەرتوکی (الأدب المفرد)دا گێڕاویەتیەوە[2].

٦- «مَا مِنْ عَبْدٍ يَقُولُ فِي صَبَاحِ كُلِّ يَوْمٍ وَمَسَاءِ كُلِّ لَيْلَةٍ: بِسْمِ اللهِ الَّذِي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ، وَهُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ»[3]، واتە:" هەر

---

(١) رواه أحمد برقم (٦٥٩٧)، وأبو داود برقم (٥٠٧٦)، والترمذي برقم (٣٥٢٩)، والنسائي برقم (٧٦٩٩)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٢) رواه البخاري في (الأدب المفرد: ١/٤١٢/١٢٠٢)، وصحح إسناده ابن باز رحمه الله.

(٣) رواه أحمد برقم (٤٤٦)، والترمذي برقم (٣٣٨٨)، وابن ماجه برقم (٣٨٦٩)، من حديث عثمان بن عفان رضي الله عنه، قال ابن باز رحمه الله:" حسن صحيح، وهو كما قال رحمه الله".

بەندەیەک لە بەیانی هەموو رۆژێک و ئێوارەی هەموو شەوێکدا بڵێ:" پەنائەگرم بە ناوی ئەو خوایەی کە لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێک زیان ناگەیەنێت نە لە زەوی (واتە: لە نیشتەجێیانی سەر زەویەوە لە مرۆڤ و جنۆکە و پێ ڕەوکە و زیندەوەری ژەهردار) و نە لە ئاسماندا (واتە: هیچ زەرەر و زیانێکی لە ئاسمانەوە بۆ نایەت وەک بای بەهێز و ڕۆچوون و بەرد باران کردن)، هەر خۆی بیسەری وتەی بەندە و بەدیهێنراوەکانیەتی،و زانا و ئاگاداڕە بە کردەوەکانیان کە کەی و لە کوێ ئەنجامی ئەدەن"، ئەمە سێ جار بڵێ هیچ شتێک زیانی پێ ناگەیەنێ".

٧ - « مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَقُولُ حِينَ يُصْبِحُ وَحِينَ يُمْسِي ثَلَاثَ مَرَّاتٍ: رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ ﷺ نَبِيًّا، إِلَّا كَانَ حَقًّا عَلَى اللهِ أَنْ يُرْضِيَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ »[1] *، واتە: " هەر بەندەیەکی موسڵمان کاتێ بەیانی ئەکاتەوە و شەوی بەسەردا دێت سێ جار بڵێ: بەدڵنیاییەوە ڕازی بووم بەوەی کە خوای تاک و تەنها پەروەردگارم بێ، و ئیسلام ئاین و بەرنامەم بێ، و موحەممەدیش ﷺ پێغەمبەر و پێشەوام بێ، ئەوا خوای گەورە بەچاکە و بەخششی خۆی پێویستی کردووە لەسەرخۆی (بێ ئەوەی هیچ بەدیهێنراوێک پێویستی بکا لەسەری) کە لەڕۆژی دواییدا ڕازی بکات ".

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، لە ئەبی سەعیدی خودریەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ رَضِيَ بِاللهِ رَبّاً، وَبِالإسلامِ دِيناً، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيّاً، وِجَبَتْ لَهُ الجَنَّةُ»[2]، واتە:" هەرکەسێ ڕازی بێ بەوەی کە خوا پەرستراوی تاک و تەنیای بێ، و ئیسلام ئاینی بێ، و موحەممەدیش ﷺ پێغەمبەری بێ، ئەوا بەهەشتی بۆ مسۆگەرە".

---

(١) رواه أحمد برقم (١٨٩٦٧)، والترمذي برقم (٣٣٨٩)، وابن ماجه برقم (٣٨٧٠)، من حديث ثوبان رضي الله عنه، وحسّن اسناده ابن باز رحمه الله.

* ئەم فەرموودەیە بەم بێژەیە پێشەوا ئەلبانی (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ لاوازە، ئەوەی کە ڕاست و دروست بێ تەنیا یەک جارە ئەویش لە بەیانیاندا (الصحيحة:٢٦٨٦)، (الضعيفة: ٥٠٢٠). - وەرگێڕ -

(٢) رواه مسلم برقم (١٨٨٤).

٨ - لَمْ يَكُنْ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَدَعُ هَؤُلَاءِ الدَّعَوَاتِ حِينَ يُصْبِحُ وَحِينَ يُمْسِي: " اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي وَمَالِي، اللهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي، وَآمِنْ رَوْعَاتِي، اللهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ، وَمِنْ خَلْفِي، وَعَنْ يَمِينِي، وَعَنْ شِمَالِي، وَمِنْ فَوْقِي، وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي "[1]، واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لە خوێندنی ئەم چەند پارانەوەیە نەهێناوە لەبەیانیان و ئێواراندا:" خوایە من داوای پارێزگاریت لێ ئەکەم لە دنیا (لە هەموو فیتنەیەکی گومڕاکەری دیار و نادیار) و دواڕۆژدا (کە لە ناڕەحەتیەکانی ڕزگارم بکەیت)، خوایە من داوای لێ بوردن و پارێزگاریت لێ ئەکەم لە دین و دنیا و ماڵبات و ماڵ و سامانمدا، خوایە نەنگی و کەموکوڕیەکانم داپۆشە، و ترس و بیم و دڵەڕاوکێم مەهێڵە و ئارامیم پێ ببەخشە و هێمنم بکەرەوە، خوایە بمپارێزە و ئاگادارمبە لە بەردەمەوە،و لەدوامەوە، و لەلای ڕاستمەوە، و لەلای چەپمەوە، و لەسەرووم‌ەوە، خوایە پەنا بە مەزنایەتی تۆ ئەگرم کە لەژێرمەوە غافڵگیر بکرێم و بەزەویدا ڕۆبچم ".

٩ - « أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِ مَا خَلَقَ »[2]، واتە:" پەنا ئەگرم و خۆم ئەپارێزم بە وشە تێر و تەواوەکانی خوای گەورە (کە ناوە پیرۆز و سیفەتە بەرزەکان و پەرتوکەکانیەتی کە هیچ نەنگی و کەموکوڕییەک نایانگرێتەوە)، لە شەڕ و خراپەی بەدیهێنراوەکانی لە جنۆکە و مرۆڤ و هەموو پێرەوکە و بای بەهێز و دەرد و بەڵایەک ".

پێشەوا موسلیمیش لە صەحیحەکەیدا فەرمووەیەکی هێناوە لە خەولەی کچی حەکیمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو: « مَنْ نَزَلَ مَنْزِلاً ثُمَّ قَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِ مَا خَلَقَ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ،

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في (المسند:٤٧٨٥)، وأبو داود برقم (٥٠٧٤)، والنسائي في (الكبرى:١٠٤٠١)، وابن ماجه برقم (٣٧٨١)، وصححه الحاكم، من حديث عبد الله بن عمر رضي الله عنه.

(٢) رواه أحمد برقم (٧٨٩٨)، والترمذي برقم (٣٤٣٧)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه، وحسَّن إسناده ابن باز رحمه الله.

حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ »[١]، واتە:" هەركەسێ لە شوێنێکدا دابەزێ (لەکاتی گەشتدا بێ یان نیشتەجێ)*، پاشان بڵێ: « أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِ مَا خَلَقَ »، ئەوا هیچ شتێک زیانی پێ ناگەیەنێ هەتا ئەو شوێنە بەجێ ئەهێڵێ ".

١٠- پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ بەیانی ئەکردەوە ئەیفەرموو: «أَصْبَحْنَا عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ، وَكَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ، وَدِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَمِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا، مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ»[٢]، واتە:" بەیانیمان کردەوە (لەناو ناز و نیعمەت و پارێزگاری تۆدا) لەسەر ئاینی ئیسلام (کە خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەرەتاوە لەسەر ئەو سروشتە بەدیهێناوە)، و وشەی دڵسۆزی کە بریتییە لە وشەی یەکخواپەرستی (لا إله إلا الله)، و ئاینی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ (کە ئاینی ئیسلامی پیرۆزە)، و لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمی باوکمان کە لای دابوو لە هاوەڵ بڕیاردانەوە بۆ یەکخواپەرستی، و ئەو لە هاوەڵگەران نەبوو ".

وە کاتێ ئێوارەی بەسەردا هات بڵێ: «أَمسَينا عَلَى فِطْرة الإسلام ... ».

هەموو ئەوانەی کە ڕابوورد لە ویردەکانی بەیانیان و ئێواران لە نوسینێکی شێخ ئیبنو بازەوە (بەڕەحمەت بێ) وەرگیراوە کە ناوی [تُحفة الأخيار ببيان جملة نافعة مما ورد في الكتاب و السنة من الأدعية و الأذكار] بەشێک لەویردەکانی بەیانیان و ئێواران.

١١ - «يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ، أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ، وَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ »[٣]، واتە:" ئەی ئەوەی هەمیشە زیندویت و ژیانێکی کامڵ و تەواوت هەیە (نە

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٧٠٨).

* هەروەها بۆ چونە ناو خانوێەکی تازە جا هی خۆت بێت یان کرێ ئەم ویردە بخوێنە بە ویستی خوا پارێزراو ئەبیت تا ئەو خانوە بەجێ ئەهێڵیت (مامۆستا صلاح الدين).

(٢) رواه أحمد برقم (٢١١٤٤، ١٥٣٦٧)، من حديث عبد الرحمن بن أبزى رضي الله عنه، وصحح إسناده ابن باز رحمه الله.

(٣) رواه النسائي برقم (١٠٤٠٥)، والبزّار (٢٨٢/٢)، من حديث أنس رضي الله عنه، وحسنه ابن حجر والألباني، انظر: (نتائج الأفكار:ص١٧٧)، و (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٤٩/١).

مردن و نەخۆشی و وەنەوز و خەوتنی بەسەردا نایەت) ڕاگر و هەڵسوڕێنەری هەموو بوونەوەری بێ هیچ ماندو بونێک، بەسۆز و بەزەیی خۆت پەنات پێ ئەهێنم و داوات لێ ئەکەم، هەموو کاروبارەکانم بۆ چاک بکە (هی دنیا و ناوگۆڕ و دواڕۆژ)، و هێندەی چاوتروکانێ دەستبەردارم مەبە و مەمدەرە دەست نەفسی خۆم (چونکە سەرگەردان و لاڕێ و گومڕا ئەبم)".

١٢ - « مَنْ قَالَ إِذَا أَصْبَحَ وَإِذَا أَمْسَى: " حَسْبِيَ اللهُ، لَا إِلَهَ إِلَا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ، وَهُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظِيم"، سَبْعَ مَرَّاتٍ، كَفَاهُ اللهُ مَا أَهَمَّهُ »[1]، واتە: هەرکەسێ بەیانی لێ بۆوە و ئێوارەی بەسەرداهات حەوت جار بڵێ:" تەنیا خوام بەسە بۆ هەرچی شتێ کەمەبەستم بێ، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە کەوا شایستەی پەرستن بێ جگە لەو، پشتم بەو بەستووە تەنیا باوەڕم بەوە (کەخێر و خۆشیم بۆ بهێنێ و زەرەر و زیانم لێ دوربخاتەوە)، هەر ئەویش پەروەردگاری تەخت و بارەگای مەزنە"، هەرکەسێ بەیانیان و ئێواران حەوت جار بیڵێ ئەوا خوای گەورە بە فەڕ و بەرەکەتی ئەم وشانە لە ماندو بوون و ناڕەحەتی دنیا ڕزگاری ئەکات و ئەیپارێزێ.

❊ ❊ ❊ ❊

(١) رواه أبو داود برقم (٥٠٨١)، من حديث أبي الدرداء ﷺ، والراجح وقفه ورجاله ثقات، ولـه حكـم الرفع كما ذكر الألباني، انظر: (السلسلة: ٤٤٩/١١).

سێ یەم: (کاتی چێشتەنگاو)

سوننەتە بەندەی موسڵمان لەکاتی چێشتەنگاودا نوێژی چێشتەنگاو بکات، ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی: أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ: «صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وأَنْ أُتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ»(١)، واتە:" خۆشەویستەکەم کە پێغەمبەری خوایە ﷺ ئامۆژگاری کردوم و ڕایسپاردوم بەکردنی سێ شت:" ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، و کردنی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، وە نوێژی وەتر بکەم پێش ئەوەی بنوم ".

زانایان (بەڕەحمەت بن) سەبارەت بە سوننەت بوونی نوێژی چێشتەنگاو ڕایان جیاوازە:

ڕای یەکەم: پێیان وایە سوننەتە جار بەجارێ - لە هەندێ کاتدا بکرێ - .

بەڵگەشیان بە فەرموودەی ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێ) هێناوەتەوە کە وتویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي الضُّحَى حَتَّى نَقُولَ: لَا يَدَعُهَا، وَيَدَعُهَا حَتَّى نَقُولَ: لَا يُصَلِّيهَا»(٢)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە نوێژی چێشتەنگاوی ئەکرد هەتا ئەمانووت: هەرگیز وازی لێ ناهێنێ، و جارێکیش وازی لێ ئەهێنا هەتا ئەمانووت: لەوە ناچێت هەرگیز بیکات ".

ئەم فەرموودەیە لاوازە، چونکە لە ڕشتەی فەرموودەکەدا (عطية بن سعيد العوفي) هەیە، پێشەوا (الدارقطني) سەبارەت بەم پیاوە وتویەتی: (مضطرب الحديث)

---

(١) رواه البخاري برقم (١٩٨١)، ومسلم برقم (٧٢١).

(٢) رواه أحمد برقم (١١١٥٥)، والترمذي برقم (٤٧٧).

واتە: فەرموودەیەکی شڵەقاوە، کە بەچەند شێوەیەکی دژیەکی ناقۆڵا گێڕراوەتەوە، پێشەوا زەهەبیش وتویەتی: زانایان کۆکن لەسەر لاواز کردنی[1].

پای دووەم: لایان وایە کە دروست نییە، بەڵکو داهێنراوە و بیدعەیە.

بەڵگەشیان بە فەرمـوودەی عائیشـە (خوا لێـی ڕازی بـێ) هێنـاوەتەوە کە وتوویەتی: «مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ سَبَّحَ سُبْحَةَ الضُّحَى وَإِنِّي لَأُسَبِّحُهَا»[2]، واتە:" هەرگیز نەمبینیوە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی چێشتەنگاوی کردبێت، بەڵام من ئەیکەم ".

هەروەهـا لەلای پێشـەوا بوخـاری هـاتووە، لە مـووەڕەقی عـوجلییەوە کە وتـوویەتی: « قُلْتُ لِابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَتَصَلِّي الضُّحَى؟ قَالَ: لاَ، قُلْتُ: فَعُمَرُ؟ قَـالَ: لاَ، قُلْتُ: فَأَبُو بَكْرٍ؟ قَـالَ: لاَ، قُلْـتُ: فَـالنَّبِيُّ ﷺ ؟ قَـالَ: لاَ إِخَالُـهُ »[3]، واتە:" وتـم بە ئیبنـو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ): ئایا نـوێژی چێشـتەنگاو ئەکەیت؟ وتـی: نەخێر، وتـم: ئەی عومەر؟ وتی: ئەویش نەیئەکرد، وتم: ئەی ئەبـوبەکر؟ وتـی: ئەویش نەیئەکـرد، وتم: ئەی پێغەمبەر ﷺ؟ وتی: دڵنیا نیم کردبێتی ".

پای سـێ یەم: ئەگەر کەسـێک شـەو هەڵنەسـێ بـۆ شـەونوێژ ئەوا سـوننەتە نـوێژی چێشـتەنگاو بکـات، بەڵام ئەگەر شـەو هەسـتا بـۆ شـەونوێژ ئەوا نابێـت نـوێژی چێشـتەنگاو بکـات، شێخولئیسـلام ئیبنـو تەیمیـیە (بەڕەحمەت بـێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە و لای پەسەند بووە[4].

پای چوارەم: لایـان وایە لەبەر هـۆیەک لە هۆکـان ئەنجـام ئەدرێ، چـونکە پێغەمـبەر ﷺ لەبەر هۆکـارێ ئەنجـامی داوە، وەک گەڕانەوەی لە گەشـت و سـەفەر، و ڕزگـارکردنی شـاری مەکـکە، و سـەردانی کردنـی هۆزێـک، وەک لە فەرمـوودەی

---

(١) (العلل: ٦/٤) للدارقطني، و(المغني في الضعفاء: ٤٣٦/٢) للذهبي.

(٢) رواه البخاري برقم (١١٧٧).

(٣) رواه البخاري برقم (١١٧٥).

(٤) انظر: مجموع الفتاوى: ٢٨٤/٢٢.

عیتباندا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لە بوخاری و موسلیمدا[١]، وە لەکاتی چونیدا بۆ مزگەوتی قوباء، و هاوشێوەی ئەوانە، پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.

بەڵام ئەوەی دیار و ئاشکرایە لەم باسەدا- هەر خواش زاناترە- ئەوەیە کە: نوێژی چێشتەنگاو بەڕەهایی سوننەتە، کە ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، مامۆستامان ئیبنو عوسەیمینیش (بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە[٢].

ئەوەیش بەڵگەیێ لەسەر ئەمە:

١- فەرمودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ: «صِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وأَنْ أُتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ»[٣]، واتە: خۆشەویستەکەم ﷺ پێغەمبەری خوایە ئامۆژگاری کردوم و ڕایسپاردوم بەکردنی سێ شت:" ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک، و کردنی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو، وە نوێژی وەتر بکەم پێش ئەوەی بنوم ".

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبی دەردائی (خوا لێی ڕازی بێ) بەهەمان شت ڕاسپاردووە، وەک لەلای موسلیم هاتووە و ئامۆژگاری ئەبازەڕی غەفاریشی (خوا لێی ڕازی بێ) بەهەمان شت کردووە وەک لە سوننەنی نەسائیدا هاتووە[٤].

ب- فەرمودەی ئەبی زەڕ (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٤٠)، ومسلم برقم (٣٣).

(٢) انظر: الممتع: ٤/٨٣.

(٣) رواه مسلم برقم (٧٢٢).

(٤) رواه النسائي في (السنن الكبرى: ٢٧١٢)، وصححه الألباني في (السلسة الصحيحة: ٢١٦٦).

عَنِ الْمُنكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُما مِنَ الضُّحَى»[1]، واتە:" هەر کە پۆژ بۆوە لەسەر هەرچی جومگەی هەریەکێکتان خێرێکی لەسەرە، جا هەموو (سبحان الله) کردنێک خێرێکە، وە هەموو (الحمد لله) کردنێک خێرێکە، وە هەموو (لا إلـه إلا الله) کردنێک خێرێکە، وە هەموو (الله أکبر) کردنێک خێرێکە، فەرمان کردن بەچاکە خێرێکە، و ڕێگری کردن لە خراپە خێرێکە، کردنی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو بری هەموو ئەوانە ئەکەوێ و جێیان ئەگرێتەوە".

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە فەرمودەی دایکمان خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە ڕوونی کردۆتەوە کە هەموو مرۆڤێک لەسێ سەد و شەست جومگە بەدیهێنراوە، جا هەرکەسێ لە پۆژێکدا ئەم ژمارە خێرە بەدەست بهێنێ ئەوا ئەو پۆژە بەڕێدا ئەڕوات لەکاتێکدا خۆی لە ئاگری دۆزەخ قوتار کردووە، لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە وتوێەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِي آدَمَ عَلَى سِتِّينَ وَثَلَاثِمِائَةِ مَفْصِلٍ، فَمَنْ كَبَّرَ اللهَ، وَحَمِدَ اللهَ، وَهَلَّلَ اللهَ، وَسَبَّحَ اللهَ، وَاسْتَغْفَرَ اللهَ، وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْماً عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ أَوْ نَهَى عَنْ مُنْكَرٍ، عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلَاثِمِائَةِ السُّلَامِى، فَإِنَّهُ يَمْشِي يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ»[2]، واتە:" بێگومان هەموو مرۆڤێک لە سێ سەد و شەست جومگە بەدیهێنراوە، جا هەرکەسێ (الله أکبر) بکات، و(الحمد لله) بکات، و(لا إله إلا الله) بکات، و(سبحان الله) بکات، و (أستغفر الله) بکات، یاخود بەردێک لەسەر ڕێگەی خەڵکی لاببات، یان درکێک یان ئێسقانێک لەسەر ڕێگەی خەڵکی لابەرێت، و فەرمان بکات بەچاکە یاخود ڕێگری بکات لە خراپە، بەهێندەی ژمارەی ئەو سێ سەد و شەست جومگەیە، ئەوا ئەو پۆژە بەسەر زەویدا ئەڕوات و خۆی لە ئاگری دۆزەخ لاداوە و دوری خستۆتەوە ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٧٢٠).

(٢) رواه مسلم برقم (١٠٠٧).

کاتەکەی:

نوێژی چێشتەنگاو لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە خۆر هێندەی ڕمێک بەرز ئەبێتەوە - واتە دوای دەرچوون لەکاتی قەدەغە لێکراو- .

کۆتایش دێت پێش لادانی خۆر لە چەقی ئاسمان- واتە: پێش هاتنی کاتی نیوەڕۆ بە دە خولەک بەنزیکی- .

ئەوەی بەڵگە بێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی عەمری کوڕی عەبەسەیە (خوا لێی ڕازی بێ): « صَلِّ صَلاَةَ الصُّبْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ...، ثُمَّ صَلِّ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ حَتَّى يَسْتَقِلَّ الظِّلُّ بِالرُّمْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ فَإِنَّ حِينَئِذٍ تُسْجَرُ جَهَنَّمُ ... »[1]، واتە:" نوێژی بەیانی بکە پاشان دەست هەڵگرە لە نوێژ و نوێژ مەکە هەتا خۆر هەڵدێت و بەرزئەبێتەوە ...، ئینجا نوێژ بکە چونکە ئەو نوێژە فریشتەکان گەواهی بۆئەدەن و ئامادەی ئەبن، هەتا سێبەری ڕم لە کورتبوونەوەدا ئەبێت و دێتە کۆتایی و جێگیر ئەبێ، پاشان واز لە نوێژکردن بێنە چونکە لەو کاتەدا دۆزەخ تاو ئەسێنێت و داخ ئەبێت...".

چاکترین کاتی کردنی نوێژی چێشتەنگاو:

کۆتا کاتی چاکترین کاتە، ئەوەش ئەو کاتەیە کە سمی بەچکە هوشتر داخ ئەبێت و ئەسوتێ.

ئەوەی کە بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی زەیدی کوڕی ئەرقەمە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « صَلاَةُ الأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ الْفِصَالُ »[2]، واتە:" نوێژی تۆبەکاران ئەو کاتەیە کە لەبەر تاو سەندنی گەرمی، لم سمی بەچکە هوشتر ئەسوتێنێ ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٨٣٢).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٤٨).

کاتەکەی:

نوێژی چێشتەنگاو لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە خۆر هێندەی ڕمێک بەرز ئەبێتەوە - واتە دوای دەرچوون لەکاتی قەدەغە لێکراو- .

کۆتایش دێت پێش لادانی خۆر لە چەقی ئاسمان- واتە: پێش هاتنی کاتی نیوەڕۆ بە دە خولەک بەنزیکی- .

ئەوەی بەڵگە بێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی عەمری کوڕی عەبەسەیە (خوا لێی ڕازی بێ): « صَلِّ صَلاَةَ الصُّبْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ...، ثُمَّ صَلِّ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ حَتَّى يَسْتَقِلَّ الظِّلُّ بِالرُّمْحِ ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاَةِ فَإِنَّ حِينَئِذٍ تُسْجَرُ جَهَنَّمُ ... »[1]، واتە:" نوێژی بەیانی بکە پاشان دەست هەڵگرە لە نوێژ و نوێژ مەکە هەتا خۆر هەڵدێت و بەرزئەبێتەوە...، ئینجا نوێژ بکە چونکە ئەو نوێژە فریشتەکان گەواهی بۆئەدەن و ئامادەی ئەبن، هەتا سێبەری ڕم لە کورتبوونەوەدا ئەبێت و دێتە کۆتایی و جێگیر ئەبێ، پاشان واز لە نوێژکردن بێنە چونکە لەو کاتەدا دۆزەخ تاو ئەسێنێت و داخ ئەبێت...".

چاکترین کاتی کردنی نوێژی چێشتەنگاو:

کۆتا کاتی چاکترین کاتە، ئەوەش ئەو کاتەیە کە سمی بەچکە هوشتر داخ ئەبێت و ئەسوتێ.

ئەوەی کە بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی زەیدی کوڕی ئەرقەمە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « صَلاَةُ الأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ الْفِصَالُ »[2]، واتە:" نوێژی تۆبەکاران ئەو کاتەیە کە لەبەر تاو سەندنی گەرمی، لم سمی بەچکە هوشتر ئەسوتێنێ ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٨٣٢).

(٢) رواه مسلم برقم (٧٤٨).

شێخ ئیبنو باز(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" نوێژی چێشتەنگاو لەو نـوێژانەیە کە چاکترین کاتی ئەوەیە لە کۆتاییەکەیدا ئەنجام بدرێت "(١).

هەروەها مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" (تَرْمَضُ) واتە: بەچکە هوشتر لەبەر گەرمی لمەکە هەڵئەسێت و ئەڕوات، کە ئەمەش پێش لادانی خۆرە لەناوەڕاستی ئاسمان بە دە خولەک "(٢).

خێر و چاکەی نوێژی چێشتەنگاو:

١- ئامۆژگـاری و ڕاسـپاردەی پێغەمـبەری خـوایە ﷺ بـۆ هەنـدێ لە هاوەڵەکانی وەک: ئەبی هوڕەیرە، و ئەبی دەرداء، و ئەبی زەڕ(خوا لەهەموویان ڕازی بێ) وەک لەپێشەوە ڕابوورد، جا کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری کەسێکی کرد بەشتێک ئەوا ئەو شتە ئامۆژگاری و ڕاسپاردەشە بۆ تێکڕای ئـوممەت، هەروەک چـۆن فەرمـانکردنی بەشـتێک، و ڕێگـری کردنـی لە شـتێک، ئاڕاسـتەیە بـۆ تێکـڕای ئوممەت، هەتا ئەو کاتەی بەڵگەیەک دێتە پێشەوە کە بەڵگە بێت لەسـەر تـایبەتێتی ئەو شتە، کە لێرەدا هیچ بەڵگەیەک نییە لەسـەر ئەوەی کە تـایبەت بـێ بەو هـاوەڵە بەڕێزانە، جا بۆیە ئەمە ئامۆژگـارییە بـۆ تێکـڕای ئـوممەت کە ئەنجـامی بـدەن - هەر خواش زاناترە -.

٢- هاوتـای سـێ سـەد و شەسـت چـاکەیە، وەک لەفەرمـوودەی ئەبـی زەڕدا(خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لای پێشەوا موسلیم .

٣- بەڵـگە و نیشـانەیە لەسـەر ئەوەی کەوا ئەو بەنـدەیە تۆبەکـارە و گەڕاوەتەوە بـۆلای پەروەردگـارەکەی، بەتـایبەتی ئەگەر لەکـاتە چاکەکەیدا ئەنجـامی بدات، کە کۆتـا کـاتەکەیەتی، وەک لەفەرمـوودەی زەیـدی کـوڕی ئەرقەمـدا(خوا لێی ڕازی بێ) هاتبوو لای پێشەوا موسلیم .

---

(١) الفتاوى الإسلامية: ١/٥١٥.

(٢) الممتع: ٤/٨٨.

٤- نوێژێکە کەوا فریشتە ئامادەی ئەبن، و گەواهی لەسەر ئەدەن، وەک لە فەرموودەی عەمری کوڕی عەبەسەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتبوو لای پێشەوا موسلیم.

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) سەبارەت بە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ برگەی: (فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ) وتوویەتی: واتە: (فریشتەکان ئامادەی ئەبن کە نزیکترین کاتە بۆ گیرابوون و دەستکەوتنی ڕەحمەتی خوا)[1].

ژمارەی ڕکاتەکانی:

لایەنی کەمی ژمارەی نوێژی چێشتەنگاو: دوو ڕکاتە، ئەویش لەبەر فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەبوخاری و موسلیمدا هاتووە و وتوویەتی: «أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلاَثٍ- و ذكر منها -: وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى... »[2]، واتە:" خۆشەویستەکەم کە پێغەمبەری خوایە ﷺ ئامۆژگاری کردوم و ڕایسپاردووم بەکردنی سێ شت:"- کە تیایدا هاتووە- کردنی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو ".

بەڵام ڕای ڕاست و دروست سەبارەت بەزۆرترین ژمارەی نوێژی چێشتەنگاو ئەوەیە: کە هیچ سنورێکی نییە، بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی کە بە هەشت ڕکات سنوردارییان کردووە، بەڵکو ئەو کەسە بۆی هەیە چەندێ خوا یارمەتی بدات و دەرووی لێ بکاتەوە ئەتوانێ لە هەشت ڕکات زیاتر بکات، ئەمەش لەبەر فەرموودەی خاتو عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُصَلِّي الضُّحَى أَرْبَعًا وَيَزِيدُ مَا شَاءَ اللهُ »[3]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ چوار ڕکات نوێژی چێشتەنگاوی ئەکرد، و ئەوەندەی خوا ویستی لەسەر بوایە زیادی ئەکرد ".

---

(١) شرح النووي على مسلم، حديث (٨٣٢)، باب إسلام عمرو بن عبسة رضي الله عنه.

(٢) رواه البخاري برقم (١٩٨١)، ومسلم برقم (٧٢١).

(٣) رواه مسلم برقم (٧١٩).

چوارەم: (کاتی نیوەڕۆ)

کە چەند کار و فەرمانێک لەخۆ ئەگرێت:

فەرمانی یەکەم: نوێژی سوننەتی پێش و دوای نوێژی نیوەڕۆ:

لە پێشەوە لەباسی سوننەتە جەخت لێکراوەکاندا لەوە دواین کە دروستە پێش نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکات، و دوای نوێژ دوو ڕکات بکرێت، وەک فەرموودەی عائیشە، و ئومەحەبیبە، و ئیبنو عومەر(خوا لەهەموویان ڕازی بێ) بەڵگەن لەسەری.

هەروەها لە سوننەنی ئەبی داود و تیرمزی و نەسائی و ئیبنوماجە، و موسنەدی پێشەوا ئەحمەددا هاتووە لە فەرموودەی ئوموحەبیبە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو: «مَنْ صَلَّى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ وَأَرْبَعًا بَعْدَهَا حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ»[1]، واتە:" هەرکەسێ لەپێش نوێژی نیوەڕۆوە چوار ڕکات و لەدوایەوە چوار ڕکات بکات، ئەوا خوای گەورە ئاگری دۆزەخی لەسەر قەدەغە ئەکات ".

ئەم فەرموودەیە لە گێڕانەوەی مەکحولە ئەویش لە عەنبەسەوە، کە فەرموودەیەکی لاوازە، چونکە پێچڕان هەیە لەنێوان مەکحول و عەنبەسەدا، وەک ئەبو زورعە و نەسائی و مونزیری وتوویانە [2]، هەروەها ئیبنو قەطانیش بە عەیبداری

---

(١) رواه أبو داود برقم (١٢٦٩)، والترمذي برقم (٤٢٨)، والنسائي برقم (١٨١٣)، وابن ماجه برقم (١١٦٠)، وأحمد برقم (٢٧٤٠٣).

(٢) الترغيب والترهيب: ٤٥١/١.

داناوە، زاناش هەیە کە بەصەحیحی داناوە*، بەڵام ئەوەی کە پارێزراو و چەسپاوە ئەو فەرموودەیەیە کە لە ئومووحەبیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە: کە دوانزە ڕکات سوننەتی جەختلێکراو هەیە، وەک لای پێشەوا موسلیم هاتووە، کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: «مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً فِي يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ»(١)، واتە:" هەرکەسێ لە شەو و ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژ بکات، ئەوا خوای گەورە بەهۆیانەوە ماڵێکی لەبەهەشتدا بۆ دروست ئەکات ".

فەرمانی دووەم: سوننەتە ڕکاتی یەکەمی نوێژی نیوەڕۆ درێژ بکرێتەوە:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «لَقَدْ كَانَتْ صَلَاةُ الظُّهرِ تُقَامُ، فَيَذهَبُ الذَّاهِبُ إِلَى البَقِيعِ فَيَقضِي حَاجَتَهُ ثُمَّ يَتَوَضَّأُ، ثُمَّ يَأْتِي وَرَسُولُ الله ﷺ فِي الرَّكْعَةِ الأُولَى مِمَّا يُطَوِّلُها »(٢)، واتە:" جاری وابووە نوێژی نیوەڕۆ دائەبەسترا، کەسێک ئیشی هەبوایە و بچوایە بۆ بەقیع دەست بەئاو بگەیەنێت و پاشان بڕۆیشتایەتەوە بۆ ماڵەوە دەستنوێژی بگرتایە، ئینجا بهاتایەتەوە دەیبینی هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ لەڕکاتی یەکەمدایە و فریای ڕکاتی یەکەم ئەکەوت ئەوەندە درێژی ئەکردەوە".

جا لەبەر ئەوە سوننەتە بۆ پێشنوێژ کە ڕکاتی یەکەمی نوێژی نیوەڕۆ درێژ بکاتەوە، هەروەها ئەو کەسەش کەوا بە تەنیا نوێژ ئەکات، و ئافرەتیش بەهەمان شێوە لە ماڵەوەیدا، کە ئەمەش لەو سوننەتانەیە کە فەرامۆشکراوە و بەرەو کەمبوونەوە ئەچێت، داواکارین لەخوای بەرز و بڵند کەوا بتوانین سوننەت بەشێوەیەکی تێر و تەواو جێ بەجێ بکەین، و زیاتر سووربین لەسەری.

---

* وەک پێشەوا ئەلبانی و محمد بن ادم ئەسیوپی ڕاڤەکاری سوننەنی نەسائی لە بەرگی ١٨ فەرموودەی ژمارە (١٨١٢) دا هێناویەتی – وەرگێڕ – .

(١) رواه مسلم برقم (٧٢٨).

(٢) رواه مسلم برقم (٤٥٤).

فەرمانی سێ یەم: سەرخەوشکاندن (قەیلولەکردن):

یەکدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی کە سەرخەوشکاندن: بریتی یە لە خەوتن و پشودانی نیوەی ڕۆژ.

بەڵام جیاوازی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا نیوەی ڕۆژەکە لە کەیدایە؟ ئەمە دوو ڕای لەسەرە: وتراوە: پێش لادانی خۆرە لە ناوەڕاستی ئاسمان (پێش زەوال)، وتراویشە: دوای لادانی خۆرە لەناوەڕاستی ئاسمان (واتە:دوای زەوال).

بەڵام ڕای دیار و زاڵ- کە هەر خواش زانا ترە -: ئەوەیە کە ئەم باسە بەرفراوانە، جا پێش لادانی خۆر و دوای لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان ئەچێتە ناو واتای سەرخەوشکاندنەوە.

هەروەها ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەنجامدانی سوننەتە یان نا؟

ئەمەش دوو ڕای لەسەرە، بەڵام ڕای دیار و زاڵ- کە هەر خواش زانا ترە -: ئەوەیە کە سوننەت نییە، بەڵکو ئەمە کارێکی باو بووە لەناو خەڵکیدا ئەنجامدراوە، و لەبەر پێویستیان بە پشودان لەکاتی نیوەی ڕۆژدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین ئەوان کارەکانیان لەسەرەتای ڕۆژدا دەستپێئەکرد، بۆیە پێویستیان بە سەرخەوشکاندن هەبوو لە ناوەڕاستیدا، جا لەبەر ئەوە دەقەکان بەوجۆرە هاتوون کە ڕوونیان کردۆتەوە ئەوان سەرخەویان شکاندووە، بەڵام سەبارەت بە فەرمان کردن بە سەرخەوشکاندن ئەو فەرموودانەی کە لەبارەیەوە هاتوون لاوازن، و هیچیان صەحیح نین، بەڵکو سەرخەوشکاندن لەو شتانە بووە کە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هەتا کاتی ئێستامان زانراو بووە، بۆیە هەرکەسێ بیەوێ بەڕۆژ بخەوێ، ئەوا چاکترین و بەکەڵکترین کات بریتییە لەکاتی سەرخەوشکاندن (لەو کاتەدا کە لەسەرەوە باسکرا).

حافزی ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئیبنو ماجە و ئیبنو خوزەیمە تەخریجی ئەم فەرموودەیەی ئیبنو عەباسیان کردووە (خوا لێیان ڕازی بێ) بە مەرفوعی: « اسْتَعِينُوا عَلَى صِيَامِ النَّهارِ بالسَّحور، وعَلَى قِيَامِ اللَّيْلِ بِالقَيلولَة »، واتە:" بۆ ڕۆژوو گرتن پەنا ببەنەبەر پارشێو کردن، بۆ هەستانی شەونوێژیش پەنا ببەنەبەر

سەرخەوشکاندنی ڕۆژ "، ئەم فەرموودەیە لە ڕشتەکەیدا زەمعەی کوڕی سالّح هەیە کە لاوازی تیادایە، کە لە پێشەوە ڕاڤەی فەرموودەی سەهلمان (خوا لێی ڕازی بێ) کرد لەم بەشەدا لە کۆتایی بەشی هەینی لە (فتح الباری)دا، کە ئەو ئاماژەیەی تیایە کە ئەوان هەموو ڕۆژێ ئەوە نەریتیان بووە، وە هاتنی فەرمانکردن پێی (واتە: سەرخەوشکاندن) لەو فەرموودەیەی کە پێشەوا طەبەرانی لە (الأوسط)دا تەخریجی کردووە لە فەرموودەی ئەنەسدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە بەرزیکردۆتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: « قِيلُوا فَإِنَّ الشَّياطِين لا تَقِيل »، واتە:" بەڕۆژ سەرخەو بشکێنن چونکە شەیتانەکان سەرخەو ناشکێنن (قەیلولە ناکەن)"*، ئەم فەرموودەیە لەڕشتەکەیدا کەسیری کوڕی مەروانی تیایە کە وازلێهێنراوە (متروک)ە، هەروەها سوفیانی کوڕی عویەینە لە (جامع)ەکەیدا تەخریجی فەرموودەی خەواتی کوڕی جوبەیر (خوا لێی ڕازی بێ)ی کردووە بە مەوقوفی کە فەرمویەتی: « نَومُ أَوَّلِ النَّهَارِ خُرْقٌ، وأَوْسَطُهُ خُلْقٌ، وآخِرُهُ حُمْقٌ »، واتە:" خەوتن لە سەرەتای ڕۆژدا نەفامییە، و لە ناوەڕاستەکەیدا ئاکارێکی پەسەند و ستایشکراوە، و لەکۆتاییەکەیدا گێلێتییە"، کە ئەم فەرموودەیە ڕشتەکەی ڕاست و دروستە (صەحیحە)[1] **، بۆیە فەرمویەتی سەرەتای ڕۆژ نەفامییە، چونکە خێر و بەرەکەت لەسەرەتای ڕۆژدایە، جا هەرکەسێ تیایا بخەوێ فەڕ و بەرەکەتی ئەو ڕۆژەی لەکیس ئەچێت، کە ئەمەش لەنەفامیەتی.

فەرمانی چوارەم: سوننەت وایە لەکاتی تاوسەندنی گەرمادا نوێژی نیوەڕۆ دوابخرێت هەتا تینی گەرماکە ئەشکێت:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەری: فەرموودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە بەمەرفوعی هاتووە و فەرمویەتی: «إِذَا اشْتَدَّ الحَرُّ أَبْرِدُوا بِالصَّلاَةِ، فَإِنَّ شِدَّةَ الحَرِّ مِنْ فَيْحِ

---

* بەڵام پێشەوا ئەڵبانی بەصەحیحی داناوە بڕوانە (الصحيحة رقم: ١٦٤٧) - وەرگێڕ -.

(١) (الفتح)، حديث (٦٢٧٩)، باب القائلة بعد الجمعة (١١/٧٠).

** هەروەها پێشەوا بوخاری لە صحیح (الأدب المفرد)دا هێناویەتی بە ژمارە (١٢٤٢) - وەرگێڕ -.

جَهَنَّمَ »[1]، واتە:" کاتێ گەرما تاوی سەند و بەتین بوو نوێژەکانتان بخەنە کاتی فێنکیەوە و بەفێنکی بیکەن، چونکە گەرمای بەتین لەجۆش و کڵپەسەندنی دۆزەخەوەیە".

مامۆستامان ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەو کارەی کە پێشتر خەڵکی پێی هەڵنەسان، ئەهاتن دوای لادانی خۆر لەچەقی ئاسمان بەنیو کاژێر یان کاژێرێک نوێژیان ئەکرد و ئینجا ئەیانووت: ئەمە بەفێنکی نوێژکردنە، کە ئەمە بەهیچ جۆرێک بەفێنکی نوێژکردن نییە، بەڵکو بە گەرمی نوێژ کردنە، چونکە ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە گەرما لەدوای لادانی خۆر لە چەقی ئاسمان بەنیو کاژێر لەوپەڕی گەرمیدایە، جا ئەگەر بۆ نمونە ئێمە بێین بیخەملێنین کەوا خۆر لە ڕۆژانی هاویندا لە کاتژمێر دوانزە لە ناوەڕاستی ئاسمان لا ئەدات، وە کاتی عەسریش نزیکەی کاتژمێر چوار و نیوە، ئەوا بەفێنکی نوێژکردن نزیکەی کاتژمێر چوار ئەبێت"[2].

بەفێنکی نوێژکردن گشتییە بۆ کەسێ کە بەکۆمەڵ نوێژ ئەکات، و بۆ کەسێکیش کە بەتەنیا نوێژ ئەکات لەسەر ڕای ڕاست و دروست، هەر لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئافرەتیش سوننەتە کەوا لە ماڵەوە بەفێنکی نوێژ بکات، لەبەر گشتگیری واتای فەرمودەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە هەر ئەمەش ڕای هەڵبژاردەی مامۆستامان ئیبنو عوسەیمینە (بەڕەحمەت بێ).

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٣٤،٥٣٣)، ومسلم برقم (٦١٥).

(٢) الممتع:٢/١٠٤.

پێنجەم: (كاتى عەسر)

ئايا سوننەتە لە پێش عەسردا هيچ نوێژێكى سوننەت بكرێت؟

لە پێشەوە قسەمان لەبارەى سوننەتە جەخت لێكراوەكان كرد و خستمانە ڕوو، كە هيچ نوێژێكى لە پێش عەسردا تيا نەبوو، هاتووە لەلاى پێشەوا ئەحمەد و ئەبى داود و تيرمزى، لە فەرمودەى عەبدوڵڵاى كوڕى عومەر (خوا لێيان ڕازى بێ) كە وتوويەتى، پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى: « رَحِمَ اللهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا »[1]، واتە:" ڕەحمەتى خوا لەو كەسە بێ كە لەپێش نوێژى عەسر چوار ڕكات نوێژى سوننەت ئەكات ".

ئەم فەرموودەيە لەڕێى ئەبى داودى طەيالسيەوە گێڕراوەتەوە لە محەممەدى كوڕى ئيبراهيمى كوڕى موسليمەوە، ئەويش لە باپيريەوە موسليمى كوڕى ميهران، لە ئيبنو عومەرەوە (خوا لێيان ڕازى بێ)، ئەم فەرموودەيە لە خولگەى (محەممەدى كوڕى ئيبراهيمى كوڕى موسليمى كوڕى ميهران) ئەسوڕێتەوە كە زانايانى فەرموودەناس قسەيان لەبارەوە كردووە.

پێشەوا زەهەبى (بەڕەحمەت بێ) لە پەڕتووكى (الميزان)دا وتوويەتى: فەلاس وتوويەتى: ئەبو داودى طەيالسى فەرموودەى نەناسراوى (مونكەرى) لێوە گێڕاوەتەوە، وە ئەبو زورعەش (بەڕەحمەت بێ) لەبارەيەوە وتوويەتى: لاوازە و بەبەڵگە ناهێنرێتەوە، ئيبنو مەهديش بە نەرمى داناوە[2].

پێشەوا ئيبنولقەيم (بەڕەحمەت بێ) وتوويەتى:" زانايان سەبارەت بەم فەرموودەيە ڕاجيا و ناكۆكن، ئيبنوحەبان تەصحيحى كردووە و بەصەحيحى داناوە،

---

(١) رواه أحمد برقم (٥٩٨٠)، وأبو داود برقم (١٢٧١)، والترمذي برقم (٤٣٠).

(٢) الميزان: ٤/٢٦.

و جگە لەویش بە عەیبداریان داناوە، ئیبنو ئەبی حاتەم وتوویەتی: گوێم لێبوو باوکم ئەیوت: پرسیارم لە ئەبا وەلیدی طەیالیسی کرد سەبارەت بە فەرموودەی محەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی موسەننا، ئەویش لە باوکیەوە، لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: « رَحِمَ اللهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا »، وتی: وازی لێ بێنە، وتم: ئاخر ئەبا داود گێڕاویەتیەوە، وتی: ئەبو وەلید وتوویەتی: ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) ئەیفەرموو:" من تەنیا دوانزە ڕکاتم لەبەرکردووە (واتە: لە پێغەمبەری خواوە ﷺ)"[1].

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" بەڵام پێش عەسر، هیچ یەکێک نەی وتووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ پێش عەسر نوێژی کردبێت، مەگەر لاوازیەکی تیایە، بەڵکو هەڵەشە "[2].

جا لەبەر ئەوە ڕای ڕاست و تەواو- کە هەر خواش زاناترە -: ئەوەیە کە هیچ سوننەتێکی دیاریکراو لە پێش عەسرەوە نییە، بەڵکو کار و فرمانەکە ڕەهایە هەرکەسێ ئارەزووی لێ بوو دوو ڕکات یان زیاتر بکات ئەتوانێ، بەگوێرەی سوننەتی ڕەها، وەک چۆن لەکاتەکانی تردا نوێژ ئەکات جگە لەکاتە قەدەغە کراوەکان، بەڵام بڵێی شتێکی دیاریکراو هەیە لەپێش عەسردا ئەوا شتی وا نییە *.

---

(١) زاد المعاد: ١/٣٠١.

(٢) الفتاوى: ٢٣/١٢٥.

* ئەم فەرموودەیە پێشەوا ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، وە لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەدیشدا هاتووە و ئامادەکارەکەی ساڵح شامی وتویەتی اسنادە حسن، بۆیە هیچ کێشەیەکی تیا نییە ـ وەرگێڕ ـ.

ویردەکانی بەیانیان و ئێواران:

ج کاتێ خوێندنی ویردەکانی بەیانیان و ئێواران دەست پێئەکات؟

کاتی خوێندنی ویردەکانی بەیانیان:

لەکاتی بەرەبەیانی ڕاستگۆوە (الفجر الصادق) دەست پێئەکات کە کاتی نوێژی بەیانییە، جا کاتێ بانگبێژ بانگیدا بۆ نوێژی بەیانی، ئا لەو کاتەوە خوێندنی ویردەکانی بەیانی دەست پێئەکات، کە ئەمەش وتە و بۆچوونی بەشی زۆری زانایانە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

ئا لێرەدا ڕایەکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە: دەستپێکی خوێندنی ویردەکانی بەیانیان لەنیوە شەوی کۆتاییەوە دەست پێئەکات.

بەڵام ڕای ڕاست و تەواو: ڕای بەشی زۆری زانایانە کە بریتییە لە بەرەبەیان، کە لە دوایدا وتەی پێشەوا ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەهێنین کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوە.

کاتی خوێندنی ویردەکانی بەیانیان و ئێواران، سەرەتای دەستپێکردن و کۆتاییەکەی، لەو بابەتانەیە کە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ناکۆکن لەسەری، چونکە هیچ شتێکی تایبەت نەهاتووە لەبارەیەوە کە کات و ماوەکەی دیاری بکات، بۆیە زانایان ناکۆکن لەسەر ئەوەی کەی کاتی خوێندنی ویردەکانی بەیانیان کۆتایی دێت؟

وتراوە: بەدەرکەوتنی گزنگی خۆر، کە شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) لە پەرتوکی (الکلم الطیب)دا ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە، هەروەها ئیبنولقەیمی خوێندکاریشی (بەڕەحمەت بێ) لەپەرتوکی (الوابل الصیب)دا هەمان ڕای هەڵبژاردووە.

هەروەها وتراوە: بە ئاوابوونی خۆر کۆتایی دێت، کە ئیبنولجەزەری و شەوکانی (بەڕەحمەت بن) ئەم ڕایەیان هەڵبژاردووە[1].

---

(١) انظر: تحفة الذاكرين: ١/٩٥، للشوكاني.

بەڵام ڕای زاڵ و ئاشـــکرا- کە هەر خـــواش زانـــاترە-: ڕای یەکەمە، کە بەدەرکەوتنـی گزنگی خـۆر کـاتەکەی کۆتـایی دێـت، بەڵام قەینـاکە ئەگەر موسـڵمان دوای دەرکەوتنـی گزنگـی خـۆریش بیڵێـت، بەتـایبەتی ئەگەر لەبەر بەهـانەیەک بـۆی نەکرابێت و وازی لێهێنابێت، چونکە دوای دەرکەوتنی گزنگی خۆریش هەر بە بەیـانی ناوئەبرێـت، لەبەرئەوەی بەوە خێـر و چـاکە و فەڕ و بەرەکەتـی خوێنـدنی ویردەکـان بەدەست دێت، کە هەر ئەمەش باشترە لەوازلێهێنان و بێ ئاگابوون لێی لەو ماوەیەی ڕۆژەکەیدا.

کاتی خوێندنی ویردەکانی ئێواران:

زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ناکۆکن سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردن و کۆتاییەکەی، وتراوە: لەکاتی لادانـی خـۆر لەچەقـی ئاسـمان بـۆ ئـاوابوونی خـۆر و سەرەتای شەوە، کە لیژنەی هەمیشەیی بەمە فتوایان داوە[1].

وتراوە: لەدوای عەسرەوە بۆ خۆر ئاوابوونە، کە شێخولئیسلام ئیبنـو تەیمـیە و ئیبنولقەیم ئەم ڕایەیان هەڵبـژاردووە، کە هەرئەمەش وتەی دیـار و ڕوونـی پێشـەوا نەوایە لەپەرتوکەکەیدا (الأذکار)[2].

وتـراوە: لەدوای خـۆر ئـاوابوونەوە دەسـت پێئەکـات و بەدەرکەوتنـی گزنگـی بەیان کۆتایی دێت لەسەر ڕای هەندێکیان، وەک ئیبنولجەزەری، و شەوکانی[3].

وتراوە: هەتا سێ یەکی شەوە.

وتراوە: هەتا نیـوە شـەوە، کە فەیروزئابـادی خـاوەنی (القـاموس المحیط) ئەم ڕایەی هەڵبـژاردووە، وە زانـاش هەیە کە کـاتی کۆتـایی هـاتنی دیـاری نەکـردووە- ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ-.

---

(١) انظر: فتاوى اللجنة الدائمة: ٢٤/١٧٨.

(٢) انظر: الأذكار: ٨٧.

(٣) انظر: تحفة الذاكرين: ١/٩٥، للشوكاني.

بەڵام ڕای زاڵ و ئاشکرا- کە هەر خواش زانەتر-: ئەوەیە کە لەدوای عەسرەوە دەست پێئەکات بۆ خۆر ئاوابوون، ئەوەی کە سەبارەت بە خوێندنی ویردەکانی بەیانیان وتمان بۆ ئەمیش هەمان شت ئەڵێین، کە هیچ ڕێگرییەک نییە کە لەدوای خۆر ئاوابوونیشەوە بخوێنرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە لەبەر بەهانەیەک بۆی نەکرابێت و وازی لێهێنابێت، چونکە دوای خۆر ئاوابوونیش هەر بە ئێوارە ناوزەند ئەکرێ، لەبەرئەوەی بەوە خێر و چاکە و فەڕ و بەرەکەتی خوێندنی ویردەکان بەدەست دێت، کە هەر ئەمەش باشترە لەوازلێهێنان و بێ ئاگابوون لێی لەو ماوەیەدا.

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بەشی یەکەم: سەبارەت بە زیکر کردن لەمسەر و ئەوسەری ڕۆژ، کە لەنێوان بەیانی و خۆرهەڵاتندایە، وە لەنێوان عەسر و خۆرئاوابوونداید، خوای پاک و بێگەرد و بڵند فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٤١ - ٤٢، واتە:{ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە یادی خوای گەورە بکەن یادکردنێکی یەکجار زۆر(٤١) وە خوای مەزن بە پاک ڕابگرن لەبەیانیان و ئێوارانداد(٤١)}، سەبارەت بە وشەی(الأصيل) جەوهەری وتوویەتی: بریتی یە لەکاتی دوای عەسر بۆ ئێوارە (مەغریب)، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴿٥٥﴾ ﴾ غافر: ٥٥، واتە:{ خوای گەورە بە پاک ڕابگرە و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە بە ئێواران و بەیانیان }، جا (الأبكار) بریتی یە لەسەرەتای ڕۆژ، و(العشي)ش کۆتاییەکەیەتی، هەروەها خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی:﴿ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ ﴾ ق: ٣٩، واتە: { خوای مەزن بە پاک ڕابگرە لەهەموو شتێک کە شایەنی ئەو نییە و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە پێش خۆرکەوتن و خۆرئاوابوون }، کە هەموو ئەمانە ڕاڤەی ئەو دەستەواژانەن کە لە فەرموودەکاندا هاتوون، بە بێژەی هەرکەسێ ئەوە و ئەوە بڵێ کاتێ ڕۆژ ئەکاتەوە و ئێوارەی بەسەردا دێت، کە مەبەست لێی: پێش خۆر

هەڵهاتن و خۆڕئاوابوونە، وە شوێنی خوێندنی ئەم وێردانە دوای بەیانی و دوای عەسرە "[1].

پرسیار لە مامۆستامان ئیبنو عوسەیمین کرا (بەڕەحمەت بێ): " کەوا کەی کاتی خوێندنی وێردەکانی ئێوارانە؟ و چاکترین کاتیش بۆ خوێندنی کەیە؟ ئایا قەزا ئەکرێتەوە لەکاتێکدا لەبیرت بچێت لەکاتی خۆیدا بیخوێنی؟ ".

وەڵام: سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، کاتی ئێوارە بەرفراوانە هەر لەدوای نوێژی عەسرەوە تا نوێژی خەوتنان پێی ئەوترێ ئێوارە، جا چوونیەکە ئەگەر لە سەرەتاکەیدا بخوێنرێ، یان لە کۆتاییەکەیدا، مەگەر وێردێک بەڵگە هاتبێت لەسەری و تایبەتی کردبێت کە ئەبێ لە شەودا بخوێنرێت، وەک (آية الكرسي) کە فەرموودەکە ئەفەرموێ هەرکەسێ بەشەو بیخوێنێ، جا هەر وێردێ کە بەسترابێتەوە بەوەی کە ئەبێ بەشەو بخوێنرێ ئەوا لە شەودا ئەوترێت، ئەوەیش کە بەسترابێتەوە بەوەی کە ئەبێ بەڕۆژ بخوێنرێ ئەوا لەڕۆژدا ئەخوێنرێ، سەبارەت بە قەزاکردنەوەی بۆ کەسێ کە لەبیری بچێت ئەوا هیوادارم کە پاداشت بدرێتەوە لەسەری "[2].

---

(١) الوابل الصيب: ص١٨٦، وانظر: نحو كلام ابن القيم كلام شيخه ابن تيمية في (الكلم الطيب).

(٢) (فتاوى الشيخ ابن عثيمين رحمه الله مجلة الدعوة) العدد (١٧٤) ١٤٢١/٢/٢٧هـ، وانظر أيضا: شرحه (لرياض الصالحين: ١٥٣٣/٢)، باب الذكر عند الصباح والمساء.

شەشەم: (کاتی ئێوارە)

ئەمەش چەند کار و فەرمانێ لەخۆ ئەگرێت:

فەرمانی یەکەم: سوننەت وایە لەسەرەتای ئێوارەدا منداڵ بهێنرێتەوە بۆ ماڵەوە و ڕێگریان لێ بکرێ لەوەی کە بچنە کۆڵان.

فەرمانی دووەم: سوننەت وایە لەسەرەتای ئێوارەدا دەرگاکان دابخرێن، و ناوی خوای بەرز و بڵند بهێنرێ لەسەریان.

لە ئەنجامدانی ئەم دوو ئادابەدا پارێزگاری تیایە لە شەیتانەکان و جنۆکە، جا لە ڕێگری کردنی منداڵان لەوەی کە سەرەتای ئێوارە بچنە کۆڵان بۆ پارێزگاری و پاراستنیانە لە شەیتانەکان کە لەو کاتەدا بڵاو ئەبنەوە، هەروەها لە داخستنی دەرگاکان لەم کاتەدا و ناوی خوای بەرز و بڵند هێنان لەکاتی داخستنیاندا بەهەمان شێوەیە، ئای چەند منداڵ و ماڵ و خانو هەیە کە شەیتانەکان توانیویانە لەو کاتەدا زاڵ و جێگیربن بەسەریاندا بێ ئەوەی دانیشتوانی ماڵەکە هەستی پێ بکەن، ئای چەند مەزنە چاودێریکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ منداڵ و ماڵەکانمان.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵایە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا كَانَ جُنْحُ اللَّيْلِ، أَوْ أَمْسَيْتُمْ، فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ، فَإِنَّ الشَّيَاطِينَ تَنْتَشِرُ حِينَئِذٍ، فَإِذَا ذَهَبَتْ سَاعَةٌ مِنَ اللَّيْلِ فَخَلُّوهُمْ، وَأَغْلِقُوا الأَبْوَابَ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا»[1]، واتە:" ئەگەر شەو داهات و تاریکی باڵی بەسەردا کێشان، یان ئێوارەتان بەسەردا هات، ڕێگری لە منداڵەکانتان

(١) رواه البخاري برقم (٣٣٠٤)، ومسلم برقم (٢٠١٢).

بـکەن لە چـوونە دەرەوە، چـونکە شـەیتانەکان لەوکـاتەدا بڵاوئەبـنەوە، جـا هەر ئەوەندەی کاژێرێکی شەو تێپەڕی وازیان لێ بێـنن، وە دەرگاکانتـان دابـخەن و نـاوی خوا بهێنن، چونکە شەیتان ناتوانێ دەرگای کڵۆم دراو و داخراو بکاتەوە ".

لە گێڕانەوەی پێشـەوا موسـلیمدا هـاتووە: « لاَ تُرْسِـلُوا فَوَاشِـيَكُمْ وَصِـبْيَانَكُمْ إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ حَتَّى تَذْهَبَ فَحْمَةُ الْعِشَاءِ فَإِنَّ الشَّيَاطِينَ تَنْبَعِثُ إِذَا غَابَتِ الشَّـمْسُ حَتَّـى تَـذْهَبَ فَحْمَةُ الْعِشَاءِ »[1]، واتە:" کاتێ خۆر ئـاوابوو و تـاریکی ڕووی تێکـردن ئاژەڵەکانتـان و منداڵەکانتـان دەرمەکەن و بڵاویـان مەکەنەوە هەتـا تـاریکی سـەرەتای شـەو ئەڕوات، چونکە شـەیتانەکان لەوکـاتەدا دەرئەپەڕن و بـڵاو ئەبـنەوە کـاتێ خـۆر ئـاوابوو هەتـا تاریکی سەرەتای شەو ئەڕوات ".

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: (فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ) واتە: لەو کـاتەدا ڕێگری چوونە دەرەوەیان لێ بکەن.

کە فەرمـوویەتی ﷺ: (فَـإِنَّ الشَّـيَاطِينَ تَـنْتَشِرُ)، واتە: ڕەگەزی شـەیتان، واتاکەشـی ئەوەیە کە: لەو کـاتەدا لە منداڵەکانمـان بترسـین کە شـەیتانەکان ئـازار و ئەزیەتیان بدەن، لەبەر زۆرییان لەو کاتەدا - هەر خواش زاناترە بەوە -.

زمانەوانانیش سەبارەت بەوشەی (فَوَاشِي) وتوویانە: هەموو مااڵیات و سامانێک ئەگرێتەوە وەک: هوشتر و مەڕ و هەمـوو ئاژەڵێـک و جـگە لەوانەش ئەگـرێتەوە، ئەم وشەیە کۆی (فاشية)یە چونکە بڵاو ئەبێتەوە، واتە: لەسەر زەویدا بڵاو ئەبێتەوە.

وە مەبەسـت لە (فَحْمَـةُ الْعِشَـاءِ) تـاریکی و ڕەشـایی شـەوە، هەنـدێ بە سەرەتای تاریکی ڕاڤەیان کردووە، بەو جۆرە خاوەنی (نهاية الغريب) باسی کـردووە و وتوویەتی: بەتاریکی نێوان ئێوارە و خەوتنان ئەوترێ (الفَحْمَـةُ) و بەتـاریکی نێـوان خەوتنان و بـەرەبەیـان ئەوترێ (العَسْعَسَةُ)[2].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠١٣).

(٢) (شرح النووي لمسلم)، حديث (٢٠١٢)، باب الأمر بتغطية الإناء وإيكاء السقاء.

دوای ئەوەی ئەو کاتە تێ ئەپەڕێت و ئەڕوات و ئەچینە ناو شەوەوە، ئیتر قەیناکە کەوا منالّەکانمان ئازاد بکەین، چونکە ئەو کاتەی کە شەیتانەکان تیایدا بلّاو ئەبنەوە ڕۆشت و بەسەرچوو، لەمەدا ئەوەی لێ تێئەگەین- کە هەر خواش زاناترە- شەیتانەکان دوای ئەو ماوەیە پەناگە و پەسێوی خۆیان دەست کەوتووە.

حیکمەتیش لە بلّاوبوونەوەی شەیتانەکان لەو کاتەدا بێجگە لە ڕۆژ، وەک ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" چونکە جولّەیان لەشەودا بەهێزترە وەک لەڕۆژدا، لەبەر ئەوەی تاریکایی زیاتر هێزە شەیتانیەکانی تیا یەکانگیر ئەبێ وەک لە هی تر، هەروەها هەموو ڕەشیەکیش بەهەمان شێوەیە "[1].

پێشەوا ئیبنو عەبدولبەڕ (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لەو فەرمووەیەدا فەرمانکراوە بەوەی کە دەرگای مالّەکان بەشەو دابخرێن، کە ئەمەش سوننەتێکە و فەرمانی پێکراوە، و ئاگادارکردنەوە و نەرمی نواندنە بەرامبەر بەخەلّکی، لەبەر خراپەی شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە، بەلّام لەو فەرموودەیەدا کە فەرموویەتی:« فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَفْتَحُ بَابًا غَلقًا، ولا يُحُلُّ وِكَاءً »[2]، واتە:" بەدلّنیاییەوە شەیتان ناتوانێ دەرگای داخراو بکاتەوە و ناشتوانێ دەمی کوندە و مەشکەش بکاتەوە "، ئەمەیان ئاگادارکردنەوەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ، و هەواڵپێدانە بە ناز و نیعمەتەکانی خوای بەرز و بلّند بەسەر بەندە مرۆڤەکانیەوە، کە ئەو هێزەی نەداوە بە شەیتانەکان کە بتوانن دەرگا بکەنەوە، و دەمی کوندە و مەشکەکان بکەنەوە، سەری مەنجەلّەکان لابدەن، کە ئەم شتانەی لێ حەرام و قەدەغە کردوون، ئەگەرچی زۆر لەوە زیاتری پێ بەخشیوون لە تێپەڕین، و چوونە ناو شتی واوە کە مرۆڤ هەر ناتوانێ پیایدا بچێت ".

خەتیبی شەربینی شافعی مەزهەب (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سوننەتە کاتێ شەو بەسەردا دێت و تاریکاییەکەی باڵ بەسەر دنیادا ئەکێشێ سەری دەفرەکانمان داپۆشین ئەگەر بەچیلکە داریّکیش بووە، و سەری کوندە و شەربەی

---

(١) (فتح الباري)، حديث (٣٢٨٠)، باب صفة إبليس وجنوده.

(٢) الاستذكار: ٣٦٣/٨.

ئاو خواردنەوەکانمان ببەستین، و دەرگاکانمان دابخەین و ناوی خوای بەرز و بڵند بهێنین لەو سێیەدا و منداڵ و ئاژەڵەکانمان بگرینەوە و ڕێگری چوونە دەرەوەیان لێ بکەین لە یەکەم ساتەوەختی شەودا و لەکاتی خەوتنیشدا چراکانمان بکوژێنینەوە"[١].

ئەوەیش هەیە ڕێگری کردن لەمنداڵ، و داخستنی دەرگاکان لەسەرەتای ئێوارەدا کارێکی چاکە (موستەحەبە) و واجب نییە[٢].

فەرمانی سێ یەم: کردنی دوو ڕکات نوێژی سوننەت پێش نوێژی ئێوارە:

ئەمەش لەبەر فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەلی موزەنی (خوا لێی ڕازی بێ)، کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «صَلُّوا قَبْلَ صَلاَةِ المَغْرِبِ»، قَالَ فِي الثَّالِثَةِ: «لِمَنْ شَاءَ»، كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً [٣]، واتە:" لە پێش نوێژی ئێوارەوە نوێژ بکەن"، لە سێیەم جاردا فەرمووی:" بۆ کەسێ کە خۆی ئارەزووی لێ بێ"، بۆیە وای فەرموو لە ترسی ئەوەی نەک خەڵک بیکەنە سوننەتێکی جەخت لێکراو و بەردەوام بیکەن.

هەروەها فەرمودەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «لَقَدْ رَأَيْتُ كِبَارَ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ يَبْتَدِرُونَ السَّوَارِيَ عِنْدَ المَغْرِبِ»[٤]، واتە:" ئەمبینی گەورە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کێبڕکێیان ئەکرد بۆ نوێژکردن لەبەردەم کۆڵەکەکانی مزگەوت لەدوای بانگی ئێوارەدا ".

هەر لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: «كُنَّا بِالْمَدِينَةِ فَإِذَا أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ لِصَلاَةِ الْمَغْرِبِ ابْتَدَرُوا السَّوَارِيَ فَيَرْكَعُونَ رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ حَتَّى إِنَّ

---

(١) معنى المحتاج: ٣١/١.

(٢) انظر: فتاوى اللجنة الدائمة (٣١٧/٢٦).

(٣) رواه البخاري برقم (٧٣٦٨).

(٤) رواه البخاري برقم (٥٠٣).

الرَّجُلَ الْغَرِيبَ لَيَدْخُلُ الْمَسْجِدَ فَيَحْسِبُ أَنَّ الصَّلاَةَ قَدْ صُلِّيَتْ مِنْ كَثْرَةِ مَنْ يُصَلِّيهَا»[١]، واته:" هاوەڵان له شاری مەدینەدا کاتێ بانگبێژ بانگی ئەدا بۆ بانگی ئێوارە کێبرکێیان ئەکرد و بە پەلە پەل ئەچوون بۆلای کۆڵەکەکانی مزگەوت و دوو ڕکات دوو ڕکات نوێژیان ئەکرد، بەجۆرێ هەتا پیاوی نامۆ و نەشارەزا کە ئەهاتە مزگەوتەوە وای ئەزانی نوێژە فەرزەکە ئەنجامدراوە ئەوەندە زۆربوون ئەوانەی ئەو نوێژەیان ئەکرد".

(یبتدرون): واتە: پەلە پەلیان ئەکرد بۆ بەردەم کۆڵەکەکان بۆئەوەی بیکەن بە بەربەست، کە ئەمەش بۆخۆی پارێزگاری و گرنگی پێدانی ئەوان دەرئەخات لەسەر دانانی بەربەست (سوترە).

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لە عەبدوڵڵای موزەنیەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: «صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ، صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ»، قَالَ فِي الثَّالِثَةِ: «لِمَنْ شَاءَ»، كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً، واته:" لەپێش نوێژی ئێوارەوە نوێژ بکەن، لە پێش نوێژی ئێوارەوە نوێژ بکەن "، لە سێیەم جاردا فەرمووی:" بۆ کەسێ کە خۆی ئارەزووی لێ بێ"، بۆیە وای فەرموو لە ترسی ئەوەی نەک خەڵک بیکەنە سوننەتێکی جەخت لێکراو و بەردەوام بیکەن، کە بەڕاستی ئەم وتەیە ڕاست و دروستە و ئەم نوێژەش سوننەتێکە خەڵکی بۆ هاندراوە، و سوننەتێکی جەخت لێکراو نییە وەک تێکڕای نوێژە سوننەتە جەخت لێکراوەکانی تر "[٢].

هەروەها لە نێوان بانگ و قامەتدا سوننەتە دوو ڕکات نوێژ بکرێت:

جا چوونیەکە ئەگەر ئەو دوو ڕکاتە سوننەتە جەختلێکراوەکان بێت وەک بەیانی و نیوەڕۆ، لەو کاتەدا ئەنجامدانی سوننەتە جەختلێکراوەکان بەسە و جێی ئەو دوو ڕکاتە ئەگرێتەوە، یان وەک ئەوەی ئەوکەسە لە مزگەوتدا دانیشتووە، پاشان

---

(١) رواه مسلم برقم (٨٣٧).

(٢) زاد المعاد: ٣١٢/١.

بانگبێژ بانگیدا بۆ نوێژی عەسر، یان بۆ نوێژی خەوتنان، ئەوا لەوکاتەدا سوننەت وایە هەڵسێت دوو ڕکات نوێژ بکات.

ئەوەی بەڵگەش بێت لەسەر ئەمە: فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەلە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ»، قالها ثلاثاً، ثُمَّ قَالَ فِي الثَّالِثَةِ: «لِمَنْ شَاءَ»[1]، واتە:" لەنێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە، لەنێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە"، سێجار ئەمەی فەرموو، لە سێیەم جاردا فەرمووی:" بۆ کەسێ کە خۆی ئارەزووی لێ بێ".

شێخ عەبدولعەزیز بن باز(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" کارێکی دروستە بۆ هەموو موسڵمانێک کە دوو ڕکات نوێژ بکات لەنێوان بانگ و قامەتدا، جا چوونیەکە دوو ڕکات سوننەتی جەختلێکراو بێت، یان جەختلێکراو نەبێت، لەبەر فەرمایشتی پەیامبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: «بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ»، قالها ثلاثاً، ثُمَّ قَالَ فِي الثَّالِثَةِ: «لِمَنْ شَاءَ»، واتە:" لەنێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە، لەنێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە"، سێجار ئەمەی فەرموو، لەسێیەم جاردا فەرمووی:" بۆ کەسێ کە خۆی ئارەزووی لێ بێ"، کە ئەمەش گشتگیرە هەموو نوێژەکان ئەگرێتەوە، مەبەست لە (أَذَانَيْن) بانگ و قامەتە، ئەم فەرمودەیە و واتاکەی ئەوە ئەگەیەنێ کە دروستە دوو ڕکات نوێژی سوننەت بکرێت لەنێوان بانگ و قامەتدا، جا دوو ڕکاتەکە جەختلێکراو بێت وەک سوننەتی بەیانی و نیوەڕۆ ئەوە بەسە و بری ئەوە ئەکەوێ"[2].

ئەوەی هیچ گومانی تیادا نییە ئەوەیە کە دوو ڕکاتی پێش ئێوارە، یان نێوان بانگ و قامەت جەختلێکراو نییە وەک سوننەتە جەختلێکراوەکان (ڕاتیبەکان)، بەڵکو جاروبار وازی لێ ئەهێنرێت، بۆیە هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سێیەم

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٢٤)، ومسلم برقم (٨٣٨).

(٢) مجموع الفتاوى: ٣٨٣/١١.

جاردا فەرمووی:" بۆ کەسێ کە ئارەزووی لێ بێ"، بۆیە وای فەرموو لە ترسی ئەوەی نەک خەڵک بییکەنە سوننەتێکی جەخت لێکراو و بەردەوام بیکەن.

فەرمانی چوارەم: خەوتن لە پێش نوێژی خەوتنان کارێکی بێزراوە (کەراهەتی هەیە):

ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئەبی بەرزەی ئەسلەمی (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « أَنَّ النَّبِي ﷺ كَانَ يَسْتَحِبُّ أَنْ يُؤَخِّرَ العِشَاءَ، قَالَ: وَكَانَ يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَهَا، وَالحَدِيثَ بَعْدَهَا»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی ئەکرد نوێژی خەوتنان دوابخات، وتی: حەزی نەئەکرد لە پێش نوێژی خەوتناندا بخەوێت، و لە دوایشیەوە قسەبکات ".

هۆکاری بێزراوی (کەراهەتی) خەوتن کاتی ئێوارە واتە: پێش نوێژی خەوتنان بۆئەوە ئەگەڕێتەوە چونکە خەوەکەی هۆکارە و ئەبێتە هۆی لەدەست چوونی نوێژی خەوتنان.

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٩٩)، ومسلم برقم (٦٤٧).

حەوتەم: کاتی نوێژی خەوتنان (عیشا)

ئەمەش چەند کار و فەرمانێک لەخۆ ئەگرێت:

<u>فەرمـانی یەکەم</u>: کـارێکی بـاش نیـیە و بێـزراوە کە لەدوایەوە قسەبکرێت و کۆڕ ببەسترێت:

لەبەر فەرمـوودەی ئەبـی بەرزەی ئەسـلەمی (خوا لێـی ڕازی بـێ) کە پێشـتر هێنامان، کە تیایدا وتوویەتی: « وَكَانَ يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَهَا، وَالحَدِيثَ بَعْدَهَا»، واتە:" حەزی نە ئەکرد لە پێش نوێژی خەوتناندا بخەوێت، و لە دوایشیەوە قسەبکات ".

کـارێکی بێـزراو و خـراپ نیـیە ئەگەر مـرۆڤ لە دوای نـوێژی خەوتنـانەوە قسەبکات، ئەگەر بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی بێت، یاخود بـۆ ئەنجامـدانی کـارێکی پێویست بێت کە لەبەرژەوەنـدی موسـڵمانانداا بێـت، یـان بـۆ ئـیش و کـارێکی گرنـگ بێت، یان بۆ دەمەتەقێ بێ لەگەڵ منالّ و خێزان و میوان و هاوشێوەی ئەوانە.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەوە:

ا- فەرموودەی عـومەری کـوڕی خەتـابە (خوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَسْمُرُ عِنْدَ أَبِي بَكْرٍ اللَّيْلَةَ كَذَلِكَ فِي الْأَمْرِ مِنْ أَمْرِ الْمُسْلِمِينَ، وَأَنَا مَعَهُـما»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان دەمەتەقێی ئەکرد لەلای ئەبـوبەکر سـەبارەت بە کاروباری موسڵمانان، و منیش لەگەڵیاندا بووم ".

ب- فەرموودەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بـێ) ک وتـوویەتی: « بِـتُّ فِي بَيْتِ مَيْمُونَةَ لَيْلَةً، وَالنَّبِيُّ ﷺ عِنْدَهَا، لِأَنْظُرَ كَيْـفَ صَـلاَةُ رَسُـولِ اللهِ ﷺ بِاللَّيْـلِ، «فَتَحَـدَّثَ

---

(١) رواه أحمـد بـرقم (١٧٨)، والترمـذي وحسـنه بـرقم (١٦٩)، وصـحح إسـناده الألبـاني في (الصحيحة: ٢٧٨١).

رَسُـولُ اللهِ ﷺ مَـعَ أَهْلِـهِ سَـاعَةً ثُـمَّ رَقَـدَ »[١]، واتە:" شـەوێکیان لای مەیمـونەی پـورم مامەوە، و پێغەمبەری خواش ﷺ بەڕێزی لەلای ئەو بوو، من بۆیە مامەوە بۆئەوەی ببینم شەونوێژی پێغەمبەری خـوا ﷺ چـۆنە،" پێغەمـبەری خـوا ﷺ سـاتەوەختێ لەگەڵ خێزانیدا قسەی کرد پاشان لێی ڕاکشا ".

هۆکاری بێـزراوێتیەکەی (کەراهەتەکەی) - کە هەر خـواش زانـاترە - بـۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە خەوەکەی دوانەکەوێ، بۆیە ترسی ئەوەی لـێ ئەکـرێ نـوێژی بەیـانی لەکـاتی خۆیـدا لە کـیس بچێـت، یـان لەسـەرەتاوە بەنـوێژی بەیـانی نەگـات، یـاخود هەستان بۆ شەونوێژی لە کیس بچێـت بـۆ کەسـێ ڕاهـاتبێ لەسـەر کردنـی، جـا هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمـبەری خـوا ﷺ لـۆمە و سەرزەنشـتی ئەو پیـاوەی کـردووە کە هەموو شەوەکە لێی ئەنوێت هەتا بەیانی بەسەردا دێت، و بەهیچ جۆرێ هەڵناسێ بۆ شەونوێژ، لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسـعوددا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتـوویەتی: ذُكِرَ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ رَجُلٌ نَامَ لَيْلَةً حَتَّى أَصْبَحَ قَالَ « ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّـيْطَانُ فِي أُذُنَيْـهِ ». أَوْ قَـالَ « فِي أُذُنِـهِ »[٢]، واتە:" لە خـزمەت پێغەمـبەری خوادا ﷺ باسی پیاوێک کرا کە شەوێکیان هەتا نـوێژی بەیـانی خەوتـووە، ئەویـش فەرمووی:" ئەوە پیاوێکە شەیتان میـزی کـردۆتە هەردوو گـوێیەوە" یـان فەرمـووی:" گوێیەوە ".

بێگومان مەبەست لەهۆکاری بێزراوێتی قسەکردن لەدوای نوێژی خەوتنـانەوە، قسـەکردنێکە بەبـێ هـیچ پێویسـتییەک بـێ، چـونکە هۆکـارە بـۆ لەدەسـت چـوونی شەونوێژ، ڕەنگە نوێژی بەیانیش، بۆیە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) ڕێگری ئەکرد لە دەمەتەقێی شەو، و لەسەر ئەوە لەخەڵکـی ئەدا، و ئەیفەرمـوو: «أَسَمَراً أَوَل اللیل وَنَوماً آخـره»[٣]، واتە:" ئەوە دێـن لەسـەرەتای شـەوەوە دانەنیشـن و دەمەتەقێ ئەکەن و لەکۆتاییەکەیشیدا لێی ئەخەون ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٤٥٢)، ومسلم برقم (٧٦٣).

(٢) رواه البخاري برقم (١١٤٤)، ومسلم برقم (٧٧٤).

(٣) رواه عبد الرزاق في (مصنفه: ٥٦١/١).

فەرمانی دووەم: وا چاکە نوێژی خەوتنان دوابخرێ، ئەگەر ناڕەحەتی تیا نەبێ بۆ ئەوانەی لەدوای پێشنوێژەوە نوێژ ئەکەن:

بەمەرجێ لەم دواخستنەدا چاودێری بارودۆخ و چۆنێتی نوێژخوێنان بکرێ.

بەڵگەش لەسەر ئەمە:

ا- فەرموودەی خاتوو عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَعْتَمَ النَّبِيُّ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ حَتَّى ذَهَبَ عَامَّةُ اللَّيْلِ وَحَتَّى نَامَ أَهْلُ الْمَسْجِدِ ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى فَقَالَ « إِنَّهُ لَوَقْتُهَا لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي »[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان نوێژی خەوتنانی دواخست هەتا تاریکی داهات و زەبری سەند و زۆربەی شەوەکە ڕۆیشت و خەڵکی ناو مزگەوتەکە لێی خەوتن، ئینجا لە ماڵ هاتە دەرەوە بۆ ناو مزگەوت نوێژی کرد و فەرمووی:" بەدڵنیاییەوە ئا ئەمە کاتیەتی ئەگەر قورس و گران نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ".

ب- فەرموودەی جابر(خوا لێی ڕازی بێ) کە تیایدا هاتووە: « وَالْعِشَاءَ أَحْيَانًا يُؤَخِّرُهَا وَأَحْيَانًا يُعَجِّلُ كَانَ إِذَا رَآهُمْ قَدِ اجْتَمَعُوا عَجَّلَ وَإِذَا رَآهُمْ قَدْ أَبْطَئُوا أَخَّرَ »[2]، واتە: " نوێژی خەوتنانی هەندێ جار دوا ئەخست و دەرەنگ ئەیکرد و هەندێ جاریش پەلەی لێ ئەکرد و زوو ئەیکرد، جا کە ئەیبینی خەڵکەکە کۆبوونەتەوە زوو ئەیکرد، وە کە ئەیبینی خەڵکەکە دواکەوتوون و خاوەخاویانە دەرەنگ ئەیکرد".

ج- فەرموودەی ئەبی هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێەتی: « لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ أَنْ يُؤَخِّرُوا العِشَاءَ إِلَى ثُلُثِ اللَّيْلِ أَوْ

---

(١) رواه مسلم برقم (٦٣٨).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٦٥)، ومسلم برقم (٦٤٦).

نِصْفِهِ »[1]، واتە:" ئەگەر قورس و ناڕەحەت نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم فەرمانم پێ ئەکردن کە نوێژی خەوتنان دوابخەن بۆ سێ یەکی شەو یان نیوەی شەو ".

جا بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی سەرەوە، هەرچەندە ئافرەتان نەبەستراونەتەوە بە نوێژی کۆمەڵەوە، ئەوا بۆ ئەوانیش سوننەتە کە نوێژی خەوتنان دوابخەن، ئەگەر ناڕەحەت نەبێ لەسەریان، هەروەها ئەو پیاوەش کە لەجەماعەتدا نییە وەک ئەوەی لەسەفەر و شتی لەو جۆرەدا بێت، ئەمیش بۆی هەیە نوێژی خەوتنان دوابخات.

(١) رواه الترمذي برقم (١٦٧)، وابن ماجه برقم (٦٩١)، وقال الترمذي: حسن، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:٢/٩٣٩).

((سوننەتەکانی خەوتن))

خەویش چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت:

١/ داخستنی دەرگاکان لەکاتی خەوتندا:

ئەمەش لەبەر فەرمووەی جابر (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «أَطْفِئُوا الْمَصَابِيحَ إِذَا رَقَدْتُمْ، وَغَلِّقُوا الأَبْوَابَ، وَأَوْكُوا الأَسْقِيَةَ، وَخَمِّرُوا الطَّعَامَ وَالشَّرَابَ»[١]، واتە:" کاتێ ڕاکشان چراکانتان بکوژێننەوە، و دەرگاکانتان دابخەن، و دەمی کوندە و مەشکەکانتان ببەستن، خواردن و خواردنەوەکانتان دابپۆشن ".

هۆکاری فەرمانکردن بەداخستنی دەرگاکان ئەوەیە کە: ڕێگری لە شەیتانەکان بکرێت بێنە ژوورەوە، وەک لەپێشەوە ڕابورد لەفەرمودەکەی تری جابردا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَأَغْلِقُوا الأَبْوَابَ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا»[٢]، واتە:" دەرگاکانتان دابخەن و ناوی خوا بهێنن، چونکە شەیتان ناتوانێ دەرگای کلۆم دراو و داخراو بکاتەوە ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٦٢٤)، ومسلم برقم (٢٠١٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٦٢٣)، ومسلم برقم (٢٠١٢).

٢/ کوژاندنەوەی ئاگر پێش خەوتن:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی جابر(خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێشەوە هێنامان و تیایدا هاتبوو: «أَطْفِئُوا الْمَصَابِيحَ إِذَا رَقَدْتُمْ»، واتە:" کاتێ ڕاکشان چراکانتان بکوژێننەوە ".

هەروەها فەرمودەی ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « لاَ تَتْرُكُوا النَّارَ فِي بُيُوتِكُمْ حِينَ تَنَامُونَ »[١]، واتە:" ئاگر لەماڵەکانتانا بەجێ مەهێڵن و بیکوژێننەوە کاتێ ئەخەون ".

هەروەها لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرمودەی ئەبو موسای ئەشعەری(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: احْتَرَقَ بَيْتٌ عَلَى أَهْلِهِ بِالْمَدِينَةِ مِنَ اللَّيْلِ فَلَمَّا حُدِّثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِشَأْنِهِمْ قَالَ: « إِنَّ هَذِهِ النَّارَ إِنَّمَا هِيَ عَدُوٌّ لَكُمْ فَإِذَا نِمْتُمْ فَأَطْفِئُوهَا عَنْكُمْ»[٢]، واتە: شەوێکیان لە مەدینەدا ماڵێک بەسەر دانیشتوانەکەیدا گڕی گرت و سوتا، جا کاتێ ئەو ڕوداوەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد فەرمووی: " بەڕاستی ئەو ئاگرە دوژمنی ئێوەیە، جا کاتێ نووستن بیکوژێننەوە".

هۆکاری فەرمانکردن بە کوژاندنەوەی ئاگر پێش نووستن: لە فەرمودەی جابردا(خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لە گێڕانەوەی پێشەوا بوخاری، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَأَطْفِئُوا الْمَصَابِيحَ، فَإِنَّ الْفُوَيْسِقَةَ رُبَّمَا جَرَّتِ الْفَتِيلَةَ فَأَحْرَقَتْ أَهْلَ الْبَيْتِ»[٣]، واتە:" چراکانتان بکوژێننەوە، چونکە مشک ڕەنگە پڵیتەی چراکە ڕابکێشێت و دەریبهێنێت و دانیشتوانی ماڵەکە بسوتێنێ ".

(الْفُوَيْسِقَةَ): بریتییە لە مشک، کە یەکێکە لەو پێنج فاسقەی کە لە حەرەم و دەرەوەی حەرەمدا ئەکوژرێن، جا لەوانەیە پڵیتەی چراکە ڕابکێشێت، و پاشان ماڵەکە بەسەر خاوەن ماڵەکەدا بسوتێنێ، هەر بەگوێرەی ئەمە هەر شتێکی تر وەکو

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠١٥).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٩٤)، ومسلم برقم (٢٠١٦).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٢٩٥).

ئەمە بێت و هۆکارێک بێ بۆ ڕاکێشانی ئاگر بۆ خاوەن ماڵەکە ئەبێ ئاگاداری بین، بۆ نمونە ئەبێ وریای ئەو جۆرە شتومەکانە بین کە لەبەر نزیکیان کاریگەرییان هەیە بۆسەر هۆکارەکانی خۆ گەرمکردنەوە، کە ئەمەش هۆیەکە بۆ ئاگر خستنەوە، هەروەها هاوشێوەی ئەوانە، چونکە هۆکاری هەموو ئەمانە یەک شتە، و ئاگریش دوژمنە وەک پێغەمبەری خوا ﷺ هەوالّی پێداوین .

جا بەگوێرەی ئەوە: ئەگەر کەسێکی خەوتوو دڵنیابێ لەو ئاگرەی لەلایەتی، و بزانێت هیچ کاریگەرییەکی خراپی نابێ، و لەدەروبەری هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ نییە کە ببێتە هۆکاری گڕگرتن و بڵاوبوونەوەی، ئا لەوکاتەدا قەیناکە ئاگرەکە بەداگیرساوی بهێڵێتەوە، چونکە حوکمی هەر شتێک لە دەوری هۆکارەکەی ئەسوڕێتەوە بە بوون و نەبوونی (الحكم يدور مع عِلَّته وجوداً وعدماً).

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) سەبارەت بە: فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: « لاَ تَتْرُكُوا النَّارَ فِي بُيُوتِكُمْ حِينَ تَنَامُونَ »، واتە:" ئاگر لە ماڵەکانتانا بەجێ مەهێڵن و بیکوژێننەوە کاتێ ئەخەون "، ئەمە گشتگیرە ئاگری چرا و جگە لەویش ئەگرێتەوە، بەڵام ئەو چرایانەی کە لە مزگەوتەکان و شوێنەکانی تردا هەڵواسراون، ئەگەر ترسی ئەوەی لێ ئەکرا کە بەهۆیەوە ئاگر بکەوێتەوە، ئەوا ئەچێتە ژێر ئەو فەرمانەوە کە ئەبێت بکوژێنرێتەوە، بەڵام ئەگەر دڵنیابووین لەوەی ئاگری لێ ناکەوێتەوە کە بەزۆری وایە، ئەوا لە ڕواڵەتدا ئەوەیە هیچی تیا نییە و قەیناکە ئەگەر بە داگیرساوی بهێڵرێتەوە، لەبەر نەمانی هۆکارەکە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هۆکاری فەرمانکردن بەکوژاندنەوەکەی لە فەرموودەی پێشودا ڕوون کردۆتەوە کە ئەویش مشکە گڕ بەرئەداتە خاوەن ماڵەکە و بەسەریاندا ئەیسوتێنێ، جا کاتێ هۆکارەکە نەما ڕێگری کردنەکەش نامێنێ (إذا انتفت العِلَّة زال المنع)[1].

هەروەها ئیبنودەقیق عیدیش (بەڕەحمەت بێ) ئەوەی خستۆتەڕوو کە ڕای زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە فەرمانکردنەکە بۆ ئەوەیە ئەگەر بیکەیت کارێکی

(١) شرح النووي لمسلم، حديث (٢٠١٥)، باب الأمر بتغطية الإناء وإيكاء السقاء.

باش و موستەحەبە نەک واجب بێت، وەک ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی زانایانی گواستۆتەوە[١].

٣/ دەستنوێژگرتن پێش نووستن:

ئەمەش لەبەر فەرمووەی بەرائی کوڕی عازب(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبەتی: « إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ، فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الأَيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ... »[٢]، واتە:" کاتێ چووبتە سەرجێگای نوستنت، دەستنوێژبگرە وەک دەستنوێژی نوێژ، ئینجا لەسەرلای ڕاستت ڕابکشێ و پاڵکەوە، پاشان بڵێ: خوایە خۆم بەتۆ سپارد و گوێڕایەڵی فەرمان و ڕێگرییەکانتم....".

پێشەوا نەواوی(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەگەر ئەو کەسە خۆی دەستنوێژی هەبوو ئەو دەستنوێژەی بەسە و پێویست ناکات دەستنوێژی تر بگرێت، چونکە مەبەست لەخەوتن بەدەستنوێژەوە لەترسی ئەوەیە نەک ئەو شەوە بمرێت، هەروەها بۆ ئەوەیشە کە ئەو خەوانەی ئەیبینێ بەڕاست بگەڕێ،و دوور بێت لەوەی کە شەیتان لەخەوەکەیدا یاری پێ بکات و بیترسێنێت "[٣].

٤/ تەکاندنی نوێن و پێخەف پێش ڕاکشان لەسەری:

سوننەت وایە بۆ ئەو کەسەی ئەیەوێ بنوێت، پێش نووستن بەچمکی کراس و پۆشاکەکەی سێ جار جێگاکەی بتەکێنێت، و ناوی خوای بەرز و بڵند بهێنێ، ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ فَلْيَنْفُضْ فِرَاشَهُ بِدَاخِلَةِ

---

(١) انظر: (الفتح) حديث (٦٢٩٣)، باب: لا تترك النار في البيت عند النوم.

(٢) رواه البخاري برقم (٢٤٧)، ومسلم برقم (٢٧١٠).

(٣) شرح النووي لمسلم، حديث (٢٧١٠)، باب: ما يقول عند النوم وأخذ المضجع.

إِزَارِهِ، فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي مَا خَلَفَهُ عَلَيْهِ، ثُمَّ يَقُولُ: بِاسْمِكَ رَبِّ وَضَعْتُ جَنْبِي... »[١]، واتە:" ئەگەر هەریەکێک لەئێوە چووە سەر جێگەی خەوتنی با بەدیوی ناوەوەی پۆشاکەکەی پێخەفەکەی بتەکێنێ، چونکە نازانێ دوای خۆی چی چۆتە ناو جێگەکەی، پاشان بڵێ: بەناوی تۆوە ئەی پەروەردگارم لاتەنیشتم خستە سەر جێگە و دامنا...".

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم بێژەیە هاتووە: «إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ فِرَاشَهُ فَلْيَنْفُضْهُ بِصَنِفَةِ ثَوْبِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ »[٢]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان هاتە سەر پێخەفی نوستنی با بەدامێنی پۆشاکەکەی سێ جار جێگەکەی بتەکێنێ...".

هەروەها لای پێشەوا موسلیم بەمجۆرە هاتووە: « إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ فَلْيَأْخُذْ دَاخِلَةَ إِزَارِهِ فَلْيَنْفُضْ بِهَا فِرَاشَهُ وَلْيُسَمِّ اللهَ... »[٣]، واتە:" ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە چووە سەر جێگەی خەوتنی با دیوی ناوەوەی پۆشاکەکەی بگرێت و پێخەفەکەی پێ بتەکێنێت و ناوی خوا بهێنێ (بسم الله) بکات...".

لەوەی کە باسکرا بۆمان دەرکەوت کە سوننەت وایە پێخەف و جێگەی نوستن سێ جار بە ناوەوەی پۆشاک بتەکێنرێت، و لەکاتی تەکاندنەکەدا ناوی خوا بهێنرێت (واتە: بسم الله) بکرێت.

بێگومان لە فەرموودەکەدا حیکمەتی تەکاندنی خستۆتە ڕوو، کە بریتییە لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرمووی: « فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي مَا خَلَفَهُ عَلَيْهِ »، واتە:" چونکە نازانێ دوای خۆی چی چۆتە ناو جێگەکەی"، لەوانەیە شتێک چووبێتە ناو جێگەکەیەوە کە ئازاری بدات.

چاکتر وایە بە دیوی ناوەوەی پۆشاکەکەی بیتەکێنێ، هەندێ لە زانایان وتوویانە بەهەر شتێک بتەکێنرێ ئەبێت، گرنگ ئەوەیە جێگەکەی بتەکێنێ، لەوانە شێخ ئیبنو جیبرینە (بەڕەحمەت بێ) کە وتوویەتی:" مەرج نییە هەر ناوەوەی

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٢٠)، ومسلم برقم (٢٧١٤).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٣٩٣).

(٣)رواه مسلم برقم (٢٧١٤).

پۆشاک بەکار بهێنرێت، بەڵکو ئەگەر هەموو پێخەفەکەی بەتەواوی بتەکێنێ، یاخود بە مێزەر و شتی لەو بابەتە بیتەکێنێ، مەبەستەکەی پێ دێتەدی "[١].

٥/ خەوتن لەسەر لای ڕاست.

٦/ دەستی ڕاست خستنە ژێر ڕوومەتی لای ڕاست:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەو دوو سوننەتەی سەرەوە یەکەم: فەرمووەی بەرائی کوڕی عازبە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ، فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الأَيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ... »[٢]، واتە:" کاتێ چوویتە سەرجێگای نوستنت، دەستنوێژبگرە وەک دەستنوێژی نوێژ، ئینجا لەسەرلای ڕاستت ڕابکشێ و پاڵکەوە، پاشان بڵێ: خوایە خۆم بەتۆ سپارد و گوێڕایەڵی فەرمان و ڕێگرییەکانتم....".

دووەم: فەرموودەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ مِنَ اللَّيْلِ، وَضَعَ يَدَهُ تَحْتَ خَدِّهِ... »[٣]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ بەشەو بچوایەتە ناو جێگەکەیەوە بۆ ئەوەی بخەوێ، دەستی پیرۆزی ئەخستە ژێر ڕوومەتیەوە ..."، هەروەها لە بەرائی کوڕی عازبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى تَحْتَ خَدِّهِ»[٤]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ ئەچووە سەر جێگەکەی دەستی ڕاستی ئەخستە ژێر ڕوومەتیەوە".

---

(١) فتوى له في موقعه (٢٦٩٣).

(٢) رواه البخاري برقم (٢٤٧)، ومسلم برقم (٢٧١٠).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٣١٤).

(٤) رواه أحمد برقم (١٨٦٧٢).

٧/ خوێندنی ویردەکانی خەوتن:

سەبارەت بە نووستن چەند ویردێک هەیە لە قورئان و سوننەتدا.

١- لە قورئاندا:

ا- خوێندنی (آية الكرسي):

سوننەتە (آية الكرسي) بخوێنرێت لەکاتی نووستندا، چونکە پارێزگاری تیایە لە شەیتان هەتا بەیانی ئەکاتەوە.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: بەسەرهاتی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) لەگەڵ ئەو کەسەی لە مااڵی زەکاتەکەی ئەدزی، کە لە هەموو جارێکدا دادو بێدادی بوو لەدەست نەداری و دەست کورتی و ماڵ و منااڵکانی، جا کە لە سێیەم جاردا دووبارەی کردەوە ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) بڕیاریدا کارەکەی بەرزبکاتەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ و بیداتە دەستی، ئا لەوێدا وتی: دَعْنِي أُعَلِّمْكَ كَلِمَاتٍ يَنْفَعُكَ اللهُ بِهَا، قُلْتُ: مَا هُوَ؟ قَالَ: إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ، فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ: {اللهُ لاَ إِلَـهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥]، حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ، فَإِنَّكَ لَنْ يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللهِ حَافِظٌ، وَلاَ يَقْرَبَنَّكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ، فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ، فَأَصْبَحْتُ فَقَالَ لِي رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَا فَعَلَ أَسِيرُكَ البَارِحَةَ»، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، زَعَمَ أَنَّهُ يُعَلِّمُنِي كَلِمَاتٍ يَنْفَعُنِي اللهُ بِهَا، فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ، قَالَ: «مَا هِيَ»، قُلْتُ: قَالَ لِي: إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ مِنْ أَوَّلِهَا حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ: {اللهُ لاَ إِلَـهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ} [البقرة: ٢٥٥]، وَقَالَ لِي: لَنْ يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللهِ حَافِظٌ، وَلاَ يَقْرَبَكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ - وَكَانُوا أَحْرَصَ شَيْءٍ عَلَى الخَيْرِ - فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «أَمَا إِنَّهُ قَدْ صَدَقَكَ وَهُوَ كَذُوبٌ، تَعْلَمُ مَنْ تُخَاطِبُ مُنْذُ ثَلاَثِ لَيَالٍ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ»، قَالَ: لاَ، قَالَ: «ذَاكَ شَيْطَانٌ»[1].

واتە:" وازم لێ بهێنە با چەند وشەیەکت فێربکەم کە بەهۆیەوە خوا کەڵکت پێ ئەگەیەنێ، وتم: وشەکان چیيە؟ وتی: کاتێ چوویتە سەر جێگەکەت (آية الكرسي) بخوێنە، {اللهُ لاَ إِلَهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ} هەتا ئایەتەکە تەواو ئەکەیت، جا ئیتر بەردەوام

---

(١) رواه البخاري معلقا برقم (٢٣١١)، ووصله النسائي في (السنن الكبرى:١٠٧٩٥).

لەلایەن خواوە پاڕێزگار و چاودێرێکت لەگەڵدا ئەبێ، و شەیتان لێت نزیک نابێتەوە تا بەیانی ئەکەیتەوە، (ئەڵێ) منیش وازم لێ هێنا، لە بەیانیدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی وتم :" دیلەکەی دوێنێت چی لێ هات؟"، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەبیانووی ئەوەی چەند وشەیەکم فێر ئەکات کە بەهۆیەوە خوا کەڵکم پێ ئەگەیەنێ، بەرەڵام کرد، فەرمووی: وشەکان چی بوون؟ وتم: پێی وتم: کاتێ چوویتە سەر جێگەکەت (آية الكرسي) بخوێنە، {اللهُ لاَ إِلَـهَ إِلَّا هُـوَ الحَـيُّ القَيُّـومُ} هەتا ئایەتەکە تەواو ئەکەیت، جا ئیتر بەردەوام لەلایەن خواوە پاڕێزگار و چاودێرێکت لەگەڵدا ئەبێ، و شەیتان لێت نزیک نابێتەوە تا بەیانی ئەکەیتەوە - جا بەڕاستی ئەوان (واتە:هاوەڵان) زۆر سوور بوون لەسەر فێربوونی شتی خێر و کردەوە پێکردنی — پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:" چاک بزانە ئەو ڕاستی لەگەڵ کردوویت لەکاتێکدا هەرچەندە خۆی زۆر درۆزنە، ئەزانی تۆ سێ شەوە لەگەڵ کێدا قسە ئەکەیت ئەی ئەبا هوڕەیرە"، ئەبی هوڕەیرە وتی: نەخێر، پەیامبەر ﷺ فەرمووی:" ئەوە شەیتان بوو ".

ب- خوێندنی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة):

﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾ ﴾ البقرة: ٢٨٥ - ٢٨٦.

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی مەسعودی ئەنصاری (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ قَرَأَ هَاتَيْنِ الآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ »[1]، واتە:" هەر کەسێ ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی (البقرة) لە شەودا بخوێنێ بەسیەتی ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٤٠٠٨)، ومسلم برقم (٨٠٧)، واللفظ له.

ئەم دوو ئایەتە لە ویردەکانی کاتی خەوتن نییە لەم ڕوەوە، بەڵکو ویردێکە و لە شەودا ئەخوێنرێت، جا کەسێ لە شەودا نەیخوێند، بەڵام لەکاتی خەوتنیدا بیری کەوتەوە، ئەوا با لەوکاتەدا بیانخوێنێت.

زانایان ڕایان جیاوازە سەبارەت بە واتای وشەی (كَفَتَاهُ)، وتراوە: بەسیەتی بۆ کردنی شەونوێژ، وە وتراوە: لە شەیتان ئەپارێزێت و بەسیەتی، هەروەها وتراوە: لە دەرد و نەخۆشی ئەپارێزێت و بەسیەتی، لەگەڵ هەموو ئەم واتایانەشدا ئەگونجێت، وەک پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی[1].

ج- خوێندنی سورەتی (الإخلاص) و (المعوذتين)، و فوو پیاکردن بەدەستدا، ئینجا سێ جار دەستی بهێنێ بە جەستەیدا[2]:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی خاتو عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جَمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا: قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ »، واتە:" پێغەمبەر ﷺ هەموو شەوێک کە ئەچووە جێگەکەیەوە هەردوو لەپی دەستی کۆئەکردەوە، پاشان فووی پیایاندا ئەکرد و ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ی پیایاندا ئەخوێند، ئینجا چەندی بتوانیایە دەستی ئەهێنا بە جەستەیدا، لە پێشدا لەسەر و دەموچاو و پێشەوەی لەشی دەستی پێ ئەکرد، ئەمەی سێ جار ئەکرد ".

ئەو کەڵکەی لەم فەرمودەیە وەرئەگیرێت ئەوەیە: خودی پێغەمبەر ﷺ خۆی هەموو شەوێک ئەم سوننەتەی جێ بەجێ ئەکرد، لەبەر وتەکەی خاتوو عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: (كُلَّ لَيْلَةٍ : هەموو شەوێک)، جا کەسێ کە ئەیەوێ ئەم سوننەتە جێ بەجێ بکات دەستەکانی کۆبکاتەوە، پاشان فوویان

---

(١) شرح النووي لمسلم، حديث (٨٠٨)، باب: فضل الفاتحة وخواتيم سورة البقرة.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٠١٧).

پیـــادا بکـــات و ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ی پیایاندا بخوێنێت، و چەندێ کە ئەتوانێ دەست بهێنێ بە جەستەیدا، لەسەر و دەمو چاویەوە دەست پێبکات، ئەمە سێ جار دووبارە بکاتەوە.

وشەی (النفث) واتاکەی لە وشەی (النفخ) ئەچێت، کە سوکترە لە تفکردن، چونکە تفکردن مەگەر چۆنها ئەگینا تۆزێک لیکی پێوەیە، وتراویشە فووکردن تفکردنە.

لەم فەرمودەیەدا ئالۆزییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە: پرواڵەتی فەرمودەکە ئەوە ئەگەیەنێ کە فوکردنەکە پێش قورئان خوێندنەکەیە، جا ئەو کاتە فوکردنەکە چ سودێکی هەیە؟

لە زانایاندا هەیە پێی وایە ئەبێ فووکردن لە پێش قورئان خوێندنەکەوە بێت، لەبەر پرواڵەتی فەرمودەکە، کە بەفووکردن دەستی پێکردووە ئینجا قورئان خوێندن، کە ئەم ڕایە هەڵبژاردەی شێخی ئەڵبانییە (بەڕەحمەت بێ)، هەشە لە زانایان پێی وایە کە قورئان خوێندنەکە پێش فووکردنەکەیە ، چونکە فەرمانی بەرەکەت لەو فووتێکراوەدایە، یان لەو لیکەدایە دوای ئەوەی تێکەڵ بەقورئانەکە بووە.

کە ئەمەش ڕای هەڵبژاردەی مامۆستامان ئیبنو عوسەیمینە (بەڕەحمەت بێ)، ئەوەی باسکردووە کە وشەی (ثم) واتە: (پاشان) هەندێ جار بەدوای یەکدا هاتن ناگرێتەوە و ئەوە ناخوازێت (واتە: ئەو کارانە بەدوای یەکدا جێ بەجێ ناکرێن)، شێخ (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: پرواڵەتەکەی ئەوەیە کە: جارێک ئەخوێنرێت فوونەکرێت (بەدەستدا) و پاشان بە لەشدا ئەهێنرێت، هەریەکەیان بەشێوەی خۆی: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ تێکـــــــڕا هەموویان ئەخوێنێت، و ئینجا بەلەشیدا ئەیهێنێ، پاشان دووبارە هەموویان ئەخوێنێت و بە لەشیدا ئەیهێنێ، ئا بەوجۆرە، کە ئەمە واتای دەقی فەرمودەکەیە، وە ئەوەی کە دیار و ڕوونە ـ کە هەر خواش زاناترە ـ ئەوەیە کە فووکردنەکە دوای

قورئان خوێندنەکەیە، چونکە وشەی (ثم) واتە: (پاشان) هەندێ جار بەدوای یەکدا هاتن ناگرێتەوە و ئەوە ناخوازێت (واتە بەتەرتیب نییە) ".

پێشتر وتەی شاعیرمان بەسەردا ڕابوردووە کە ئەیووت:

إِنَّ مَنْ سَادَ ثُمَّ سَادَ أَبوه ثُمَّ سَادَ مِنْ بَعْد ذَلِكَ جَدُّه

هەیە بووە بەسەرگەورە پاشان باوکیشی بووە بەسەرگەورە

پاشان دوای ئەویش باپیرەی ئەبێ بەسەرگەورە *

حیکمەت لەمەدا ئەوەیە کە: ئەو لیکەی کە تێکەڵ بە قورئان خوێندنەکە ئەبێت، ئەوەیە کە فەڕ و بەرەکەتی تیایە و ڕوالەتی فەرموودەکە ئەوە دەرئەخات کە دەست پیاهێنانەکە لەسەر پۆشاکەوە ئەبێت[1].

ڕەنگە ئەو فەرموودەیەی تر کە بوخاری گێڕاویەتیەوە پاڵپشتی ئەوە بکات: کە خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ، نَفَثَ فِي كَفَّيْهِ بِقُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ وَبِالْمُعَوِّذَتَيْنِ جَمِيعًا، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا وَجْهَهُ، وَمَا بَلَغَتْ يَدَاهُ مِنْ جَسَدِهِ» قَالَتْ عَائِشَةُ: «فَلَمَّا اشْتَكَى كَانَ يَأْمُرُنِي أَنْ أَفْعَلَ ذَلِكَ بِهِ»[2]، واتە:" کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ نەچووە ناو جێگەی خەوتنیەوە، بەخوێندنی: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ فووی ئەکرد بەدەستیدا، پاشان دەستی ئەهێنا بە دەموچاویدا، و ئەوەندەی دەستی ئەیگەیشتێ لە جەستەی"، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) وتی:" بەڵام کاتێ نەخۆش ئەکەوت فەرمانی پێ ئەکردم من ئەو کارەی بۆ بکەم ".

ڕوالەتی فەرموودەکە ئەوە ئەگەیەنێ کە فووکردن بەخودی سورەتەکە خۆیەتی نەک پێش خوێندنی سورەتەکە، هەروەها سووربوون و پەرۆشی پێغەمبەری

---

* وەك ئەبینین بوون بە سەرگەورە بەشێوەی بەدوای یەکدا هاتووی ئاسایی نییە، بەڵکو لە بچوکەوە چووە بۆ گەورە کە پێچەوانەکەی ڕاستە – وەرگێڕ –.

(١) (شرح البخاري) لشيخنا: ٦/٦٠، باب فضل المعوذات، الطبعة المصرية، في المكتبة الشاملة.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٧٤٨).

خوا ﷺ پیشان ئەدات لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم سوونەتە، تەنانەت کاتێ نەخۆش کەوت بە فەرمانی خۆی ﷺ خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) بۆی ئەنجام ئەدا، لە هەردوو صەحیحەکەدا (بوخاری و موسلیم)دا ئەوە هاتووە کە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کە فووکردن تەنیا لەکاتی خەوتندا نییە، بەڵکو هەروەها ئەگەر سکاڵای بوو لەدەست ئازارێکیش بەهەمان شێوەیە، لە خاتو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕدراوەتەوە کە: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ إِذَا اشْتَكَى نَفَثَ عَلَى نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ، وَمَسَحَ عَنْهُ بِيَدِهِ، فَلَمَّا اشْتَكَى وَجَعَهُ الَّذِي تُوُفِّيَ فِيهِ، طَفِقْتُ أَنْفِثُ عَلَى نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ الَّتِي كَانَ يَنْفِثُ، وَأَمْسَحُ بِيَدِ النَّبِيِّ ﷺ عَنْهُ»[1]، واتە:" هەرکاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ نەخۆش بکەوتایە و ئێش و ئازاری هەبوایە سورەتەکانی ئیخلاص و فەلەق و ناسی ئەخوێند بەناو هەردوو دەستیدا و فووی پیائەکرد و دەستی ئەهێنا بەسەر هەموو لاشەیدا، جا کاتێ ئازاری بۆهات و لەو نەخۆشیەیدا کەتیایا کۆچی دوایی کرد، من هەردوو دەستی پێغەمبەری خوام ﷺ کۆئەکردەوە و ئەو سورەتانەم پیادا ئەخوێند و فووم پیائەکرد و دەستی خۆیم ئەهێنا بە جەستەیدا ".

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: « وَأَمْسَحُ بِيَدِهِ رَجَاءَ واتە:" دەستی خۆیم بەلەشیدا ئەهێنا بە ئومێدی فەڕ و بەرەکەتەکەی ".

د- خوێندنی سورەتی (الكافرون):

ئەمەش لەبەر فەرمووەی عوروەی کوڕی نەوفەل، لە باوکیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بە نەوفەلی فەرمووە: «اقرأ: {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ (١)} ثُمَّ نَمْ عَلَى خَاتِمَتِهَا، فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشركِ»[2]، واتە:"﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ بخوێنە پاشان دوای کۆتایی پێهێنانی لێی

(١) رواه البخاري برقم (٤٤٣٩)، ومسلم برقم (٢١٩٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٠١٦)، ومسلم برقم (٢١٩٢).

(٣) رواه أحمد برقم (٢١٩٣٤)، وأبو داود برقم (٥٠٥٥)، والترمذي برقم (٣٤٠٣).

بـخەوە، چـونکە ئەوە مـایەی بەریـی بـوونە لە هـاوەڵ دانـان بـۆ خوا (بەکەڵکیشـە بۆ یەکخواپەرستی) ".

حـافزی ئیبنـو حەجەر (بەڕەحـمەت بـێ) وتـوویەتی:" سـەبارەت بە قورئـان خوێنـدن لەکـاتی خەوتنـدا چەنـدین فەرمـوودەی ڕاسـت و دروسـت هـاتووە لەوانە: فەرمووەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بـێ) لەبـارەی خوێنـدنی (آیـة الکـرسي)ەوە، هەروەهـا فەرمـوودەی عـوروەی کـوڕی نەوفەل، لە بـاوکیەوە (خوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بە نەوفەلی فەرمووە: «اقرأ: {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ (١)} ثُمَّ نَمْ عَلَى خَاتِمَتِهَا، فَإِنَّهَا بَرَاءَةٌ مِنَ الشرك» "[1].

٢ – لە سوننەتدا وبرد و نزایەکی زۆر هاتووە لەوانە:

ا- «بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا»[2]، واتە:"خوایە بەناوی تۆوە نەمرم و نەژیم".

ب- « اللَّهُمَّ خَلَقْتَ نَفْسِي وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَاحْفَظْهَا وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْ لَهَا اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ »[3]، واتە:" خوایە بەهێز و توانای خۆت گیانی منت بەدیهێناوە و هەر تۆش نەیمرێنی، مردن و ژیانەوەی بەدەستی تۆیە و هیچ کەسێ نەو توانایەی نییە، جا ئەگەر ژیاندت لە خراپەکانی ژیان بیپارێزە، ئەگەر مراندیشت لە گوناهەکانی خۆش ببە، خوایە داوای پارێزراویت لێ ئەکەم لەهەر شتێ گوزەران و ژیانی دنیا و ناوگۆڕ و دواڕۆژم لێ سەخت و ناڕەحەت ئەکات ".

ج- « اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ وَرَبَّ الأَرْضِ وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ وَالْفُرْقَانِ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ اللَّهُمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ

---

(١) الفتح: حديث (٦٣١٩)، باب: التعوذ والقراءة عند النوم.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٣٢٤)، من حديث حذيفة رضي الله عنه.

(٣) رواه مسلم برقم (٢٧١٢)، من حديث ابن عمر رضي الله عنهما.

فَوْقَكَ شَيْءٌ وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ وَأَغْنِنَا مِنَ الْفَقْرِ »[1]، واتە:" خوایە ئەی پەروەردگار و بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و پەروەردگاری تەخت و بارەگای مەزن، پەروەردگارمان و پەروەردگاری هەموو شتێک، ئەی ئەو زاتەی کە تۆوی دانەوێڵە ئەتەقێنیت و ناوک ئەقڵێشێنی (درەختی گەورە بەهۆی ناوکەوە ئەڕوێت و دانەوێڵەش بەهۆی تۆوەوە)، و ئەی دابەزێنەری تەورات و ئینجیل و قورئان، پەنات پێئەگرم لەشەڕ و خراپەی هەموو شتێک کە ناوچەوان و پێشەسەری بەدەستی تۆیە، خوایە تۆ یەکەمینیت و هیچ شتێک لە پێش تۆوە نییە، و هەر تۆ دواهەمینیت و کەس لەدوای تۆوە نییە (واتە: هەر تۆ بەهەمیشەیی ئەمێنیتەوە و کۆتاییت نایەت)، و هەر تۆ بەرز و بڵندیت و کەس لەسەرو تۆوە نییە و هەر تۆ زانای نهێنیەکانیت یان کەس لەدنیادا ناتبینێ بەدیهێنراوەکانت پێویستیان بەتۆیە و هیچ کەسێکیش نییە هاوشێوەی تۆ بێت، دەسا خوایە قەرزاریمان لەسەر لابەرە و بێ نیاز و دەوڵەمەندمان بکە لەهەژاری ".

د- « بِاسْمِكَ رَبِّ وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ »[2]، واتە:" بەناوی تۆوە ئەی پەروەردگارم لاتەنیشتم داناوە و هەر بەناوی تۆوە بەرزی ئەکەمەوە (واتە: بەکۆمەک و یارمەتی تۆیە کە لاتەنیشتم بەرز ئەکەمەوە و دایئەنێم) ، ئەگەر گیانمت کێشا بەزەیت پێیدا بێتەوە (بە لێخۆشبوون و چاوپۆشی لێکردنی)، وە ئەگەر بۆت گێڕامەوە و لەو خەوە خەبەرت کردمەوە ئەوا بیپارێزە (لە گوناهو سەرپێچی) بەوەی بەندە چاکەکانتی پێ ئەپارێزی ".

هـ- « الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا وَكَفَانَا وَآوَانَا فَكَمْ مِمَّنْ لاَ كَافِيَ لَهُ وَلاَ مُؤْوِيَ »[3]، واتە:" سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە خۆراکی پێداین و تێرئاوی کردین، و

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٧١٣)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٣٢٠)، ومسلم برقم (٢٧١٤)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

(٣) رواه مسلم برقم (٢٧١٥).

هەر خۆی بەسمان بوو (کە خراپەی لێ دوورخستینەوە و پێویستییەکانی بۆ جێ بەجێ کردین)، و مـاڵ و جێـی حەوانەوەی بـۆ دابینکـردین (کە وەک ئـازەڵی لـێ نەکردین کە شوێنێکی هەمیشەییان نییە تیایدا بحەوێنەوە)، ئـای چەندان کەس هەن لەشەڕ و وەزەنی خراپەکاران پارێزراو نین و هیچ لانەیەکیان نییە پەنـای بـۆ ببەن و ئارام بگرن تیایدا ".

و- « اللهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ عِبَادَكَ »[1]، واتە:" خوایە بمپارێزە لە سزاکەت و لێم دوورخەرەوە لەو ڕۆژەدا کە بەندەکانت زیندوو ئەکەیتەوە".

ئەم فەرموودەیە پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە فەرمـوودەی بەرائـی کـوڕی عازب (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ ، كَانَ إِذَا نَـامَ وَضَـعَ يَـدَهُ الْيُمْنَـى تَحْتَ خَدِّهِ وَقَـالَ: ... »، واتە:" پێغەمبەری خـوا ﷺ کـاتێ بخەوتـایە دەستی ڕاستی ئەخستە ژێر ڕوومەتیەوە و ئەیفەرموو:..."،ئەم فەرموودەیە پێشەوا ئەڵبانی بەڕاست و صـــەحیحی دانـــاوە، کە ئەحـــمەد و تیرمـــزی گێڕاویـــانەتەوە لەفەرمـــوودەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێ) [2].

ز- (٣٣) جار (سبحان الله) و(٣٣) جار (الحمد لله) و (٣٤) جـار (الله أكـبر) کردن:

بەڕاستی خوێندنی ئەم ووێردە کاریگەرییەکی مەزنی ئەبێ لەسەر ئەوکەسـەی ئەیڵێت و هێز و توانایەکی باشی ئەداتێ لەڕۆژەکەیدا.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمـوودەی پێشـەوا عەلـی یە (خـوا لێـی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ فَاطِمَةَ اشْتَكَتْ مَا تَلْقَى مِنْ أَثَرِ الرَّحَا، فَأَتَى النَّبِيَّ ﷺ سَبْيٌ، فَانْطَلَقَـتْ فَلَمْ تَجِدْهُ، فَوَجَدَتْ عَائِشَةَ فَأَخْبَرَتْهَا، فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ ﷺ أَخْبَرَتْهُ عَائِشَـةُ بِمَجِـيءِ فَاطِمَـةَ، فَجَـاءَ

(١) رواه أحمد برقم (١٨٦٦٠)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:٢/٨٦٩).

(٢) رواه أحمد برقم (٢٣٢٤٤)، والترمذي برقم (٣٣٩٨)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:٢/٨٦٩).

النَّبِيُّ ﷺ إِلَيْنَا وَقَدْ أَخَذْنَا مَضَاجِعَنَا، فَذَهَبْتُ لِأَقُومَ، فَقَالَ: «عَلَى مَكَانِكُمَا». فَقَعَدَ بَيْنَنَا حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ قَدَمَيْهِ عَلَى صَدْرِي، وَقَالَ: «أَلاَ أُعَلِّمُكُمَا خَيْرًا مِمَّا سَأَلْتُمَانِي، إِذَا أَخَذْتُمَا مَضَاجِعَكُمَا تُكَبِّرَا أَرْبَعًا وَثَلاَثِينَ، وَتُسَبِّحَا ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ، وَتَحْمَدَا ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمَا مِنْ خَادِمٍ»[1]، واتە:" فاطیمە (خوا لێی ڕازی بێ) دادوبێداد و سکاڵا ئەکات لە دەست ئەو هیلاکی و ناڕەحەتییەی بەهۆی دەستاڕکردنەوە تووشی دەست و پلی دێت، جا لەوکاتەدا پێغەمبەری خواش ﷺ کۆمەڵێ کەنیزەک هێنران بۆلای، بۆیە ئەویش بەهەڵی ئەزانێ هەستا چوو بۆ خزمەتی بینی لەوێ نییە و نەیدۆزیەوە، ئەگات بە خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) و مەبەستەکەی خۆی پێ ئەگەیەنێ (کە بۆچی هاتووە)، جا کاتێ پێغەمبەر ﷺ هاتەوە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هەواڵ و باسی هاتنی فاطیمەی (خوا لێی ڕازی بێ) پێ ئەدات کەبۆچی هاتبوو، جا پێغەمبەریش ﷺ هات بۆلامان لەکاتێکدا ئێمە چووبووینە ناو جێگاکانمانەوە بۆ خەوتن، ویستمان هەستین، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:" لە شوێنی خۆتان بمێننەوە و مەجوڵێن". هات لەنێوانماندا دانیشت هەتاوەکو هەستم بە ساردی و فێنکی پێیەکانی کرد لەسەر سنگم، ئینجا فەرمووی:" ئایا شتێکتان فێرنەکەم چاکتربێت لەوەی داواتان کردبوو؟ کاتێ چوونە ناو جێگە و نوێنی خەوەوە سی و چوار جار (الله أكبر) و سی و سێ جار (سبحان الله) و سی و سێ جار (الحمد لله) و بکەن، ئا ئەوە خێرتر وچاکترە لەکارەکەر و خزمەتکار بۆتان ".

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە: پێشەوا عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی: «مَا تَرَكْتُهُ مُنْذُ سَمِعْتُهُ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ ، قِيلَ لَهُ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ؟ قَالَ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ»[2]، واتە:" لەو کاتەوە کە لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە وازم لێ نەهێناوە، پێی وترا: شەوی صیفەینیش؟ وتی: تەنانەت شەوی صیفەینیش ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٧٠٥)، ومسلم برقم (٢٧٢٧) واللفظ له.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٣٦٢)، ومسلم برقم (٢٧٢٧).

ئا ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکی زۆون و ئاشکرایە لەسەر پەرۆشی و سووربوونیان لەسەر سوننەت و توند دەست پێوەگرتنی، جا لەو شەوەدا کە پێشەوا عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) سەرقاڵی جەنگ بوو بەگوێرەی ئەوەی سەرکردەی سوپاکەی بوو، لە هەموو کاتێ زیاتر سەرقاڵ بوو، چونکە سەرچاوەی ڕێنمایی ئەوانە بوو کە لەگەڵیدا بوون و لەکاتی پێویستیدا بۆلای ئەو ئەگەڕانەوە، کەچی هەموو ئەوانە سەرقاڵیان نەکرد لە خوێندنی ئەم سوننەتە مەزنە، باشە ئەوکەسە ئەڵێ چی کە بەبیانووی زۆر لەوە کەمتر زۆرێک لە سوننەتەکانی فەرامۆش کردووە؟!، لەوە بێبەشتر لە خێر و چاکەی جێ بەجێکردنی سوننەت ئەو کەسەیە کە بەبێ هیچ سەرقاڵییەک سوننەتەکان پشتگوێ ئەخات، بەڵام لەڕاستیدا دەردەکەی ئەو دڵەیەتی کە غافڵ و بێ ئاگایە، و بەو هۆیەوە بێ بەش بووە لە گەیشتن بەزۆرێک لە کردەوە چاک و شکۆدارەکان - خوا بەزەیی بە حاڵمانا بێتەوە - .

ح - « اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ، اللَّهُمَّ آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ »[1]، واتە:" خوایە گیانی خۆمم دایە دەستی تۆو گوێڕایەڵی فەرمان و ڕێگرییەکانتم، کاروبارەکانم بۆلای تۆ گەڕاندەوە و کردمە دادوەر بەسەریانەوە، و پشتم بەتۆ بەست لە هەموو کار و فەرمانەکانمدا، بەئومێدی پاداشت و لێ خۆشبوونت و ترسان لە سزا و توڕەبوونت، هیچ پەنا و پەسێوێک نییە لە سزا و تۆڵەسەندنی تۆ (بەهۆی گوناهەکانمەوە) بەترس و کزۆڵەییەوە هانای بۆ ببەم جگە لەتۆ، خوایە من باوەڕم هێناوە بە پەرتووکەکەت کە داتبەزاندۆتە خوارەوە، و پەیامبەرەکەت ﷺ کە ناردووتە و ڕەوانەت کردووە ".

ئەم ویردە لە فەرموودەی بەرائی کوڕی عازبدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ، فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الأَيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ... »، واتە:" کاتێ

(١) رواه البخاري برقم (٢٤٧)، ومسلم برقم (٢٧١٠).

چوویتە سەرجێگای نوستنت، دەستنوێژ بگرە وەک دەستنوێژی نوێژ، ئینجا لەسەرلای ڕاستت ڕابکشێ و پاڵکەوە، پاشان بڵێ: خوایە گیانی خۆمم بەتۆ سپارد و گوێڕایەڵی فەرمان و ڕێگرییەکانتم....". لە کۆتایی فەرموودەکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَاجْعَلْهُنَّ مِنْ آخِرِ كَلاَمِكَ فَإِنْ مُتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ مُتَّ وَأَنْتَ عَلَى الْفِطْرَةِ »، واتە:" با ئەمانە دوایەمین و کۆتا قسەت بێ، جا ئەگەر لەو شەوەتدا بمریت لەسەر سرووشتی پاکی ئیسلامەتی ئەمریت ".

لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا ئاوا هاتووە: « وَإِنْ أَصْبَحْتَ أَصَبْتَ خَيْرًا »، واتە: " ئەگەر بەیانیت کردەوە ئەوا تووشی خێر بوویت و خێرت بەدەست هێناوە".

ئەم فەرموودەیە سوننەتێکی تری دەرخستووە ئەویش ئەوەیە کە: کۆتا شتێک کە پێش خەوتن ئەیڵێیت و قسەی تیا ئەکەیت با یادی خوا بێت و خەڵاتێکی گەورەشی تیایە ئەویش ئەوەیە ئەگەر قەدەر وابوو ئەو کەسە لەو شەوەیدا بمرێت، ئەوا لەوانە ئەبێ کە لەسەر سرووشتی پاکی ئیسلامەتی ئەمرێت- واتە: لەسەر سوننەت مردووە لەسەر ئاینی پاک و بێگەردی ئیبراهیم علیه السلام کە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا لایدابوو بۆ یەکخواپەرستی- ئەگەر نەمرد و ڕۆژی کردەوە ئەوا لەسەر خێر و چاکە لە ڕنق و ڕۆزی و کردەوەکانی ڕۆژ ئەکاتەوە، کە ئەمەش وشەیەکی گشتگیرە ئەو واتایانەی پێشەوە و جگە لەوانەش ئەگرێتەوە، هەر خواش زاناترە بەوە.

جا لێرەدا ئەوەی شایانی باسە کە لێی ئاگادار بین: ویردێکە هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی خێرێکی گەورە و مەزن، کە خوای بەرز و بڵند بەهۆیەوە چاکەی لەگەڵدا کردووین، ئەویش ئەو ویردەیە کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، لە فەرموودەی شەدادی کوڕی ئەوس (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: « سَيِّدُ الإِسْتِغفَارِ أَنْ تَقُولَ: اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ »، قَالَ: «وَمَنْ قَالَهَا مِنَ النَّهَارِ مُوقِنًا بِهَا، فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ قَبْلَ أَنْ يُمْسِيَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَمَنْ قَالَهَا مِنَ اللَّيْلِ وَهُوَ مُوقِنٌ

بِهَا، فَمَاتَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ»[1]، واتە:" سەرگەورەی ویردی داوای لێ خۆشبوون کردن ئەوەیە کە بڵێیت: خوایە تۆ پەروەردگاری منی هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لەتۆ، بەدیت هێناوم و من بەندەی تۆم، و من لەسەر پەیمان (پەیمانی بەتەنیا پەرستن و گوێڕایەڵی کردنت) و بەڵێنەکەی تۆم بەپێی توانام (کە بەچاکەی خۆت بمخەیتە بەهەشتەوە)، پەنات پێ ئەگرم لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە کردوومە (ئەو گوناهو تاوانانەی بە ئەندامەکانم ئەنجامم داوون)، دان ئەنێم بە هەموو ئەو ناز و نیعمەتانەی کە بەسەرمدا ڕژاندووتە و لە ژمارە نایەن، بە پەشیمانیەوە دان ئەنێم بە گوناهو تاوانەکانمدا دەسا خوایە لە گوناهو تاوانەکانم ببورە و چاوپۆشیم لێ بکە،چونکە بەڕاستی جگە لە تۆ لەتوانا و دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە کە لە گوناهو تاوان خۆش بێت "، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:" هەرکەسێ لە بەیانیدا بەدڵنیایی و بێ هیچ گومانێک بیڵێ و ئەو ڕۆژە بمرێ پێش ئەوەی بگاتە ئێوارە، ئەوا ئەو کەسە لە دانیشتوانی بەهەشتە و ئەچێتە ناویەوە، و هەرکەسێ لە شەودا بەدڵنیایی و بێ هیچ گومانێک بیڵێ و پێش ئەوەی ڕۆژ بکاتەوە و ئەو شەوە بمرێ، ئەوا ئەوکەسە لە دانیشتوانی بەهەشتە و ئەچێتە ناویەوە ".

جا لەبەر ئەوە؛ با بەندەی موسڵمان سوور بێت لەسەر بەدەست هێنانی ئەم خێر و چاکە گەورە و مەزنە، ئەویش بە پارێزگاری کردن لە وتنی ئەم ویردە چاکەکارە لە ڕۆژ و شەویدا، لەگەڵ چاودێری کردنی مەرجەکانی، کە بڕیتییە لە دڵنیایی و گومان نەبوون بەو وشانەی کە ئەیڵێت، بۆئەوەی ئەو بەهەشتە بباتەوە کە پانتاییەکەی هێندەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوی یە، جا بەڕاستی ئەم ویردە هۆکاری چوونە ناو بەهەشتە - داواکارین لە خوای بڵند و باڵا چاکە و بەخششی خۆیمان پێ ببەخشێ - .

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٠٦).

((سوننەتەکانی خەوبینین))

سوننەتەکانی ئەوەی کە کەسی نوستوو لەخەودا ئەیانبینێ

ئەو خەوانەی کەسی خەوتوو ئەیانبینێ لە سێ حاڵەت بەدەر نییە کە لە فەرمووەی ئەبی هورەیرەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا موسلیم ئەویش ئەمانەیە:

١- خەوی باش، کە ئەمە مژدە پێدانێکە لەلایەن خوای بەرز و بڵندەوە، کە چەند ئادابێکی تایبەت بەخۆی هەیە لە دوایدا باسی لێ ئەکەین.

٢- خەوی خەفەتبارکردن، کە ئەمەیان لە شەیتانەوەیە، و هیچ زیانێک بە بەندە ناگەیەنێ ئەگەر هاتو ئاداب و ڕێ و شوێنەکانی بە باشی پەیڕەو بکات، کە لەدوایدا باسی لێ ئەکەین.

٣- دالّغە و قسەی دەروون کە کەسی نووستو پێش خەوتن لەبەر خۆیەوە وتبێتیەوە و دوایی بێتە خەوی، کە ئەمەیان هیچ بایەخێکی نییە و حسابی بۆناکرێ.

زۆرجار کەسی نووستوو شتی وا ئەبینێ لە خەویا وای لێ ئەکات لەناو جێگەکەی هەستێت و ڕاچڵەکێ، جا یان ئەو ڕۆژە دڵخۆش و شادمان ئەبێ، یان دڵتەنگ و شپرزە و بێ ئارام ئەبێ، بەڵام لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ شتی ئەوتۆی تیایە ئەگەر بەندە پەیڕەوی بکات ئەوا لە هەموو بارودۆخێکدا هەمیشە ئاسوودە ئەبێت، ئیتر هەر خەوێکیشی بینیبێت، بەڵام ئەوە غەفڵەت و بێ ئاگایی یە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوەی بەسەر خەڵکیدا هێناوە، بۆیە ئەبینین زۆرێک لە خەڵکی خەوی ناخۆشی ئەوتۆ ئەبینێ کە تووشی بێ ئارامی و دڵەڕاوکێی ئەکات، و دێت ئەوپەڕی توانای خۆی ئەخاتە گەڕ بۆئەوەی بگاتە لای لێکدەرەوەیەک هەتا خەو پەرژینی خەوەکەی بۆبکات و خەوەکەی بۆ لێک بداتەوە- ئەمە لە

ڕۆژگارێکدا ئەوانەی خەو لێک ئەدەنەوە زۆر زۆرن بە پێچەوانەی چاخە زێڕین و چاکەکانی پێشینی چاک- لەوانەیە ئەو کەسەی خەوەکە لێک ئەداتەوە سەرە باسێکی ئەوتۆی دەست بکەوێ کە پێی بگاتە ئەنجام، چونکە پرسیار لە وردەکاری شتەکان ئەکات (لەو کەسەی خەوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە)، ڕەنگە بەتەمابێ ئەوکەسەی خەوەکەی بۆ لێکئەداتەوە دڵنیای بکاتەوە لە سەرەنجامەکەی، لەگەڵ ئەوەی خۆی یەکلا کردۆتەوە کە لێکدانەوەی خەوەکەی کە بۆیکراوە ڕاستە و گومانی تێدا نییە- کە ئێرە شوێنی ئەو باسە نییە-، کە لەو نامیلکەیەی کە ناوم لێناوە (ئەی ئەوکەسەی خەوت بینیوە پەلە مەکە) هەندێکیم لێ باسکردووە، جا کەسێک سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ لەو بوارەدا ناسیبێ هەرگیز تووشی ئەو ترس و داچڵەکینە نابێت، چونکە دڵنیایە لەو بەخشش و چاکەیەی کە لە ڕێنوێنی سەروەری پێغەمبەراندا هەیە ﷺ.

سوننەتەکانی ئەم بەشە، ئەوەیە کە لەم فەرموودانەدا هاتوون:

لە ئەبی سەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: إِنْ كُنْتُ لأَرَى الرُّؤْيَا تُمْرِضُنِي - قَالَ - فَلَقِيتُ أَبَا قَتَادَةَ فَقَالَ وَأَنَا كُنْتُ لأَرَى الرُّؤْيَا فَتُمْرِضُنِي حَتَّى سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ « الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللهِ فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يُحِبُّ فَلاَ يُحَدِّثُ بِهَا إِلاَّ مَنْ يُحِبُّ وَإِنْ رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلْيَتْفِلْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلاَثًا وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشَرِّهَا وَلاَ يُحَدِّثْ بِهَا أَحَدًا فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ »، واتە:" من جاری وابووە خەوی وام ئەبینی نەخۆشی ئەخستم، تا گەیشتم بە ئەبا قەتادە ئەویش وتی: منیش خەوی وام ئەبینی نەخۆشی ئەخستم هەتا گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو:" بێگومان خەوی چاک و باش لە خواوەیە، جا هەریەکێک لە ئێوە خەوێکی بینی پێی خۆش بوو با باسی نەکات مەگەر لای کەسێک کە خۆشی ئەوێت، ئەگەر لە خەویدا شتێکی بینی بەلایەوە ناخۆش بوو با سێ جار تف بکات بەلای چەپیدا و پەنا بەخوا بگرێت لە شەڕ و خراپەی شەیتان و خراپەی ئەو خەوە، لای کەسیش باسی نەکات و نەگێڕێتەوە،ئیتر ئەو خەوە زیانی پێ ناگەیەنێت".

ئەبو سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ) وتی: « إِنْ كُنْتُ لأَرَى الرُّؤْيَا أَثْقَلَ عَلَيَّ مِنْ جَبَلٍ فَمَا هُوَ إِلاَّ أَنْ سَمِعْتُ بِهَذَا الْحَدِيثِ فَمَا أُبَالِيهَا »(١)، واتە:" جاری وابووە خەوی وام ئەبینی لە شاخێک قورستر بوو بەلامەوە، هەتا ئەوەبوو ئەم فەرموودەیەم بیست ئیتر دوای ئەوە گوێم نەئەدایە ".

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە فەرمووبەتی: «الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللهِ، وَالْحُلُمُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا حَلَمَ أَحَدُكُمْ حُلُمًا يَخَافُهُ فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ، وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ شَرِّهَا، فَإِنَّهَا لاَ تَضُرُّهُ»(٢)،واتە:" خەوی خۆش و چاک لەلایەن خواوەیە و خەوی ناخۆش و خراپیش لە شەیتانەوەیە، جا ئەگەر یەکێکتان خەوێکی بینی کە لێی ئەترسا با بەلای چەپدا تف بکات و پەنا بەخوا بگرێت لە شەڕ و خراپەی، ئیتر زیانی پێناگەیەنێ ".

هەروەها لە ئەبی هوڕەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا اقْتَرَبَ الزَّمَانُ لَمْ تَكَدْ رُؤْيَا الْمُسْلِمِ تَكْذِبُ وَأَصْدَقُكُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُكُمْ حَدِيثًا وَرُؤْيَا الْمُسْلِمِ جُزْءٌ مِنْ خَمْسٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ وَالرُّؤْيَا ثَلاَثَةٌ فَرُؤْيَا الصَّالِحَةِ بُشْرَى مِنَ اللهِ وَرُؤْيَا تَحْزِينٌ مِنَ الشَّيْطَانِ وَرُؤْيَا مِمَّا يُحَدِّثُ الْمَرْءُ نَفْسَهُ فَإِنْ رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يَكْرَهُ فَلْيَقُمْ فَلْيُصَلِّ وَلاَ يُحَدِّثْ بِهَا النَّاسَ »(٣)، واتە:" کاتێ دواڕۆژ نزیک بێوە (یاخود شەو و ڕۆژ وەک یەکبوون) کەم جار ئەبێ خەوی موسڵمان ڕاست نەبێ و بەدرۆ دەربچێ، ئەوەیان کە زیاتر خەوەکەی بەڕاست دەرئەچێ ڕاستگۆترینیانە، خەوی موسڵمان بەشێکە لە چل و پێنج بەشی پێغەمبەرایەتی، خەویش سێ جۆرە، خەوی چاک مژدەیە لەلایەن خواوە، خەوی خەفەتبارکردن لە شەیتانەوەیە، خەوێکیش دالّغە و خەیاڵاتی قسەی دەروونی کەسەکە خۆیەتی، جا ئەگەر یەکێکتان خەوێکی ئەوتۆی بینی کە پێی ناخۆش بوو(خەوێکی ناخۆشی بینی) با هەستێ و نوێژ بکات، و بۆ خەڵکی نەگێڕێتەوە ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٧٤٧)، ومسلم برقم (٢٢٦١).

(٢) رواه البخاري برقم (٣٢٩٢)، ومسلم برقم (٢٢٦١).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٢٦٣).

لە فەرموودەی جابردا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا موسلیم، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ثَلاَثًا وَلْيَتَحَوَّلْ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ »(١)، واتە:" با سێ جار پەنا بەخوا بگرێت و لەسەر ئەو لاتەنیشتەی خۆی وەربگێڕێ کە لەسەری بووە".

هەروەها لە فەرموودەی ئەبی سەعیدی خودری دا(خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا بوخاری کە گوێی لێبووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا رَأَى أَحَدُكُمُ الرُّؤْيَا يُحِبُّهَا، فَإِنَّمَا مِنَ اللهِ، فَلْيَحْمَدِ اللهَ عَلَيْهَا »(٢)، واتە:" ئەگەر یەکێکتان خەوێکی بینی پێی خۆش بوو، ئەوە لە خواوەیە، با سوپاسی خوا بکات لەسەری ".

لەو فەرمووودانەی کە لە پێشەوە باسمانکردن ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە:

١- هەرکەسێ خەوێکی خۆشی بینی، سوننەت وایە بۆی ئەم کارانە بکات:

یەکەم: سوپاسی خوا بکات لەسەری، چونکە لەلایەن خوای پاک و بێگەردەوەیە.

دووەم: با بێت باسی بکات، بەڵام ئەوەی هەیە لەلای کەسێکی خۆشەویستی خۆی نەبێ باسی نەکات.

٢ ـ ئەگەر کەسێ خەوێکی بینی کە پێی ناخۆش بوو، ئەوا سوننەت وایە ئەم کارانە بکات:

یەکەم: سێ جار تف، یان فوو بکات بەلای چەپیدا.

دووەم: سێ جار پەنا بگرێ بەخوای بەرز و بڵند لە شەیتانی نەفرین لێکراو و لە شەڕ و خراپەی ئەوەی بینیویەتی، کە سێ جار بڵێت:" أَعوذُ بالله من الشَّيطان، ومن شرها ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٢٦٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٧٠٤٥).

سێ یەم: خەوەکەی بەکەس نەڵێت، ئەگەر بەخەڵکیشی وت، ئەوا هیچ زیانێکی بۆی نابێ، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوین، وە ئەگەر لەو خاڵانە زیاتری کرد کە بێت:

چوارەم: با لەسەر ئەو لایەی وەرگەڕێ کە لەسەری خەوتووە و بچێتە سەرلاکەی تری، جا ئەگەر لەسەر پشتی ڕاکشابوو با بکەوێتە سەرلا، ئیتر ئا بەو شێوەیە بەگوێرەی ڕاکشانەکەی خۆی وەربگێڕێ.

پێنجەم: هەستێ دوو ڕکات نوێژ بکات.

جا جوان ڕامێنن لە وتەکەی ئەبی قەتادە، و ئەبو سەلەمە (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە چۆن خەوی ئەوتۆیان ئەبینی کە غەمباری ئەکردن بەڵکو تەنانەت نەخۆشی ئەخستن، بەڵام کاتێ هاتن ڕێنوێنیەکەی پێغەمبەری خوایان ﷺ لەو بوارەدا جێ بەجێکرد، وەک ئەبو سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ:" جاری وابووە خەوی وام ئەبینی لە شاخێک قورستر بوو بەلامەوە، هەتا ئەوەبوو ئەم فەرموودەیەم بیست ئیتر دوای ئەوە گوێم نە ئەدایە "، بۆیە ئەو کەسانەی شپرزە و پەشۆکاون، و تووشی دڵەڕاوکێ ئەبن کاتێ خەوی ناخۆش ئەبینن لەکەسانی تر لەپێشترن کەوا ڕێنوێنی پێغەمبەرایەتی جێ بەجێ بکەن کە ئەو مژدە خۆشەی تیایە کە فەرمووی: «فَإِنَّهَا لاَ تَضُرُّهُ»، واتە:" ئیتر هیچ زیانی پێ ناگەیەنێ ".

پێشەوا نەواوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەگەر لە جیاتی هەموو ئەو خاڵانە هەندێکیشیان جێ بەجێ بکات هەر ئەنجامی ئەبێت — بە ویستی خوای بەرز و بڵند- هەر وەک چۆن فەرموودەکان خستوویانەتە ڕوو، قاضی عەیاض وتوویەتی: فەرموودەکە فەرمانی کردووە بەوەی کە سێ جار فوو بکات، ئەمەش بۆ دەرکردنی ئەو شەیتانەیە کە ئامادەی خەوە ناخۆش و بێزراوەکە بووە بۆ ڕسواکردن و قێزەونکردنی، هەروەها لای چەپی تایبەت کردووە، چونکە شوێنی پیسی و شتە قێزەونەکان و هاوشێوەیانە، بەڵام لای ڕاست پێچەوانەیەتی"[1].

---

(١) شرح النووي لمسلم، حديث (٢٢٦١)، كتاب الرؤيا.

لەو فەرموودانەی لە پێشەوە ڕابوورد ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە: خەوی موسڵمان بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی، ڕاستگۆترین کەس لە خەو بینیندا ئەو کەسەیە کە لەکاتی بەئاگایدا قسە و گفتاری ڕاستترە، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستگۆیی، و فەڕ و بەڕەکەتەکەی دەرئەخات بۆسەر موسڵمان تەنانەت لەکاتی نووستنیشیدا .

حافزی ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" قورتوبی وتوویەتی: ئەو بڕگەیەی لە فەرموودەکەدا هاتووە (ئەوەیان کە زیاتر خەوەکەی بەڕاست دەرئەچێ ڕاستگۆترینیانە)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە هەرکەسێ ڕاستگۆ بێت و ڕاستێتی زیاتر بێت دڵی ڕوناک و ڕۆشن، و فام و تێگەیشتنی بەهێز ئەبێت، بۆیە واتاکانی ڕاستی لە دەموچاویدا ئەدرەوشێنەوە، بەهەمان شێوە یەکێک زۆربەی کاتەکانی بەئاگابوونی ڕاستگۆیی بێ ئەوا بەهەمان شێوە لەکاتی خەویشدا لەگەڵی ئەبێت و تەنیا خەوی ڕاست ئەبینێ، ئەمە بەپێچەوانەی درۆزنەوە، کە درۆ دڵی تێک ئەدات و ئەیشێوێنێ، و تاریکی ئەکات و تەنیا هەر خەوی هەڵەت و پەڵەت و تێکەڵ و پێکەڵ ئەبینێ، زۆر بەدەگمەن ڕێک ئەکەوێ کەسی ڕاستگۆ لە خەویدا شتی ناڕاست ببینێت، و کەسی درۆزنیش شتی ڕاست ببینێت، بەڵام زۆربەی زۆری بەو جۆرەیە کە لەپێشەوە باسکرا- هەر خواش زاناترە-، ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: " ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێ کە لە پێشەوە باسکرا کە خەوی چاک هەرگیز نابێت مەگەر لە بەشەکانی پێغەمبەرایەتیەوە نەبێت، ئەگەر لە موسڵمانێکی ڕاستگۆی چاک و سالحەوە بێت "[1].

هەرکەسێ بەشەو هەستا، ئەوا سوننەتە بڵێ ئەم ویردە بخوێنێ:

ئەویش ئەوەیە کە لە فەرموودەی عوبادەی کوڕی صامیتدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: «مَنْ تَعَارَّ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ: لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الحَمْدُ للهِ، وَسُبْحَانَ اللهِ، وَلاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، أَوْ دَعَا، اسْتُجِيبَ

(١) الفتح: حديث (٧٠١٧)، باب: القيد في المنام.

لَهُ، فَإِنْ تَوَضَّأَ وَصَلَّى قُبِلَتْ صَلاَتُهُ »[١]، واتە:" هەرکەسێ شەو خەبەری بۆوە وتی:(لاَ إِلَـهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الْحَمْدُ للهِ، وَسُبْحَانَ اللهِ، وَلاَ إِلَـهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ)، واتە: ((هیچ پەرستراوێ نیە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لەخوا تاک و تەنیایە و هیچ هاوەڵ و هاوتایەکی نییە، هەرچی مووڵک و سامان و سوپاس و ستایش هەیە (لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی) هەر بۆ ئەوە، و بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە (بەبێ هیچ ڕێگر و بەرهەڵستێک)، سوپاس و ستایش و پاک و بێگەردی هەر بۆ خوایە، هیچ پەرستراوێ نیە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لەخوا، خوا لەهەرچی شت هەیە گەورەترینە (لە ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی و ستایش و ترس و ئومێد و هتد..)، هیچ هەوڵ و توانایەک نییە شەڕ و خراپە لابدات و دوری بخاتەوە، و هیچ هێزێکیش نیە کەوا خێر و چاکە بهێنێ مەگەر بەویست و یارمەتی و کۆمەکی خوا نەبێت))، پاشان بڵێ: خوایە لە گوناهەکانم خۆشبەو بیانپۆشە بۆم، یان بێت لە خوا بپارێتەوە وەڵامی ئەدرێتەوە و نزاکەی گیرا ئەبێ، ئەگەر بێت دوای ئەوە هەڵسێت و دەستنوێژ بگرێت و نوێژ بکات نوێژەکەی لێ وەرئەگیرێت و قبوڵ ئەبێت ".

ئیبنو ئەسیر(بەڕەحمەت بێ) سەبارەت بە (مَنْ تَعَازَّ مِنَ اللَّيْلِ) وتوویەتی:" واتە: چاپوکانە لە خەو هەستا و ڕاپەڕی"[٢].

لەم فەرموودەیەدا دوو مژدەی زۆر خۆش و گەورەی تیایە بۆ کەسێ کە شەو بەئاگاهات و بڵێ: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الْحَمْدُ للهِ، وَسُبْحَانَ اللهِ، وَلاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ).

یەکەمیان: ئەگەر وتی: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي) خوایە لە گوناهەکانم خۆشبە، یاخود بێت لە خوا بپارێتەوە وەڵامی ئەدرێتەوە و نزاکەی گیرا ئەبێ.

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٥٤).

(٢) انظر: النهاية في غريب الأثر، لابن الأثير ص١٠٨، مادة: (تعر)، وانظر أيضا: لسان العرب، لابن منضور، تحت مادة: (تعر) أيضا.

دووەمیان: ئەگەر بێت دوای ئەوە هەڵسێت و دەستنوێژ بگرێت و نوێژ بکات نوێژەکەی لێ وەرئەگیرێت و قبوڵ ئەبێت.

هەر بۆیە ئەڵێین سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەسۆز و بەزەیی خۆی ئەم چاکە و بەخششەی پێ بەخشیووین، و لێی ئەپارێینەوە و داوای یارمەتی کۆمەک و یارمەتی لێ ئەکەین بۆ کردەوەی چاک و دڵسۆزی لە ئەنجامدانیدا.

کەڵکێک: زانایان ناکۆکن سەبارەت بە واتای وشەی (تَعَارَّ) لە فەرمووەکەی پێشەوەدا، وتراوە واتە: بەئاگاهاتەوە، هەروەها وتراوە واتە: نالانی و داچڵەکی، وتراوە واتە: بەخەبەر هات بەدەنگەوە، وە وتراوە واتە: خەبەری بۆوە، وە جگە لەوانەش وتراوە.

لە پێشەوە وتەی ئیبنو ئەسیرمان هێنا لەبارەی وشەی (تَعَارَّ)ە کە ئیبنو مەنزوریش لە (لسان العرب)دا هێناویەتی و لەوەوە گواستوویەتیەوە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ) کە واتاکەی بریتییە لە (چاپوکانە لەخەو هەستا و ڕاپەڕی)، شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیەش (بەڕەحمەت بێ) هەر بەو شێوەیە ڕاڤەی کردووە، پاشان دوای باسکردنی فەرمووەکەی عوبادە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ:" پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی داوە و ڕایگەیاندووە کە ئەم پێنج وشانە، ئەگەر ئەو کەسەی خەبەری بۆتەوە دەستپێکی قسەکانی بەم بێژانە بکاتەوە، ئەوا ئەوە هۆکارێکە بۆ گیرابوون و وەڵامدانەوەی نزا و پاڕانەوەکانی، و قبوڵ بوونی نوێژەکەی، ئەگەر پێش ئەوە دەستنوێژی گرتبێ"[1].

هەروەها شێخ عەبدولعەزیز بن بازیش (بەڕەحمەت بێ) بەهەمان شێوە لێکی داوەتەوە، دوای ئەوەی فەرمووەکەی عوبادە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەهێنێ ئەڵێ:" واتای وشەی (تَعَارَّ)ە واتە:خەبەری بۆوە"[2].

---

(١) مجموع الفتاوى: ٤٧٩/٢٢.

(٢) مجموع الفتاوى: والمقالات المتنوعة: ٤٣/٢٦، تحت فصل: فيما يشرع من الذكر، والدعاء عند النوم، واليقظة.

کە ئەمەش لە بەخششە فراوانەکەی خوای بەرز و بڵندەوەیە، بۆیە پێویستە لەسەر هەرکەسێ ئەم چاکە و بەخششەی پێگەیشتووە کەمتەرخەمی نەکا لە جێ بەجێکردنیدا.

حافزی ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئیبنو بەطاڵ (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ بەڵێنی داوە هەرکەسێ شەو لە خەوەکەی هەڵسێت دەمی بە یەکخوادانانی پەروەردگارەکەی گۆبکات و بجوڵێنێ، و ملکەچی مووڵک و دەسەڵاتەکەی بێ، و دان بنێ بە ناز و نیعمەتەکانیدا و سوپاسی بکات لەسەری، و بە (سُبْحَانَ اللهِ) کردنی بە پاک و بێگەردی ڕابگرێ لە هەموو نەنگی و کەموکوڕییەک کە بۆ ئەو شیاو و دروست نییە، و بە (اللهُ أَكْبَرُ) کردن گەردن کەچی بێ، و بە خۆبەدەستەوەدانی (تەسلیم بوونی) دان بنێ بە بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی خۆی مەگەر بەکۆمەک و یارمەتی ئەو نەبێ، جا ئەگەر دوای هەموو ئەوانە ئەگەر لێی بپارێتەوە وەڵامی ئەداتەوە، و ئەگەر نوێژ بکات نوێژەکەی قبوڵ ئەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەرکەسێ ئەم فەرموودەیەی پێ ئەگات کار پێکردنی بەهەل بزانێ و بیقۆزێتەوە، و نیەتی پاک بکاتەوە بۆ پەروەردگاری بەرز و بڵندی "[1].

بەم سوننەتەی هێنامان کۆتایی ئەهێنین بە خستنە ڕووی سوننەتە کات دیاریکراوەکان؛ چونکە دوای ئەمە سوننەتەکانی: هەستان لەخەو دێت، کە لە سەرەتاوە بەسیواک کردن دەستمان پێکرد، لەگەڵ فەرمایشتی: «الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ»، واتە:" سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە زیندوی کردینەوە دوای ئەوەی مراندنی و گەڕانەوەشمان هەر بۆلای ئەوەو هەر ئەویش زیندومان ئەکاتەوە ".

---

(١) الفتح: حديث (١١٥٤)، باب: فضل من تعارَّ من الليل فصلى.

((سوننەتە کات دیاری نەکراوەکان))

ئەو سوننەتانەی کاتەکانیان دیاری نەکراوە

ئەمە بەشی دووەمە لە سوننەتەکانی ڕۆژانە، کە ئەم جۆرە لە سوننەتەکان بابەتەکانی فراوانن، و زۆر و زەبەنن، وە تیایاندا هەیە ئەگۆڕێت بەگۆڕانی بارودۆخ و کەسەکان، و شوێن، و کاتەکان.

بەوپەڕی توانامەوە هەوڵ ئەدەم ئەو سوننەتانە بهێنم و بیخەمەڕوو کە زۆر دووبارە ئەبنەوە لە ڕۆژ و شەودا، داواکارم لە پەروەردگاری بڵند و باڵا کەوا سەرکەوتومان بکات و ڕاستی و پێکانمان پێ ببەخشێ لەکارەکانماندا.

یەکەم شتێک لەم بەشەدا بریتییە لە: سوننەتەکانی خواردن.

((سوننەتەکانی خواردن))

خۆم بەئەنقەست سوننەتەکانی خواردنم نەخستە ناو سوننەتە کات دیاریکراوەکان و لەوێدا نەمهێنا، چونکە لەوانەیە خواردن و خواردنەوە لەهەر کاتێکدا بێ بێتە ڕێت، کە پێویستە لەگەڵیدا سوننەت جێ بەجێ بکەیت، چونکە کاتەکانی خواردن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەزۆری دیاری کراوە (کە بریتییە لە سێ ژەم)، وەلێ لەسەردەمی ئەو بێ هاوتایانەدا واتە: سەردەمی هاوەڵان، و هەروەها شوێنکەوتوانی دوای ئەوانیش (واتە:تابعین)، و پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە بەزۆری کاتی ژەمەکان دیاریکراو نەبوون، ئەوان زۆرێک لەو شتانەی ئێمە هەمانە و تیایدا ئەتلێینەوە ئەوان نەیانبوو، مەبەستم ئەوەیە زۆربەیان هیچی ئەوتۆیان نەبووە لە ڕۆژەکەیدا بیخوات چ جای ئەوەی خواردنی هەبێت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بیخوات !.

ئا ئەوەتا پێغەمبەری ئوممەت ﷺ و چرا و مەشخەڵەکەی، و چاکترین کەسی مرۆڤایەتی، ڕۆژێکیان دێتە ژوورەوە بۆلای خاتو عائیشەی خێزانی (خوا لێی ڕازی بێ) و ئەفەرموێ: « يَا عَائِشَةُ هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ ». قَالَتْ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ مَا عِنْدَنَا شَيْءٌ. قَالَ « فَإِنِّى صَائِمٌ »[1]، واتە:" ئەی عائیشە هیچتان لەلا هەیە"، ئەڵێ وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچمان لا نییە. فەرمووی:" کەواتە بەڕۆژووم (بەڕۆژوو ئەبم)".

هەروەها لە فەرمودەی ئەبی هورەیرەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ إِنِّى مَجْهُودٌ. فَأَرْسَلَ إِلَى بَعْضِ نِسَائِهِ فَقَالَتْ وَالَّذِى بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِى إِلاَّ مَاءٌ. ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَى أُخْرَى فَقَالَتْ مِثْلَ ذَلِكَ حَتَّى قُلْنَ كُلُّهُنَّ مِثْلَ ذَلِكَ لاَ وَالَّذِى بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِى إِلاَّ مَاءٌ. فَقَالَ « مَنْ يُضِيفُ هَذَا اللَّيْلَةَ رَحِمَهُ اللهُ »، واتە:"

---

(١) رواه مسلم برقم (١١٥٤).

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: تووشی ناپەحەتی بووم و برسێتی ژیانی لێ تاڵ کردووم، پێغەمبەریش ﷺ هەواڵی نارد بۆلای یەکێک لە خێزانەکانی، وتی: سوێند بەوەی تۆی بەهەق و ڕاستی ڕەوانە کردووە هیچم لانییە تەنیا ئاو نەبێ، پاشان ناردی بۆلای یەکێکی تریان، ئەویش هەمان قسەی کرد، هەتا هەموویان هەر هەمان قسەیان دووبارە کردەوە: نەخێر سوێند بەوەی تۆی بەهەق و ڕاستی ڕەوانە کردووە هیچم لەلا نی یە تەنیا ئاو نەبێ، جا فەرمووی:" کێ میوانداری ئەم پیاوە ئەکات ڕەحمەتی خوای لێ بێت؟" هەتا پیاوێک لە پشتیوانان میوانداری کرد[1].

جا بەڕاستی هاوەڵان ئاوا بوون لەسەرو هەموشیانەوە ئەبوبەکر و عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ)، فەرمودەیەک لای پێشەوا موسلیم هەیە لە ئەبی هوڕەیڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ أَوْ لَيْلَةٍ فَإِذَا هُوَ بِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ فَقَالَ « مَا أَخْرَجَكُمَا مِنْ بُيُوتِكُمَا هَذِهِ السَّاعَةَ ». قَالاَ الْجُوعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ « وَأَنَا وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لأَخْرَجَنِى الَّذِى أَخْرَجَكُمَا قُومُوا ». فَقَامُوا مَعَهُ فَأَتَى رَجُلاً مِنَ الأَنْصَارِ...(وفيه) فَانْطَلَقَ فَجَاءَهُمْ بِعِذْقٍ فِيهِ بُسْرٌ وَتَمْرٌ وَرُطَبٌ وَذَبَحَ لَهُمُ الشَّاةَ (وفي آخر الحديث) قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لأَبِى بَكْرٍ وَعُمَرَ « وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَتُسْأَلُنَّ عَنْ هَذَا النَّعِيمِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمُ الْجُوعُ ثُمَّ لَمْ تَرْجِعُوا حَتَّى أَصَابَكُمْ هَذَا النَّعِيمُ »[2]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پۆژێکیان یان شەوێکیان لە ماڵ چووە دەرەوە، لەناکاو گەیشت بە ئەبوبەکر و عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ)، فەرمووی:" ئا لەم کاتەدا چ شتێک لە ماڵەکانتان دەری کردوون و هێناونیەتە دەرەوە؟ "، وتیان: برسێتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی:" منیش سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە هەر هەمان شت دەری کردووم کە ئێوەی دەرکردووە، هەستن با بڕۆین"، لە خزمەتیدا هەستان و هات بۆلای پیاوێک لە پشتیوانان...(لە فەرمودەکەدا هاتووە) بە پرتاو ڕۆشت

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٥٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٣٨).

هێشوبەک خورمای هێنا، کە فەریکە خورما و خورما و خورمای تەپی پێوەبوو، وە مەپێکی بۆ سەربڕین (لە کۆتایی فەرموودەکەدا هاتووە کە) پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوبەکر و عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، فەرموو:" سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە لە ڕۆژی دوایدا پرسیاری ئەم هەموو نازو نیعمەتەتان لێ ئەکرێ، برسێتی بوو ئێوەی لە ماڵەکانتانەوە هێنایە دەرەوە، جا نەگەڕانەوە هەتا تووشی ئەم ناز و نیعمەتە بوون ".

ئا ئەوەش حاڵی گێڕەرەوەی سوننەتەکانە واتە: ئەبو هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ)، وەک بوخاری گێڕاویەتیەوە، موحەممەد (کە گێڕەرەوەی فەرموودەکەیە) وتوویەتی: كُنَّا عِنْدَ أَبِي هُرَيْرَةَ وَعَلَيْهِ ثَوْبَانِ مُمَشَّقَانِ مِنْ كَتَّانٍ، فَتَمَخَّطَ، فَقَالَ: «بَخْ بَخْ، أَبُو هُرَيْرَةَ يَتَمَخَّطُ فِي الكَتَّانِ، لَقَدْ رَأَيْتُنِي وَإِنِّي لَأَخِرُّ فِيمَا بَيْنَ مِنْبَرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ إِلَى حُجْرَةِ عَائِشَةَ مَغْشِيًّا عَلَيَّ، فَيَجِيءُ الجَائِي فَيَضَعُ رِجْلَهُ عَلَى عُنُقِي، وَيُرَى أَنِّي مَجْنُونٌ، وَمَا بِي مِنْ جُنُونٍ مَا بِي إِلَّا الجُوعُ»[1]، واتە:" ئەمە لای ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) دانیشتبووین دوو پۆشاکی کەتانی لەبەردا بوو کە بە قوڕە سور ڕەنگ کرابوون، لووتی سڕی، وتی: " بەھ بەھ، ئەبو هوڕەیڕە لەکەتاندا لووتی ئەسڕێ، ئەگەر ئەتبینیم چۆن بە بووراوەیی و بێهۆشی ئەکەوتم لەنێوان میمبەری پێغەمبەری خوا ﷺ و ژوورەکەی خاتو عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێ)، ڕێبوار بەوێدا تێ ئەپەڕی قاچی ئەنا بەملمدا، و وای ئەزانی شێتم، وەنەبێ شێت بووبێتم بەڵکو تەنیا برسیم بوو وە برسێتی بوو وای لێ کردبووم ".

تەنیا هەر ئەبو هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) وانەبوو، بەڵکو ڕامێنە لەحاڵی ئەو هاوەڵانەی کە لەتاو برسێتی لە نوێژەکانیاندا ئەکەوتن، وەک پێشەوا تیرمزی هێناویەتی لە فەرموودەی فەزاڵەی کوڕی عوبەیدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ إِذَا صَلَّى بِالنَّاسِ يَخِرُّ رِجَالٌ مِنْ قَامَتِهِمْ فِي الصَّلَاةِ مِنَ الخَصَاصَةِ وَهُمْ أَصْحَابُ الصُّفَّةِ حَتَّى تَقُولَ الأَعْرَابُ هَؤُلَاءِ مَجَانِينُ أَوْ مَجَانُونَ، فَإِذَا صَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ انْصَرَفَ

(١) رواه البخاري برقم (٧٣٢٤).

إِلَيْهِمْ، فَقَالَ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا لَكُمْ عِنْدَ اللهِ لأَحْبَبْتُمْ أَنْ تَزْدَادُوا فَاقَةً وَحَاجَةً ». قَالَ فَضَالَةُ: «وَأَنَا يَوْمَئِذٍ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ »[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ جاری واهەبووە کە پێشنوێژی بۆ خەڵکی ئەکرد، پیاوانێک لەبرسا بەپێوە لە نوێژەکەیاندا بەرئەبوونەوە، کە ئەوانەش هاوەڵانی صوففە بوون، هەتا عەرەبە دەشتەکیەکان ئەیانووت ئەوانە شێتن (بۆیە وائەکەن)، کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژەکەی ئەبۆوە ئەچوو بەلایانەوە و بۆ دڵنەواییان ئەیفەرموو:" ئەگەر ئەتانزانی لەلای خوا چیتان بۆهەیە و چیتان بۆ ئامادەکراوە، ئەوا حەزتان ئەکرد پێداویستی و نەداری و هەژاریتان زیاتر بوایە". فەزاڵە وتی:" ئیتر من لەوڕۆژەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووم ".

ئا ئەمە لە ڕۆژگاری سەردەمە چاکەکەدا بووە (کە سەردەمی هاوەڵانە خوا لێیان ڕازی بێ)، و سەردەمەکانی دوای ئەوانیش لە شوێنکەوتوان (تابعین) و پێشینان، ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان خواردنیان نەخواردووە مەگەر کاتێ خواردنەکەیان دەست کەوتبێ و ئەوان چەند کاتێکی دیاریکراویان نەبووە خواردنی تیابخۆن، چونکە ئەگەر دیاریشیان بکردایە لەوانەیە هیچیان دەست نەکەوتایە بیخۆن، کە ئێرە شوێنی باسکردن و دەرخستنی ئەو هەواڵ و بەسەرهاتانە نیە، - ئافەرین بۆخۆیان -، داوا لە خوا ئەکەین سوپاسگوزاری خۆیمان پێ ببەخشێ، وەک چۆن ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی خۆی پێ بەخشیوین.

سوننەتەکانی خواردن:

١- ناوی خوا هێنان (بسم الله) کردن لەسەرەتای خواردندا:

لە عومەری کوڕی ئەبی سەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: كُنْتُ غُلاَمًا فِي حَجْرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ ، وَكَانَتْ يَدِي تَطِيشُ فِي الصَّحْفَةِ، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللهِ ﷺ:

---

(١) رواه الترمذي برقم (٢٣٦٨)، وقال: هذا حديث صحيح، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة: ٢١٦٩).

«يَا غُلَامُ، سَمِّ اللهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ» فَمَا زَالَتْ تِلْكَ طِعْمَتِي بَعْدُ [١]، واتە:" مێردمنالێک بووم لەبەر دەست و سەرپەرشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، و دەستم بەناو هەموو قاپەکەدا ئەگێڕا بۆئەوەی خواردنێ بدۆزمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم:" ئەی ڕۆڵە، ناوی خوا بێنە، و بەدەستی ڕاستت بخۆ، و لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ"، ئیتر لەو کاتەوە ئەمە ڕێبازی من بووە لە خواردندا و بەوجۆرە خواردن ئەخۆم.

واچاکە تەنیا بڵێی (بسم الله)، وەک لە دەقەکاندا هاتووە.

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" مەبەست لە ناوی خوا هێنان لەسەر خواردن وتنی (بسم الله)یە لەسەرەتای خواردندا، ڕوونترین دەربڕین کە لەبارەی چۆنێتی (بسم الله) کردنەوە هاتبێت ئەو فەرمودەیەیە کە ئەبو داود و تیرمزی تەخریجیان کردووە لە ڕێگەی ئوم کەلسومەوە، لە خاتو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) بە مەرفوعی هاتووە کە فەرموویەتی: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُم فَلْيَذكُرِ اسمَ الله، فإن نَسِيَ أَنْ يَذكُرَ اسمَ الله في أَوَّلِه فليقُلْ: باسم الله أَوَّلَهُ وآخِرَهُ» [٢]، واتە: ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد با ناوی خوا بهێنێ، ئەگەر بیری چوو لە سەرەتایەوە ناوی خوا بهێنێ با بڵێ: بەناوی خوا لە سەرەتا و کۆتایدا "، وە ئەم فەرمودەیە شایەتێکی هەیە لە فەرمودەی ئومەیەی کوڕی مەخشی لەلای ئەبو داود و نەسائی.

بەڵام ئەو وتەیەی پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) کە لە پەرتوکی (الأذكار)دا هێناویەتی لە ئاکاری خواردندا کە وتوویەتی: چۆنێتی ناوی خوا هێنان لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە پێویستە شارەزای بین و بیزانین، کە چاک وایە بڵێی:" بسم الله الرحمن الرحيم "، وە ئەگەر تەنیا بڵێی: (بسم الله) بەسە، و سوننەت

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٣٧٦)، ومسلم برقم (٢٠٢٢).

(٢) رواه أبو داود برقم (٣٧٦٧)، والترمذي برقم (١٨٥٨)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ٢٨٢/١).

جێ بەجێ ئەبێت، بەڵام من هیچ بەڵگەیەکی تایبەتم نەبینیوە سەبارەت بە چاکێتی ئەوەی ئەو ئەیڵێت (واتە:نەوەی) "[1].

سەبارەت بەحوکمی: (بسم الله) کردن زانایان ناکۆک و ڕاجیان.

وتراوە: سوننەتە، وە وتراوە: واجبە؛ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە.

بەڵام وابانشە بۆ موسڵمان: کە وازی لێ نەهێنێ، ئەگەر: لە بیری چوو(بسم الله) بکات: ئەوا سوننەتە بۆی کاتێ بیری کەوتەوە بڵێ:" باسم الله أَوَّلَهُ وآخِرَهُ ".

ئەمەش لەبەر فەرموودەی خاتو عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: «إذا أكل أحدُكُم فليذكُرِ اسمَ الله، فإن نَسِيَ أن يَذكُرَ اسمَ الله في أوَّلِه فليقُلْ: باسم الله أوَّلَهُ وآخِرَهُ»[2]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد با ناوی خوا بهێنێ، ئەگەر بیری چوو لەسەرەتایەوە ناوی خوا بهێنێ با بڵێ: بەناوی خوا لە سەرەتا و کۆتایدا ".

هەروەها فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە: پێویستە لەسەر مرۆڤ بەدەستی ڕاستی شت بخوات هەتا لە شەیتان نەچێت، چونکە ئەگەر مرۆڤی موسڵمان ناوی خوا نەهێنێ شەیتان بەشداری خواردنەکەی ئەکات، وە ئەگەر خواردن و خواردنەوەی بەدەستی چەپی خوارد ئەوا خۆی بەشەیتان چواندووە، چونکە شەیتان بەدەستی چەپی ئەخوات و ئەخواتەوە.

---

(١) فتح الباري حديث (٥٣٧٦)، باب: التسمية على الطعام، والأكل باليمين.

(٢) رواه أبو داود برقم (٣٧٦٧)، والترمذي برقم (١٨٥٨)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ١/٢٨٢).

بەڵگەش لەسەر ئەمە:

١- فەرموودەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: قَالَ كُنَّا إِذَا حَضَرْنَا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ طَعَامًا لَمْ نَضَعْ أَيْدِيَنَا حَتَّى يَبْدَأَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَيَضَعَ يَدَهُ وَإِنَّا حَضَرْنَا مَعَهُ مَرَّةً طَعَامًا فَجَاءَتْ جَارِيَةٌ كَأَنَّهَا تُدْفَعُ فَذَهَبَتْ لِتَضَعَ يَدَهَا فِي الطَّعَامِ فَأَخَذَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِيَدِهَا ثُمَّ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ كَأَنَّمَا يُدْفَعُ فَأَخَذَ بِيَدِهِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ : « إِنَّ الشَّيْطَانَ يَسْتَحِلُّ الطَّعَامَ أَنْ لاَ يُذْكَرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ جَاءَ بِهَذِهِ الْجَارِيَةِ لِيَسْتَحِلَّ بِهَا فَأَخَذْتُ بِيَدِهَا فَجَاءَ بِهَذَا الأَعْرَابِيِّ لِيَسْتَحِلَّ بِهِ فَأَخَذْتُ بِيَدِهِ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ يَدَهُ فِي يَدِي مَعَ يَدِهَا »[1]، واتە: ئێمە هەر کاتێ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ ئامادەی خواردنێک بووینایە هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بۆ نەبردایە ئێمە دەستمان بۆی نە ئەبرد، جارێکیان ئامادەی خواردنێک بووین لە خزمەتیدا، لەناکاو کچۆڵەیەک هات وەک ئەوەی پاڵی پێوە بنرێ و بەپاڵ بیهێنن، ڕۆشت هەتا دەستی بخاتە ناو خواردنەکەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی گرت و نەیهێشت، ئینجا عەرەبێکی دەشتەکیش هات وەک ئەوەی پاڵی پێوە بنرێ و بە پاڵ بیهێنن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی ئەویشی گرت، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:" بەڕاستی شەیتان ئەتوانێ لەو خواردنە بخوات کە ناوی خوای لەسەر ناهێنرێ، هەر ئەو ئەم کچۆڵەیەی هێنا هەتا بتوانێ لێی بخوات و منیش دەستیم گرت، ئینجا ئەم عەرەبە دەشتەکیەی هێنا هەتا بتوانێ لێی بخوات، دەستی ئەویشم گرت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە دەستی ئەو لەگەڵ دەستی ئەو کچۆڵەیە لەناو دەستمدا بوون ".

٢- فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « لاَ يَأْكُلَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِشِمَالِهِ وَلاَ يَشْرَبَنَّ بِهَا فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ وَيَشْرَبُ بِهَا ». قَالَ وَكَانَ نَافِعٌ يَزِيدُ فِيهَا « وَلاَ يَأْخُذُ بِهَا وَلاَ يُعْطِي بِهَا »[2]، واتە: " هیچ یەکێک لە ئێوە بەدەستی چەپی نەخوات و نەخواتەوە، چونکە شەیتان

(١) رواه مسلم برقم (٢٠١٧).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٢٠).

بەدەستی چەپی ئەخوات و ئەخواتەوە "، وتی: نافیع ئەمەشی بۆ زیاد ئەکرد:" نە شتی پێ وەربگرێت و نەشتیشی پێ ببەخشێت ".

ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە: شەیتان بەڕاستی و هەقیقەت ئەخوات، لەبەر واتای ڕوالّەتی ئەو دەقەی لە پێشەوە ڕابورد.

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" طەیبی وتوویەتی:تۆڕێنەوەی ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە بە دەستی چەپ مەخۆن، ئەگەر واتانکرد ئەوا ئێوە دۆستی شەیتانن، چونکە شەیتان وای لە دۆستەکانی کردووە و هانی داوون بۆئەوەی وابکەن. قسەکەی تەواو بوو. کە ئەم قسەیە لادانە لە واتای ڕوالّەتی فەرموودەکە، کە وا شیاوتر بوو هەوالّی فەرموودەکەی لەسەر واتا ڕوالّەتیەکەی خۆی لێکبدایەتەوە، کە شەیتان بەڕاستی و هەقیقەت خواردن ئەخوات، چونکە ئەقڵ و ژیری و ئەمە بە ئەستەم و مەحاڵ نازانێ، و بێ هیچ گومانێک هەوالّی ڕاست و دروست لەبارەیەوە جێگیر بووە، بۆیە پێویست بەوە ناکات لێکدانەوەی بۆ بکرێت"[1].

هەروەها شەیتان سورە لەسەر ئەوەی بچێتە ناو ماڵەکانەوە بۆئەوەی تیایاندا بمێنێتەوە، و لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا بەشداری خواردن و خواردنەوەیان ئەکات، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ئەیفەرموو: « إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ لاَ مَبِيتَ لَكُمْ وَلاَ عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ. وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ »[2]، واتە:" ئەگەر پیاو چووەوە ماڵی خۆی و ناوی خوای هێنا لەکاتی چوونە ژوورەوە و لەکاتی خواردنیدا، شەیتان بە هاوڕێکانی ئەڵێ: نەشوێنی مانەوەتان هەیە و نەنانی ئێوارە، بەڵام ئەگەر چووە ژوورەوە و ناوی خوای نەهێنا لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا، شەیتان ئەڵێ: شوێنی

(١) فتح الباري: حديث (٥٣٧٦)، باب: التسمية على الطعام، والأكل باليمين.

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠١٨).

بەدەستی چەپی ئەخوات و ئەخواتەوە "، وتی: نافیع ئەمەشی بۆ زیاد ئەکرد:" نە شتی پێ وەربگرێت و نەشتیشی پێ ببەخشێت ".

ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە: شەیتان بەڕاستی و هەقیقەت ئەخوات، لەبەر واتای ڕوالّەتی ئەو دەقەی لە پێشەوە ڕابورد.

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" طەیبی وتوویەتی:تۆڕێنەوەی ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە بە دەستی چەپ مەخۆن، ئەگەر واتانکرد ئەوا ئێوە دۆستی شەیتانن، چونکە شەیتان وای لە دۆستەکانی کردووە و هانی داوون بۆئەوەی وابکەن. قسەکەی تەواو بوو. کە ئەم قسەیە لادانە لە واتای ڕوالّەتی فەرموودەکە، کە وا شیاوتر بوو هەوالّی فەرمودەکەی لەسەر واتا ڕوالّەتیەکەی خۆی لێکبدایەتەوە، کە شەیتان بەڕاستی و هەقیقەت خواردن ئەخوات، چونکە ئەقڵ و ژیری و ئەمە بە ئەستەم و مەحاڵ نازانێ، و بێ هیچ گومانێک هەوالّی ڕاست و دروست لەبارەیەوە جێگیر بووە، بۆیە پێویست بەوە ناکات لێکدانەوەی بۆ بکرێت"[1].

هەروەها شەیتان سورە لەسەر ئەوەی بچێتە ناو ماڵەکانەوە بۆئەوەی تیایاندا بمێنێتەوە، و لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا بەشداری خواردن و خواردنەوەیان ئەکات، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتووە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ئەیفەرموو: « إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ لاَ مَبِيتَ لَكُمْ وَلاَ عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ. وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ »[2]، واتە:" ئەگەر پیاو چووەوە ماڵی خۆی و ناوی خوای هێنا لەکاتی چوونە ژوورەوە و لەکاتی خواردنیدا، شەیتان بە هاوڕێکانی ئەڵێ: نەشوێنی مانەوەتان هەیە و نەنانی ئێوارە، بەڵام ئەگەر چووە ژوورەوە و ناوی خوای نەهێنا لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا، شەیتان ئەڵێ: شوێنی

(١) فتح الباري: حديث (٥٣٧٦)، باب: التسمية على الطعام، والأكل باليمين.

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠١٨).

مانەوەتان دەستگیر بوو، وە ئەگەر ناوی خوای نەهێنا لەکاتی خواردنیدا ئەڵێ: شوێنی شەومانەوە و نانی ئێوارەشتان دەست کەوت ".

٢- لەبەردەمەوە شت خواردن:

لە پێشەوە فەرموودەی عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ)مان هێنا کە تیایدا هاتووە کە فەرموویەتی: « وَكُلْ بِمَّا يَلِيكَ»، واتە:" لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ ".

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سێ یەمیان: خواردن لەبەردەمی خۆیەوە بخوات، چونکە خواردن لەجێ دەستی هاوڕێکەیەوە بەد ڕەفتاری نواندنە لەگەڵیدا، و دەست بەرداربوونی شەهامەت و پیاوەتییە، کە لەوانەیە هاوڕێکەی قێزی لێ بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەست تێخستنەکە لە شلە و شۆربا و هاوشێوەی ئەوانەدا بێت "[1].

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" وتوومە: ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر واجبێتی خواردن بەدەستی ڕاست، هاتنی هەڕەشەیە لەسەر خواردن بەدەستی چەپ، لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە[2]، لە فەرموودەی سەلەمەی کوڕی ئەکوەعدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَجُلاً أَكَلَ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ بِشِمَالِهِ فَقَالَ « كُلْ بِيَمِينِكَ ». قَالَ لاَ أَسْتَطِيعُ قَالَ « لاَ اسْتَطَعْتَ ». مَا مَنَعَهُ إِلاَّ الْكِبْرُ. قَالَ فَمَا رَفَعَهَا إِلَى فِيهِ [3]، واتە: پیاوێک لەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ بەدەستی چەپی خواردنی خوارد، فەرمووی:" بەدەستی ڕاستت بخۆ ". وتی: ناتوانم، فەرمووی:" دەک هەر نەتوانی ". هیچ شتێ ڕێگری لێ نەکردبوو فیز و لووت بەرزی نەبێ. وتی: ئیتر دوای ئەوە نەیتوانی ئەو دەستەی بۆ دەمی بەرز بکاتەوە.

---

(١) شرح النووي لمسلم، حديث (٢٠٢٢)، باب: آداب الطعام والشراب وأحكامها.

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٢١).

(٣) فتح الباري: حديث (٥٣٧٦)، باب: التسمية على الطعام، والأكل باليمين.

٣- هەڵگرتنەوەی تیکە و پاروویەک کە ئەکەوێتە خوارەوە، و با لە ئازار و شتی پیس پاکی بکاتەوە و بیخوات:

سوننەت وایە ئەگەر هەرکاتێ پاروویەک کەوتە سەر سفرەی خوانەکە، یان شوێنێکی تر پێویستە هەڵبگیرێتەوە، و هەر پیسی و ئازار و شتێکی پێوەبێ لێی بکرێتەوە، و پاشان بخورێت کە ئەمە جێبەجێ کردنی سوننەت، و لووت شکان و دوورخستنەوەی ئەو شەیتانەیە کە سوورە لەسەر بەشداریکردن لەو خواردنەدا، ئەگەر بەو تیکەیەش بێت کە لەدەست ئەکەوێتە خوارەوە.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە:

فەرمودەی جابرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: « إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ حَتَّى يَحْضُرَهُ عِنْدَ طَعَامِهِ فَإِذَا سَقَطَتْ مِنْ أَحَدِكُمُ اللُّقْمَةُ فَلْيُمِطْ مَا كَانَ بِهَا مِنْ أَذًى ثُمَّ لْيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ فَإِذَا فَرَغَ فَلْيَلْعَقْ أَصَابِعَهُ فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِى فِى أَىِّ طَعَامِهِ تَكُونُ الْبَرَكَةُ »[1]، واتە:" بەڕاستی شەیتان بۆ هەموو کاروبار و شتێکتان دێتە لاتان و ئامادە ئەبێ، تەنانەت لەکاتی خواردنیشدا ئامادەیە و دێتە لاتان، جا ئەگەر پاروویەک لە یەکێکتان کەوتە خوارەوە با لەهەر ئازار و شتێک کە تێوەی چووە پاکی بکاتەوە و ئینجا بیخوات، و بۆ شەیتانی بەجێ نەهێڵێت، کە لە خواردنیش بۆوە با پەنجەکانی بلێسێتەوە، چونکە نازانێ فەڕ و بەرەکەتی خواردنەکەی بەکامەوەیەتی".

جا بەڕاستی ئەگەر یەکێک جوان ڕامێنێ لە فەرمودەکە بۆی دەرئەکەوێ کە چەندێک شەیتان سوورە لەسەر ئەوەی لە هەموو کاروبارێکی مرۆڤدا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی فەڕ و بەرەکەت لە ژیانیدا دامالێ، و زۆرێک لە کاروبارەکانی لێ خراپ بکات و تێکی بدات، جا ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کە چۆن شەیتان سوورە لەسەر ئەوەی کە لە هەموو کاروبارێکی بەندەی موسڵماندا ئامادەبێ و لێی جیانەبێتەوە فەرمایشتەکەیە: « إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ»، واتە: "بەڕاستی شەیتان بۆ هەموو کاروبار و شتێکتان دێتە لاتان و ئامادە ئەبێ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٣٣).

بەڵگەیەکی زۆر هاتووە کە هەندێ لەو بوارانەی بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوونکردۆتەوە، لەوانە لەبواری خواردن و شەومانەوەدا وەک لەپێشەوە باسمانکرد، کە - بەیارمەتی خوا- لە باسی سوننەتەکانی تردا جگە لەوانە هی تریش باس ئەکەین.

٤- لێسانەوەی پەنجەکان:

لێستنەوە - واتە: سەری زمان بهێنرێ بەپەنجەکاندا و هیچ خواردنێکی پێوە نەهێڵرێ-، جا سوننەت وایە دوای خواردن پەنجەی بلێسێتەوە، یان کەسێکی تر(لەوانەی قێزی لێ ناکاتەوە) بۆی بلێسێتەوە، بۆ نموونە وەک خێزانەکەی، بەڵکو سوننەت وایە بەهیچ شتێک نەیسڕێت وەک دەسەسڕ و هاوشێوەی ئەوە، هەتا ئەیلێسێتەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەوە: فەرمووەکەی جابرە (خوا لێی ڕازی بێ) وەک لەپێشەوە ڕابورد.

لە (بوخاری و موسلیم)دا هاتووە لە فەرمودەی ئیبنو عەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَمْسَحْ يَدَهُ حَتَّى يَلْعَقَهَا أَوْ يُلْعِقَهَا»[1]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد با دەستی نەسڕێت هەتا ئەیلێسێتەوە، یان کەسێکی تر بۆی ئەلێسێتەوە ".

هەروەها لە فەرمودەی جابردا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای موسلیم، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَلاَ يَمْسَحْ يَدَهُ بِالْمِنْدِيلِ حَتَّى يَلْعَقَ أَصَابِعَهُ فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِى فِى أَىِّ طَعَامِهِ الْبَرَكَةُ »[2]، واتە:" با دەستی بەدەسەسڕ نەسڕێت هەتا پەنجەکانی ئەلێسێتەوە، چونکە نازانێ لە چ خواردنێکیا فەڕ و بەرەکەت هەیە ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٤٥٦)، ومسلم برقم (٢٠٣٣).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٣٣).

٥- قاپ لێسانەوە:

واتە: ئەو کەسەی خواردنەکە ئەخوات قاپ و دەوریەکەی بەردەمی خۆی بسڕێت و دایلێسێت، بۆ نموونە: ئەو کەسەی برنج ئەخوات، سوننەت وایە هیچ شتێ بەقەراغی ئەو دەوریەی بەردەمیەوە نەهێڵێ کەلێی ئەخوات، بەڵکو هەمووی دالێسێت و هیچ بە لێوارەکەیەوە نەهێڵێ و هەمووی بخوات، چونکە لەوانەیە بەرەکەت بەو تۆزە خواردنەوە بێت کە ماوەتەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمودەی ئەنەسە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « وَأَمَرَنَا أي: النبي ﷺ أَنْ نَسْلُتَ الْقَصْعَةَ »[١]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردین کەوا قاپەکانمان دالێسین "، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە لەفەرمودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَلْيَسْلُتْ أَحَدُكُمُ الصَّحْفَةَ »[٢]، واتە:" با هەریەکێک لەئێوە قاپەکەی خۆی بلێسێتەوە ".

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردن قاپ و قزعەکانیان بلێسنەوە، قزعە: واتە: ئەو دەفرەی خواردنەکەی تیابوو، کاتێ کە تەواویان کرد بیلێسنەوە، واتە: هەر خواردنێک بە قاپەکەوە مابووەوە بە پەنجەکانت کۆیان بکەیتەوە، و بیخەیتە ناو دەمت و پەنجەکانت بلێسیتەوە، کە ئەمەش بەداخەوە لەو سوننەتانەیە کە زۆرێک لە خەڵکی تەنانەت خوازیارانی زانستی شەرعیش لێی بێ ئاگان و فەرامۆشیان کردووە، ئەبینی وا لە خواردن بوونەتەوە کەچی دەوریەکەی بەردەمیان هێشتا خواردنی تیاماوە، نایەن چی لە دەوریەکەی بەردەمیاندا ماوەتەوە بیلێسنەوە، کە ئەمەش بۆخۆی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری خوایە ﷺ "[٣].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٣٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٣٥).

(٣) شرح رياض الصالحين: ١/٨٩٢.

٦- خواردن بە سێ پەنجە:

سوننەت وایە بەسێ پەنجە خواردن بخوریّت، وە ئەو خواردنانەش کە بەسێ پەنجە هەڵئەگیریّت، بۆ نموونە وەک خورما.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەری: فەرموودەی کەعبی کوڕی مالیکە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَأْكُلُ بِثَلاَثِ أَصَابِعَ وَيَلْعَقُ يَدَهُ قَبْلَ أَنْ يَمْسَحَهَا»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ بەسێ پەنجە خواردنی ئەخوارد و دەستی ئەلێسایەوە پێش ئەوەی بیسڕێتە ".

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" پێویستە لەسەر مرۆڤ بەسێ پەنجە نان بخوات: پەنجەی ناوەڕاست، و شایەتمان، و پەنجە گەورە، چونکە ئەمە بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر چڵێسی نەبوون و کەمخۆری، و بەڵگەشە لەسەر بێفیزی و خۆبەکەم دانان، ئەمەش بۆئەو خواردنانەیە کە سێ پەنجەی بەسە، بەڵام ئەو خواردنانەی کە بەسێ پەنجە ناخورێن وەک: برنج، ئەوا بۆ ئەمەیان قەیناکە ئەگەر بەسێ پەنجە زیاتر بیخۆیت، بەڵام ئەو خواردنەی کە سێ پەنجەی بەسە پێویست ناکات پەنجەی زیاتر بەکاربهێنیت، کە ئەمەش سوننەتی پەیامبەرە ﷺ"[2].

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" کە پەیامبەر ﷺ فەرموویەتی:« لاَ تَدْرُونَ فِي أَيِّهِ الْبَرَكَةُ »، واتە:" ئێوە نازانن پیت و بەرەکەتی خواردنەکە لەکامەیدایە"، واتاکەی- کە هەر خواش زاناترە- ئەوەیە کە: ئەو خواردنەی مرۆڤ ئامادەی ئەبێت پیت و بەرەکەتی تیایە، ناشزانێ پیت و بەرەکەتەکە لەوەدایە کە خواردوویەتی، یان لەوەدایە کە بەپەنجەیەوە ماوەتەوە، یاخود لەوەدایە کە لە خوارەوەی قاپەکەدا ماوەتەوە، یان لەو پاروەدایە کە لێی کەوتۆتە خوارەوە، بۆیە پێویستە پارێزگاری لە هەموو ئەمانە بکرێ کە باسکران، بۆئەوەی پیت و بەرەکەتت دەست بکەوێ، بنەڕەتی واتای بەرەکەتیش بریتییە لە: زیاد بوون و جێگیر بوونی

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٣٢).

(٢) شرح رياض الصالحين: ١٠٦٩/٢.

خێر، و چێژ و خۆشی لێ وەرگرتن، کە مەبەست لێرەدا- کە هەر خواش زاناترە-: ئەو شتەیە کە لە خۆراکەوە بەدەست دێت، و سەرەنجامەکەی پارێزراو ئەبێ لە ئازار و ناڕەحەتی، و بەهێز و توانا ئەبێت لەسەر پەرستش و گوێڕایەڵی خوای بەرز و بڵند، و جگە لەوانەش"[1].

٧- سێ جار هەناسەدان لە دەرەوەی دەفر و جام:

سوننەت وایە کە بەسێ جار ئاوی ناو جام و دەفر بخورێتەوە، و لەدوای هەرجارێکیش هەناسە بدرێت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمووەی ئەنەسە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَتَنَفَّسُ فِي الشَّرَابِ ثَلاَثًا وَيَقُولُ « إِنَّهُ أَرْوَى وَأَبْرَأُ وَأَمْرَأُ ». قَالَ أَنَسٌ فَأَنَا أَتَنَفَّسُ فِي الشَّرَابِ ثَلاَثًا [2]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسەی ئەدا و ئەیفەرموو:" ئاوا باشتر تینوێتی ئەشکێنێ و سەلامەت و بێ وەی تر لە ئازار و نەخۆشی کە بەهۆی یەکجار خواردنەوەوە توشت ببێ، و ئاسانتریش ئەچێتە خوارەوە بۆناو گەدە". ئەنەس وتی: منیش لەکاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسە ئەدەم.

لە گێڕانەوەی ئەبی داودا بەم بێژەیە هاتووە: «أَهنأ»[3]،، واتە:"ساز و ئاسانترە "، لە جیاتی «أَرْوَى».

مەبەست لە هەناسەدان لەناو دەفردا: هەناسەدانە لەکاتی خواردنەوەی ناو دەفرەکە، بەواتای: لەدەرەوەی قاپ و دەفرەکە هەناسە بدە، چونکە هەناسەدان لەناو قاپ و دەفردا کارێکی بێزراوە (مەکروهە)، لەبەر فەرموودەی ئەبی قەتادە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا

(١) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٠٣٣)، باب: استحباب لعق الأصابع والقصعة.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٦٣١)، ومسلم برقم (٢٠٢٨).

(٣) رواه أبو داود برقم (٣٧٢٧)، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة:٣٨٧).

ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ»[١]، واتە:" ئەگەر هەریەکێک لەئێوە شتێکی خواردەوە با لەناو جام و دەفرەکەدا هەناسە نەدات ".

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" پەیامبەر ﷺ کە فەرموویەتی «أَرْوَى»، ئەم وشەیە لە (الري)ەوە هاتووە کە بەواتای: زیاتر تێراوتان ئەکات، «أَبْرَأُ»یش واتە: لە ناڕەحەتی تینوێتی ڕزگارتان ئەکات، هەروەها وتراوە: بە واتای: سەلامەت و بێ وەیترە لە ئازار و نەخۆشی، کە بەهۆی بین پێوەنان بەیەک هەناسە دروست ئەبێت، «أَمْرَأُ»یش واتە: جوانتر بە گەرودا ئەچێتە خوارەوە - هەر خواش زاناترە -"[٢].

٨- سوپاسکردنی خوای بەرز و بڵند لەدوای خواردن و خواردنەومدا:

بەڵگەش لەسەر ئەم سوننەتە: فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیکە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا »[٣]، واتە:" خوای مەزن لەو بەندەیە ڕازی ئەبێت، کاتێ خواردنێک ئەخوات سوپاسی خوای لەسەر بکات، یان کاتێ خواردنەوەیەک ئەخواتەوە سوپاسی خوای لەسەر بکات ".

جا ڕامێنە سوپاسکردنت بۆ خوا لەدوای خواردنەوە یان لەدوای خواردن، خوای گەورە ڕازی ئەکات لەسەرو هەر حەوت ئاسمانەکانەوە، بۆیە هەمیشە بەردەوامبە لەسەر سوپاسکردنی نازو نیعمەتەکانی، و ستایشکردنی چاکە و بەخششەکانی، بۆئەوەی تۆ لەو کەمانەبیت کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بە فەرمایشتی: ﴿ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾ ﴾ سبأ: ١٣، واتە:{ کەمێک لە بەندەکانم سوپاسگوزاری من ئەکەن }.

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٦٣٠)، ومسلم برقم (٢٦٧).

(٢) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٠٢٨)، باب: كراهة التنفس في نفس الإناء.

(٣) رواه مسلم برقم (٢٧٣٤).

سوپاسکردنی خوای گەورەش چەند شێوازێکی جۆراو جۆری هەیە، لەوانە:

ا- «الحَمْدُ للهِ كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ وَلاَ مُوَدَّعٍ وَلاَ مُسْتَغْنًى عَنْهُ، رَبَّنَا»[1]، واتە:" سوپاس و ستایش بۆ خوا، سوپاسێکی زۆری بێ کۆتای پاک و بێگەرد لەهەموو کەموکوڕیەک ، پڕ فەڕ و بەرەکەتی نەبڕاوە، ئەو خوایەی بێ پێویستە لەخواردن و هەر خۆی خواردن بە بەندەکانی ئەدات و پێویستیان بەوە، داوا لێکردن و ئومێدبوون بە بەخششەکەی وازلێنەهێنراوە، و بێ پێویستیش نین لە سوپاسکردنت ئەی پەروەردگارمان".

ب- «الحَمْدُ للهِ الَّذِي كَفَانَا وَأَرْوَانَا، غَيْرَ مَكْفِيٍّ وَلاَ مَكْفُورٍ»[2]، واتە:" سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بێ نیازی کردوین و هەرخۆی بەسمانە و تێراوی کردووین، بێ پێویستە لە بەدیهێنراوەکانی و کەسیش ناتوانێ سپڵە و پێ نەزانی بکات بەرامبەر بە ناز و نیعمەتەکانی ".

(غَيْرَ مَكْفِيٍّ) واتە: پێویستی بەهیچ کەسێک نییە، بەڵکو هەرخۆی خواردن ئەدات بە بەندەکانی و بێ پێویستیان ئەکات، (وَلاَ مُوَدَّعٍ): واتە: وازی لێ نەهێنراوە، (كَفَانَا) لە (الكفاية)ەوە هاتووە کە بێ پێویست بوون ئەگەیەنێ، (أَرْوَانَا): لە (الري)ەوە هاتووە کە واتای تێراوبوون ئەگەیەنێ، (وَلاَ مَكْفُورٍ) واتە: سپڵەیی و نکوڵی کردنی بەخشش و ناز و نیعمەتەکانی.

٩- کۆبوونەوە لەسەر خواردن:

سوننەت وایە کۆببنەوە لەسەر خواردن، و پەرت و بڵاو نەبن هەرکەسە بۆخۆی نان بخوات.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵایە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو ﷺ ئەیفەرموو: « طَعَامُ الْوَاحِدِ يَكْفِي

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٤٥٨)، من حديث أبي أمامة رضي الله عنه.

(٢) رواه البخاري برقم (٥٤٥٩)، من حديث أبي أمامة رضي الله عنه أيضا.

الِاثْنَيْنِ وَطَعَامُ الِاثْنَيْنِ يَكْفِي الأَرْبَعَةَ وَطَعَامُ الأَرْبَعَةِ يَكْفِي الثَّمَانِيَةَ »[١]، واتە:" خواردنی یەک کەس بەشی دوو کەس ئەکات، و خواردنی دووکەس بەشی چوار کەس ئەکات، و خواردنی چوار کەس بەشی هەشت کەس ئەکات ".

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لای پێشەوا طەبەرانی لەفەرموودەی ئیبنو عومەردا(خوا لێیان ڕازی بێ) ئەوە هاتووە کە ڕێنمایت بکات بۆ هۆکارەکەی، یەکەمیان: «كُلُوا جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا، فَإِنَّ طَعَامَ الوَاحِدِ يَكْفِي الاثْنَيْنِ »[٢]، واتە:"کۆببنەوە و بەیەکەوە نان بخۆن و پەرت و بڵاو مەبن، چونکە بەڕاستی خواردنی یەک کەس بەشی دوو کەس ئەکات "، لەم فەرمودەیەوە ئەوەی لێ فێرئەبین که بێ پێویست بوون و سەروزیاد بوون(لەخواردندا) بەهۆی بەرەکەتی کۆبوونەوەوە پەیدا ئەبێت، و چەندێ کۆبوونەوەکە زۆرتر بێت بەرەکەتی خواردنەکە زیاتر ئەبێت"[٣].

ئیبنولقەیم(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ناوی خوا هێنان لەسەرەتای خواردن و خواردنەوە، و سوپاسی خوا کردن لەکۆتاییەکەیدا، کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لەسەر کەڵک پێگەیاندن و بەردەوام بوونی، و دورخستنەوەی زەرەرو زیانەکانیشی، پێشەوا ئەحمەد وتوویەتی: ئەگەر خواردنێک چوار شتی تیا کۆببێتەوە ئەوا خواردنێکی تێر و تەواوە: ئەگەر ناوی خوا بهێنرێ لەسەرەتایەوە، و سوپاسی خوا بکرێ لەکۆتاییەکەیدا، و دەستێکی زۆری بۆ درێژ بکرێ، و بەپارەیەکی حەڵاڵیش بکڕدرێت "[٤].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٥٩).

(٢) أخرجه الطبراني: ٧/٢٥٩/٧٤٤٤.

(٣) الفتح: حديث (٥٣٩٢)، باب: طعام الواحد يكفي الإثنين.

(٤) زاد المعاد: ٤/٢٣٢.

١٠- ستایشکردنی خواردن ئەگەر بەدڵیبوو:

سوننەتە: ستایشی خواردن بکرێت ئەگەر حەزی لێبوو وە بەدڵیبوو، وە هیچ گومان لەوەدا نیە بۆیە پیاهەڵئەدات و ستایشی ئەکات چونکە ئەوە ئەهێنێ کە پیاهەڵبدرێت و ستایش بکرێت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵایە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ سَأَلَ أَهْلَهُ الأُدُمَ فَقَالُوا مَا عِنْدَنَا إِلاَّ خَلٌّ. فَدَعَا بِهِ فَجَعَلَ يَأْكُلُ بِهِ وَيَقُولُ « نِعْمَ الأُدُمُ الْخَلُّ نِعْمَ الأُدُمُ الْخَلُّ »[1]، واتە:" پێغەمبەر ﷺ جارێکیان داوای پێخۆری لەخێزانی کرد وتیان: هیچمان لەلا نیە سرکە نەبێت، جا داوایکرد کە بیهێنن، و دەستیکرد بەخواردنی و ئەیفەرموو:" بەڕاستی چاکترین پێخۆر سرکەیە، بەڕاستی چاکترین پێخۆر سرکەیە "، جا سرکە یەکێک بووە لەو هەموو پێخۆرانەی کە هەیانبووە، کە شیرین بووە نەک ترش، وەک ئەو سرکەیەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەیە.

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) لە پەرتووکی (ریاض الصالحین)دا بەشێکی تایبەتی لەسەر ئەم فەرمودەیە داناوە بەسەردێڕی:[بەشی: نابێ ڕەخنە لە خواردن بگیرێت، و کارێکی باش و پەسەندە کە پیاهەڵبدرێت و ستایش بکرێت].

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بەڕاستی ئەمەش یەکێکە لە ڕێنوێنیەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ئەگەر خواردنێکی بەدڵبوایە ستایشی ئەکرد و پیایدا ئەگوت، هەروەها بۆ نمونە ئەگەر هاتیت ستایشی نانت کرد، و وتت: بەڕاستی نانی فڵانەکەس نانێکی چاکە، یان هاوشێوەی ئەوە،کە ئەمەش هەروەها سوننەتی پەیامبەری خوایە ﷺ "[2].

جا ئەگەر کەسێک بڕوانێتە حاڵی ڕاستەقینەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، زۆرێک لەو سەرپێچیانەی سوننەتی پێغەمبەری ﷺ بۆدەرئەکەوێت کە خەڵکی تێی کەوتوون، کە نەهاتوون تەنیا بە وازهێنان لە سوننەتەکان دەست هەڵبگرن و قایلبن،

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٥٢).

(٢) شرح رياض الصالحين: ١٠٥٧/٢.

بەڵکو دێن سەرپێچیشی ئەکەن، ئەویش بە ڕەخنەگرتن لە خواردن، و تانە و تانوتدان و زەمکردنی لە هەندێ کاتدا، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنوێنی پەیامبەرە ﷺ، لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لە فەرموودەی ئەبی هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «مَا عَابَ النَّبِيُّ ﷺ طَعَامًا قَطُّ، إِنِ اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ وَإِلَّا تَرَكَهُ»(١)، واتە:" هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ خواردنی عەیبدار نەکردووە و تانەی لێ بدات، ئەگەر حەزی لێ بکردایە ئەیخوارد و ئەگینا وازی لێ ئەهێنا ".

١١- نزا و پاڕانەوە بۆ خاوەنی خواردنەکە:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی بوسر(خوا لێی ڕازی بێ)ە کە وتوویەتی: نَزَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَى أَبِي، قَالَ: فَقَرَّبْنَا إِلَيْهِ طَعَامًا وَوَطْبَةً فَأَكَلَ مِنْهَا ثُمَّ أُتِيَ بِتَمْرٍ فَكَانَ يَأْكُلُهُ وَيُلْقِي النَّوَى بَيْنَ إِصْبَعَيْهِ وَيَجْمَعُ السَّبَّابَةَ وَالْوُسْطَى ثُمَّ أُتِيَ بِشَرَابٍ فَشَرِبَهُ ثُمَّ نَاوَلَهُ الَّذِي عَنْ يَمِينِهِ، قَالَ: فَقَالَ أَبِي: وَأَخَذَ بِلِجَامِ دَابَّتِهِ ادْعُ اللهَ لَنَا فَقَالَ « اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِي مَا رَزَقْتَهُمْ وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ »(٢)، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەمیوانی هاتە لای باوکم، وتی: ئێمەش خواردنێک و خورما و ڕۆنی بە کەشک کوتراومان هێنایە خزمەتی، لێی خوارد، پاشان خورمای بۆهێنرا، ئەیخوارد و ناوکەکەی ئەخستە نێوان پەنجەکانیەوە، پەنجەی شایەتمان و ناوەڕاستی ئەهێنایەوە یەک و کۆی ئەکردنەوە، ئینجا خواردنەوەیەکمان بۆ هێنا و خواردیەوە و نۆشی کرد، پاشان دایە دەست ئەو کەسەی کەلای ڕاستیەوە بوو، باوکم وتی: بەدەم گرتنی جڵەوی وڵاغەکەیەوە عەرزم کرد: لە خوا بپاڕێرەوە بۆمان، فەرمووی:" خوایە پیت و بەرەکەت بخەرە ئەو ڕنق و ڕۆزیەوە کە پێت بەخشیوون، و لێیان خۆش ببە و بەزەیت پێیاندا بێتەوە ".

(وَطْبَةً): بریتیە لە خورمای بەڕنی *، لەگەڵ کەشکی هاڕاو و ڕۆندا تێکەڵ ئەکرێت و ئەشێلرێت.

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٥٦٣)، ومسلم برقم (٢٠٦٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٤٢).

* کە خورمایەکی نایابی خرە، ڕەنگەکەی سوری زەردباوە ، بڕوانە: المعجم الوسيط ـ وەرگێڕ ـ.

* ئەگەر کەسێک خورمای خوارد و ناوکەکەی بەو شێوەیە دەرهێنا کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوکەکەی دەرهێنا ئەوا کارێکی باشی کردووە، چونکە فەرموودەکە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوکی خورمای لەنێوان پەنجەی شایەتمان و ناوەڕاستدا دانەنا و کۆی ئەکردنەوە.

* هەروەها سوننەتە ئەگەر بەڕۆژووش بوو ئامادەی خواردنی ژن گواستنەوە (وەلیمە) بێت، و بۆ خاوەنی خواردنەکە بپارێتەوە، ئەگەر هیچیش نەخوات.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِّ، وَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَطْعَمْ »[1]، واتە:" ئەگەر یەکێک لە ئێوە بانگهێشت کرا با بەدەنگیەوە بچێت، ئەگەر بەڕۆژوو بوو با بۆیان بپارێتەوە، ئەگەر بەڕۆژووش نەبوو با نان بخوات ".

(فَلْيُصَلِّ): واتە: با نزای خێریان بۆ بکات؛ چونکە واتای زمانەوانی (الصلاة) نزا و پاڕانەوە ئەگەیەنێ.

١٢- کارێکی باش و موستەحەبە ئەوکەسەی خواردنەومیەک ئەخواتەوە دوای خۆی بیدات بەو کەسی لای ڕاستیەومیە پێش ئەوەی بیدا بەوەی لای چەپیەومیە:

مەبەست لەمەدا ئەوەیە: ئەگەر یەکێک خواردنەوەیەکی خواردەوە سوننەتە دوای خۆی بیدات بەو کەسەی لەلای ڕاستیەوەیە پێش ئەوەی بیدات بەوەی لەلای چەپیەوەیەتی.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیکە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَتَانَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي دَارِنَا فَاسْتَسْقَى فَحَلَبْنَا لَهُ شَاةً ثُمَّ شُبْتُهُ مِنْ

---

(١) رواه مسلم برقم (١٤٣١).

مَاءِ بِئْرِی هَذِهِ قَالَ فَأَعْطَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ فَشَرِبَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَأَبُو بَكْرٍ عَنْ يَسَارِهِ وَعُمَرُ وُجَاهَهُ وَأَعْرَابِيٌّ عَنْ يَمِينِهِ فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ شُرْبِهِ قَالَ عُمَرُ هَذَا أَبُو بَكْرٍ يَا رَسُولَ اللهِ، يُرِيهِ إِيَّاهُ فَأَعْطَى رَسُولُ اللهِ ﷺ الأَعْرَابِيَّ وَتَرَكَ أَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ وَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: « الأَيْمَنُونَ الأَيْمَنُونَ الأَيْمَنُونَ ». قَالَ أَنَسٌ: «فَهِيَ سُنَّةٌ فَهِيَ سُنَّةٌ فَهِيَ سُنَّةٌ» (١)، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێنا بۆ ماڵمان و داوای خواردنەوەیەکی کرد، ئێمەش مەڕێکمان بۆ دۆشی، ئینجا لە ئاوی ئەو بیرەم تێکەڵ کرد، وتی: دام بە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خواش ﷺ خواردیەوە، ئەبوبەکر لای چەپیەوە بوو، عومەریش بەرامبەری بوو، عەرەبێکی دەشتەکیش لەلای ڕاستیەوە بوو، جا کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە خواردنەوەی بۆوە، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە ئەبوبەکرە، پیشانیدا، پێغەمبەری خوا ﷺ دای بە عەرەبە دەشتەکیەکە، و لێیان گەڕا و نەیدا بە ئەبوبەکر و عومەر، و پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:" ئەوانەی لای ڕاستەوەن، ئەوانەی لای ڕاستەوەن، ئەوانەی لای ڕاستەوەن"، ئەنەس وتی:" ئەوە سوننەتە، ئەوە سوننەتە، ئەوە سوننەتە ".

هەروەها فەرموودەی سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ أُتِيَ بِشَرَابٍ فَشَرِبَ مِنْهُ وَعَنْ يَمِينِهِ غُلاَمٌ وَعَنْ يَسَارِهِ أَشْيَاخٌ فَقَالَ لِلْغُلاَمِ « أَتَأْذَنُ لِي أَنْ أُعْطِيَ هَؤُلاَءِ »، فَقَالَ الْغُلاَمُ: لاَ، وَاللهِ، لاَ أُوثِرُ بِنَصِيبِي مِنْكَ أَحَدًا »، قَالَ: فَتَلَّهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي يَدِهِ (٢)، واتە:" خواردنەوەیەکیان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و لێی خواردەوە، و مێردمنداڵێک لەلای ڕاستیەوە و چەند پیر و بەسااڵچوویەکیش لەلای چەپیەوە بوون، بە مێردمنداڵەکەی فەرموو:" ئایا مۆڵەتم ئەدەیت بیدەم بەوان؟ "، مێرمنداڵەکە وتی: نەبەخوا باوی هیچ کەسێک نادەم بەسەرخۆمدا و پێش خۆمی بخەم لەو پاشماوەی ئاوەی لە تۆوە پێم ئەگات و بۆم ئەمێنێتەوە"، وتی: ئیتر پێغەمبەری خواش ﷺ دایە دەستی.

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٥٧١)، ومسلم برقم (٢٠٢٩).

(٢) رواه البخاري برقم (٢٦٠٥)، ومسلم برقم (٢٠٣٠).

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لەم فەرموودانەدا ئەم سوننەتەی زۆر بەڕوونی خستۆتە ڕوو، کە ڕێک هاوتا و سەلمێنەری ئەو بەڵگە شەرعیانەیە کە سەبارەت بە چاکێتی لای ڕاست پێشخستن هاتوون لە هەموو بوارەکانی ڕێزلێناندا، لەوانەش: لەکاتی خواردنەوە و هاوشێوەی ئەوەدا لای ڕاست پێش ئەخرێت، ئەگەرچی منالێکی بچوک یان کەم ڕێزتریش بێت؛ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ عەرەبێکی دەشتەکی و مێرمنالێکی خستە پێش ئەبوبەکرەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، بەڵام پێشخستنی کەسانی بەڕێز، و گەورە و بەتەمەن ئەوە لە کاتێکدا لە هەمان تایبەتمەندیدا یەکسان بوون، ئەوا لەو کاتەدا کەسی زانا و شارەزا، و قورئان خوێن پێش ئەخرێت بەسەر کەسی بەتەمەنی خانەدان لە پێشنوێژی کردندا "[1].

١٣- ئاوگێڕی خەڵکی لەکۆتایی هەموویاندا ئەیخواتەوە:

سوننەتە ئەو کەسەی بابەتی خواردنەوە ئەداتە کۆمەڵێک، خۆی کۆتا کەس بێت کە بیخواتەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودە درێژەکەی ئەبی قەتادەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە تیایدا هاتووە: وتوویەتی: فَجَعَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَصُبُّ وَأَسْقِيهِمْ حَتَّى مَا بَقِيَ غَيْرِي وَغَيْرُ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ ثُمَّ صَبَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ لِي « اشْرَبْ ». فَقُلْتُ لاَ أَشْرَبُ حَتَّى تَشْرَبَ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ « إِنَّ سَاقِيَ الْقَوْمِ آخِرُهُمْ شُرْبًا ». قَالَ فَشَرِبْتُ وَشَرِبَ رَسُولُ اللهِ [2]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی ڕۆئەکرد و منیش ئەمدانێ، هەتا کەس نەما جگە لە من و پێغەمبەر ﷺ نەبێ، وتی: ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی تێکرد پێی فەرمووم: "بخۆرەوە"، وتم: ناخۆمەوە هەتا تۆ نەخۆیتەوە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی:" ئاودەری خەڵکی لەدوای هەموویانەوە ئەخواتەوە"، وتی: ئیتر منیش خواردمەوە، و پێغەمبەری خواش ﷺ خواردیەوە.

---

(١) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٠٢٩)، باب: استحباب إدارة الماء واللبن ونحوهما على يمين المبتدئ.

(٢) رواه مسلم برقم (٦٨١).

* کەڵکێک:

سوننەتە بۆ کەسێک کە شیر ئەخواتەوە، لە دوایدا ئاو لە دەمی ڕادا، بۆئەوەی ئەو چەوریەی لە شیرەکەدایە لە دەمیدا نەمێنێت و لایبەرێت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی ئیبنو عەباسە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ شَرِبَ لَبَنًا، فَدَعَا بِمَاءٍ فَتَمَضْمَضَ وَقَالَ: « إِنَّ لَهُ دَسَمًا »[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ شیری خواردەوە، ئینجا داوای ئاوی کرد و لەدەمی ڕادا و فەرمووی:" چەورایی هەیە ".

١٤- داپۆشینی دەفر و مەنجەڵ، و ناوی خوای بەرز و بڵند هێنان لەکاتی هاتنی شەودا:

سوننەتە لەکاتی هاتنی شەودا سەری دەفر و مەنجەڵی سەربەتاڵ دابپۆشرێت، و دەمی کوننە ببەسترێ- ئەگەر دەمەوانەی هەبوو- و ناوی خوای لێ بهێنرێ.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵایە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: « غَطُّوا الإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ فَإِنَّ فِي السَّنَةِ لَيْلَةً يَنْزِلُ فِيهَا وَبَاءٌ لاَ يَمُرُّ بِإِنَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ غِطَاءٌ أَوْ سِقَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ وِكَاءٌ إِلاَّ نَزَلَ فِيهِ مِنْ ذَلِكَ الْوَبَاءِ »[2]، واتە:" دەفرەکان دابپۆشن و دەمی کوندەکان گرێ بدەن و ببەستن، چونکە لە ساڵێکدا شەوێک هەیە دەرد و نەخۆشی تیادا ئەبارێت، بەسەر هەر دەفرێکدا تێپەڕێ کە سەرقاپی نەبێ، یان هەر کوندەیەک کە دەمی نەبەسترابێ، وەلێ لەو دەرد و نەخۆشیە دائەبەزێتە ناوی".

هەروەها لەلای پێشەوا بوخاری لە فەرمودەی جابردا (خوا لێی ڕازی بێ) بەمجۆرە هاتووە: « وَأَوْكُوا قِرَبَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ، وَخَمِّرُوا آنِيَتَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ، وَلَوْ أَنْ

---

(١) رواه البخاري برقم (٢١١)، ومسلم برقم (٣٥٨).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠١٤).

تَعْرُضُوا عَلَيْهَا شَيْأً»[1]، واتە:" دەمی کوندە و مەشکەکانتان ببەستن و ناوی خوا بهێنن، دەفرەکانتان دابپۆشن و ناوی خوا بهێنن، ئەگەرچی شتێکیشتان بەسەریدا رایەڵ کردبێت".

لە فەرمووەکەدا ئەو هۆکارەی خستۆتە ڕوو کە لە پێناویدا فەرمان بە موسڵمان کراوە سەری هەموو دەفرێک دابپۆشێ، ئەویش ئەوەیە لە یەکێک لە شەوەکانی هەموو ساڵێکدا دەرد و نەخۆشی دائەبەزێت، هیچ دەفرێکی سەربەتاڵ و کوندەیەکی کراوە نییە مەگەر ئەو نەخۆشیەی نەچێتە ناوی، ئای چەند مرۆڤ توشی نەخۆشی بووە دوای خواردنەوەی لە دەفرێکی سەربەتاڵ کە ئەو دەردەی بۆ دابەزیبووە ناوی، کە هەر ناشزانێ بەهۆی کەمتەرخەمی نواندنیەوەیە لە جێ بەجێکردنی ئەم سوننەتەدا! ئای خوایە کە بەرنامە و شەریعەتەکەمان گەورە و مەزنە، کە هەواڵی هەموو ئەو شتانەی تیایە کە کەڵک و سود ئەگەیەنێ بە بەندە، و تەندروستی لاشەی لە دنیا و دواڕۆژدا.

ئای خوایە چەندێ بێ ئاگایی و خەمساردی و کەمتەرخەمیمان گەورەیە، لە ئاست هێنان و خستنەڕووی مەزنایەتی ئاینەکەمان!

لە فەرموودەکەدا ئاماژەیەکی ڕوونی تیایە لەسەر گرنگێتی پارێزگاریکردن لەم سوننەتە، تەنانەت پێغەمبەر ﷺ ڕێنوێنی کردووە بۆ کەمترین شت کە پارێزگاری دەفری پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر کەسێ هەر هیچی دەست نەکەوت کە سەری دەفرەکەی پێ داپۆشێت، بابێت شتێکی بەسەردا ڕایەڵ بکات ئەگەر چیلکەیەکیش بێت، لەلای بوخاری ئەوە هاتووە ڕوونی کردۆتەوە کە سەرداپۆشین بۆ خواردن و خواردنەوەشە، و تەنیا تایبەت نییە بە خواردنەوەوە، لە جابرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «أَطْفِئُوا الْمَصَابِيحَ إِذَا رَقَدْتُمْ، وَغَلِّقُوا الأَبْوَابَ، وَأَوْكُوا الأَسْقِيَةَ، وَخَمِّرُوا الطَّعَامَ وَالشَّرَابَ - وَأَحْسِبُهُ قَالَ: - وَلَوْ بِعُودٍ تَعْرُضُهُ عَلَيْهِ»[2]، واتە:" کاتێ ڕاکشان چراکان بکوژێننەوە، و دەرگاکان دابخەن،

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٦٢٣).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٦٢٤).

و دەمی کونده و مەشکەکانتان دابخەن و بیبەستن، و خواردن و خواردنەوەکانتان دابپۆشن- وابزانم فەرمووی- ئەگەر بەتوڵە داریکێش بێت کە بەسەریدا ڕایەڵی بکەن".

هەروەها لای پێشەوا موسلیم، لە فەرموودەی جابردا (خوا لێی ڕازی بێ) لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەوە هاتووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هۆکارێکی تر هەیە بۆ داپۆشینی دەفرەکان، ئەویش ئەوەیە: شەیتان سوورە لەسەر ئەوەی کە خواردنی مرۆڤەکان خراپ بکات و تێکی بدات، و لەو خواردنە بخوات و بۆخۆی حەڵاڵ بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « غَطُّوا الإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ وَأَغْلِقُوا الْبَابَ وَأَطْفِئُوا السِّرَاجَ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَحُلُّ سِقَاءً وَلاَ يَفْتَحُ بَابًا وَلاَ يَكْشِفُ إِنَاءً فَإِنْ لَمْ يَجِدْ أَحَدُكُمْ إِلاَّ أَنْ يَعْرُضَ عَلَى إِنَائِهِ عُودًا وَيَذْكُرَ اسْمَ اللَّهِ »[1]، واتە:" دەفرەکان داپۆشن، و دەمی کونده و مەشکەکانتان ببەستن، و دەرگاکان دابخەن، و چراکان بکوژێننەوە، چونکە شەیتان ناتوانێ دەمی هیچ کونەیەک، و هیچ دەرگایەک بکاتەوە، و سەری هیچ دەفرێکیش لابێبات، جا ئەگەر هەر یەکێکتان هیچی دەست نەکەوت چیلکەیەک نەبێت با بەسەر دەفرەکەدا ڕایەڵی بکات و ناوی خوا بێنێت".

لەم فەرموودەیەدا سوننەتێکی تری خستۆتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە: لەکاتی بەستن و داخستنی دەمی کوننە و مەشکە، و داپۆشینی دەفردا، سوننەت وایە ناوی خوای بەرز و بڵند بهێنرێ، وەک ئەوەی بڵێیت: بسم الله، کە بێگومان ئەمە بۆخۆی دوورخەرەوەی شەیتانە لەوەی کە بتوانێ ئەو خواردن و خواردنەوەیە بۆخۆی حەڵاڵ بکات و لێی بخوات.

* هەڵوەستەیەک:

جوان ڕامێنە- ئەی برای بەڕێزم-: کە چۆن شەیتان سوورە لەسەر ئەوەی هەموو کاتێ لە بەندە جیا نەبێتەوە، و فەرمانەکانی ئایین و دنیای لێ خراپ بکات و تێکی بدات، وەک لە پێشەوە باسمانکرد کە:

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠١٢).

شەیتان ئەخوات و ئەخواتەوە، و شەو لە ماڵدا ئەمێنێتەوە، و میز ئەکات، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ لەو فەرموودە هاوبەشەی لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، کە فەرمووی سەبارەت بەو پیاوەی هەموو شەوەکەی نووست و نوێژی نەکرد هەتا بەیانی بۆوە،:«ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْهِ»(١)، واتە:" ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردۆتە ناو گوێکانیەوە".

هەروەها **پێئەکەنێ**: ئەوەش کاتێک کە مرۆڤ باوێشک ئەدات و نایگێڕێتەوە، یان دەمی خۆی ناگرێت- کەدوایی باسی ئەکەین-.

هەروەها **ئەگری**: ئەوەش کاتێکە کە بەندە سوژدە ئەبات لەو سورەتانەی ئایەتی سوژدەی تیا هاتووە، شەیتان کەنار ئەگرێت و خۆی لائەخات و ئەگری، و ئەڵێ: «أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ»(٢)، واتە:" فەرمان بە نەوەی ئادەم کرا سوژدە ببات، فەرمانەکەی جێ بەجێکرد و سوژدەی برد و بەهەشت بۆئەوە، وە فەرمان بەمنیش کرا سوژدە ببەم، کەچی من سەرپێچیم کرد و ڕەتم کردەوە دۆزەخ بۆ منە".

ڕائەکات و تڕ بەرئەداتەوە: لەکاتی بانگدا، وەک لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا نُودِيَ لِلصَّلاَةِ أَدْبَرَ الشَّيْطَانُ، وَلَهُ ضُرَاطٌ، حَتَّى لاَ يَسْمَعَ التَّأْذِينَ، فَإِذَا قَضَى النِّدَاءَ أَقْبَلَ، حَتَّى إِذَا ثُوِّبَ بِالصَّلاَةِ أَدْبَرَ، حَتَّى إِذَا قَضَى التَّثْوِيبَ أَقْبَلَ، حَتَّى يَخْطِرَ بَيْنَ المَرْءِ وَنَفْسِهِ، يَقُولُ: اذْكُرْ كَذَا، اذْكُرْ كَذَا، لِمَا لَمْ يَكُنْ يَذْكُرُ حَتَّى يَظَلَّ الرَّجُلُ لاَ يَدْرِي كَمْ صَلَّى»(٣)، واتە:" کاتێ بانگ درا بۆ نوێژ شەیتان پشت هەڵئەکات و هەڵدێت و تڕ لێ ئەدات، تا گوێی لە بانگەکە نەبێت، جا کاتێ بانگەکە تەواو ئەبێت، دێتەوە هەتا کاتێ قامەت ئەکرێت پشت هەڵئەکات و هەڵدێت، جا کاتێ قامەت تەواو ئەبێت دێتەوە، هەتا دڵ و دەروونی نوێژخوێن تووشی دڵەڵێدان بکات، پێی ئەڵێت:

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٢٧٠)، ومسلم برقم (٧٧٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٨١).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٠٨)، ومسلم برقم (٣٨٩).

بیـر لە فـلّان شـت و فـلّان شـت بـکەرەوە، شـتی وای ئەهێنێـتەوە یـاد کە هەر لە خەیاڵیشیدا نەبووە، هەتا وا لە کابرا ئەکات نازانێ چەند ڕکاتی کردووە".

لەنێوان سێبەر و هەتاودا دانەنیشێت: لەبەر ئەوە ڕێگری کراوە لەوەی مرۆڤ لەنێـوان سـێبەر و هەتـاودا دابنیشـێت، وەک لە (موسـنەدی پێشـەوا ئەحـمەد) و (سوننەنی ئەبی داود)دا هاتووە، و پێشەوا ئەڵبانی بەصەحیحی داناوە.

لە یەک تـاکە نەعلـدا ڕێ ئەکـات و ئەڕوات: وەک لەلای پێشـەوا طەحـاوی هـــاتووە و ئەڵبـــانیش بەصـــەحیحی دانـــاوە، هەر لەبەر ئەوەیە لە هەردوو صەحیحەکەدا (بوخاری و موسـلیم) هـاتووە، کە ڕێگری کـراوە لەوەی بە یەک تـاکە نەعلەوە بڕۆیت بەڕێدا.

خۆشەویسـترین کـردەوە لەلای: تێکـدانی نێـوان ژن و مێـرد، و لێـک جیـاکردنەوەی نێوانیـانە، وەک لەلای پێشـەوا موسـلیم هـاتووە لە فەرمـوودەی جـابر(خوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی، پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـوویەتی: « إِنَّ إِبْلِيسَ يَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ فَأَدْنَاهُمْ مِنْهُ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا فَيَقُولُ مَا صَنَعْتَ شَيْئًا قَالَ ثُمَّ يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ امْرَأَتِهِ ، قَالَ: فَيُدْنِيهِ مِنْهُ وَيَقُولُ نِعْمَ أَنْتَ »[1]، واتە:" بەڕاستی شـەیتان تەختـی بارەگـای خۆی لەسەر ئاو دانەنێت، ئینجا سریە و پەلەکانی بەملاولادا ڕەوانە ئەکات، کامەیـان لە هەموویان فیتنەچی تـرە ئەوەیان لێیەوە نزیکە و پلەو پایەی لە هەموویان مەزنتـر و بەرزترە ، یەکێکیان دێتەوە بۆلای و ئەڵێـت: ئەوە و ئەوەم کـرد، ئەویـش ئەڵێـت: هیچت نەکردووە، ئینجـا یەکێکـی تریـان دێـت و ئەڵێـت: وازم لە کـابرا نەهێنـا هەتـا نێوانیانم تێکدا و لە ژنەکەیم جیاکردەوە، وتـی: ئەویش دێت لەخۆی نزیـک ئەخـاتەوە و ئەڵێت: بەڕاستی تۆ زۆر چاکی ".

کلیلی دەرگای کردەوەکانی (شـەیتان) وشـەی ئەگـەرە: وەک لە صـەحیحی موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەی ئەبـی هورەیرە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) کە وتـوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلاَ تَقُلْ: لَوْ أَنِّـي فَعَلْـتُ كَـانَ كَـذَا

---

(١) رواه مسلم برقم (٣٨١٣).

وَكَذَا. وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ »[١]، واتە:" ئەگەر شتێکت تووش بوو مەڵێ: ئەگەر وام بکردایە ئاوا و ئاوا ئەبوو، بەڵکو بڵێ: ئەمە بڕیار و قەدەری خوایە و ئەوەی ویستی لێ بوو کردی، چونکە وشەی ئەگەر دەرگای کار و کردەوەی شەیتان ئەکاتەوە".

هەروەها سوورە لەسەر ئەوەی نوێژی بەندەی موسڵمان تێکبدات: وەک لە پێشەوە باسمانکرد، هەروەها وەک لە فەرموودەی عوسمانی کوڕی ئەبی عاصدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە لەلای پێشەوا موسلیم، کە هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ شەیتان دێتە نێوان من و نوێژەکەم و قورئان خوێندنەوەکەم و لێم تێکئەدات، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: « ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خِنْزِبٌ فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْهُ وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا ». قَالَ فَفَعَلْتُ ذَلِكَ فَأَذْهَبَهُ اللهُ عَنِّي[٢]، واتە:" ئەوە شەیتانێکە پێی ئەوترێ خینزەب، ئەگەر هەرکاتێ هەستت پێکرد پەنا بگرە بەخوا لێی (واتە: بڵێ: أعوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم)، وە سێ جار تف بکە بەلای چەپت دا"، وتی: ئەمەم کرد خوای گەورە لێی دوورخستمەوە.

جا لەمیانەی ئەوانەی لە پێشەوە باسمانکرد، شەیتان لەگەڵ بەندەدا ئامادەی خواردن، و خواردنەوەی، و شوێنی شەو مانەوەی، و ناو جێگەی خەو، و باوێشکدان، و نوێژەکەی ئەبێت، وە هەروەها میز ئەکات، و پێ ئەکەنێت، و ژن و مێرد لێک ئەترازێنێت، و پەرستشکەی لێ تێک ئەدات، هەروەها بیروباوەڕەکەشی، لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەی ئەبی هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ: مَنْ خَلَقَ كَذَا، مَنْ خَلَقَ كَذَا، حَتَّى يَقُولَ: مَنْ خَلَقَ رَبَّكَ؟ فَإِذَا بَلَغَهُ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ وَلْيَنْتَهِ »[٣]، واتە:" شەیتان دێتە لای یەکێکتان و ئەڵێ: کێ ئەوەی بەدیهێناوە، کێ ئەوەی تری

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٦٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٢٠٣).

(٣) رواه البخاري برقم (٣٢٧٦)، ومسلم برقم (١٣٤).

بەدیهێناوە، هەتا ئەڵێ: ئەی کێ پەروەردگارتی بەدیهێناوە؟ جا کاتێ گەیشتە ئەو ڕادەیە و شتی وای بۆ دروست بوو با پەنابگرێ بە خوا و کۆتایی پێ بهێنێ".

لە کۆی هەموو ئەوانە و بەڵکو زیاتریش، ئەوەیە کە شەیتان ئامادەی هەموو کار و بار و بارودۆخێکی بەندە ئەبێت- وەک لەپێشەوە ڕابورد- ئەویش لەبەر فەرمایشتی پەیامبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: « إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ »[1]، واتە:" بەڕاستی شەیتان ئامادەی هەریەکێک لە ئێوە ئەبێ لە هەموو کاروبار و بوارەکانی تری ژیانیدا ".

جا لەبەر ئەوە پێویستە بەندە زۆر وریا بێت و ئاگاداری ختورە و وەسوەسە، و خراپەکاریەکانی بێت، بۆئەوەی زۆرێک لە کاری خێر و چاکەی لە کیس نەچێت، و پیت و بەرەکەتی زۆرێک لە کاروبارەکانی لێ دانەماڵێت و نەیهێڵێت، لەوانەش کاتێ سەرجێی لەگەڵ خێزانەکەیدا ئەکات، لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە، لە فەرموودەی ئیبنو عەباسدا (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « لَوْ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا فَإِنَّهُ إِنْ يُقَدَّرْ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا »[2]، واتە:" ئەگەر هەر یەکێکتان کاتێ ویستی بچێتە لای خێزانەکەی بۆ سەرجێی بڵێ: بەناوی خوا، خوایە شەیتانمان لێ دوورببەرەوە، و شەیتان لەو منداڵەش دوورببەرەوە کە پێمان ئەبەخشی، ئەگەر خوا بڕیاری دابوو لەو کاتەدا منداڵیان پێ ببەخشێت، ئەوا هەرگیز شەیتان ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێ ".

هەروەها خوێندنی ئایەتەلکورسی لەکاتی نووستندا شەیتان لەو کەسە دوورئەخاتەوە هەتا بەیانی ئەکاتەوە، وەک جێگیر بووە لەلای بوخاری لەفەرموودەی ئەبی هورەیرەدا (خوا لێی ڕازی بێ)[3]، کە هەر خواش زاناترە.

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٣٣).

(٢) رواه البخاري برقم (١٤١)، ومسلم برقم (١٤٣٤) واللفظ له.

(٣) رواه البخاري برقم (٢٣١١).

* هەروەها بەکورتی ئەو شتانەی کە پێگری لێکراوە لەم بەشەدا: بەشی خواردن و خواردنەوە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

خواردن و خواردنەوە لە دەفری زێڕ و زیودا، و خواردنی گۆشتی هەموو ئاژەڵێکی کەڵەبەدار، و باڵندەیەکی چرنوکدار، و خواردنەوە بەپێوە بەبێ هیچ پێویستیەک، و هەناسەدان لە دەفردا، و خواردن بە پاڵکەوتنەوە، و خواردن بەدەستی چەپ، و بەجووت خورما بخوریت (ئەمەش لەکاتێکدا بێت کە قاپەکە هاوبەش بێت لەنێوان چەند کەسێکدا، لەو کاتەدا پێگری کراوە دوو دوو خورما هەڵبگریت، هەتا مۆڵەت لەو کەسانە وەرئەگریت کە لەگەڵتان، بەم پێوەرە هەموو شتێکی تریش کە وەک خورما بێت بەهەمان شێوەیە)، و عەیبدارکردنی خواردن، و خواردنەوە لە دەمی کوننە و شەربە و سوراحی و هاوشێوەی ئەوانە، بەبێ هیچ پێویستییەک (ئەمە ئەگەر هاوبەش بوو لەنێوان چەند کەسێکدا، بەڵام ئەگەر تایبەت بەخۆی بوو، ئەوا قەیناکە ئەگەر بزانێ پاک وخاوێنە)، و زۆر خۆری، و نوێژکردن لەکاتی ئامادەبوونی خواردندا ئەگەر حەزی لێی بوو.

سوننەتەکانی سڵاوکردن، و دیدار، و کۆڕ و دانیشتن

* سوننەتەکانی سڵاوکردن:

١/ سوننەتە سڵاو لەکەسی بەرامبەرت بکەیت:

بەڵگە لەسەر سوننەت بوونی گەلێک زۆر و بەرفراوانە، لەوانە: فەرمووەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ »، قِيلَ مَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: « إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللهَ فَسَمِّتْهُ وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ »[1]، واتە: مافی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە شەشە"، وترا: کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی:" کە پێی گەیشتی سڵاوی لێ بکە، و کە بانگێشتی کردی بچۆ بەپیریەوە، و کە داوای ئامۆژگاری لێ کردیت ئامۆژگاری بکە، و کە پڕمی و سوپاسی خوای کرد بڵێ: خوا ڕەحمت پێ بکات، و ئەگەر نەخۆش کەوت سەری لێ بدە، و ئەگەر مرد شوێن تەرمەکەی بکەوە ".

ئەوەی لەو ڕووەوە بەڵگەیە: «إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ»، هەروەها کردەوەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانیشی لە فەرموودەیەکی زۆردا هاتووە کە بەڵگەیە لەسەر سوننەت بوونی سڵاوکردن.

هەرچی وەڵامدانەوەی سڵاویشە: ئەوا واجبە، بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمایشتی خوای بڵند و بااڵیە کە ئەفەرموویێ: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢١٦٢).

﴿رُدُّوهَآ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ٨٦﴾ النساء: ٨٦ ، واتە:{ ئەگەر سلاوتان لێکرا ئەوا ئێوە بەجوانتر و باشتر وەلامی سلاوەکە بدەنەوە، یاخود وەکو خۆی وەلامی بدەنەوە، بەدڵنیایی خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکە و لێپرسینەوەتان لەگەڵدا ئەکات لەسەری }، بنەڕەتیش لە فەرمانکردندا واجبێتی ئەگەیەنێ مەگەر لادەرێک لە واجبێتی بیترازێنێ و واجبێتیەکەی نەهێڵێ، کە لێرەدا فەرمانکردنەکە هیچ لادەرێکی نییە، وە زیاتر لە زانایەک کۆڕای زانایانی گواستۆتە لەسەر واجبێتی وەلامدانەوەی سلاو، لەوانە: ئیبنوحەزم، و ئیبنو عەبدولبەڕ، و شێخ تەقیەدین و جگە لەوانیش- بەڕەحمەت بن- [1].

چاکترین بێژەی سلاوکردن و وەلامدانەوەی ئەوەیە کە بە وشەی (وبرکاتە) کۆتایی بێت، واتە بڵێیت: (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته)، کە ئەمە چاکترین و تێرو تەسەل ترین جۆری سلاوکردنە.

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لە ڕێنوێنی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بووە کە بە (وبرکاته) کۆتایی بە سلاو ئەهێنا "[2].

ئیبنو عەبدولبەڕ (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئیبنو عەباس، و ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) وتوویانە: سلاوکردن بە وشەی بەرەکەت کۆتایی هاتووە، وەک چۆن خوای بڵند و بێگەرد لە باسی چاکترین بەندەیدا فەرموویەتی: ﴿رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ ﴾هود: ٧٣ ، واتە:{ ڕەحمەت و بەرەکەتی خوای گەورەتان بەسەردا بڕژێ ئەی خانەوادە و ماڵباتی ئیبراهیم }، وە پێیان ناخۆش بوو هیچ کەسێک لە وشەی (وبرکاته) زیاتر بڵێت و شتی تر بۆ سلاوکردن زیاد بکات"[3]، جا لەو ڕوانگەیەوە زیادەی (ومغفرته) لە سلاوکردندا جێگیر و چەسپاو نابێت.

---

(١) انظر: (الآداب الشرعية: ٣٥٦/١)، طبعة مؤسسة الرسالة.

(٢) زاد المعاد: ٤١٧/٢.

(٣) التمهيد: ٢٩٣/٥.

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەبو داود لە فەرمودەی موعازدا (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، و ئەمەی بۆ زیادکردووە: ئینجا یەکێکی تر هات و وتی : (السلام علیکم و رحمة الله وبرکاته ومغفرته)، فەرمووی: ئەوە چل (چاکە)، جا وتی: کردەوە چاکەکان ئا بەوجۆرە ئەبێت، وە ئەم فەرمودەیە جێگیر و چەسپاو نیە، چونکە سێ خەوش و ناتەواوی (عیللەی) تیایە..." [1]، پاشان (بەڕەحمەت بێ) دێت باسی خەوش و ناتەواوییەکان ئەکات.

هەروەها بڵاوکردنەوەی سڵاو: سوننەتە، بەڵکو سوننەتێکی پەسەندە و موسڵمانانی بۆهاندراوە بەهۆی بەخششە زۆر و مەزنەکەیەوە، ئەویش لەبەر فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَالَّذِی نَفْسِی بِیَدِهِ لاَ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّی تُؤْمِنُوا وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّی تَحَابُّوا، أَوَلاَ أَدُلُّکُمْ عَلَی شَیْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلاَمَ بَیْنَکُمْ »[2]، واتە:" سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیش ناهێنن هەتا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا ڕێنمایتان نەکەم بۆ شتێک ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکتریتان خۆش ئەوێت؟ سڵاو لەناوتاندا بڵاو بکەنەوە (سڵاو زۆر لەیەکتری بکەن) ".

٢/ کارێکی باشە سێ جار سڵاوکردن دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد:

وەک ئەوەی گومانی هەبێت لەوەی ئەو کەسەی کە سڵاوی لێکردووە یەکەمجار گوێی لێ نەبووبێت، بۆیە کارێکی باشە سڵاوەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر هەر گوێی لێ نەبوو با سێ بارەی بکاتەوە، هەروەها ئەگەر چووە ناو کۆمەڵێکی زۆر و قەرەبالغەوە، وەک ئەوەی بچێتە ناو کۆڕێکی گەورەوە، و ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵکی لێ بێت، ئەگەر لەسەرەتای چوونە ژوورەوەیدا یەک جار سڵاو بکات ئەوا

---

(١) زاد المعاد: ٢/٤١٧.

(٢) رواه مسلم برقم (٥٤).

تەنیا ئەوانەی لە پێشەوەن ئەیبیستن، بۆیە وا پێویست ئەکات سێ جار سڵاو بکات، بۆئەوەی سڵاوەکەی هەموو دانیشتوانی کۆڕەکە بگرێتەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمووەی ئەنەسە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە: « أَنَّهُ إِذَا تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَعَادَهَا ثَلاَثًا، حَتَّى تُفْهَمَ عَنْهُ، وَإِذَا أَتَى عَلَى قَوْمٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ، سَلَّمَ عَلَيْهِمْ ثَلاَثًا »[1]،واتە:" هەر کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ قسەیەکی بکردایە سێ جار دووبارەی ئەکردەوە، بۆ ئەوەی بەباشی لێی تێبگەن، وە ئەگەر بەلای خەڵکێکدا تێپەڕ بوایە سێ جار سڵاوی لێ ئەکردن ".

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بێگومان سڵاوکردن هەندێ جار وا پێویست ئەکات دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر کۆمەڵەکە زۆربوون، و هەندێکیان گوێیان لێ نەبووبێت و بیەوێت سڵاوەکە بەهەموویان بگەیەنێت، (نەوەوی)ش لەواتای فەرمووەی ئەنەسدا (خوا لێی ڕازی بێ) ئەمەی دووپات کردۆتەوە و چەسپاندوویەتی، هەروەها ئەگەر کەسێ سڵاوی کرد، و لای وابوو گوێیان لێ نەبووە، ئەوا لەو کاتەدا سوننەتە دووبارەی بکاتەوە، دوو جار و سێ جار، بەڵام نابێ لە سێ جار زیاتر بێت "[2].

هەروەها لەو فەرمووەیەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) ئەوەی لێ وەرئەگیرێت، کە سوننەتە وشەیەک دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە، ئەگەر پێویستی بەدووبارە کردنەوە ئەکرد، وەک ئەوەی قسەیەک بکات و لە وشەیەکی تێ نەگەن، ئا لەوێدا سوونەتە دووبارەی بکاتەوە، ئەگەر هەر لێی تێنەگەیشت سێ جار ئەیڵێتەوە.

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" ئەگەر کەسێک قسەی کرد با سێ جار بیڵێتەوە ئەگەر لە وشەیەکی تێ نەگەیشتن، بەڵام ئەگەر لێی تێ گەیشتن دووبارەی نەکاتەوە، بەڵام ئەگەر تێ نە ئەگەیشت، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی قسەی بۆ ئەکرێت گوێی گران بێت، یان غەڵبەغەڵبی لە دەور

---

(١) رواه البخاري برقم (٩٥).

(٢) الفتح: حديث (٦٢٤٤)، باب: التسليم والاستئذان ثلاثا.

بێت، یان هاوشێوەی ئەوانە، با دووجار بۆی بڵێتەوە، ئەگەر دووجار بەس نەبوو با بیکات بە سێ جار"[١].

٣/ سوننەتە بەگشتی سڵاو لە خەڵکی بکەیت، ئەوەی ئەیناسیت، و ئەوەیش کە ناینناسیت:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمر(خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ: أَيُّ الإِسْلاَمِ خَيْرٌ؟ قَالَ: «تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ»[٢]، واتە: پیاوێک پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ: کام ئاکار و کردەوەیە لە ئیسلامدا خێر و چاکە؟ فەرمووی:" خواردن ببەخشیت، و سڵاو بکەیت لەوەی کە ئەیناسیت، و لەوەش کە ناینناسیت".

بەڵام ئەگەر سڵاو بڵاوکردنەوەکە تەنیا لە کەسە تایبەتەکان بێت ئەوانەی کە ئەیانناسی، ئەوا ئەم سڵاو بڵاوکردنەوەیە پێچەوانەی سوننەتە، و یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی؛ وەک لە (موسنەدی پێشەوا ئەحمەد)دا هاتووە و پێشەوا ئەڵبانیش بەصەحیحی داناوە، لە فەرموودەی ئیبنو مەسعود (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: «إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ، إِذَا كَانَتِ التَّحِيَّةُ عَلَى الْمَعْرِفَةِ»[٣]، واتە:" یەکێک لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە، ئەگەر سڵاوکردن تەنیا لە کەسی ناسیاو بکرێت".

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: «إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يُسَلِّمَ الرَّجُلُ عَلَى الرَّجُلِ، لَا يُسَلِّمُ عَلَيْهِ إِلَّا لِلْمَعْرِفَةِ»[٤]، واتە:" یەکێک لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە: پیاو سڵاو لە پیاوێکی تر بکات بەس مەگەر لەبەر ئەوەی ناسیاویەتی بۆیە سڵاوی لێ ئەکات".

---

(١) شرح رياض الصالحين:٢/١١٤٦.

(٢) رواه البخاري برقم (١٢)، ومسلم برقم (٣٩).

(٣) رواه أحمد برقم (٣٦٦٤)، وانظر: السلسلة الصحيحة:٦٤٨.

(٤) رواه أحمد برقم (٣٨٤٨)، وانظر: السلسلة الصحيحة:٦٤٨.

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: « بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ تَسْلِيمَ الْخَاصَّةِ »[1]، واتە:" لەپێش هاتنی ڕۆژی دواییدا تەنیا سڵاو لەکەسە تایبەتەکان ئەکرێت ".

٤/ سوننەت وایە ئەو کەسە لە پێشەوە سڵاو بکات کە لە سوننەتدا هاتووە:

لە ئەبی هوڕەیڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ عَلَى الْمَاشِي، وَالْمَاشِي عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ»[2]، واتە:" با سوار سڵاو لە پیادە بکات ، و پیادەش لەدانیشتوو، و کەمیش لەزۆر ".

لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاریدا بەمجۆرە هاتووە: «يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ، وَالْمَارُّ عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ»[3]، واتە:"با بچوک سڵاو لە گەورە بکات، و ئەوەی کە تێ ئەپەڕێ لە دانیشتووی بکات و کەم لە زۆر ".

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پێچەوانەکردنی کەسێ لە پێشتربێ سڵاو لە کەسێکی تر بکات کارێکی بێزراو بێت (کەراهەتی هەبێت)، بەڵکو هیچی تیادا نیيە، وەک ئەوەی گەورە سڵاو لە بچوک بکات، یاخود ئەو کەسەی بەپێ ئەپوات سڵاو لە سوارێک بکات، ئابەو جۆرە هتد... .

جا ئەگەر هاوشێوەی یەک بوون، وەک ئەوەی دوو سوار بن، ئایا لەم کاتەدا کامیان لە پێشەوە سڵاو بکات؟ یان ئەگەر دوو کۆمەڵ کەس بوون و ژمارەیان وەک یەک بوو، ئایا کامیان دەستپێشکەری ئەکات؟

ئا لەوێدا لە مافدا هاوبەشن، چونکە وەکو یەکن، بۆیە چاکێتییەکە بۆ ئەوەیانە کە دەستپێشکەری ئەکات و پێش ئەوان سڵاو ئەکات، ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی ئەیوبی ئەنصاری (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری

---

(١) رواه أحمد برقم (٣٨٧٠)، وانظر: صحيح الأدب المفرد، للألباني: ٤٠٢/١.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٣٣)، ومسلم برقم (٢١٦٠).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٢٣٤).

خوا ﷺ فەرموویەتی: « لاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثِ لَيَالٍ يَلْتَقِيَانِ فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْرِضُ هَذَا وَخَيْرُهُمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلاَمِ »(١)، واتە:" ڕەوا نییە بۆ هیچ موسڵمانێ کە واز لە براکەی بهێنێت و دەنگی لێ دابببڕێت لە سەرو سێ شەوەوە، کاتێ بەیەک ئەگەن ئەمیان ڕوو بکات بەولاوە و ئەویشیان ڕوو بکات بەولاوە، چاکترینیان ئەوەیانە دەستپێشکەری ئەکات و پێش ئەو سڵاو ئەکات".

٥/ سوننەت وایە سڵاو لە منداڵان بکرێت:

لەبەر فەرمووەی ئەنەسی کوڕی مالیک (خوا لێی ڕازی بێ) کە گێڕاویەتیەوە: « أَنَّهُ كَانَ يَمْشِي مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَمَرَّ بِصِبْيَانٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ »(٢)، واتە:" ئەو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بەڕێدا ئەڕۆیشت، بەلای چەند منداڵێکدا تێپەڕی سڵاوی لێکردن ".

جا سڵاوکردن لە منداڵ: هاندانی دەروونە لەسەر خۆ بەکەمزانی، و ڕاهێنانێکیشە بۆ منداڵان تا لەسەر ئەم نەریتە جوانە ڕایان بهێنیت، و لەدڵ و دەروونیاندا بیڕێنیتەوە.

٦/ سوننەتی سڵاوکردن لەکاتی چوونە ماڵەوەدا:

کە ئەمەش ئەچێتە ناو مەبەستی واتای گشتگیرێتی بڵاوکردنەوەی سڵاوەوە، ئەویش دوای ئەوەی سیواک ئەکات، چونکە سیواک کردن سوننەتە لەکاتی چوونە ماڵەوەدا، کە ئەمەش شوێنی چوارەمە لەو شوێنانەی کە سیواککردنی تیایدا جەختی لێکراوە، لەبەر فەرمووەی خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لای پێشەوا موسلیم هاتووە، وتوویەتی: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ بَدَأَ بِالسِّوَاكِ»(٣)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکاتێ بهاتایەتەوە بۆ ماڵەوە لە پێشدا سیواکی ئەکرد ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٠٧٧)، ومسلم برقم (٢٥٦٠) واللفظ له.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٤٧)، ومسلم برقم (٢١٦٨).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٥٣).

جا کاتێ بەسیواککردن دەستی پێ ئەکرد ئەچووە ژوورەوە و سڵاوی لە خێزانەکەی ئەکرد، تەنانەت هەندێ لە زانایان وتوویانە: سوننەت وایە ئەگەر چوویتە ماڵەوە و کەسیشی تیا نەبوو هەر سڵاو بکە؛ لەبەر واتای گشتگیرێتی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ النور: ٦١، واتە:{ ئەگەر چوونە ماڵانێکەوە ئەوا سڵاو لە یەکتری بکەن ئەگەر کەسیش لە ماڵ نەبوو سڵاو لە خۆتان بکەن و بڵێن: (السلام علينا و على عباد الله الصالحين) سڵاوێک لە خوای گەورەوە سڵاوێکی پڕ خێر و بەرەکەت و پاک کە دڵتان پێی خۆش ئەبێ، ئا بەم شێوەیە خوای گەورە ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە بەڵکو لێی تێ بگەن }.

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سڵاو لە خۆکردن بۆ کەسێک کە بچێتە شوێنێکەوە کەسی تیا نەبێت، ئەچێتە ژێر واتای گشتگیری بڵاوکردنەوەی سڵاوەوە، لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ ﴾ "[1].

هەروەها سوننەتە سڵاو بکات لە دانیشتوانی ئەو ماڵەی ئەچێتە ناویەوە، لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟ وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾ النور: ٢٧، واتە:{ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێ جگە لە ماڵەکانی خۆتان تا مۆڵەت وەرنەگرن و سڵاو لە خاوەن ماڵەکە نەکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە بەڵکو بیر بکەنەوە و پەند و ئامۆژگاری وەربگرن }.

---

(١) فتح الباري: حديث (٦٢٣٥)، باب: إفشاء السلام.

* کەڵکێک:

لەوەی پێشەوە باسمانکرد لە سوننەتی چوونە ماڵەوە، سێ سوننەتمان دەستکەوت:

یەکەم: ناوی خوای بەرز و بڵند هێنان بە تایبەتی لە شەودا.

لەبەر فەرموودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێیان ڕازی بێ) کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە ﷺ ئەیفەرموو: « إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ لاَ مَبِيتَ لَكُمْ وَلاَ عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ. وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ »[1]، واتە:" ئەگەر پیاو چووەوە ماڵی خۆی و ناوی خوای هێنا لەکاتی چوونە ژوورەوە و لەکاتی خواردنیدا، شەیتان بە هاوڕێکانی ئەڵێ: نەشوێنی مانەوەتان هەیە و نە نانی ئێوارە، وە ئەگەر چووە ژوورەوە و ناوی خوای نەهێنا لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا، شەیتان ئەڵێ: شوێنی مانەوەتان دەستگیر بوو، ئەگەر ناوی خوای نەهێنا لەکاتی خواردنیدا ئەڵێ: شوێنی شەومانەوە و نانی ئێوارەشتان دەست کەوت ".

دووەم: سیواک کردن، لەبەر فەرموودەی خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لای پێشەوا موسلیم هاتووە، و لەپێشەوە باسمانکرد [2].

سێ یەم: سڵاوکردن لەخاوەن ماڵ.

٧/ سوننەت وایە بە دەنگی نزم سڵاو بکرێت، ئەگەر چووە ناو خەڵکانێکەوە، کەسی نوستوویان تیا بوو:

پێغەمبەری خوا ﷺ خودی خۆی وای ئەکرد، وەک لە فەرموودەی میقدادی کوڕی ئەسوەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە تیایدا هاتووە: « .... فَكُنَّا نَحْتَلِبُ فَيَشْرَبُ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنَّا نَصِيبَهُ وَنَرْفَعُ لِلنَّبِيِّ ﷺ نَصِيبَهُ قَالَ : فَيَجِيءُ مِنَ اللَّيْلِ فَيُسَلِّمُ تَسْلِيمًا لاَ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠١٨).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٥٣).

يُوقِظُ نَائِمًا وَيُسْمِعُ الْيَقْظَانَ »[1]، واتە:" ... ئێمە (بزنەکانمان) ئەدۆشی، جا هەریەکەمان بەشی خۆی لێ ئەخواردەوە، و بەشی پێغەمبەریشمان ﷺ هەڵنەگرت، وتی: لەشەودا ئەهاتەوە سڵاوی ئەکرد بەجۆرێک نووستووی خەبەر نە ئەکردەوە و بێداریش ئەیانبیست ".

٨/ سوننەت وایە سڵاو بگەیەنیت:

گەیاندنی سڵاو سوننەتە - سەرەڕای بوونی جیاوازی لەنێوان زانایاندا کە دوایی بەکورتی باسی ئەکەین- وەک ئەوەی کەسێک پێت بڵێ:" سڵاوی من بگەیەنە بە فلان کەس"، ئەوا سوننەت وایە ئەم سڵاوە بگەیەنیت بە خاوەنەکەی .

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەمە: فەرمووەی خاتو عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ): أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لَهَا « إِنَّ جِبْرِيلَ يَقْرَأُ عَلَيْكِ السَّلاَمَ ». قَالَتْ: فَقُلْتُ: وَعَلَيْهِ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللهِ [2]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو:" جیبریل سڵاوت لێ ئەکات". وتی: منیش وتم: سڵاو و سۆز و بەزەیی خواش لەسەر ئەو بێت.

لە فەرمووەکەدا بەڵگەی گەیاندنی سڵاو بە خاوەنەکەی هاتووە، هەروەک چۆن پێغەمبەر ﷺ سڵاوی جیبریلی عليه السلام گەیاند بە خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، هەروەها فەرمووەکە سوننەت بوونی ناردنی سڵاوی لێ وەرئەگیرێت لەگەڵ کەسێکی تردا.

زانایان ڕاجیان سەبارەت بەحوکمی گەیاندنی سڵاو:

ئەگەر یەکێک ڕاسپێرا سڵاوی کەسێک بگەیەنێ بە کەسێکی تر، وەک ئەوەی پێی بڵێ:" سەلام بکە لە فلانە کەس"، ئایا واجبە لەسەر ئەو کەسە سڵاوەکە بگەیەنێ یان نا؟

دوو ڕا هەیە لەسەر ئەمە:

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٥٥).

(٢) رواه البخاري برقم (٣٢١٧)، ومسلم برقم (٢٤٤٧).

وتراوە: پێویستە و واجبە سڵاوەکە بگەیەنێ، چونکە لە ئەمانەت ئەچێت، گەیاندنی ئەمانەتیش واجبە، نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.

هەروەها وتراوە: سوننەتە، چونکە لە سپاردە ئەچێت، کە ئەگەر سپاردەکە لای فەوتا پابەند ناکرێ بە بژاردنی، مەگەر کەسەکە بیگرێتە ئەستۆی خۆی، ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.

ڕای دیار و زاڵ - هەر خواش زاناترە -: ڕای دووەمە، چونکە گەیاندنی سڵاو لە بنەڕەتدا سوننەتە، مەگەر داوای دڵنیایی بکات لەو کەسەی پێی ئەسپێرێت و پێی بڵێ:" ئەمانەت بێ لات، کە سڵاوم بگەیەنیت بە فڵانە کەس"، یان هەر دەستەواژەیەکی تر کە پابەندبوون ئەگەیەنێ بەو سیفەتەی کە ئەمانەتە، وە ئەو کەسەی ئەیگەیەنێت بیخاتە ئەستۆی خۆی، و قایل بێت بەگەیاندنی.

هەندێ لە زانایان کە ئیبنو حەجەریش لەوانە- ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ- ڕایان وایە وەڵامی سڵاوی ئەو کەسە بدرێتەوە کە سڵاوەکە ئەگەیەنێ، لەگەڵ وەڵامی ئەو کەسەی سڵاوەکەی ناردووە، بەو پێیە هەڵگری سڵاوەکەش بەشی خۆی لە سڵاو بەرئەکەوێت، جا وا باشترە ئەو کەسەی سڵاوی پێ ئەگەیەنرێت، بە هەڵگری سڵاوەکە بڵێ (عليك وعليه السلام ورحمة الله وبركاته)، یان هەر دەستەواژەیەکی تری هاوشێوەی ئەوە.

ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) دوو فەرمودەی بە بەڵگە هێناوەتەوە:

یەکێکیان: فەرمودەی پیاوێکە لە هاوەڵان، لەلای ئەحمەد و ئەبی داود، ئەڵبانیش بە حەسەنی داناوە، کە لە فەرمودەکەدا هاتووە کە: پیاوێک سڵاوی باوکی ئەگەیەنێ بە پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ بە پیاوەکە ئەفەرموێ: « عَلَيْكَ وَعَلَى أَبِيكَ السَّلَامُ »[1].

ئەوەی تریان: فەرمودەی ئەنەسە (خوا لێی ڕازی بێ) لەلای پێشەوا نەسائی، کە تیایدا هاتووە، کاتێ خەدیجە (خوا لێی ڕازی بێ) سڵاوی جیبریلی پێ

(١) رواه أحمد برقم (٢٣١٠٤)، وأبو داود برقم (٥٢٣١).

ئەگات (سلاوی خوای بەرز و بڵندی لێ بێ)، بە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: « وَعَلَيْكَ، وَعَلَى جِبْرِيلَ السَّلَامُ »[1].

ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) لە ڕاڤەی فەرمودەکەی عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێ) وتوویەتی:" نەوەوی وتوویەتی: لەم فەرمودەیەدا دروستێتی گەیاندنی سلاو هاتووە، که پێویستە لەسەر نێررواوەکە بیگەیەنێت، چونکە ئەمانەتە، دوای بەدواچوون دەرئەکەوێت کە لە سپاردە ئەچێت، بەڕاستی نێررواویش ئەگەر قبوڵی کرد و پابەندبوو پێیەوە وەک ئەمانەتە، ئەگینا سپاردەیە، و سپاردەش ئەگەر قبوڵ نەکرێ پەیوەست نابێ پێیەوە، وتوویەتی: فەرمودەکە ئەوەشی تیایە ئەگەر کەسێک سلاوی کەسێکی تری گەیاند بەدەمی، یاخود لە پارچە کاغەزێکدا نوسرابوو، ئەوا پێویستە یەکسەر وەڵام بدرێتەوە، کارێکی چاکیشە وەڵامی نێررواوەکەش بدرێتەوە (پێی بڵێی: وَعَلَيْكَ)، وەک نەسائی فەرمودەیەکی هێناوە لە پیاوێک لە بەنی تەمیمەوە، کە سلاوی باوکی گەیاندووە بە پێغەمبەر ﷺ، ئەویش پێی فەرمووە: « عَلَيْكَ وَعَلَى أَبِيكَ السَّلَامُ »، هەروەها لە پێشەوە لە باسی پلە و پایەی خەدیجەدا (خوا لێی ڕازی بێ) باسمان لەوەکرد کاتێ سلاوی جیبریلی پێ ئەگات (سلاوی خوای بەرز و بڵندی لێ بێ)، بە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ: « إِنَّ اللهَ هُوَ السَّلامُ ، وَ مِنْهُ السَّلامُ، وَعَلَيْكَ، وَعَلَى جِبْرِيلَ السَّلَامُ »، وە لە هیچ ڕێگەیەکی فەرمودەی عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەوەم نەبینیوە کە وەڵامی سلاوەکەی پێغەمبەری ﷺ دابێتەوە (پێی بڵێ: وَعَلَيْكَ)، بۆیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەڵامدانەوە واجب نییە"[2].

---

(١) رواه النسائي في (السنن الكبرى: ٨٣٥٩).

(٢) الفتح: حديث (٦٢٥٣)، باب: إذا قال: فلان يُقرئك السلام.

٩/ سلاوکردن لەکاتی چوونە کۆڕێکی دانیشتن، هەروەها لەکاتی هەستان و جیابوونەوەشدا:

سوننەتە بۆ کەسێک کاتێ ئەیەوێت لە کۆڕێکدا هەڵسێت، و لێیان جیابێتەوە سلاویان لێ بکات پێش ئەوەی لێیان جیابێتەوە، وەک چۆن کاتێ هات بۆلایان سلاوی لێکردن.

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا انْتَهى أحدُكُم إِلَى المَجلسِ فَليُسَلِّم، فَإِذَا أَرادَ أَنْ يَقُومَ فَليُسَلِّم، فَلَيْسَتِ الأُولَى بِأَحقَّ مِنَ الآخِرَةِ»[1]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان گەیشتە کۆڕ و کۆمەڵێک با سلاو بکات، ئەگەر هەرکاتێ ویستی هەڵسێت با سلاو بکات، چونکە سلاوکردنی یەکەم لەوەی دوایی شایستەتر و لەپێشتر نییە".

١٠/ سوننەتە لەکاتی بە یەکگەیشتندا لەگەڵ سلاوکردن تەوقەش بکرێت:

هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) پەیڕەوی ئەم ئاکارەیان کردووە و لەسەری ڕۆشتوون، بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی قەتادەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: قُلْتُ لِأَنَسٍ: أَكَانَتِ الْمُصَافَحَةُ فِي أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ ؟ قَالَ: «نَعَمْ»[2]، واتە: بە ئەنەسم وت: ئایا تەوقەکردن لەناو هاوەڵانی پێغەمبەردا ﷺ هەبوو؟ وتی:" بەڵێ ".

---

(١) رواه أحمد برقم (٩٦٦٤)، وأبو داود برقم (٥٢٠٨)، والترمذي برقم (٢٧٠٦)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ١/١٣٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٦٣).

١١/ سوننەتە زمردەخەنە لەسەر لێوت بێت و ڕوت خۆش بێ لەکاتی بەیەکگەیشتندا:

ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئەبی زەڕ(خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: « لاَ تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ »[١]، واتە:" هیچ کردەوەیەکی چاک بەکەم مەزانە، ئەگەرچی تەنانەت ڕووخۆشی نواندنیش بێت کاتێ ئەگەیت بەبرایەکت".

لەلای پێشەوا تیرمزی بەمجۆرە هاتووە لە فەرموودەی ئەبی زەڕدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ لَكَ صَدَقَةٌ »[٢]، واتە:" ڕووخۆشی و لێو بەخەندە بوونت بەڕووی براکەتدا خێر و چاکەیە بۆت".

١٢/ سوننەتە قسەت خۆش و چاک بێت کە بەخێر و چاکە بۆت ئەنوسرێت:

جا چوون یەکە لەکاتی بەیەک گەیشتندا بێت، یان لە کۆڕ و دانیشتندا بێت، یاخود لە هەر بارودۆخێکدا بێت، قسەی چاک و خۆش سوننەتە، چونکە خێر و صەدەقەیە بۆت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « وَالكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ »[٣]، واتە:" قسەی جوان و چاک خێر و چاکەیە ".

هەروەها فەرموودەی عەدی کوڕی حاتەم (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: ذَكَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ النَّارَ فَأَعْرَضَ وَأَشَاحَ ثُمَّ قَالَ « اتَّقُوا النَّارَ ». ثُمَّ أَعْرَضَ وَأَشَاحَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٢٦).

(٢) رواه الترمذي برقم (١٩٥٦)، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة:٥٧٢).

(٣) رواه البخاري برقم (٢٩٨٩)، ومسلم برقم (١٠٠٩).

كَأَنَّمَا يَنْظُرُ إِلَيْهَا ثُمَّ قَالَ « اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ »[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئاگری دۆزەخی ئەکرد، ڕووی وەرئەگێڕا و ئەسڵەمیەوە، پاشان فەرمووی:" خۆتان لەئاگری دۆزەخ بپارێزن ". دیسانەوە ڕووی وەرئەگێڕا و ئەسڵەمیەوە بەشێوەیەک وامان ئەزانی کە لەبەر چاویەتی و تەماشای ئەکات، ئینجا فەرمووی:" خۆتان لەئاگر بپارێزن ئەگەر بەلەتە خورمایەکیش بووە، ئەوەیش کە هیچی نییە، بەقسەیەکی چاک و جوان ". زۆرجار قسەی چاک و جوان دێت بەزمانی خەڵکیدا، ئەگەر بیانزانیایە و حسابیان بۆبکردایە ئەوا پاداشتێکی زۆریان لەسەر وەرئەگرت، و خێر و چاکەیەکی زۆریان بۆ خۆیان دەستەبەر ئەکرد.

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" قسەی چاک و جوان وەک ئەوەی بەیەکێک بڵێی: چۆنی؟ چاکی؟ براکانت چۆنن؟ کەسوکارت چۆنن؟ و هاوشێوەی ئەوانە، چونکە ئەم بێژانە لەو قسە چاکانەن کە خۆشی و کامەرانی ئەخەنە دڵی هاوڕێکەتەوە، بێگومان هەموو وتە و قسەیەکی چاک و جوان کە لەزارت بێنە دەرەوە، لەلای خوا خێر و چاکە، و پاداشتە بۆت "[2].

١٣/ یادی خوای بەرز و بڵند لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا کارێکی باش و موستەحەبە:

فەرمودە زۆر زۆرە لەبارەی خێر و چاکەی کۆڕی زیکر و هاندان بۆی، لەوانە فەرمودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:" إِنَّ للهِ مَلاَئِكَةً يَطُوفُونَ فِي الطُّرُقِ يَلْتَمِسُونَ أَهْلَ الذِّكْرِ، فَإِذَا وَجَدُوا قَوْمًا يَذْكُرُونَ اللهَ تَنَادَوْا: هَلُمُّوا إِلَى حَاجَتِكُمْ " قَالَ: «فَيَحُفُّونَهُمْ بِأَجْنِحَتِهِمْ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا» قَالَ: " فَيَسْأَلُهُمْ رَبُّهُمْ، وَهُوَ أَعْلَمُ مِنْهُمْ، مَا يَقُولُ عِبَادِي؟ قَالُوا: يَقُولُونَ: يُسَبِّحُونَكَ وَيُكَبِّرُونَكَ وَيَحْمَدُونَكَ وَيُمَجِّدُونَكَ " قَالَ: " فَيَقُولُ: هَلْ رَأَوْنِي؟ " قَالَ: " فَيَقُولُونَ: لاَ وَاللهِ مَا رَأَوْكَ؟ " قَالَ: "

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٠٢٣)، ومسلم برقم (١٠١٦).

(٢) انظر: شرح رياض الصالحين: ٩٩٦/٢، باب: استحباب طيب الكلام، وطلاقة الوجه عند اللقاء.

فَيَقُولُ: وَكَيْفَ لَوْ رَأَوْنِي؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: لَوْ رَأَوْكَ كَانُوا أَشَدَّ لَكَ عِبَادَةً، وَأَشَدَّ لَكَ تَمْجِيدًا وَتَحْمِيدًا، وَأَكْثَرَ لَكَ تَسْبِيحًا " قَالَ: " يَقُولُ: فَمَا يَسْأَلُونِي؟ " قَالَ: «يَسْأَلُونَكَ الجَنَّةَ» قَالَ: " يَقُولُ: وَهَلْ رَأَوْهَا؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: لاَ وَاللَّهِ يَا رَبِّ مَا رَأَوْهَا " قَالَ: " يَقُولُ: فَكَيْفَ لَوْ أَنَّهُمْ رَأَوْهَا؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: لَوْ أَنَّهُمْ رَأَوْهَا كَانُوا أَشَدَّ عَلَيْهَا حِرْصًا، وَأَشَدَّ لَهَا طَلَبًا، وَأَعْظَمَ فِيهَا رَغْبَةً، قَالَ: فَمِمَّ يَتَعَوَّذُونَ؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: مِنَ النَّارِ " قَالَ: " يَقُولُ: وَهَلْ رَأَوْهَا؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: لاَ وَاللَّهِ يَا رَبِّ مَا رَأَوْهَا " قَالَ: " يَقُولُ: فَكَيْفَ لَوْ رَأَوْهَا؟ " قَالَ: " يَقُولُونَ: لَوْ رَأَوْهَا كَانُوا أَشَدَّ مِنْهَا فِرَارًا، وَأَشَدَّ لَهَا مَخَافَةً " قَالَ: " فَيَقُولُ: فَأُشْهِدُكُمْ أَنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُمْ " قَالَ: " يَقُولُ مَلَكٌ مِنَ المَلاَئِكَةِ: فِيهِمْ فُلاَنٌ لَيْسَ مِنْهُمْ، إِنَّمَا جَاءَ لِحَاجَةٍ. قَالَ: هُمُ الجُلَسَاءُ لاَ يَشْقَى بِهِمْ جَلِيسُهُمْ "[1].

واته:" بەڕاستی خوای گەورە هەندێ فریشتەی هەیە بەڕێگەو بانەکاندا ئەسوڕێنەوە و بەدوای کۆڕی زیکر خوێنەکاندا ئەگەڕێن، جا هەرکاتێ خەڵکانێکیان دۆزیەوە کە زیکر و یادی خوا ئەکەن بانگی یەکتر ئەکەن: وەرن بۆلای پێویستیەکەتان، وتی:" ئەوانیش بە باڵەکانیان دەوریان ئەدەن هەتا ئاسمانی دنیا"، وتی:" پەروەردگاریان پرسیاریان لێ ئەکات- لەکاتێکدا ئەو زاناترە لەوان و چاکتر بەحاڵیان ئەزانێ- ئایا بەندەکانم چیان ئەوت؟ فریشتەکانیش ئەڵێن: خوایە تۆیان بە پاک و بێگەرد ڕائەگرت لە هەموو نەنگی و کەموکوڕییەک و تۆیان بە گەورە دائەنا و سوپاس و ستایشی تۆیان ئەکرد و تۆیان بەرز و بڵند ڕائەگرت"، وتی: خوای گەورە ئەفەرموێت:" ئایا منیان بینیوە؟"، وتی: فریشتەکانیش ئەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا تۆیان نەبینیوە؟، وتی: خوای گەورە ئەفەرموێ:" ئەی چۆن ئەبوو ئەگەر منیان ببینیایە؟"، وتی: فریشتەکان ئەڵێن: ئەگەر تۆیان ببینیایە ئەوا زیاتر تۆیان ئەپەرست و زیاتر تۆیان بەرز و بڵند ڕائەگرت و زیاتر تۆیان پاک و بێگەرد ڕائەگرت لەهەموو نەنگی و کەموکوڕییەک، وتی: خوای گەورە ئەفەرموێ:" داوای چیم لێ ئەکەن؟"، وتی: فریشتەکانیش ئەڵێن: داوای بەهەشتت لێ ئەکەن، وتی: خوای

(١) رواه البخاري برقم (٦٤٠٨)، ومسلم برقم (٢٦٨٩).

گەورە ئەفەرموویێ:" ئایا بەهەشتیان بینیوە؟"، وتی: فریشتەکان ئەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار بەهەشتیان نەبینیوە، وتی: خوای گەورە ئەفەرموویێ:" ئەی چۆن ئەبوو ئەگەر بەهەشتیان ببینیایە؟"، وتی: فریشتەکان ئەڵێن: ئەگەر بهاتایە بەهەشتیان ببینیایە ئەوا زیاتر سوور ئەبوون لەسەر بەدەست خستنی و زیاتر بەدوایدا ئەگەڕان زیاتر حەزیان لێ ئەکرد و پەرۆشی ئەبوون، خوای گەورە ئەفەرموویێ:" ئەی پەنایان لەچی ئەگرت؟ وتی: فریشتەکان ئەڵێن: پەنایان ئەگرت لە ئاگری دۆزەخ، وتی: خوای گەورە ئەفەرموویێ:" ئایا ئاگری دۆزەخیان بینیوە؟"، وتی: فریشتەکان ئەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا ئەی پەروەردگار ئاگری دۆزەخیان نەبینیوە، وتی: خوای گەورە ئەفەرموویێ:" ئەی چۆن ئەبوو ئەگەر بیانبینیایە؟"، وتی: فریشتەکان ئەڵێن: ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینیایە ئەوا زیاتر لێی هەڵئەهاتن و خۆیان لێ دوور ئەخستەوە و زیاتر لێی ئەترسان.

وتی: خوای گەورە ئەفەرموویێ:" ئەوە ئێوە ئەکەم بەشایەت لەسەر ئەوەی کەوا من لێیان خۆش بووم"، وتی: فریشتەیەک لەفریشتەکان ئەڵێت: فلانە کەسیان تیایە کە لەوانە نییە کەزیکریان ئەکرد بەڵکو بۆ پێویستیەکی خۆی هاتبوو. خوای گەورە ئەفەرموویێ: ئەوانەی کۆڕی زیکر ئەگێڕن کەسانێکن هەر کەسێ لەگەڵیان دابنیشێت بەدبەخت نابێت.

بەڕاستی کۆڕەکانی یاد و زیکری خوا خێر و چاکەیەکی زۆریان هەیە- کە ئێرە شوێنی نییە بەدرێژی لێی بدوێین- بۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی لەکۆڕێکدا دانەنیشێت، وەلێ لێی هەڵنەسێت هەتا زیکری خوای بەرز و بڵندی تیا ئەکات.

لە سوننەتدا فەرموودە هاتووە کە بەڵگەبێ لەسەر لۆمەکردنی ئەو کۆڕانەی کە یادی خوای بڵند و باڵای تیا ناکرێت، لەوانە: فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:« مَا مِنْ قَومٍ يَقُومُونَ

مِنْ مَجْلِسٍ لا يَذْكُرونَ اللهَ فِيهِ إِلَّا قَامُوا عَنْ مِثْلِ جِيفَةِ حِمارٍ، وَكَانَ لَهُمْ حَسْرَةً »[1]، واتە:" هیچ کۆمەڵە کەسێک نییە لە کۆڕێکدا هەڵسن و باسی خوایان تیا نەکردبێت، وەلێ وەک ئەوە وایە لەسەر کەلاکی گوێدرێژێک هەستابێتن و ئەو کۆڕ و دانیشتنەیان بۆ ئەبێتە هۆی داخ و پەشیمانی لەڕۆژی دوایدا ".

١٤/ سوننەتە بە خوێندنی کەفارەتی کۆڕ و مەجلیس کۆتایی بە کۆڕ و دانیشتنەکەیان بهێنن:

لەبەر فەرمووەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:«مَنْ جَلَسَ فِي مَجْلِسٍ فَكَثُرَ فِيهِ لَغَطُهُ، فَقَالَ قَبْلَ أَنْ يَقُومَ مِنْ مَجْلِسِهِ ذَلِكَ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا كَانَ فِي مَجْلِسِهِ ذَلِكَ »[2]، واتە:" هەرکەسێ لە کۆڕ و مەجلیسێکدا دابنیشێ قسەی پڕوپوچ و بێ بایەخی زۆر تیابکرێ، پێش ئەوەی لەو کۆڕەدا هەڵسێت بڵێ:" خوایە پاک و بێگەردی و ستایش هەر بۆ تۆیە، گەواهی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ، داوای لێخۆشبوونت لێ ئەکەم و بۆلای تۆ ئەگەڕێمەوە"، وەلێ خوا لەگوناهی ئەو کۆڕ و مەجلیسەی خۆش ئەبێت ".

---

(١) رواه أحمد برقم (١٠٦٨٠)، وأبو داود برقم (٤٨٥٥)، وصححه الألباني في (تخريج الكلم الطيب: ١٦٦/١).

(٢) رواه الترمذي برقم (٣٤٣٣)، وأبو داود برقم (٤٨٥٧)، من حديث عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما، والنسائي في (الكبرى برقم: ١٣٤٣)، من حديث عائشة رضي الله عنها، وقال ابن حجر رحمه الله في آخر شرح الفتح: سنده القوي، وكذلك صححه في (نكته على ابن صلاح)، والحديث بمجموع طرقه يقوى، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ١٠٦٥/٢).

* ئەو شتانەی کە قەدەغەیە و ڕێگریان لێکراوە و پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە:

دەستپێشکەری سڵاوکردن لە خاوەن نامەکان (گاور و جولەکە)، تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی بێگانە، و بەتەنیا مانەوە لەگەڵیدا، و نابێت میوان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە خاوەن ماڵ بەرنوێژییان بۆ بکات، هەڵساندنی کەسێک لەشوێنی خۆیدا و دانیشتن لە جێگەکەیدا، دانیشتن لەنێوان دووکەسدا و جیاکردنەوەیان بەبێ مۆڵەت خواستن لێیان، نابێ لە سێ کەس دوانیان چپەچپ بکەن، و گوێگرتن لە قسەی خەڵکانێک کە پێیان ناخۆشە، کەسێک هەرچیەکی لە خەڵکی بیستبێت هەمووی بگێڕێتەوە، چونکە قسەی خەڵکی واهەیە درۆیە و ڕاستی تیا نییە، و ترساندنی موسڵمان، و فیزکردن و خۆبەزلزانی لە ڕۆیشتندا، و سیخوڕی کردن بەسەر موسڵمانەوە و بەڵا و دەردەکانی زمان وەک درۆکردن، و خەڵکی خستنە پێکەنین بەقسەی درۆ، و لە پاشملە باسکردن و دووزمانی، و نەفرەت کردن، و تانە و تەشەردان، و جوێندان و زمان پیسی، و دەمە دەمێکردن و شەڕەقسە و دژایەتی کردنی قێزەون و لۆمەکراو، و سوێندخواردن بە جگە لە خوا، و زۆر سوێند خواردن بەخوای بەرز و بڵند بەتایبەتی لە کڕین و فرۆشتندا، و شانازیکردن و بەخۆوە نازین و تانەدان لە ڕەچەڵەکی خەڵکی، و بەچاوی سووک تەماشاکردنی خەڵکی، و پێخۆش بوون و خۆشحاڵی دەربڕین بەپێ هەڵخلیسکانی موسڵمان، و جگە لەوانەش بەڵا و خراپەکانی تری زمان، هەروەها ئیرەیی بردن، و گومانی خراپ، و ڕق و کینە، و جگە لەوانەش دەرد و نەخۆشیەکانی تری دڵ *.

* هەموو ئەمانەی باسکران فەرموودەی ڕاست و دروستیان لەبارەوە هاتووە ـ وەرگێڕ ـ.

((سوننەتەکانی پۆشاک و جوانی و ڕازاوەیی))

* سوننەت وایە لەکاتی نەعل و پێڵاو لەپێکردندا لای ڕاست پێش بخرێت:

سوننەت وایە کاتێ موسڵمان ئەیەوێت نەعلەکانی لەپێ بکات لەپێشدا تاکی لای ڕاست لەپێ بکات، سوننەت وایە کاتێ ویستی دایان بکەنێت لەلای چەپەوە دەست پێبکات.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمووەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا انْتَعَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِاليَمِينِ، وَإِذَا نَزَعَ فَلْيَبْدَأْ بِالشِّمَالِ، لِيَكُنِ اليُمْنَى أَوَّلَهُمَا تُنْعَلُ وَآخِرَهُمَا تُنْزَعُ»(١)، واتە:" ئەگەر یەکێکتان پێڵاو یان نەعلی لەپێ کرد با لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات و کاتێ دایکەندن با لەلای چەپەوە دەست پێبکات، با لای ڕاست یەکەم جار لەپێ بکات، و لەکۆتایشدا دایبکەنێت ".

هەروەها لەلای پێشەوا موسلیم هاتووە لە فەرمووەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا انْتَعَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِالْيُمْنَى وَإِذَا خَلَعَ فَلْيَبْدَأْ بِالشِّمَالِ وَلْيُنْعِلْهُمَا جَمِيعًا أَوْ لِيَخْلَعْهُمَا جَمِيعًا »(٢)، واتە:" ئەگەر یەکێکتان پێڵاو یان نەعلی لەپێ کرد با لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات، و کاتێ دایکەندن با لەلای چەپەوە دەست پێبکات، یان هەموویان بەیەکەوە لەپێ بکات یان هەموویان بەیەکەوە دابکەنێت ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٨٥٦).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٩٧).

لە بێژەیەکی تری موسلیمدا بەمجۆرە هاتووە: « لاَ يَمْشِ أَحَدُكُمْ فِي نَعْلٍ وَاحِدَةٍ لِيُنْعِلْهُمَا جَمِيعًا أَوْ لِيَخْلَعْهُمَا جَمِيعًا »(١)، واتە:" هیچ یەکێک لەئێوە بە تاکە نەعلێکەوە بەڕێدا نەڕوات، یان ئەوەتا هەموویان بەیەکەوە لەپێ بکات یان هەموویان بەیەکەوە دابکەنێت ".

لە بێژەیەکی تردا بەمجۆرە هاتووە: « إِذَا انْقَطَعَ شِسْعُ أَحَدِكُمْ فَلاَ يَمْشِ فِي الأُخْرَى حَتَّى يُصْلِحَهَا »(٢)، واتە:" ئەگەر قایشی سۆلی یەکێکتان قرتا، با بەتاکەکەی تریانەوە نەڕوات هەتا چاکی ئەکاتەوە".

لەو دوو فەرموودەیەی کە باسمانکرد، سێ سوننەتی تیایە:

١) لەکاتی نەعل و پێڵاو لەپێ کردندا لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات.

٢) لەکاتی نەعل و پێڵاو داکەندندا لەلای چەپەوە دەست پێبکات.

٣) با هەردوو نەعلەکانی بەیەکەوە لەپێ بکات، یان بەیەکەوە دایان بکەنێت، نەک بە تاکە نەعلێکەوە ڕێ بکات و بڕوا بەڕێوە، چونکە ڕێگری کراوە لەوەی بەتاکە نەعلێکەوە بڕۆیت بەڕێوە، وەک لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتبوو بەبێژەی: « لاَ يَمْشِ أَحَدُكُمْ فِي نَعْلٍ وَاحِدَةٍ ».

ئەگەر وترا: باشە حیکمەت چییە لە ڕێگری کردن لەوەی بەتاکە نەعلێکەوە بڕۆیت بەڕێدا؟

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" کارێکی بێزراوە کە بەتاکە نەعلێکەوە، یان بە تاکە خووفێکەوە، یان بە تاکە سۆلێکەوە بڕۆیت بەڕێوە، بەبێ هیچ بەهانەیەک، بەڵگەش لەسەری ئەو فەرموودانەیە کە پێشەوا موسلیم هێناویەتی، زانایان وتوویانە: هۆکاری قەدەغەکردنەکەی ئەوەیە کە کارێکی ناشرینە، و تێکچوون، و ئەتک کردن ئەگەیەنێ، و پێچەوانەی شکۆ و پیاوەتییە، ئەو قاچەیان کە نەعلەکەی تیایە بەرزتر ئەبێت لە قاچەکەی تریان بۆیە بە ناڕەحەت ئەڕوات

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٠٩٧).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٠٩٨).

بەڕێدا، و ڕەنگە ببێتە هۆی کەووتن و هەڵنوتانی، جا ئەم سێ ئاکار و ڕەوشتە لەو سێ بابەتانەیە کە زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە کارێکی چاکن (موستەحەبن) و واجب نین، ئەگەر قایشی سۆلەکەی پچڕا، یان هەرشتێکی تری هاوشێوەی ئەوە، ئەوا بابێت دایان بکەنێت، و بە تاکێکیانەوە بەڕێدا نەڕوات هەتا چاکی ئەکاتەوە، و ئینجا لەپێیان بکاتەوە وەک لە فەرموودەکەدا هاتووە "[1].

هەروەها حیکمەتی تری ڕێگری کردن لە ڕۆیشتن بەتاکە نەعلێکەوە جگە لەوەی کە پێشەوا نەوەوی باسیکردووە، ئەوەیە کە شەیتان بەتاکە نەعلێکەوە (یان پێڵاوێکەوە) بەڕێدا ئەڕوات، ئەگەر ئەو فەرموودەیەی پێشەوا طەحاوی لە (مِشكل الآثار)دا دەریهێناوە صەحیح بێت*، کە لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: «إِنَّ الشَّيطانَ يَمْشِي فِي النَّعلِ الوَاحِدَة»[2]، واتە:" بەڕاستی شەیتان بەتاکە نەعلێکەوە ڕێ ئەکات ".

هەروەها سوننەتە بە نەعل و پێڵاوەوە نوێژ بکرێت؛ لەبەر فەرموودەی سەعیدی کوڕی یەزید (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پرسیارم لە ئەنەسی کوڕی مالیک کرد (خوا لێی ڕازی بێ): أَكَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي فِي نَعْلَيْهِ؟ قَالَ: «نَعَمْ»[3]، واتە: ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ بەنەعلەکانیەوە نوێژی ئەکرد؟ وتی: بەڵێ .

هەروەها لە (سوننەنی ئەبی داود)دا هاتووە، فەرموودەی شەدادی کوڕی ئەوس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « خالِفُوا اليهودَ فإنَّهم لا يُصَلُّون فِي نِعالِهِم ولا خِفافِهِم»[4]، واتە:" پێچەوانەی جولەکە بکەن، چونکە

---

(١) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٠٩٧)، باب: استحباب لبس النعال في اليمنى أولاً، والخلع من اليسرى أولاً، وكراهة المشي في النعل واحدة.

* کە پێشەوا ئەلبانی بە صەحیحی دانابێ پێویست بەگومان ناکات ـ وەرگێڕ ـ.

(٢) انظر: السلسلة الصحيحة: ١/٦١٦، رقم:٣٤٨، وصححه الألباني.

(٣) رواه البخاري برقم (٣٨٦)، ومسلم برقم (٥٥٥).

(٤) رواه أبو داود برقم (٦٥٢).

ئەوان بە نەعل و خوفەکانیانەوە نوێژ ناکەن (واتە: ئێوە بەنەعل و خوفەکانتانەوە نوێژ بکەن)".

شتێک کە پێویستە ئاگاداری بین ئەوەیە کە: هەر سوننەتێک ئەگەر جێ بەجێکردنی سەربکێشێ بۆ خراپەیەک، ئەوا لەو کاتەدا دوورخستنەوەی ئەو خراپەیە پێش ئەخرێت، لەوانە ڕەنگە هەندێ لەو کەسانەی کە سوورن لەسەر جێ بەجێکردنی سوننەت، بێن ئەم سوننەتە لە مزگەوتەکانی ئەم سەردەمە جێ بەجێ بکەن، کە ڕەنگە بەهۆیەوە کێشە و ناکۆکی دروست ببێت، و دەنگی ناڕەزایی لە هەندێ کەسی ڕەشۆکیەوە بەرز ببێتەوە کە شارەزانین و نازانن ئەوە سوننەتە - کە ئەم کارە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ئەگۆڕێت بەگوێرەی دوورخستنەوەی خراپە و بەدەست هێنانی چاکە - جا لەو کاتەدا کە بارودۆخەکە بەو جۆرەبێت ئەم سوننەتە جێ بەجێ ناکرێت، لەبەر بوونی خراپەی ناکۆکی و ناڕەزایی دەربڕین، کە لەگەڵ واتا و مەبەستی تەبایی و کۆمەڵ بوونداناگونجێ و پێچەوانەیەتی.

هەروەها ئەگەر دڵنیاش بوو لە خراپە ئەوا پێویستە ئاگاداری شتێکی تر بین، ئەویش بریتیە لە: پیس بوونی فەرشی مزگەوتەکان بەو پیسیانەی کە بەنەعلەکانەوە نوساون، جا ئەو کاتە بەجوانی دڵنیا ئەبێ لە هۆکاری جێ بەجێ نەکردنی ئەم سوننەتە ئەگەر ڕووبدات، چونکە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ دەقی زۆر هاتووە کە هانی موسڵمانان ئەدا لەسەر پاڕێزگاری کردنی مزگەوتەکان، و بەپاک ڕاگرتنی، و لابردنی ئازار و ناڕەحەتیەکانی ناوی و تف ڕۆکردن تیایدا گوناح و تاوانە، هەروەها هەموو ئازار و ناڕەحەتیەک لە مزگەوتدا لە کردەوە خراپەکانە.

جا لەوەی کە لە پێشەوە ڕابورد نابێ وا لێی حاڵی بین کە بێین کەمتەرخەمی بنوێنین لەم سوننەتەدا، و وازبهێنین لە جێ بەجێکردنی- پەنا بەخوا ئەگرم لە شتی وا - و ئەوەی بە پێنوسەکەمدا هاتووە لە دووتوێی ئەم پەڕانەدا، مەگەر هەر لە پێناوی دەرخستن و خستنەڕووی سوننەت، و هاندان بۆی، و دەست پێوەگرتنی نیە؟، موسڵمان بۆی هەیە ئەم سوننەتە لە زۆر شوێندا جێ بەجێ بکات: وەک ئەوەی بێت لە ماڵەوە بە نەعلەکانیەوە نوێژ بکات، یان کاتێ ئەچێت بۆ

گەشت و سەیران، یان لە سەفەردا، یان لە مزگەوتێکدا کە لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم سوننەتە ڕاهاتبێتن، یاخود هاوشێوەی ئەم شوێنانە کە ئەتوانرێت ئەم سوننەتەی تیا جێ بەجێ بکرێت.

لە خوای بەرز و بڵند ئەپاڕێمەوە و داوای لێ ئەکەم کە لەوانەمان دابنێت کە لەسەر سوننەت ئەژین و هەر لەسەر ئەوەش ئەمرن، و بشمانپارێزێت لە هەموو بیدعە و فیتنە و ئاژاوەیەک، چ ئەوەی دیار و ئاشکرایە، چ ئەوەش کە پەنهان و شاراوەیە، کە خۆی نزا و پاڕانەوەکانمان ئەبیستێت، و بەتواناشە لە گیراکردن و وەڵامدانەوەیدا، و هەر خۆشی بەسۆز و بەزەیی و بەخشندەیە، جا داواکارم لە بەخشندەییە فراوان و مەزنەکەی خۆی ببەخشێت بە ئێمە و دایک و باوکمان و تێکڕای موسڵمانان بەگشتی.

* سوننەت وایە پۆشاکی سپی لەبەر بکرێت:

مەبەست لەمەدا ئەوەیە پۆشاکی ڕەنگ سپی لەبەر بکرێت، لەبەر فەرموودەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ البَيَاضَ، فإنَّها مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُم، وكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُم»[1]، واتە:" پۆشاکی سپی لەبەر بکەن، چونکە لە چاکترین جۆری پۆشاکتانە، مردووەکانیشتانی پێ کفن بکەن ".

بنەڕەتیش لەهەر فەرمانکردن و قەدەغەکردنێک پەیامە بۆ تێکڕای ئوممەت بە پیاوان و ژنانیانەوە و هەردوو ڕەگەزەکە ئەگرێتەوە، هەتا بەڵگەیەک دێت لەسەر ئەوەی کە ئایا تایبەتە بە پیاوانەوە یان بەژنانەوە، لەو فەرموودەیەی کە هێنامان هیچ تایبەت کردنێکی تیانییە بۆ هیچ یەکێکیان، لەوانەیە بڵێن جل و بەرگی سپی تەنیا بۆ پیاوانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە داب و نەریتی ئافرەتانیان ئەوە نەبێت کە پۆشاکی سپی لەبەر بکەن، بۆ ئەوەی جل و بەرگی ژنان لە هی پیاوان نەچێت،

---

(١) رواه أحمد برقم (٢٢١٩)، وأبو داود برقم (٣٨٧٨)، والترمذي برقم (٩٩٤)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ١/٢٦٧).

بەڵام ئەگەر هۆکارەکە نەما ئەوا بنەڕەتی پەیامەکە بۆ هەموانە بێ جیاوازی، بۆیە ئافرەتیش وەک پیاو هەمان فەرمانیان ئاڕاستە کراوە و هەمان سوننەت ئەیانگرێتەوە ئەگەر کارێکی قەدەغەکراوی لێ نەکەوێتەوە.

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" سپی بوونی پۆشاکەکە گشتگیرە هەموو پارچەکانی ئەگرێتەوە هەر لە: کراس و پانتۆڵ و پەشتەماڵ و شەروالّەوە، کە پێویستە هەموویان سپی بێت، چونکە لە هەموو ڕەنگەکانی تر چاکترە، بەڵام ئەگەر کەسێک هات ڕەنگێکی تری لەبەرکرد قەیناکە، بەمەرجێ لەو ڕەنگانە نەبێت کە تایبەتە بە ئافرەتانەوە و ئەوان ئەیپۆشن [1].

* سوننەت وایە بۆنی خۆش بەکاربهێنرێت:

بێگومان بەکارهێنانی بۆنی خۆش سوننەتە، لە چەند شوێنێکدا جەختی لەسەرکراوە - کە بەپشتیوانی خوا لە دواییدا هەندێکیان باس ئەکەین-.

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر سوننەت بوونی بۆنی خۆش:

١- فەرموودەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « حُبِّبَ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا النِّسَاءُ وَالطِّيبُ، وَجُعِلَ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ »[2]، واتە:" لە دنیادا دوو شتم لەلا خۆشەویست کراوە ژن و بۆنی خۆش، سۆمای چاوەکانیشم لە نوێژدایە ".

بەڵام ئەم بێژەیە لاوازە: « حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُم ثَلاثٌ »، واتە:" لە دنیاکەتاندا سێ شتم لەلا خۆشەویست کراوە ".

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە (بەڕەحمەت بێ) لەنامەیەکیدا کە بۆ هاوڕێکانی ناردووە، کاتێ لە گرتوخانەی ئەسکەندەریە بووە وتوویەتی:" پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « حُبِّبَ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا النِّسَاءُ وَالطِّيبُ»، پاشان فەرموویەتی: « وَجُعِلَ قُرَّةُ عَيْنِي

---

(١) شرح رياض الصالحين: ٢/١٠٧٨.

(٢) رواه أحمد برقم (١٢٢٩٣)، والنسائي برقم (٣٩٤٠)، وقال الألباني في (صحيح النسائي):حسن صحيح.

فِي الصَّلَاةِ » و نەیفەرموو: « حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُم ثَلَاثٌ » وەک هەندێ کەس بەرزی ئەکەنەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو بەو جۆرەیە کە پێشەوا ئەحمەد و نەسائی گێڕاویانەتەوە، بێگومان ئەوەی کە لە دنیادا لەلای خۆشەویست کراوە ژن و بۆنی خۆشە، بەڵام سۆمای چاوەکان، ئەوە بەهاتنەدی داواکاریەکە دێتەدی کە ئەویش لەنوێژدایە (واتە: بە نوێژکردنەکە دەستی ئەکەوێت و جێ بەجێ ئەبێت) "[1].

ب- هەروەها لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: «مَا مَسِسْتُ حَرِيرًا وَلاَ دِيبَاجًا أَلْيَنَ مِنْ كَفِّ النَّبِيِّ ﷺ ، وَلاَ شَمِمْتُ رِيحًا قَطُّ أَوْ عَرْفًا قَطُّ أَطْيَبَ مِنْ رِيحِ أَوْ عَرْفِ النَّبِيِّ ﷺ »[2]، واتە:" هەرگیز دەستم لە هیچ ئاوریشمێک نەداوە کە لەناوڵەپی پێغەمبەر ﷺ نەرمتر بووبێت، هەرگیز هیچ شتێکی بۆنخۆشم بۆن نەکردووە کە لە بۆنی پێغەمبەر ﷺ خۆشتر بووبێت ".

ج- لە نافیعەوە گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: « كَانَ ابْنُ عُمَرَ رضي الله عنهما إِذَا اسْتَجْمَرَ اسْتَجْمَرَ بِالأَلُوَّةِ غَيْرِ مُطَرَّاةٍ وَبِكَافُورٍ يَطْرَحُهُ مَعَ الأَلُوَّةِ ثُمَّ قَالَ هَكَذَا كَانَ يَسْتَجْمِرُ رَسُولُ اللهِ ﷺ »[3]، واتە:" ئیبنو عومەر(خوا لێیان ڕازی بێ) کاتێ خۆی بۆن خۆش ئەکرد، خۆی بەداری عودێک بۆنخۆش ئەکرد کە هیچی تری تێکەڵ نەبوو، جاری وابووە کافوری تێکەڵی داری عود ئەکرد و خۆی پێ بۆنخۆش ئەکرد، ئینجا ئەیووت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا خۆی بۆنخۆش ئەکرد ".

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" (الإستجمار) لێرەدا بەواتای بەکارهێنانی بۆنی خۆش، و خۆ بۆنخۆشکردن دێت، کە لە وشەی (المجمر) وەرگیراوە کە بریتییە لە بخورد، بەڵام وشەی (الألوة) ئەسمەعی و ئەبو عوبەید، و سەرجەم زانایانی زمانەوان و وشە نامۆکان وتویانە: بریتییە لە داری عود کە خۆی پێ بۆنخۆش ئەکرێت...، کە وتوویەتی: (غَيْرِ مُطَرَّاةٍ)؛ واتە: هیچ بۆنێکی تری تێکەڵ

---

(١) مجموع الفتاوى: ٣١/٢٨.

(٢) رواه البخاري برقم (٣٥٦١)، ومسلم برقم (٢٣٣٠).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٢٥٤).

نەبێت، جا لەم فەرموودەیەدا چاکێتی بەکارهێنانی بۆنی خۆش هاتووە بۆ پیاوان، هەروەک چۆن بۆ ئافرەتانیش کارێکی چاک و موستەحەبە، بەڵام ئەو بۆنە بۆ پیاوان بەکارهێنانی باشە کە تەنیا بۆنی هەبێت و ڕەنگەکەی شاراوە بێت (بێ ڕەنگ بێ)، بەڵام ئافرەت کاتێ ویستی بچێت بۆ مزگەوت، یان هەر شوێنێکی تر، ئەوا کارێکی بێزراو و ناپەسەندە کە بەهەر شتێک خۆی بۆنخۆش بکات کە بۆنی هەبێت، و بۆ پیاوان چاکێتیەکەی جەختی لێکراوە لە ڕۆژی هەینی و ڕۆژی جەژن، و لەکاتی ئامادە بوونی لە شوێنی کۆبوونەوەی موسڵمانان، و کۆڕەکانی زیکر و زانست و زانیاری، و لەکاتێکدا ویستی تێکەڵی خێزانی بێت، وە هاوشێوەی ئەوانە - هەر خواش زاناترە -[1].

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بووە بۆنی ناخۆشی لێ بێت، لەلای بوخاری هاتووە لە فەرموودەیەکی درێژدا، لە خاتو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « وَكَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَشْتَدُّ عَلَيْهِ أَنْ يُوجَدَ مِنْهُ الرِّيحُ »[2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لەلای قورس و گران بووە و پێی ناخۆش بووە بۆنی ناخۆشی لێ بێت ".

* خۆشترین بۆن: بۆنی میسکە:

ئەمەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە لە (صەحیحی موسلیم)دا هاتووە، لە فەرموودەی ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ ذَكَرَ امْرَأَةً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ حَشَتْ خَاتَمَهَا مِسْكًا وَالْمِسْكُ أَطْيَبُ الطِّيبِ »[3]، واتە: " پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئافرەتێکی لە نەوەی ئیسرائیل کرد، کە نقێمی مستیلەکەی پڕ کردبوو لە میسک، میسکیش خۆشترین بۆنە ".

---

(١) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٢٥٤)، باب: استعمال المسك وأنه طيب الطيب وكراهة رد الريحان والطيب.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٩٧٢).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٢٥٢).

ئەبو داود بەم بێژەیە هێناویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبەتی: « أَطْيَبُ طِيبُكُم المِسْكُ »[١]، واتە:" چاکترین بۆنی خۆشتان میسکە ".

جا واباشە بۆ موسڵمان کە بەچاکترین بۆن کە لای دەست ئەکەوێت خۆی بۆنخۆش بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ وای ئەکرد، لەکاتی ئیحرام بەستندا بەچاکترین بۆن کە لای دەست ئەکەوت خۆی بۆنخۆش ئەکرد، لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: «كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُحْرِمَ يَتَطَيَّبُ بِأَطْيَبِ مَا يَجِدُ »[٢]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ بیویستایە ئیحرام بپۆشێت، بە چاکترین بۆن خۆی بۆنخۆش ئەکرد کە لای دەست ئەکەوت ".

کارێکی بێزراوە بۆنی خۆش ڕەت بکرێتەوە: بەڵگەش لەسەر ئەمە:

١- فەرموودەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ لاَ يَرُدُّ الطِّيبَ »[٣]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ هەر دیارییەکی بۆنخۆشی پێشکەش بکرایە نەیئەگێڕایەوە".

ب- فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ عُرِضَ عَلَيْهِ طِيبٌ، فَلَا يَرُدَّهُ، فَإِنَّهُ طَيِّبُ الرِّيحِ خَفِيفُ المَحْمَلِ »[٤]، واتە:" هەرکەسێ بۆنی خۆشی پێدرا با نەیگێڕێتەوە، چونکە بۆنی خۆشە و هەڵگرتنی سووک و ئاسانە".

هەروەها لەلای پێشەوا موسلیم هاتووە لە فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ عُرِضَ عَلَيْهِ

---

(١) رواه أبو داود برقم (٣١٥٨)، وصححه الألباني في (صحيح أبي داود:٣/٢٠٠).

(٢) رواه مسلم برقم (١١٩٠).

(٣) رواه البخاري برقم (٢٥٨٢).

(٤) رواه أبو داود برقم (٤١٧٢)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:٢/١٠٩٢).

رَيْحَانٌ فَلاَ يَرُدُّهُ فَإِنَّهُ خَفِيفُ الْمَحْمِلِ طَيِّبُ الرِّيحِ »[١]، واتە:" هەرکەسێ ڕیحانەی پێشکەش کرا با نەیگێڕێتەوە، چونک هەڵگرتنی سووک و ئاسانە و بۆنیشی خۆشە".

ڕیحانە: هەموو ڕوەکێک ئەگرێتەوە کە بۆنی خۆش بێت، ڕەنگە مەبەست لە واتای ڕیحانەی فەرمووەکە: هەموو جۆرە بۆنێکی خۆش بێت، وە لەوانەیە لە وشەی (الرائحة) واتە: بۆن وەرگیرابێت، وەک پێشەوا مونزیری وتوویەتی.

ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" من ئەڵێم: دەرچەی فەرموودەکان یەک شتە، هەموو ئەوانەی بە بێژەی (الطِّيبَ) گێڕاویانەتەوە ژمارەیان زۆرتر و هێزی لەبەرکردنیان زۆر زیاترە لەوانەی بە بێژەی (رَيْحَان) گێڕاویانەتەوە، بۆیە گێڕانەوەکانی ئەوان لەپێشترە، وەک ئەوەی ئەوان کە بەبێژەی (رَيْحَان) گێڕاویانەتەوە ویستوویانە واتاکەی گشتگیر بکەن هەتا بۆنی خۆش تایبەت نەکرێ بە بۆنە دروستکراوەکان بەڵکو هەموو گیایەکی بۆنخۆشیش بگرێتەوە..."، (ابن العربي) وتوویەتی:بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنی خۆشی نە ئەگێڕایەوە چونکە حەزی لێی بووە، ئەو لە خەڵکی زیاتر پێویستی بە بۆنی خۆش بوو، چونکە ئەو ڕاز و نیازی (موناجاتی) لەگەڵ کەسێکدا ئەکرد کە ئێمە ڕاز و نیازی لەگەڵدا ناکەین (کە خوای باڵادەستە)[٢].

خاوەنی پەرتوکی (عون المعبود) وتوویەتی:" ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گێڕانەوەی بۆنی خۆش پێچەوانەی سوننەتە، چونکە بەگوێرەی خودی بۆنەکە قەبارەی نییە و سوکەڵەیە و قورس نییە لەسەر شانی هەڵگرەکەی، بەگوێرەی ڕانواندنی بۆنێکی خۆشە و ئەوەشی پێی ئەدرێت تووشی ئازار و ناڕەحەتی نابێت، بۆیە هیچ بیانویەک نییە کە بگێڕێتەوە و ڕەت بکرێتەوە، چونکە هەر شتێک سیفەتی وابێت ئەچێتە هەموو دڵێکەوە و هەموو دەروونێکیش خوازیاریەتی"[٣].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٢٥٣).

(٢) الفتح: حديث (٥٩٢٩)، باب: من لم يرد الطيب.

(٣) انظر: عون المعبود شرح سنن أبي داود، حديث (٤١٧٢)، باب: في رد الطيب.

* لەچەند شوێنێکدا جەختکراوە لەسەر بەکارهێنانی بۆنی خۆش:

١- ڕۆژی هەینی:

لەبەر فەرمووەی ئەبی سەعید (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «الغُسْلُ يَوْمَ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ، وَأَنْ يَسْتَنَّ، وَأَنْ يَمَسَّ طِيبًا إِنْ وَجَدَ»(١)، واتە:" خۆشتنی ڕۆژی هەینی واجبە لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ و سیواک بکات، و بۆنی خۆش لەخۆی بدات ئەگەر هەیبوو "، کە ئەمەش پێنجەم شوێنە لەو شوێنانەی کە جەخت لەسەر بەکارهێنانی سیواک کراوەتەوە تیایدا.

لە لای موسلیم بە بێژەی: « وَيَمَسُّ مِنَ الطِّيبِ مَا قَدَرَ عَلَيْهِ »(٢)، واتە:" چەندێ بتوانێ بۆنی خۆش لەخۆی بدات ".

هەروەها بەم بێژەیەش هاتووە: « وَلَوْ مِنْ طِيبِ الْمَرْأَةِ »، واتە:" ئەگەر لە بۆنی ئافرەتانیش بێت"؛ واتە: ئەگەر لە بۆنی خێزانەکەشی بێت، لەم دوو بێژەیەدا زیادەیەکی جەخت لێکراو هاتووە لەسەر چاکێتی بەکارهێنانی بۆنی خۆش بۆ ڕۆژی هەینی، هەروەها هەندێ لە زانایان بە کارێکی باشیان زانیوە کە لە دوو جەژنەکانیشدا بەکاربهێنرێت، بە بەراورد بەڕۆژی هەینی، بەڵام وەک هێنانی بەڵگە سەبارەت بەمە، ئەوا من هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروستم لەیاد نییە کە لەم بارەیەوە هاتبێت- هەر خواش زاناترە- بەڵام ئەمیش بەشێکە لە تێکڕای ئەو خۆ جوانکردنانەی کە موسڵمانانی بۆ هاندراوە لەڕۆژی جەژندا.

---

(١) رواه البخاري برقم (٨٨٠)، ومسلم برقم (٨٤٦).

(٢) رواه مسلم برقم (٨٤٦).

٢- کاتێ ئافرەت لە سوڕی مانگانە پاک ئەبێتەوە:

لەبەر فەرموودەی خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ امْرَأَةً سَأَلَتِ النَّبِيَّ ﷺ عَنْ غُسْلِهَا مِنَ المَحِيضِ، فَأَمَرَهَا كَيْفَ تَغْتَسِلُ، قَالَ: «خُذِي فِرْصَةً مِنْ مَسْكٍ، فَتَطَهَّرِي بِهَا» قَالَتْ: كَيْفَ أَتَطَهَّرُ؟ قَالَ: «تَطَهَّرِي بِهَا»، قَالَتْ: كَيْفَ؟، قَالَ: «سُبْحَانَ اللهِ، تَطَهَّرِي» فَاجْتَبَذْتُهَا إِلَيَّ، فَقُلْتُ: تَتَبَّعِي بِهَا أَثَرَ الدَّمِ [1]، واتە: ئافرەتێک پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد سەبارەت بە خۆشتنی لە سوڕی مانگانە، فەرمانی پێکرد کەوا چۆن خۆی بشوات، فەرمووی:" پارچە لۆکەیەکی میسکاوی هەڵبگرە و خۆتی پێ پاک بکەرەوە"، ئافرەتەکە وتی: چۆن خۆمی پێ پاک بکەمەوە؟ فەرمووی:" خۆتی پێ پاک بکەرەوە"، ئافرەتەکە وتی:چۆن؟، فەرمووی:" سبحان الله، خۆتی پێ پاک بکەرەوە"، عائیشە ئەڵێ: منیش ڕامکێشایە لای خۆمەوە، و پێم وت: شوێن و شوێنەواری خوێنەکەی پێ پاک بکەرەوە.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارێکی باش و موستەحەبە کە ئافرەتی حەیزدار، و زەیستانیش دوای پاک بوونەوەیان خۆیان بۆنخۆش بکەن، ئەویش بەوەی بۆنە خۆشەکە بهێنێ بەو شوێنەی لەشیدا کە خوێنی بەرکەوتووە و تەنیا تایبەت نیە بە شەرمگایەوە کە بۆنە خۆشەکەی پیا بهێنێ، کە ئەمە ڕای کۆمەڵێ زانایە، لەبەر ئەوەی واتای بێژەی (لەفزی) فەرموودەکە ئەوە ئەگەیەنێت کە پارچە لۆکەکە بهێنرێت بە شوێنەواری خوێنەکەدا ئیتر بەر هەر شوێنێک کەوتبێت، واچاکە لەمەدا میسک بەکاربهێنرێت.

*** کەڵکێک:**

لە فەرموودەکەی پێشەوە ئەوە وەرئەگیرێت، وە لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ کە فەرمووی: «سُبْحَانَ اللهِ، تَطَهَّرِي» ، کە دروستە تەسبیحاتی خوا بکرێت لەکاتی سەرسوڕماندا، وشەی (سُبْحَانَ اللهِ) بۆ سەرسوڕمان و نکوڵی کردن لە شتێک

(١) رواه البخاري برقم (٣١٤) واللفظ له، ومسلم برقم (٨٤٦).

بەکاردێت، خودی پێغەمبەر ﷺ خۆی کاتێک سەرسام بوایە بەشتێک ئەیفەرموو: (سُبْحَانَ اللهِ).

لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبی هورەیرەی (خوا لێی ڕازی بێ) فەرمووە کاتێ کە لەشی گران بووە، و پێی ناخۆش بووە بەو حاڵەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دابنیشێت هەتا خۆی ئەشوات، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموو: « سُبْحَانَ اللهِ إِنَّ الْمُؤْمِنَ لاَ يَنْجُسُ »(١)، واتە: " پاک و بێگەردی بۆ خوا بەڕاستی باوەڕدار پیس نابێت ".

لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، کاتێ دوو پیاو بەلای پێغەمبەردا ﷺ تێپەڕ ئەبن، کە ئافرەتێکی لەگەڵدا ئەبێت، پێیان ئەفەرموو: «عَلَى رِسْلِكُمَا، إِنَّمَا هِيَ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ»، فَقَالاَ: سُبْحَانَ اللهِ يَا رَسُولَ اللهِ (٢)، واتە:" لەسەر خۆبن، ئەمە سەفیەی کچی حوێی خێزانمە"، ئەوانیش وتیان: پاک و بێگەردی بۆ خوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (گومانی خراپ بەتۆ ببەین)!.

هەروەها (اللهُ أَكْبَرُ) کردنیش بۆ سورسوڕمان بەکاردێت، لە بوخاری و موسلیمدا هاتووەکە پێشەوا عومەر(خوا لێی ڕازی بێ) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە: قُلْتُ لِلنَّبِيِّ ﷺ: طَلَّقْتَ نِسَاءَكَ؟ قَالَ: «لاَ» قُلْتُ: اللهُ أَكْبَرُ (٣)، واتە:" بە پێغەمبەری خوام ﷺ وت: ئایا خێزانەکانت تەڵاق داوە؟ فەرمووی:" نەخێر "، منیش وتم: اللهُ أَكْبَرُ.

هەروەها ئەو فەرموودەیەی لەلای پێشەوا تیرمزی هاتووە و بە صەحیحی داناوە، ئەویش کاتێ بە پێغەمبەری خوایان ﷺ وت: يَا رَسُولَ اللهِ، اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٨٣)، ومسلم برقم (٣٧١).

(٢) رواه البخاري برقم (٢٠٣٥)، ومسلم برقم (٢١٧٥).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٢١٨)، ومسلم برقم (١٤٧٩).

كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَقَالَ رَسُولَ اللهِ ﷺ: « اللهُ أَكْبَرُ، إِنَّهَا السُّنَنُ »[1]، واتە:" ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، درەختێکمان بۆ دیاری بکە تا چەکەکانمانی پیادا هەڵواسین وەک چۆن هاوەڵگەران هەیانە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:" اللَّهُ أَكْبَرُ، بەڕاستی ئەمە شوێنکەوتنی ڕێبازی گەلانی پێشووە ".

جا بۆیە (اللهُ أَكْبَر) کردن، و (سُبْحَانَ اللهِ) کردن کارێکی دروستن کە لەکاتی سەرسوڕماندا بووترێن، و هەندێ لە زانایان پێیان باش نەبووە (اللهُ أَكْبَر) بکرێت لەکاتی سەرسوڕماندا، کە ڕایەکی زاڵ و دیار نییە، پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا بەشێکی داناوە بەسەردێڕی:[بەشی (اللهُ أَكْبَر) کردن، و (سُبْحَانَ اللهِ)کردن لەکاتی سەسوڕماندا]، بەهاوشێوەی ئەو پێشەوا نەوەوی لە پەرتوکی (الأذكار)دا وای کردووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

٣- پێش ئیحرام بەستن:

لەبەر فەرموودەی خاتو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «طَيَّبْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ لِحِرْمِهِ حِينَ أَحْرَمَ، وَلِحِلِّهِ قَبْلَ أَنْ يَطُوفَ بِالبَيْتِ»[2]، واتە:" بۆنی خۆشمدا لە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئیحرام بەستن، دوای ئەوەش کە ئیحرامی شکاند، پێش ئەوەی بەدەوری کەعبەدا بسوڕێتەوە "، لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە کارێکی باش و موستەحەبە لەکاتی پۆشینی ئیحرام بۆ حەج، یان عومرەکردن، بۆنی خۆش لەخۆت بدەیت، هەروەها پێش تەوافی ئیفازەش بۆ یەکێک کە ئیحرامی یەکەمی شکاندبێت.

---

(١) رواه الترمذي برقم (٢١٨٠)، وصححه، والطبراني في (المعجم الكبير: ٣٢٩١) واللفظ له.

(٢) رواه البخاري برقم (١٥٣٩)، ومسلم برقم (١١٨٩) واللفظ له.

٤- بۆنی خۆشدان لە مردوو:

لەبەر فەرمودەی ئوم عەطییە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: دَخَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ حِينَ تُوُفِّيَتِ ابْنَتُهُ، فَقَالَ: «اغْسِلْنَهَا ثَلاَثًا، أَوْ خَمْسًا، أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ، بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُورًا - أَوْ شَيْئًا مِنْ كَافُورٍ - فَإِذَا فَرَغْتُنَّ فَآذِنَّنِي»، فَلَمَّا فَرَغْنَا آذَنَّاهُ، فَأَعْطَانَا حِقْوَهُ، فَقَالَ: «أَشْعِرْنَهَا إِيَّاهُ»[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ژوورەوە بۆلامان کاتێ کچەکەی کۆچی دوایی کرد، فەرمووی:" سێ جار، یان پێنج جار، یان لەوە زیاتر بیشۆن ئەگەر پێتان باش بوو، بە ئاو و مۆرد (سیدر) بیشۆن، کۆتا جاری با بەکافور بێت- یان کەمێک کافور بێت- کاتێ لێ بوونەوە ئاگادارم بکەنەوە "، جا کاتێ لێ بووینەوە ئاگادارمان کردەوە، پەشتەماڵەکەی خۆی داینێ، و فەرمووی:" لەشی پێ داپۆشن "، (کافور): بریتییە لە تێکەڵەیەکی بۆنی خۆش .

هەندێ لە زانایان بڕگەیەکی تریان خستۆتە سەر بابەتی خۆ بۆنخۆش کردن - وەک لە پێشەوە هێنامان لە وتەی پێشەوا نەوەوی- ئەویش بۆنخۆشکردنی ژنە بۆ مێردەکەی، هەروەها پیاویش بۆ خێزانەکەی، چونکە ئەمە بریتییە لە مامەڵەی جوان و هاوەڵێتی کردنی چاک، و خۆشی بینین لە یەکتری، هەروەها لەوشوێنانەی کە خەڵکی تیا کۆئەبنەوە -؛ وەک کۆڕی زانست و زانیاری، و جەژنەکان، و هاوشێوەی ئەوانە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژی هەینیدا، لە پێشەوە باسی ئەو شوێنانەمان کرد کە بەڵگەیان لەسەر هاتبوو- کە هەر خواش زاناترە- .

* جگە لەوانەی باسکران لەم حاڵەتانەدا نابێ بۆنی خۆش بەکاربهێنرێت:

ئەوەی ئیحرامی پۆشیوە جا پیاو بێت یان ژن، چونکە ئەوکەسەی عەمرە یان حەج ئەکات، دوای ئەوەی ئەچێتە ناو ئەم پەرستشەوە بەکارهێنانی بۆنی خۆشی لەسەر یاساغ ئەبێت، تەنانەت دوای مردنیشی ئەگەر بە ئیحرام پۆشیەوە

---

(١) رواه البخاري برقم (١٢٥٣)، ومسلم برقم (٩٣٩).

بمرێت، ئەمەش لەبەر فەرمووەی ئیبنو عەباس (خوا لێیان ڕازی بێ) کە هاتووە سەبارەت بەو پیاوەی هوشترەکەی بەرێدایەوە و مرد، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیەوە فەرمووی: «ولا تَمَسُّوهُ طِيباً»[1]، واتە:" بۆنی خۆشی لێ مەدەن ".

هەروەها فەرمووەی ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لەبارەی ئەو پیاوەوە هاتووە کە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد دەربارەی پۆشاکی ئیحرام، پێغەمبەری خواش ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: « وَلَا تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيابِ شَيْئاً مَسَّهُ الزَّعفَرَانُ وَلَا الوَرْسُ»[2]، واتە:" پۆشاکێ لەبەر مەکەن کە زەعفەران و وەرسی بەرکەوتبێت ".

زەعفەران و وەرس لەو گیایە بۆنخۆشانە بوون کە بەکاریان ئەهێنا.

وە ئافرەتان زیاد لەوانە لە دوو شوێنی تردا ڕێگریان لێکراوە خۆیانی تیادا بۆنخۆش بکەن:

<u>یەکەم</u>: ئەگەر پرسەدار بێت بۆ مردنی مێردەکەی: ئەوا لەو کاتەدا بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژ، ڕێگری کراوە لەوەی خۆی بۆنخۆش بکات.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمووەی ئوم عەتیەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: «كُنَّا نُنْهَى أَنْ نُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلاَثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا، وَلاَ نَكْتَحِلَ وَلاَ نَتَطَيَّبَ وَلاَ نَلْبَسَ ثَوْبًا مَصْبُوغًا، إِلَّا ثَوْبَ عَصْبٍ، وَقَدْ رُخِّصَ لَنَا عِنْدَ الطُّهْرِ إِذَا اغْتَسَلَتْ إِحْدَانَا مِنْ مَحِيضِهَا فِي نُبْذَةٍ مِنْ كُسْتِ وأَظْفَارٍ»[3]، واتە:" ئێمە ڕێگریمان لێ ئەکرا کە لە سێ ڕۆژ زیاتر پرسە بگرین، مەگەر بۆ مێرد کە چوار مانگ و دەڕۆژ ڕێدراوە، لەو ماوەیەدا نابێ چاو بڕێژین و بۆنی خۆش لە خۆمان بدەین و جلی ڕەنگاو ڕەنگ بپۆشین، جگە لە پۆشاکی ئاسایی (کە لە پێشدا بەن و دەزوەکەی ڕەنگ کرابێ

---

(١) رواه البخاري برقم (١٢٦٧)، ومسلم برقم (١٢٠٦).

(٢) رواه البخاري برقم (١٨٣٨)، ومسلم برقم (١١٧٧).

(٣) رواه البخاري برقم (٣١٣)، ومسلم برقم (٩٣٨).

ئينجا چنرابێت)، مۆڵەتمان دراوە دواى پاک بوونەوە كاتێ يەكێكمان خۆى دەشت بۆ سوڕى مانگانە كەمێک (كُسْتِ أَظْفَارٍ) لە خۆمان بدەين".

(كُسْتِ وأَظْفَار) ياخود (قُسْط وأَظْفَارٍ) دوو جۆر بخوردى بۆنخۆشى بەناوبانگى وڵاتى يەمەنە.

<u>دووەم</u>: ئەگەر بەشوێنێكدا تێ پەڕێت پياوى بێگانەى لێبێت، ئەوا لەو كاتەدا ياساغە لێى بۆنى خۆش بەكاربهێنێ.

ئەوەى بەڵگەبێ لەسەرى: فەرموودەى ئەبى موسايە (خوا لێى ڕازى بێ) كە وتوويەتى: پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَت ، ثُمَّ مَرَّتْ عَلَى القَوْمِ، لِيَجِدُوا رِيحَهَا، فَهِيَ زَانِيَة »[1]، واتە:" هەر ئافرەتێک بۆنى خۆش لە خۆى بدات، پاشان بەلاى كۆمەڵێ خەڵكدا تێپەڕێ بۆ ئەوەى بۆنى بكەن، ئەوا زيناكارە ".

فەرموودەى خاتو زەينەبى خێزانى عەبدوڵڵاى كوڕى مەسعود (خوا لێى ڕازى بێ) كە وتوويەتى: پێغەمبەرى خوا ﷺ پێى فەرموون: «إِذَا شَهِدَتْ إِحْدَاكُنَّ المَسجِدَ فَلَا تَمَسَّ طِيباً»[2]، واتە:" ئەگەر هەريەكێكتان ئامادەى مزگەوت بوو، با بۆن لەخۆى نەدا ".

هەروەها فەرموودەى ئەبى هورەيرە (خوا لێى ڕازى بێ) كە وتوويەتى: پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَتْ بَخُورًا فَلَا تَشْهَدْ مَعَنَا العِشَاءَ الآخِرَةَ»[3]، واتە:" هەر ئافرەتێک بخور (بۆنى خۆش) لە خۆى بدات، با لەگەڵماندا ئامادەى نوێژى عيشا نەبێت و نوێژمان لەگەڵدا نەكات ".

---

(١) رواه أحمد برقم (١٩٥٧٨)، وأبو داود برقم (٤١٧٣)، والترمذي برقم (٢٧٨٦)، والنسائي برقم (٥١٢٧)، وحسنه الألباني في (صحيح الجامع: ١/٥٢٥).

(٢) رواه مسلم برقم (٤٤٣).

(٣) رواه مسلم برقم (٤٤٤).

* سوننەت وایە لەکاتی قژ داهێنانەدا لەلای ڕاستەوە دەست پێبکرێت:

واتە لەکاتی قژ شانەکردندا سوننەت وایە لەپێشدا لای ڕاست دابهێنیت، ئینجا لای چەپ.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرمودەی خاتو عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ «يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ، فِي تَنَعُّلِهِ، وَتَرَجُّلِهِ، وَطُهُورِهِ، وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ»(١)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو لەلای ڕاستەوە دەست پێ بکات، لە نەعل لە پێکردن، و سەرداهێنان، و دەستنوێژگرتن، و لە هەموو کاروبارێکیدا ".

پێشتر باسمان لەوە کرد کە پێشخستنی ئەندامەکانی لای ڕاست لەکاتی دەستنوێژگرتندا سوننەتە، هەروەها لەکاتی خۆشتنیشدا سوننەت وایە لەلای ڕاستەوە دەست پێبکرێت، وەک باسمانکرد سوننەت وایە لەکاتی لەپێکردنی نەعل و پێڵاویشدا لای ڕاست پێش بخرێت، شوێنی سێ یەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات لەم فەرمودەیەدا بریتییە لە: سەرداهێنان، کە قژ شانەکردنە، و چەور کردنیشی ئەگرێتەوە - هەر خواش زاناترە -.

لە وتەکەی خاتو عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتبوو: (وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ) واتە: پێی خۆش بوو لە هەموو کاروبارێکیدا لای ڕاست پێش بخات- لەو کارانەی کە لە بواری ڕێزلێنانە، وەک زیاتر لە زانایەک بڕیاریان لەسەر ئەم بنچینەیە داوە و چەسپاندویانە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا لەلای پێشەوا بوخاری بەم بێژەیە هاتووە: « يُحِبُّ التَّيَمُّنَ مَا اسْتَطَاعَ »(٢)، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆش بوو لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات ئەوەندەی لەتوانایدا بوایە "، - واتە: ئەگەر هیچ ڕێگرێک ڕێی لێ نەگرتایە، کە ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیە بۆ زۆر سوورىوونی لەسەر پارێزگاریکردنی لە

---

(١) رواه البخاري برقم (١٦٨)، ومسلم برقم (٢٦٨).

(٢) رواه البخاري برقم (٥٣٨٠).

پێشخستنی لای ڕاست، بەڵام ئەوەی هەیە تایبەتە بەو کارانەی کە لەبواری ڕێزلێنانە، وەک ئەو سێ بوارەی کە لەفەرموودەکەدا هاتبوو، کە ئەویش بریتی بوون لە: نەعل لەپێکردن، و سەرداهێنان، و دەستنوێژگرتن، و جگە لەوانەش کە سوننەت بوون لەبارەیانەوە هاتووە وەک چوونە ناو مزگەوت، و سەر تاشین، و خواردن، و خواردنەوە، و جگە لەوانەش لەشتە پاک و چاکەکان، کە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتیان لەبارەوە نەهاتووە.

بەڵام ئەو کارانەی کە لە بابەتی ئازار و ناڕەحەتیە ئەوا لای چەپ پێش ئەخرێت، وەک تارات گرتن، و داکەندنی نەعل و پێڵاو، و چوونە ئاودەست و هاوشێوەی ئەوانە، کە ئەمەش بنچینەیەکە شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە، و پێشەوا نەوەوی باسیانکردووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی: " لای ڕاست شایستەترە بە پێشخستن بۆ شوێنە پاک و باشەکان، و شایستەترە بەدواخستن لە ئازار و ناڕەحەتی، و شوێنی پیسی "[1].

جا لەو ڕوانگەیەوە پێشخستن لەنێوان لای ڕاست و لای چەپ سێ جۆر و دۆخی هەیە:

جۆری یەکەم: ئەوەی کە لەبابەتی ڕێزلێنانە - واتە: لەبابەتە پاک و چاکەکانە - کە قاچی ڕاست یان دەستی ڕاستی تیا پێش ئەخرێت؛ وەک خواردن، و خواردنەوە، و جل لەبەرکردن، و دەستنوێژگرتن، و خۆشتن، و نەعل لەپێکردن، و سەرداهێنان، و سەرتاشین و هاوشێوە ئەمانە.

ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەمە: فەرموودەی عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لەپێشەوە ڕابورد.

جۆری دووەم: ئەوەی کە لە بابەتی ئازار و ناڕەحەتییە - واتە: ئەوەی کە لە شتە پیس و خراپەکانە - کە قاچی چەپ و دەستی چەپی تیا پێش ئەخرێت؛ وەک

---

(١) شرح العمدة: ١/١٣٩.

چوونە سەرئاو، و چوونەدەرەوە لە مزگەوت، و تارات گرتن، و داکەندنی نەعلەکان، و لوت سڕین و فنگ کردن، و هاوشێوەی ئەمانە.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمووەی ئەبی قەتادەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە فەرمووەیەکی هاوبەشە (بوخاری و موسلیم) گێڕاویانەتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێتی: «لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ، وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنَ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ»[1]، واتە:" با هیچ یەکێکتان بەدەستی ڕاستی زەکەری نەگرێت کاتێ میزئەکات، و لەسەرئاویشدا بەدەستی ڕاستی خۆی پاک نەکاتەوە ".

جۆری سێ یەم: ئەگەر ڕاڕا و دوو دڵ بوو لەنێوانیاندا- واتە: نە ڕێزداری تیا دیار بوو و نە ئازار و سوکێتی- لەم دۆخەدا بنەڕەت ئەوەی لای ڕاست پێش بخرێت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەری: فەرمووەی ئەم بەشەیە، فەرمووەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « كَانَ رَسُول الله ﷺ يُحِبُّ التَّيَمُّنَ فِي شَأْنِهِ كُلِّهِ»، واتە:"پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی ئەکرد لەلای ڕاستەوە دەست پێ بکات لە هەموو کاروبارێکیدا ".

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) لە ڕاڤەکردنی فەرمووەکەی عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێشەوە ڕابورد وتوویەتی:" ئەمە بنچینەیەکی بەردەوامە لە بەرنامە و شەرعی ئیسلامدا، ئەویش ئەوەیە لە بابەتی ڕێزداری و ڕێزلێنانداء وەک کراس و شەروآڵ و پانتۆڵ لەبەرکردن، و خوف و گۆرەوی لەپێکردن، و چوونە ناو مزگەوت، و سیواک کردن، و چاوڕشتن، و نینۆک و بەرسمێڵ کردن، و سەرداهێنان (واتە: قژ شانەکردن)، و هەڵکەندنی توکی بن باڵ، و سەر چاککردن، و سڵاودانەوە لە نوێژدا، و شتنی ئەندامەکانی دەستنوێژ، و هاتنە دەرەوە لە ئاودەست، و خواردن و خواردنەوە، و تەوقەکردن، و دەستدان لە بەردە ڕەشەکە، و جگە لەوانەش کە لەواتا و مەبەستیدا کارێکی چاکە لای ڕاست پێش بخرێت، بەڵام

---

(١) رواه البخاري برقم (١٥٤)، ومسلم برقم (٢٦٧).

ئەو کارانەی بەپێچەوانەی ئەمانەوەن وەک چوونە سەرئاو، و هاتنەدەرەوە لە مزگەوت، و لوت سڕین، و دەست بەئاو گەیاندن (تارات گرتن)، و جل و شەروالّ و خوف داکەندن، و هاوشێوەی ئەوانە وا باشە لای چەپ پێش بخرێت، هەموو ئەمانە لەبەر ڕێز و حورمەت گرتنی لای ڕاست، و بەڕێزیەتی- کە هەر خواش زاناترە- زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی پێش خستنی دەست و قاچی لای ڕاست بەسەر دەست و قاچی لای چەپ لەکاتی دەستنوێژ گرتندا سوننەتە، ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوا خێر و چاکەیەکی زۆر لەدەست خۆی ئەدات هەرچەندە دەستنوێژەکەی دروستە"[1].

* کەڵکێک:

هەرکەسێ ویستی سەری چاک بکات سوننەتە لەلای ڕاستەوە دەست پێبکات، ئینجا لای چەپ، کە بەداخەوە ئەم سوننەتە فەرامۆش کراوە و لەناوماندا نەماوە و چووەتە خانەی لەبیرچوونەوەوە، بەڵگەش لەسەری فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیکە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَتَى مِنًى فَأَتَى الْجَمْرَةَ فَرَمَاهَا ثُمَّ أَتَى مَنْزِلَهُ بِمِنًى وَنَحَرَ ثُمَّ قَالَ لِلْحَلاَّقِ « خُذْ ». وَأَشَارَ إِلَى جَانِبِهِ الأَيْمَنِ ثُمَّ الأَيْسَرِ ثُمَّ جَعَلَ يُعْطِيهِ النَّاسَ [2]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ مینا و هاتەلای جەمرە و بەردەکانی هاویشت، ئینجا هاتەوە بۆ شوێن و مەنزڵەکەی لە مینا و ئاژەڵی قوربانیەکەی سەربڕی، پاشان بە سەرتاشەکەی وت:" لێی بگرە ". ئاماژەی بۆلای ڕاستی سەری کرد ئینجا بۆلای چەپ، پاشان ئەیدا بەخەڵکی ".

---

(١) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٦٧)، باب: النهي عن الاستنجاء باليمين.

(٢) رواه مسلم برقم (١٣٠٥).

* ئەو شتانەی لەم بەشەدا ڕێگریان لێکراوە:

خۆچواندنی پیاوان بە ژنان، و ژنانیش بە پیاوانەوە، و خۆچواندن بە بێباوەڕان لە پۆشاک و هاوشێوەی ئەوانە، فیز و کەش و فش کردن بە پۆشاکەوە، و شەروااڵ و پانتۆڵ درێژکردن و بەردانەوەی بۆ پیاوان، دەرخستنی شەرمگا (عەورەت)، و ئاڵتون بەخۆوە کردن و پۆشینی بەرگی ئاوریشم بۆ پیاوان، مەگەر لەبەر بەهانەیەک نەبێت، هەروەها ڕیش تاشین، و بەرسمێڵ نەکردن، و ئافرەت بەشێوەیەکی ناشەرعی جوانی خۆی دەربخات، وە ئەبێ ئافرەت خۆی بەدوور بگرێت لە دەم و چاو هەڵگرتن، و خاڵ کوتان (تاتۆ کردن)، و دان شاش کردن بەمەبەستی جوانی: کە بریتییە لە دوورخستنەوەی نێوان دانەکان، و قژ لکاندن بەیەکەوە - باروکە - (لکاندنی قژی ژنێک بە قژی ژنێکی تردوە) (قژی دەستکرد)، و گۆڕینی بەدیهێنراوی خوای بەرز و بڵند، و موو بۆیاخ کردن بەڕەنگی ڕەش.

((سوننەتەکانی پژمین و باوێشک دان))

* سوننەتەکانی پژمین:

١/ سوننەتە بۆ کەسێک کە ئەپژمێت بڵێ: (الحمد لله):

ئەمەش لەبەر فەرمـــوودەی ئەبـــی هورەیرە (خـــوا لێـــی ڕازی بـــێ) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ: الحَمْدُ للهَّ، وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ: يَرْحَمُكَ اللهَّ، فَإِذَا قَالَ لَهُ: يَرْحَمُكَ اللهَّ، فَلْيَقُلْ: يَهْدِيكُمُ اللهُّ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ »[١]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان پژمی با بڵێ: (الحَمْدُ للهَّ- هەموو سوپاس و ستایشێک بۆ خوا)، با براکەی یان هاوەڵەکەی پێی بڵێ: (يَرْحَمُكَ اللهُّ - خوا ڕەحمت پێ بکات)، وە کاتێ پێیان وت: (يَرْحَمُكَ اللهَّ) با بڵێت: (يَهْدِيكُمُ اللهُّ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ- خوا ڕێنوێنیتان بکات و کاروبار و بارودۆخی ژیانتان بۆ باش بکات)،- ئەویش بەچاککردنی دڵ و دامەزراوی ئەندامەکان لەسەر گوێڕایەڵی خوای باڵادەست- ".

سوننەتە هەرجارەی بەجۆرێک سوپاسی خوا بکات وەک ئەوەی بڵێ: الحَمْدُ للهِ عَلَى كُلِّ حَال، ئەمەش لەبەر ئەو فەرمـوودەیەی ئەبـو داود گێـڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُم فَلْيَقُلْ: الحَمْدُ للهِ عَلَى كُلِّ حَال »[٢]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان پژمی با بڵێ: (الحَمْدُ للهِ عَلَى كُلِّ حَال- سوپاس و ستایش بۆ خوا لەسەر هەموو بارودۆخ و حاڵەتێک ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٢٢٤).

(٢) رواه أبو داود برقم (٥٠٣١)، وقال ابن القيم رَحِمَهُ اللهُ في (زاد المعاد:٤٣٦/٢) عن هذا الحديث: إسناده صحيح.

* کەڵکێک:

وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە ئەپژمێت فەرزی کیفایەیە، کە ئەمە ڕای جەماوەری زانایانە، جا ئەگەر هەندێ لە ئامادەبوان کردیان، ئەوا ئەرکەکە لەسەر ئەوانی تر نامێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت وازی لێ بهێنرێت، بۆئەوەی دەربچین لە بەڵگەهێنانەوەی ئەوانەی ڕایان وایە کە: فەرزی عەینە (واتە: ئەبێ هەموو کەسێک ئەنجامی بدات و وەڵامی کەسە پژمیوەکە بداتەوە).

بەڵگەشیان بە فەرمووەیەک هێناوەتەوە کە مایەی سەرنج و تێڕامانە، ئەویش ئەو فەرموودەیە کە بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی، لە فەرموودەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) بە مەرفوعی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «...فَإِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ وَحَمِدَ اللهَ، كَانَ حَقًّا عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ سَمِعَهُ أَنْ يَقُولَ لَهُ: يَرْحَمُكَ اللهُ...»[1]، واتە:"... ئەگەر یەکێکتان پژمی و سوپاس و ستایشی خوای کرد، ئەوا مافە لەسەر هەموو موسڵمانێک کە ئەیبیستێ ئەبێت وەڵامی بداتەوە و پێی بڵێ: خوا ڕەحمت پێ بکات...".

٢/ سوننەت وایە وەڵامی ئەو کەسە نەداتەوە کە ئەپژمێت و سوپاسی خوای بااڵدەست ناکات لەسەری:

ئەگەر کەسێک پژمی و سوپاسی خوای نەکرد ئەوا سوننەت نییە کە وەڵامی بدەینەوە، بەڵکو سوننەت وایە وەڵامی نەدەیتەوە، لەبەر فەرموودەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: عَطَسَ رَجُلَانِ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ ، فَشَمَّتَ أَحَدَهُمَا وَلَمْ يُشَمِّتِ الآخَرَ، فَقَالَ الرَّجُلُ: يَا رَسُولَ اللهِ، شَمَّتَّ هَذَا وَلَمْ تُشَمِّتْنِي، قَالَ: «إِنَّ هَذَا حَمِدَ اللهَ، وَلَمْ تَحْمَدِ اللهَ»[2]، واتە: دوو پیاو لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ پژمین، نزای بۆ یەکێکیان کرد و پێی فەرموو: خوا ڕەحمت پێ بکات بەڵام نزای بۆ ئەویتریان نەکرد، جا

(١) رواه البخاري برقم (٦٢٢٦).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٢٥).

ئەوەیان کە نزای بۆ نەکرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، نزات بۆ ئەو کرد و بۆ منت نەکرد، فەرمووی:" چونکە ئەو کە پژمی سوپاسی خوای کرد، بەڵام تۆ سوپاسی خوات نەکرد ".

ئەمەی باسکرا کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بوو، سەبارەت بە گفتاری پێغەمبەر ﷺ ئەو فەرموودەیە کە موسلیم گێڕاویەتیەوە، لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو: « إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتُوهُ فَإِنْ لَمْ يَحْمَدِ اللَّهَ فَلاَ تُشَمِّتُوهُ »[1]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان پژمی و سوپاسی خوای کرد، ئێوەش نزای بۆ بکەن و بڵێن خوا ڕەحمت پێ بکات، بەڵام ئەگەر سوپاسی خوای نەکرد نزای بۆمەکەن و وەڵامی مەدەنەوە ".

بەڵام ئەگەر شوێنەکە شوێنی فێرکردن بوو وەک ئەوەی باوکێک بیەوێ منداڵەکەی پەروەردە بکات، یان مامۆستایەک بیەوێ خوێندکارەکانی فێربکات، یان هاوشێوەی ئەوانە، ئەوا با پێی بڵێ: ڕۆڵە بڵێ: (الحَمْدُ لله)؛ بۆ ئەوەی لەسەر ئەم سوننەتە پەروەردەی بکات کە لەوانەیە هەر نەشی زانیبێت سوننەتە.

هەروەها ئەگەر یەکێک هەڵامەتی بوو ئەوا لە دوای سێ جار نزای بۆ ناکرێت، جا ئەگەر سێ جار پژمی نزای بۆ ئەکرێت، بەڵام دوای ئەوە نزای بۆ ناکرێت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو داود لە سوننەنەکەیدا هێناویەتی، لە ئەبی هوڕەیڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) بە مەوقوفی و مەرفوعی کە فەرموویەتی: «شَمِّتْ أَخَاكَ ثَلاثاً، فَمَا زَادَ فَهُوَ زُكَامٌ »[2]، واتە:" هەتا سێ جار نزا بۆ براکەت بکە، ئەگەر لە سێ جار زیاتر بوو ئەوە هەڵامەتە ".

ئەمە ئەو فەرموودەیە پشتگیری ئەکات کە موسلیم لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی، لە فەرموودەی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع (خوا لێی ڕازی بێ): سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ وَعَطَسَ رَجُلٌ عِنْدَهُ فَقَالَ لَهُ « يَرْحَمُكَ اللهُ ». ثُمَّ عَطَسَ أُخْرَى فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٩٩٢).

(٢) رواه أبو داود برقم (٥٠٣٤)، وقال الألباني في (صحيح أبي داود: ٣٠٨/٤): حسن موقوف ومرفوع.

«الرَّجُلُ مَزْكُومٌ»[1]، واتە: گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو کاتێ پیاوێک لەلای پژمی پێی فەرموو:" خوا ڕەحمت پێ بکا ". پاشان جارێکی تر پژمی، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو:" ئەم پیاوە هەڵامەتیەتی ".

لەوەی کە ڕابورد بۆمان دەرکەوت کەسی پژمیو لە دوو حاڵەتدا نزای بۆ ناکرێت:

١) ئەگەر سوپاسی خوای بڵند و باڵای نەکرد.

٢) ئەگەر لەسێ جار زیاتر پژمی، چونکە ئەو کەسە هەڵامەتیەتی.

* سوننەتەکانی باوێشک دان:

٣/ سوننەت وایە دەمی بگرێت و دایبخات لەکاتی باوێشکدا، یاخود بەدەستی بیگێڕێتەوە:

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: « إِنَّ اللهَ يُحِبُّ العُطَاسَ، وَيَكْرَهُ التَّثَاؤُبَ، فَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللهَ، فَحَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ سَمِعَهُ أَنْ يُشَمِّتَهُ، وَأَمَّا التَّثَاؤُبُ: فَإِنَّمَا هُوَ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، فَإِذَا قَالَ: هَا، ضَحِكَ مِنْهُ الشَّيْطَانُ»[2]، واتە:" خوای مەزن پژمەی خۆش ئەوێت، و ڕقی لە باوێشکە و پێی خۆش نییە، جا ئەگەر یەکێکتان پژمی و سوپاسی خوای کرد، ئەوا ماف و هەقە بەسەر هەموو موسڵمانێکەوە کە ئەو پژمەیەی بیست نزای بۆ بکات و بڵێ: خوا ڕەحمت پێ بکات، بەڵام باوێشک لە شەیتانەوەیە، با کاتێ یەکێکتان باوێشکی هات هەتا ئەتوانێ بیگێڕێتەوە، چونکە کاتێ باوێشک ئەدات و ئەڵێ: ها، شەیتان پێی پێ ئەکەنێ ".

لەلای موسلیم لە فەرموودەی ئەبی سەعیدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « إِذَا تَثَاوَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيُمْسِكْ بِيَدِهِ عَلَى فِيهِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٩٩٣).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٢٣).

یَدْخُلُ »[1]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان باوێشکی دا با دەستی بخاتە سەر دەمی، چونکە شەیتان ئەچێتە ژوورەوە".

جا دەرنەبڕینی باوێشک یان لە ڕێگەی دەمەوە کۆنترۆڵ ئەکرێت، ئەویش بە ڕێگریکردن لە کردنەوەی دەم، یان بەدانەکان پەستان بخرێتە سەر لێوەکان، یاخود دەست بخرێتە سەر دەم، ئیتر ئا بەو شێوەیە.

ئیبنو حەجەر(بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" (وَأَمَّا التَّثَاؤُبُ: فَإِنَّمَا هُوَ مِنَ الشَّيْطَانِ)، ئیبنو بەطاڵ وتوویەتی: لەم فەرمووەیەدا کە باوێشک دراوەتە پاڵ شەیتان واتە: دانەپاڵی ڕەزامەندی و ویست ئەگەیەنێ- واتە: شەیتان حەز ئەکات مرۆڤ بە باوێشکەوە ببینێت- چونکە حاڵەتێکە وێنە و دیمەنی مرۆڤەکەی تیا ئەگۆڕێت*، بۆیە پێی پێ ئەکەنێت، نەک مەبەست لەمەدا ئەوەبێ که شەیتان باوێشکەکەی پێ کردبێت.

ئیبنولعەرەبی مالیکی وتوویەتی:" پێشتر ڕوونمان کردەوە که هەموو کردەوەیەکی بێزراو شەرع داویەتیە پاڵ شەیتان، چونکە بەهۆی شەیتانەوەیە و ئەو هۆکاریەتی و هەموو کردەوەیەکی جوان و چاک شەرع داویەتیە پاڵ فریشتە، چونکە ئەوان هۆکارن بۆی، وتوویەتی: باوێشک دان لە تێر و پڕێتیەوە هاتووە، که سستی و تەمەڵی لێ پەیدا ئەبێت، که بەهۆی شەیتانەوەیە، بەڵام پڕمە لە کەم خۆراکیەوە هاتووە، که چالاکی و گورج وگۆڵی لێ پەیدا ئەبێت، که ئەمەش بەهۆی فریشتەوەیە".

پێشەوا نەوەوی وتوویەتی:" باوێشک دراوەتە پاڵ شەیتان، چونکە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ حەزویستی که بەهۆی لەش قورسی، و خاوبوونەوەی و قەڵەویەوە ئەبێت، که مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەیە لەو هۆکارەی که ئەوەی لێ ئەکەوێتەوە که ئەویش بریتییە لە زۆر خۆری "[2].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٩٩٥).

* بەڕاستی کاتێ مرۆڤ دەمی دا ئەچەقێنی دیمەنێکی ناشرینی هەیە ـ وەرگێڕ ـ.

(٢) الفتح: حديث (٦٢٢٦)، باب: إذا تثاءب فليضع يده على فيه.

هەروەها وا چاکە بۆ ئەوکەسەی باوێشک ئەدا دەنگی بەرز نەکاتەوە، وەک ئەوەی بڵێ: (ها)، یان بڵێ (ئاە) و هاوشێوەی ئەو دەنگانەی کە لەکاتی باوێشک داندا دەرئەچێت، چونکە ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە شەیتان پێی پێ بکەنێت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: « التَّثَاؤُبُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَالَ: هَا، ضَحِكَ الشَّيْطَانُ »[1]، واتە:" باوێشک لە شەیتانەوەیە، ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات تا ئەتوانێت بیگێڕێتەوە و بەری بگرێت، چونکە هەرکاتێ یەکێکتان ئەڵێت: ها، شەیتان پێ ئەکەنێ (چونکە پێی خۆشە زاڵ بووە بەسەر مرۆڤەکەدا و بەرەو تەمەڵی بردووە) ".

هەروەها لەلای پێشەوا ئەحمەد (بەڕەحمەت بێ) بەم بێژەیە هاتووە: «إِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، وَلَا يَقُلْ: آهْ آهْ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا فَتَحَ فَاهُ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَضْحَكُ مِنْهُ أَوْ بِهِ »[2]، واتە:" ئەگەر یەکێکتان باوێشکی دا، تا ئەتوانێت بیگێڕێتەوە و بەری بگرێت، وە نەڵێت: ئاە ئاە، چونکە کاتێ یەکێکتان دەمی ئەکاتەوە (لەکاتی باوێشک داندا)، شەیتان پێی پێ ئەکەنێ، یان بەهۆی باوێشکەکەوە پێی پێ ئەکەنێ ".

* تێبینی:

هەندێ کەس وا ڕاهاتوون دوای باوێشکدان ئەڵێن: (أعوذُ بِاللهِ مِنَ الشَيطان الرجيم)، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەهاتووە بەڵکو سەرپێچی ڕێنوێنی پێغەمبەرە ﷺ، چونکە ئەو کەسە هاتووە ویردێکی هێناوە کە پێغەمبەر ﷺ لەم شوێنەدا شتی وای نەفەرمووە.

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٢٨٩)، ومسلم برقم (٢٩٩٤).

(٢) رواه أحمد برقم (٩٥٣٠)، وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة: ٢٤٢٠).

((چەند سوننەتێکی تری ڕۆژانە))

*** ئەو ویردانەی لەکاتی چوونە سەرئاو، و هاتنە دەرەوەدا هاتوون:**

سوننەتە کەسێک چووە ئاوەدەستەوە (واتە: پێش چوونە ئاوەدەست)، ئەو ویردە بڵێ کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ ئەچووە سەرئاو ئەیفەرموو: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ»[1]، واتە:" خوایە پەنات پێ ئەگرم لەشەیتانە نێر و مێیەکان ".

(الْخُبُثِ) ئەگەر پیتی (ب) ضەممەی لەسەر بوو مەبەست لێی شەیتانی نێرە، و (الْخَبَائِثِ)یش مێیەکانیانە، ئەو کاتە پەنا ئەگیرێت لەشەیتانە نێر و مێیەکان.

بەڵام (الْخُبْثِ) کاتێ پیتی (ب) سکونی لەسەر بێت: بە واتای شەڕ و خراپە، و دەروونە پیس و شەڕەنگێزەکان هاتووە، ئەو کاتە پەنا ئەگیرێت لە خودی شەڕ و خراپە و کەسانی خراپەکار، کە ئەمەیان گشتگیرترە، و زۆربەی گێڕانەوەی مامۆستایانی فەرموودەناسیش بەمجۆرە بووە، وەک قاضی عیاض و خەطابی و جگە لەمانیش وتوویانە (ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت).

سوننەتە بۆ کەسێک کە لە ئاوەدەست دێتە دەرەوە بڵێ:

ئەو ویردەی کە لە موسنەدی ئەحمەد و سوننەنی ئەبی داود، و تیرمزیدا هاتووە، و پێشەوا ئەڵبانیش بە صەحیحی داناوە، لە خاتو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا خَرَجَ مِنَ الْخَلاَءِ، قَالَ:

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٣٢٢)، ومسلم برقم (٣٧٥).

«غُفْرَانَكَ»[١]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ لەسەر ئاوکردن ئەهاتە دەرەوە، ئەیفەرموو:" خوایە داوای لێ خۆشبوونت لێ ئەکەم ".

* کەڵکێک:

وتراوە: هۆی وتنی «غُفْرَانَكَ» ئەوەیە؛ بێگومان مرۆڤ کاتێ ئازار و ناڕەحەتی لاشەی لەسەر سوک ئەبێت، بیر لە ئازار و ناڕەحەتی گوناهو تاوان ئەکاتەوە، بۆیە داوا لەخوای باڵادەست ئەکات کە ئازار و ناڕەحەتی گوناهو تاوانیشی لەسەر سووک بکات، وەک چۆن چاکەی لەگەڵ کردووە بە سووک کردنی ئازار و ناڕەحەتی لاشەی، ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) ئەمەی باسکردوو [٢].

وتراوە: هۆی وتنی ئەمە بریتییە لە: داوای لێ خۆشبوون کردنی، لەبەر پچڕانی لە زیکر و یادی خوا لەکاتی سەرئاوکردندا و بێجگە لەمانە شتی تریش وتراوە.

* سوننەتێکی تر نووسینی وەسێتە:

وەسێت کردن سوننەتە بۆ هەموو موسڵمانێک لەکاتی نەخۆشی، یان لەش ساغیدا بێت، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: «مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَهُ شَيْءٌ يُوصِي فِيهِ، يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ إِلَّا وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ»[٣]، واتە:" هەق نییە بۆ کەسێکی موسڵمان کە شتێکی هەبێت پێویستی بە وەسێت بێت، دوو شەوی بەسەردا تێپەڕێت و لای بمێنێتەوە، مەگەر وەسێتنامەکەی بەنوسراوی لەلابێ ".

لە فەرموودەکەدا کە باسی دوو شەوی کردووە بۆ سنوردارکردن نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە با ماوەیەکی کەمیشی بەسەردا تێپەڕێ وەلێ با وەسێتەکەی بە

---

(١) رواه أحمد برقم (٢٥٢٢٠)، وأبو داود برقم (٣٠)، والترمذي برقم (٧)، وصححه الألباني في (تحقيق مشكاة المصابيح: ١/١١٦).

(٢) انظر: إغاثة اللهفان: ١/٥٨.

(٣) رواه البخاري برقم (٢٧٣٨)، ومسلم برقم (١٦٢٦)، من حديث ابن عمر رضي الله عنهما.

نوسراوی لای خۆی بێت، چونکە نازانێ کەی ئەمرێت، ئەمە سوننەتێکی گشتی یە بۆ هەموو خەڵکی.

بەڵام وەسێت کردن بۆ ئەو شتانەی کە مافی خوای بەرز و بڵندە، وەک زەکات، یان حەج، یان کەفارەت، یان مافی مرۆڤەکان بێت وەک قەرز، و بەجێگەیاندنی ئەمانەت، کە ئەمانە واجبن نەک سوننەت، چونکە پەیوەندی بە بەجێهێنانی مافە واجبەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر هیچ کەسێک بەو مافانە نەزانێت، هەر شتێکیش بەبێ ئەو واجبە پێک نەیەت بۆخۆی واجبە { ما لايتم الواجب إلا به فهو واجب }.

* لێبوردەیی و نەرمونیانی لە کڕین و فرۆشتندا:

ئەمەش بەوەی کە هەریەکە لە فرۆشیار و کڕیار، خۆیان بە لێبوردەیی و نەرمونیانی ئارایشت بدەن لەکاتی کڕین و فرۆشتنیشدا و هیچ لایەکیان زبر و توند و تیژ نەبن لەگەڵ یەکتریدا لە سازشکردن لەنرخ و دەمەدەمێ کردن لەسەری، بەڵکو میهرەبان و لێبوردەبن، با کڕیار نەیەت هەقی فرۆشیارەکە بە کەم تەماشا بکات و داوای دابەزاندنی نرخی شتومەکەکانی لێ بکات کە لەسەرو توانای فرۆشیارەکەوە بێت، یان بۆ شتێک زۆری لێبکات کە زیانی پێ بگەیەنێت، هەروەها نابێ فرۆشیاریش زیان بە کڕیار بگەیەنێت، کە بێت نرخی شتەکانی لەسەر گران بکات و هاوشێوەی ئەوانە، کە سەرئەکێشێ بۆ قۆرغ کردنی، پوختەی باسەکە ئەوەیە کە: ئەبێت مامەڵەکردنی نێوانیان لەسەر لێبوردەیی و نەرمونیانی بنیات نرابێت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: فەرموودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵایە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «رَحِمَ اللهُ رَجُلًا سَمْحًا إِذَا بَاعَ، وَإِذَا اشْتَرَى، وَإِذَا اقْتَضَى»[1]، واتە:" ڕەحمەتی خوا لەو پیاوەی کە لێبوردە و ئاسانکارە کاتێ شتێ ئەفرۆشێت، و شتێ ئەکڕێت، و کاتێ قەرز ئەداتەوە ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٠٧٦).

هەروەها کاتێکیش کە داوای مافی خۆی ئەکات، سوننەت وایە بە هێمنی و ئاسانی و نەرمیەوە داوای بکات، لەبەر فەرمایشتەکەی پەیامبەر ﷺ کە فەرمووی: « وَإِذَا اقْتَضَى».

ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" « وَإِذَا اقْتَضَى»؛ واتە: کاتێ داوای مافی خۆی کرد بە ئاسانی و بێ هیچ زۆرکردنێک، لە گێڕانەوەیەکدا کە ئیبنو تین هێناویەتی سەبارەت بە: «وَإِذَا اقْتَضَى»، وتوویەتی: واتە ئەوەی لەسەریەتی بەئاسانی ئەیداتەوە، بەبێ هیچ دواخستنێک، لای تیرمزی و حاکم لە فەرمودەی ئەبی هورەیرەدا (خوا لێی ڕازی بێ) بەمەرفوعی هاتووە: «إِنَّ اللهَ يُحِبُّ سَمْحَ البَيْعِ، سَمْحَ الشِّرَاءِ، سَمْحَ القَضَاءِ»[1]، واتە:" بەڕاستی خوای گەورە کەسێکی ئاسانکاری خۆش ئەوێت لە کڕین و فرۆشتن و قەرزدانەوەدا "، لای نەسائی لە فەرمودەی عوسماندا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە بەرزی کردۆتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: «أَدْخَلَ اللهُ سُبْحَانَهُ وتَعالَى رَجُلًا كَانَ سَهْلًا مُشْتَرِيًا، وَبَائِعًا، وَقَاضِيًا، وَمُقْتَضِيًا الْجَنَّةَ»[2]، واتە:" خوای پاک و بێگەرد و بەرز و بڵند پیاوێکی خستە بەهەشتەوە ئاسانکار بوو لە کڕین، و فرۆشتن، و قەرزدانەوە (کە نەرم ونیان بوو لە قەرزدانەوەکەیدا، بەوەی کە دوای نە ئەخست و لە ژمارە و چۆنیەتیەکەی نە ئەبڕی و کەمی نەئەکردەوە)، و داواکردنەدا (داواکردنەوەی قەرزەکەیدا) "، لای پێشەوا ئەحمەدیش بەهەمان شێوە هاتووە لە فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە فەرمودەکە هاندانی تیایە بۆ لێبوردن و ئاسانکاری لە مامەڵەکردن، و بەکارهێنانی خوو ڕەوشتی بەرز، و وازهێنان لە مشت و مڕ و هاندان بۆ وازهێنان لە تەنگ هەڵچنین بۆسەر خەڵک لە داواکردنی شت، و لێبوردنیان لێ قبوڵ بکات "[3].

---

(١) رواه الترمذي برقم (١٣١٩).

(٢) رواه النسائي برقم (٤٦٧٠).

(٣) الفتح: حديث (٢٠٧٦)، باب: السهولة والسماحة في الشراء والبيع ومن طلب حقاً فليطلبه في عفاف.

* ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژی سوننەت دوای هەموو دەستنوێژێک:

کە ئەمەش یەکێکی تڕە لە سوننەتەکانی ڕۆژانە کە خێر و بەخششێکی زۆر مەزنی لەسەر وەرئەگیرێت، کە ئەویش: چوونە بەهەشتە، لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرمووە: « يَا بِلاَلُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الإِسْلاَمِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الجَنَّةِ» قَالَ: مَا عَمِلْتُ عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي: أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طَهُورًا، فِي سَاعَةِ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ، إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ " قَالَ أَبُو عَبْدِ اللهِ: «دَفَّ نَعْلَيْكَ يَعْنِي تَحْرِيكَ نَعْلَيْكَ »[1]، واتە:" ئەی بیلال قسەم بۆ بکە و پێم بڵێ سەبارەت بە گەورەترین کردەوەت کە جێی ئومێد بێ و لە ئیسلامدا کردبێتت؛ چونکە بەڕاستی گوێم لە خشەی نەعلەکانت بوو لەبەردەمم لە بەهەشتدا"، بیلال وتی: هیچ کردەوەیەکم نەکردووە کە زیاتر جێی ئومێدم بێ: لەوەی هەرکات دەستنوێژێکی تەواوم گرتبێ، لە هەر ساتەوەختێکی شەودا بێ یان ڕۆژ، وەلێ بەو دەستنوێژەوە ئەوەندەی خوا بۆی نووسیبێتم نوێژم کردووە".

* چاوەڕوانی کردنی نوێژ:

چاوەڕوانی کردنی نوێژ لەو سوننەتانەیە کە خێر و بەخششێکی زۆر مەزنی بەدوادا دێت، ئەویش ئەوەیە ئەو کەسە بە چاوەڕوانکردنەکەی پاداشتی نوێژی لەسەر وەرئەگرێت.

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەمە: فەرمودەی ئەبی هورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ، مَا لَمْ يُحْدِثْ، تَقُولُ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ، لاَ يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَةٍ

---

(١) رواه البخاري برقم (١١٤٩)، ومسلم برقم (٢٤٥٨).

مَا دَامَتِ الصَّلاَةُ تَحْبِسُهُ لاَ يَمْنَعُهُ أَنْ يَنْقَلِبَ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ الصَّلاَةُ »[١]، واتە:" فریشتەکان ئەپارێنەوە بۆ کەسێکتان مادام لەو جێ نوێژەدا بێت کە نوێژی تیاکردووە، ئەگەر دەستنوێژەکەی نەشکێت، ئەڵێن: خوایە لێی خۆش ببە، خوایە بەزەیی پێیدا بێتەوە، بەردەوام ئەو کەسەتان لە نوێژدایە مادەم نوێژەکە گیری دابێت، و هیچ شتێک ڕێگری لێ ناکات کە بگەڕێتەوە بۆناو کەسوکارەکەی مەگەر نوێژ نەبێت ".

کە فەرموویەتی: (مَا لَمْ يُحْدِثْ) واتە: هیچ شتێکی وای لێ ڕوونەدا کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژەکەی، لای پێشەوا موسلیم بەم بێژەیە هاتووە: « مَا لَمْ يُؤْذِ فِيهِ مَا لَمْ يُحْدِثْ فِيهِ »[٢]، واتە:" نە کەسی ئازار دابێت و نە دەستنوێژیشی شکابێت"، واتە: بەمەرجێ ئەو پاداشتە ئەدرێتەوە کە لەو شوێنەدا ئازار بەهیچ کەسێک نەگەیەنێت، و دەستنوێژەکەشی نەشکێ.

هەروەها لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَخَّرَ لَيْلَةً صَلاَةَ العِشَاءِ إِلَى شَطْرِ اللَّيْلِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ بَعْدَ مَا صَلَّى، فَقَالَ: «صَلَّى النَّاسُ وَرَقَدُوا وَلَمْ تَزَالُوا فِي صَلاَةٍ مُنْذُ انْتَظَرْتُمُوهَا»[٣]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێکیان نوێژی خەوتنانی دواخست بۆ نیوەشەو، پاشان دوای ئەوەی نوێژەکەی کرد ڕووی پێڕۆزی تێکردین و فەرمووی:" خەڵکی نوێژیان کرد و لێی خەوتن و ئێوەش بەردەوام لە نوێژدا بوون لەوکاتەوە کە چاوەڕوانی نوێژتان ئەکرد ".

مامۆستامان شێخ ئیبنو عوسەیمین (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" ئەم فەرموودانە بۆ خستنەڕووی خێر و چاکەی چاوەڕوانکردنی نوێژ هاتووە، جا دوای نوێژێک بێت کە پێشتر کردوویەتی، یاخود مرۆڤی موسڵمان زوو چوونبێت بۆ مزگەوت چاوەڕوانی نوێژ بکات "[٤].

---

(١) رواه البخاري برقم (٤٧٧)، ومسلم برقم (٦٤٩).

(٢) رواه مسلم برقم (٦٤٩).

(٣) رواه البخاري برقم (٦٦١).

(٤) شرح رياض الصالحين: ١٢٩٦/٢.

هەروەها فەرمووەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « أَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ ». قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ. قَالَ « إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ »[1]، واتە: ئایا شتێکتان پیشان بدەم کە خوای گەورە بەهۆی ئەو شتەوە گوناهەکانتان بسڕێتەوە و پلە و پایەتان بەرزبکاتەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی:" بەجوانی و تەواوی دەستنوێژگرتن لەکاتی ناڕەحەتیدا (لەکاتی سەرما و سۆڵە و نەخۆشی و حاڵەتێک کە بەکارهێنانی ئاو بۆی ببێتە مایەی سەغڵەتی)، و زۆر هەنگاونان بۆ مزگەوتەکان، و چاوەڕوانکردنی نوێژ لەدوای نوێژ، ئا ئەوەیە سەنگەر گرتن و لەسەنگەردا بوون ".

* سیواک کردن:

بێگومان سیواک کردن بریتی یە لەو سوننەتە ڕەهایەی کە لە هەموو کاتێکدا ئەکرێت و پێغەمبەرمان ﷺ زۆر هانی موسڵمانانی داوە لەسەر بەکارهێنانی تەنانەت فەرموویەتی: «أَكْثَرْتُ عَلَيْكُمْ فِي السِّوَاكِ »[2]، واتە:" لە ڕادەبەدەر هانم داون لەسەر زۆر بەکارهێنانی سیواک "، هەروەها پەیامبەر ﷺ سەبارەت بە سیواک فەرموویەتی: «السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ »[3]، واتە:" سیواک پاککەرەوەی دەم، و مایەی ڕەزامەندی پەروەردگارە ".

جەختکراوە لەسەر سوننەت بوونی بەکارهێنانی سیواک لە چەند شوێنێکدا کە هەندێکیمان لە پێشەوە باسکرد، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لە شەو و ڕۆژدا

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٥١).

(٢) رواه البخاري برقم (٨٨٨)، من حديث أنس رضي الله عنه.

(٣) رواه أحمد برقم (٧)، والنسائي برقم (٥)، من حديث عائشة رضي الله عنها، وصححه الألباني في (الإرواء: ١/١٠٥).

دووبارە ئەبێتەوە، وەک کاتی هەستان بۆ شەونوێژ، و لەکاتی دەستنوێژگرتن، و لەکاتی هەموو نوێژێکدا، و لەکاتی چوونە مااڵوەدا- هەر خواش زاناترە-.

* تازەکردنەوەی دەستنوێژ بۆ هەموو نوێژێک:

سوننەتە بۆ مرۆڤی موسڵمان بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژەکەی تازە بکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بۆ نوێژی ئێوارە دەستنوێژی گرت و پاشان نوێژی ئێوارەی کرد، جا کاتێ نوێژی خەوتنان هاتە پێشەوە سوننەتە دەستنوێژێکی تازە بگرێتەوە، ئەگەرچی دەستنوێژیشی هەبێت، چونکە سوننەتە بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژێکی تازە بگریت.

بەڵگەش لەسەر ئەمە: ئەو فەرموودەیە کە لای بوخاری هاتووە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ)کە وتوویەتی: «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ»[1]، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژی ئەگرت ".

هەروەها سوننەتە کە مرۆڤی موسڵمان هەموو ڕۆژەکەی دەست بە دەستنوێژ بێت، لەبەر فەرموودەی سەوبان (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووێەتی: « وَلَا يُحَافِظُ عَلَى الْوُضُوءِ إِلَّا مُؤْمِنٌ »[2]، واتە:" پارێزگاری لە دەستنوێژ ناکات مەگەر کەسێکی باوەڕدار نەبێت ".

* نزا و پاڕانەوە:

بێگومان نزا و پاڕانەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی چەسپاندنی لوتکە و ناوکرۆکی پەیامەکە، کە بریتییە لە: یەکخواپەرستی، ئەوەش کاتێک بەندەی موسڵمان بە نزا و پاڕانەوە ڕوو ئەکاتە پەروەردگاری، بە گەردن کەچی و پەشیمانیەوە ئەگەڕێتەوە بۆلای زاتی پاک و بێگەردی، و نکولی ئەکات لە هەموو

---

(١) رواه البخاري برقم (٢١٤).

(٢) رواه أحمد برقم (٢٢٤٣٤)، وابن ماجه برقم (٢٧٧)، والدارمي برقم (٦٥٥)، وصححه الألباني في (الصحيح الجامع: ١/٢٢٥).

هاوتا و هاوەڵێک کە بۆ خوا بڕیار درابێت، و لە هەموو هەوڵ و توانا و هێزێک جگە لە هەوڵ و توانا و هێزی پاک و بێگەردی خوای گەورە و هەر بەو پارانەوەیە بەندە چێژ لە شیرینی ڕاز و نیاز و زەلیلی و گەردنکەچی لەگەڵ پەروەردگاری ئەبینێت، و هەر بەوە ناز و نیعمەتەکان بۆخۆی ئەهێنێت و مسۆگەریان ئەکات، و پاڵ بە سزا و تۆڵەوە ئەنێت و لە خۆی دووریان ئەخاتەوە، چونکە پەرستشێکە کە بەتەواوەتی پشت ئەبەستێ بەو زاتەی کە پشت بەستنی تەواوەتی هەر بۆ ئەو ئەگەڕێتەوە و چەندین کەڵکی تریش بێجگە لەمانەی باسکران کە لە چەند دێڕێکی کەمدا ناتوانرێ دیاری بکرێت و هەمووی لەخۆ بگرێت، و مافی تەواوی پێ بدرێت.

پارانەوەش دوو جۆرە:

١. **نزا و پارانەوەی پەرستش:** کە ئەم جۆرەیان ئەچێتە ناو بەشی زیکر و یادکردنی خوای باڵادەستەوە کە دوایی لێی ئەدوێین.

٢. **نزا و پارانەوەی داواکردن:** ئەوەش کاتێکە کە بەندە ئەپارێتەوە و داوا لە پەروەردگاری خۆی ئەکات، و ڕووی تێ ئەکات بۆ جێ بەجێکردنی پێویستیەکانی.

لەپێشەوە لەناو سوننەتەکاندا باسی چەند شوێنێک کرا کە شایانی ئەوەیە کە وەڵامی نزا و پارانەوەکانمانی تیا بدرێتەوە، کە لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا بەسەر موسڵماندا دێت و دووبارە ئەبێتەوە، ئەوانەش: کاتی سوژدەبردن، و سێ یەکی کۆتایی شەو، و نێوان بانگ و قامەت، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە:

ئەو کردەوانە بخەینە ڕوو کە سوننەتە بۆ موسڵمان ئەنجامی بدات کاتێ ویستی بپارێتەوە: سوننەتەکانیش بریتی یە لەمانەی خوارەوە:

١- با کاتێ ئەپارێتەوە دەستنوێژی هەبێت:

ئەمەش لەبەر فەرموودەی ئەبی موسای ئەشعەری (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە و بەسەرهاتەکەی لەگەڵ ئەبی عامری (خوا لێی ڕازی

بێ) مامی، کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەمیری سوپای ئەوطاس ناردی، لە فەرمووەکەدا هاتووە: کە ئەبو عامر (خوا لێی ڕازی بێ) ئەکوژرێت، و ئەبا موسا (خوا لێی ڕازی بێ) ڕابەرایەتی سوپاکە بگرێتە دەست، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێ بکات لەخوا بۆی بپارێتەوە، ئەبو موسا (خوا لێی ڕازی بێ) وتی: فَأَخْبَرْتُهُ بِخَبَرِنَا وَخَبَرِ أَبِي عَامِرٍ وَقُلْتُ لَهُ قَالَ قُلْ لَهُ يَسْتَغْفِرْ لِي. فَدَعَا رَسُولُ اللهِ ﷺ بِمَاءٍ فَتَوَضَّأَ مِنْهُ ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ « اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعُبَيْدٍ أَبِي عَامِرٍ ». حَتَّى رَأَيْتُ بَيَاضَ إِبْطَيْهِ ثُمَّ قَالَ « اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَوْقَ كَثِيرٍ مِنْ خَلْقِكَ أَوْ مِنَ النَّاسِ »[1]، واتە: هەواڵم پێ ڕاگەیاند بە هەواڵی خۆمان و باس و هەواڵی ئەبی عامر، و هەرزم کرد، ئەبو عامر وتی: پێی بڵێ باداوای لێ خۆشبوونم بۆ بکات. پێغەمبەری خوا ﷺ داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی پێگرت، پاشان دەستی بەرزکردەوە و ئینجا فەرمووی:" خوایە لە عوبەیدی کوڕی عامر خۆشبە ". هەتا سپێتی بن باڵەکانیم بینی، ئینجا دوای ئەوە فەرمووی:" خوایە لە ڕۆژی دوایدا بیخەرە سەرووی زۆرێک لە بەدیهێنراوەکانت، یان زۆرێک لە خەڵکی ".

ب - ڕووکردنە ڕووگە (قیبلە):

لە هەبدوڵڵای کوڕی هەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی: عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) بۆی گێڕامەوە و وتی: « لَمَّا كَانَ يَوْمُ بَدْرٍ نَظَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِلَى الْمُشْرِكِينَ وَهُمْ أَلْفٌ وَأَصْحَابُهُ ثَلاَثُمِائَةٍ وَتِسْعَةَ عَشَرَ رَجُلاً فَاسْتَقْبَلَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ الْقِبْلَةَ ثُمَّ مَدَّ يَدَيْهِ فَجَعَلَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ « اللَّهُمَّ أَنْجِزْ لِي مَا وَعَدْتَنِي اللَّهُمَّ آتِ مَا وَعَدْتَنِي اللَّهُمَّ إِنْ تَهْلِكْ هَذِهِ الْعِصَابَةُ مِنْ أَهْلِ الإِسْلاَمِ لاَ تُعْبَدْ فِي الأَرْضِ ». فَمَازَالَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ مَادًّا يَدَيْهِ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ حَتَّى سَقَطَ رِدَاؤُهُ عَنْ مَنْكِبَيْهِ فَأَتَاهُ أَبُو بَكْرٍ فَأَخَذَ رِدَاءَهُ فَأَلْقَاهُ عَلَى مَنْكِبَيْهِ ثُمَّ الْتَزَمَهُ مِنْ وَرَائِهِ. وَقَالَ يَا نَبِيَّ اللهِ، كَفَاكَ مُنَاشَدَتُكَ رَبَّكَ فَإِنَّهُ سَيُنْجِزُ لَكَ مَا وَعَدَكَ ... »[2]، واتە:" کاتی ڕۆژی بەدر بوو پێغەمبەری خوا ﷺ تەماشای هاوەڵگەرانی کرد کە

(١) رواه البخاري برقم (٤٣٢٣)، ومسلم برقم (٢٤٩٨) واللفظ له.

(٢) رواه مسلم برقم (١٧٦٣).

هەزار کەس بوون، و هاوەڵەکانیشی سێ سەد و نۆزدە کەس بوون، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی کردە قیبلە و ئینجا دەستەکانی بەرزکردەوە و کەوتە پاڕانەوە و هانا بردن بۆ پەروەردگاری و ئەیفەرموو:" خوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوم بۆم بەجێ بهێنە خوایە بەڵێنەکەتم پێ ببەخشە، خوایە ئەگەر ئەم کۆمەڵە موسڵمانە لەناو بچن لەسەر زەویدا ناپەرسترێیت ". بەردەوام ئەپاڕایەوە و هانای بۆ پەروەردگاری ئەبرد، دەستەکانی ڕوو بەقیبلە درێژ کردبوو، هەتا عەباکەی لەسەر هەردوو شانی کەوتە خوارەوە، ئەبوبەکر(خوا لێی ڕازی بێ) هات بۆ لای و عەباکەی بۆ هەڵگرتەوە و خستیەوە سەر شانەکانی، و ئینجا لەدواوە باوەشی پیاکرد و وتی: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ با پاڕانەوە و داواکاریت لەپەروەردگارت بەس بێت، بەڕاستی ئەو بەڵێنەی کە پێی داویت بەجێی ئەهێنێت و پێت ئەبەخشێ.. ".

ج - دەست بەرزکردنەوە:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەری: فەرمووەی ئیبنو عەباسە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لە پێشەوە ڕابورد، و تیایدا هاتبوو:" فَاسْتَقْبَلَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ الْقِبْلَةَ ثُمَّ مَدَّ يَدَيْهِ "، واتە:" پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی کردە قیبلە و ئینجا دەستەکانی بەرزکردەوە"، فەرموودەیەکی زۆر سەبارەت بەم سوننەتە هاتوون.

د - بە ستایش کردنی خوای بەرز و بڵند دەست پێ بکرێت، لەگەڵ صڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ:

ئەمەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێشەوا تیرمزی گێڕاویەتیەوە، لە فەزاڵەی کوڕی عوبەیدوڵڵاوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: « بَيْنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ قَاعِدٌ إِذْ دَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى فَقَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: عَجِلْتَ أَيُّهَا الْمُصَلِّي، إِذَا صَلَّيْتَ فَقَعَدْتَ فَاحْمَدِ اللهَ بِمَا هُوَ أَهْلُهُ، وَصَلِّ عَلَيَّ ثُمَّ ادْعُهُ »[1]، واتە:" لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبوو پیاوێک هاتە ژوورەوە و نوێژی کرد، و وتی: خوایە لە گوناهەکانم خۆشبە و ڕەحمم پێ بکە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:" ئەی

(١) رواه الترمذي برقم (٣٤٧٦).

نوێژخوێن پەلەت کرد، کاتێ نوێژت کرد و دانیشتیت بۆ پاڕانەوە، سوپاس و ستایشی خوا بکە بەو شێوەیەی کە شایانیەتی، و سڵاواتم لەسەربدە ئینجا لەخوا بپاڕێرەوە ".

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم جۆرە هاتووە: « إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِتَحْمِيدِ اللهِ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ، ثُمَّ لْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ ، ثُمَّ لْيَدْعُ بَعْدُ بِمَا شَاءَ »[1]، واتە:" هەر کاتێ یەکێکتان ویستی بپاڕێتەوە[2]، با لە پێشدا بەسوپاس کردنی خوا و ستایش کردنی دەست پێ بکات، پاشان سڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ، ئینجا دوای ئەوە بپاڕێتەوە و بەئارەزووی خۆی داوا بکات".

هـ - پاڕانەوە لەخوای بەرز و بڵند بە ناوە پیرۆز و جوانەکانی:

بێت ئەو ناوە پیرۆز و جوانەی خوا هەڵبژێرێت کە لەگەڵ داوا و پاڕانەوەکەیدا ئەگونجێت؛ بۆ نمونە کاتێ داوای ڕسق و ڕۆزی ئەکات لە خوای پاک و بێگەرد با بڵێ: (یا رزّاق)، کاتێ داوا ئەکات خوا ڕەحمی پێ بکات با بڵێ: (یارحمن یا رحیم)، و کاتێ داوای شکۆ و پایەبڵندی ئەکات با بڵێ (یا عزیز)، و کاتێ داوای لێ خۆشبوونی کرد با بڵێ: (یا غفور)، و کاتێ داوای چارەسەر و شیفای کرد بابڵێ: (یا شافي).

ئیتر ئا بەوجۆرە داوا بکات و بپاڕێتەوە کە لەگەڵ پاڕانەوەکەیدا ئەگونجێ؛ ئەمەش لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴾الأعراف: ١٨٠، واتە:{ خوای گەورە ناوە جوان و پیرۆزەکانی هەیە تۆ بەو ناوانە لێی بپاڕێرەوە و داوای لێ بکە }.

---

(١) رواه الترمذي برقم (٣٤٧٧)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع:١/١٧٢).

(٢) لە چاپی یەکەمدا بە هەڵە وشەی (إذا صلى)م بە (نوێژ) وەرگێڕا بوو، بەڵکو ڕاستیەکەی بە واتای (پاڕانەوە) دێت ، داوای لێبوردن لە خوای گەورە ئەکەم و ڕێنوێنیم بکات بۆ تێگەیشتن لە دینەکەی . – وەرگێڕ –.

و - دووبارەکردنەوەی نزا و پاڕانەوە، و سوور بوون و پێداگری لەسەری:

ئەوەی بەڵگەبێ لەسەری: فەرمووەی ئیبنو عەباسە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە لە پێشەوە ڕابورد، کە تیایدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « اللَّهُمَّ أَنْجِزْ لِي مَا وَعَدْتَنِي، اللَّهُمَّ آتِ مَا وَعَدْتَنِي »، فَمَازَالَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ تَعَالَى حَتَّى سَقَطَ رِدَاؤُهُ عَنْ مَنْكِبَيْهِ، وَ أبو بَكر يَلتَزِمُهُ وَ يَقُول لَهُ: « يَا نَبِيَّ اللهِ، كَفَاكَ مُنَاشَدَتُكَ رَبَّكَ »[1]، واتە:" خوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوم بۆم بەجێ بهێنە، خوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوم پێم ببەخشە"، بەردەوام ئەپاڕایەوە و هانای بۆ پەروەردگاری ئەبرد هەتا عەباکەی لەسەر هەردوو شانی کەوتە خوارەوە، و ئەبوبەکر(خوا لێی ڕازی بێ) لەدواوە باوەشی پیاکرد و پێی ئەوت: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ با پاڕانەوە و داواکاریت لە پەروەردگارت بەس بێت ".

هەروەها ئەوەی کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لە فەرمووەی ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ)، کاتێ پێغەمبەر ﷺ پاڕایەوە بۆ هۆزی دەوس، و فەرمووی: « اللَّهُمَّ اهْدِ دَوْسًا وَأْتِ بِهِمْ، اللَّهُمَّ اهْدِ دَوْسًا وَأْتِ بِهِمْ »[2]، واتە:" خوایە ڕێنمایی دەوس بکە و بیانهێنە، خوایە ڕێنمایی دەوس بکە و بیانهێنە ".

هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، کە: « الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ »[3]، واتە:" پیاوێک گەشتێکی دوور و درێژ ئەکات، قژ بڕ و ئاڵۆزکاو و تەپ و تۆزاوی، دەستەکانی بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان و (ئەڵێت) ئەی پەروەردگارم ئەی پەروەردگارم "، کە ئەمە دووبارەکردنەوە و پێداگریە لە نزا و پاڕانەوەدا .

سوننەت وایە سێ جار داوا بکات و بپارێتەوە؛ لەبەر فەرمووەی ئیبنو مەسعود (خوا لێی ڕازی بێ) کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، و ئەوەی تیایە: «

---

(١) رواه مسلم برقم (١٧٦٣).

(٢) رواه البخاري برقم (٢٩٣٧)، ومسلم برقم (٢٥٢٤).

(٣) رواه مسلم برقم (١٠١٥).

وَكَانَ إِذَا دَعَا دَعَا ثَلاثًا». وَإِذَا سَأَلَ سَأَلَ ثَلاثًا ثُمَّ قَالَ « اللَّهُمَّ عَلَيْكَ بِقُرَيْشٍ » ثَلاَثَ مَرَّاتٍ »[1]، واتە:" هەر کاتێ (پێغەمبەر ﷺ) دوعای بکردایە سێ جار دوعای ئەکرد". و هەر کاتێ داوایەکی هەبوایە سێ جار داخوازی ئەکرد، پاشان فەرمووی:" خوایە بێ باوەڕانی قوڕەیش بگرە و لەناویان بەرە " سێ جار لەسەر یەک ئەمەی فەرموو ".

ز - شاردنەوەی نزا و پاڕانەوە و بە بێ دەنگی ئەنجامدانی:

ئەمەش لەبەر فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند کە فەرموویەتی:﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ﴾الأعراف: ٥٥، واتە:{ لەخوای گەورە بپاڕێنەوە بە زەلیلی و ملکەچی و بە نهێنی نەک بەدەنگی بەرز و هاوارکردن }، بە بێ دەنگی و شاردنەوەی نزا و پاڕانەوە نزیکترە لە دڵسۆزی و تەنیا بۆ خوا بوون، هەر لەبەر ئەوەیە خوای پاک و بێگەرد پەسن و ستایشی زەکەریا علیه السلام پێغەمبەری کردووە، و فەرموویەتی:﴿ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا ﴿٣﴾ ﴾ مریم: ٣ ، واتە:{ کاتێ پاڕایەوە و بانگی لەپەروەردگاری خۆی کرد بەنهێنی }، بێ ڕوپامایی و بەدڵسۆزیەوە لە خوا پاڕایەوە و داوای لێکرد، ئەمە بەگوێرەی ڕای یەکێک لە ڕاڤەکارانی قورئان.

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" بێگومان موسڵمانانی پێشین بەدڵسۆزیەوە تێ ئەکۆشان لە نزا و پاڕانەوەدا، و بەهیچ جۆرێک دەنگیان نە ئەبیستراؤ واتە: نزا و پاڕانەوەیان تەنیا بەچرپە و بە پەنامەکی بوو لەنێوان خۆیان و پەروەردگاری بەرز و بڵندیاندا، ئەویش لەبەر ئەوە بوو چونکە پەروەردگاری بەرز و بڵندیان فەرمووی:﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ﴾[2]، ئینجا دوای ئەوە شێخولئیسلام (بەڕەحمەت بێ) کەڵک و سودێکی زۆری شاردنەوەی نزا و پاڕانەوە و بەنهێنی ئەنجامدانی باسکردووە، وا چاکە بۆ موسڵمان بۆی بگەڕێتەوە و بیانخوێنێتەوە.

---

(١) رواه البخاري برقم (٢٤٠)، ومسلم برقم (١٧٩٤).

(٢) مجموع الفتاوى (١٥/١٥).

*** ئەو شتانەی ڕێگریان لێکراوە لەم بابەتەدا ئەنجام بدرێن:**

دەستدرێژی کردن بۆسەر خەڵکی بەنزا و پاڕانەوە، زۆر لە خۆکردن و بەکارهێنانی وشەی کێشدار و سەرواڕێک (سجع- وەزن و قافیە) لە پاڕانەوەدا، و پەلەکردن لە وەڵامدانەوەدا، و پاڕانەوە بۆ شتی گوناهو تاوان (گوناهو تاوانی تیا نەبێت)، یان پچڕاندنی پەیوەندی و ڕشتەی خزمایەتی، وە خواردنی مالّی حەرام ڕێگرە لەبەردەم وەڵامدانەوەی نزا و پاڕانەوەدا، دوو دڵی و ڕاڕا بوون لەپاڕانەوەدا، و بەستنەوەی نزا و پاڕانەوە بە ویست و ئارەزووەوە (واتە لە پاڕانەوەکەتدا بڵێی خوایە ئەگەر ویستت لێیەتی فلّانە شتم پێ ببەخشە) ئەمانە ڕێگریان لێکراوە.

***کەڵکێک:**

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: باشە چی بڵێم لەنزا و پاڕانەوەکانمدا؟

وەڵام: هەرچیەکت پێویستە و ئەتەوێت لە کاروباری دنیا و دواڕۆژدا داوای بکە، و سوورببە لەسەر ئەوەی لە پاڕانەوەکانتدا وتەی تێر و تەسەل و کۆکەرەوە و پڕ واتا بەکاربهێنی، ئەویش ئەو نزا و پاڕانەوەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون، کە داواکردنی خێر و چاکەی دنیا و دواڕۆژیان تیایە، جا جوان ڕامێنە لەو پرسیارەی کاتێ لە پێغەمبەری ئازیز ﷺ کرا، ئەویش بە چەند وشەیەکی گەورە و مەزن و پڕواتا وەڵامی دایەوە، کە تیایدا خێری دنیا و دواڕۆژی بۆ موسڵمان کۆکردۆتەوە، ئای چەند مەزنە ئەو مژدەیە، و چەندێ زۆرە ئەو بەخششە، جا ئەی موسڵمانی خۆشەویست تۆش بەتوندی دەستی پێوە بگرە و جوان بیری لێ بکەرەوە.

لە ئەبی مالیکی ئەشجەعیەوە، ئەویش لەباوکیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە: أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ وَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللهِ كَيْفَ أَقُولُ حِينَ أَسْأَلُ رَبِّي قَالَ « قُلِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي ». وَيَجْمَعُ أَصَابِعَهُ إِلاَّ الإِبْهَامَ « فَإِنَّ هَؤُلاَءِ تَجْمَعُ لَكَ دُنْيَاكَ وَآخِرَتَكَ »[1]، واتە:" گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە کاتێ پیاوێک هاتە خزمەتی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چی بڵێم و چۆن داوا لەپەروەردگارم بکەم کاتێ

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٩٧).

لێی ئەپارێمەوە؟ فەرمووی:" بڵێ: خوایە لێم خۆشبە، و ڕەحمم پێ بکە، و لەش ساغ و دەروونم ئاسودە بکە، و ڕسق و ڕۆزیم بدە". پێغەمبەری خوا ﷺ پەنجەکانی کۆئەکردەوە جگە لە پەنجەگەورە و ئەیفەرموو:" ئەم چوارە دنیا و دواڕۆژت بۆ کۆئەکاتەوە ".

لە گێڕانەوەیەکی تریدا بەمجۆرە هاتووە: كَانَ الرَّجُلُ إِذَا أَسْلَمَ عَلَّمَهُ النَّبِيُّ ﷺ الصَّلاَةَ ثُمَّ أَمَرَهُ أَنْ يَدْعُوَ بِهَؤُلاَءِ الْكَلِمَاتِ « اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاهْدِنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي »[1]، واتە: کاتێ پیاوێک موسڵمان بوایە پێغەمبەر ﷺ نوێژی فێرئەکرد، پاشان فەرمانی پێ ئەکرد ئەم وشانە بڵێت و پێیان بپارێتەوە:" خوایە لێم خۆشبە، و ڕەحمم پێ بکەو ڕێنوێنیم بکە و لەش ساغ و سەلامەتم بکە، و ڕسق و ڕۆزیم بدە ".

* کەڵکێکی تر:

سوننەتە بۆ مرۆڤی موسڵمان بەنهێنی بێ ئەوەی براکەی پێی بزانێت نزای خێری بۆ بکات و بۆی بپارێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەو نزا و پارانەوەیە گیرایە بەویستی خوای بەرز و بڵند، ئەو کەسەش کە ئەپارێتەوە خێر و پاداشتێکی مەزنی بۆهەیە، ئەویش لەبەر ئەو فەرموودەیەی موسلیم لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، لە ئەبی دەردائەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ كُلَّمَا دَعَا لأَخِيهِ بِخَيْرٍ قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ آمِينَ وَلَكَ بِمِثْلٍ »[2]، واتە:" نزا و پارانەوەی موسڵمان بۆ برای موسڵمانی بە نهێنی و پەنهانی گیرا ئەبێت، بەسەر سەریەوە فریشتەیەک هەیە ڕاسپێرراوە هەرکاتێ نزا بکات بۆ براکەی بەچاکە، فریشتە ڕاسپێرراوەکە ئەڵێ: ئامین، و بۆ تۆش بەوێنەی ئەوە ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٩٧).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٧٣٣).

*** لە سوننەتەکانی ڕۆژانە یاد و زیکری خوای بەرز و بڵندە:**

بەڕاستی یاد و زیکری خوا بەشێکی زۆر بەرفراوانە، لە پێشەوە لە میانەی سوننەتەکانی پێشەوە هەندێکمان لێ باسکرد، چەمکی زیکر کردن فراوان و گشتگیرە، و دوو واتای هەیە:

١- واتایەکی گشتی: کە هەموو جۆرەکانی پەرستش ئەگرێتەوە لە نوێژ، و ڕۆژو، و حەج، و قورئان خوێندن، و ستایش کردن، و نزا و پاڕانەوە، و تەسبیحات کردن (سبحان الله کردن)، و سوپاسی خوا کردن (الحمد لله کردن)، و بەشکۆ ڕاگرتنی خوای گەورە، و جگە لەوانەش لە جۆرەکانی تری خواپەرستی، چونکە هەموو ئەمانە کە ئەنجام ئەدرێت بۆ یادکردنی خوای بەرز و بڵند، و گوێڕایەڵی کردن، و پەرستنیەتی.

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ) ئەڵێ:" هەر شتێ زمان بیڵێت، و بەدڵدا بێت کە مایەی نزیک بوونەوە بێت لە خوا هەر لە فێربوونی زانست و زانیاری و فێرکردنی خەڵکی، و فەرمانکردن بەچاکە، و ڕێگری کردن لەخراپە، هەموو ئەمانە زیکری خوای گەورەن"[1].

ب- واتای تایبەتی: ئەمەیان بریتیە لە زیکر و یادکردنی خوای پاک و بێگەرد بەو بێژانەی کە لە خوای پاک و بێگەردەوە هاتووە لەکاتی خوێندنەوەی پەرتوکەکەی، یاخود ئەو بێژانەی لەسەر زاری پەیامبەری خواوە ﷺ هاتوون، لە بەشکۆ دانان، و بەپاک و بێگەرد ڕاگرتن، و بە پیرۆز دانان، و یەکخواپەرستی خوای پاک و بێگەرد، کە مەبەست لەم سوننەتانە: واتای تایبەتیە.

لە هەموویان مەزنتر: خوێندنەوەی پەرتوکەکەی خوای باڵادەستە، جا پەرستش کردن بەخوێندنەوەی پێشینی چاک بەچاوەکانیان ئێشکیان بۆ ئەگرت، و خەوی لێ زڕاندبوون﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الذاريات:

---

(١) مجموع الفتاوى (١٠/٦٦١).

١٧ – ١٨، واتە:{ بەشەو کەم ئەخەوتن (هەر خەریکی شەونوێژ بوون) (١٧) لە بەرەبەیان و پارشێواندا داوای لێخۆشبوونیان لە پەروەردگاریان ئەکرد (١٨) }.

ئەوان لە شەوەکانیاندا دوو شتیان بەیەکەوە کۆ کردبۆوە خوێندنەوەی پەرتوکەکەی خوای بالادەست، و تێکڕای ئەو ویردانەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتبوون، ئای گەورەیی و ڕێز و بەرەکەت بۆ شەوانێکی شاد و شیرین کە دانیشتوانەکانی بەشەونوێژ زیندوویان کردبۆوە، وە ئای بۆ خەسارەتمەندی و کەمتەرخەمی، و بەفیڕۆدانی ئێمە بۆ شەو و بەرەبەیانەکانمان! بەڵکو شەوان و بەرەبەیانی ئێمەیش پارێزراوبێ لەسەرپێچی کردنی خوای گەورە، بەڵام مەگەر خوای گەورە ڕەحم بەکەسانێک بکات و پارێزراویان بکات لەسەرپێچی و تاوان.

* ئایا هاوەڵان چۆن بوون لەگەڵ قورئاندا:

لە پێشەوە لەسەرەتای باسکردنی سوننەتەکاندا فەرمودەی حوزەیفەمان هێنا (خوا لێی ڕازی بێ)، کە پێغەمبەر ﷺ لەیەک ڕکاتدا سورەتی (البقرة)، ئینجا (النساء)، ئینجا (آل عمران)ی خوێندووە، وە لە ئەبی وائیلەوە ئەویش لەعەبدوڵڵاوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاویەتیەوە کە وتوویەتی: «صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ لَيْلَةً، فَلَمْ يَزَلْ قَائِمًا حَتَّى هَمَمْتُ بِأَمْرِ سَوْءٍ»، قُلْنَا: وَمَا هَمَمْتَ؟ قَالَ: هَمَمْتُ أَنْ أَقْعُدَ وَأَذَرَ النَّبِيَّ ﷺ [1]، واتە:" شەوێکیان لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ نوێژم ئەکرد، بەردەوام ئەوەندە بەپێوە مایەوە هەتا شتێکی خراپ بەدڵمدا هات"، وتمان: چ شتێکی خراپت بەدڵدا هات؟ وتی: ئەوە بەدڵما هات کە دابنیشم و پێغەمبەر ﷺ بەجێ بهێڵم ".

هەروەها لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لەعەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: « اقْرَإِ الْقُرْآنَ فِي كُلِّ شَهْرٍ ». قَالَ قُلْتُ إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً. قَالَ « فَاقْرَأْهُ فِي عِشْرِينَ لَيْلَةً ». قَالَ قُلْتُ إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً. قَالَ

(١) رواه البخاري برقم (١١٣٥)، ومسلم برقم (٧٧٣).

« فَاقْرَأْهُ فِي سَبْعٍ وَلاَ تَزِدْ عَلَى ذَلِكَ »[١]، واتە:" قورئان لەماوەی یەک مانگدا بخوێنەرەوە و خەتمی بکە". وتی: وتم لەوە زیاتر ئەتوانم. فەرمووی:" لە بیست شەودا قورئان بخوێنەرەوە و خەتمی بکە". وتی: لەوە زیاتر ئەتوانم. فەرمووی:" لە حەوت ڕۆژدا قورئان بخوێنە و لەوە زیاتری مەکە".

جا لەکاتێکدا هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) لەهەموو کەسێک زیاتر سوور بوون لەسەر قورئان خوێندن، بۆیە داخ و حەسرەتیان هەڵئەکێشا ئەگەر کاتێ لەدەستیان بچوایە و کاتەکەی لێیان تێپەڕیایە؛ پێغەمبەریش ﷺ مۆڵەتی ئەدان لەکاتێکی تردا قورئان خوێندنەکەیان قەرەبوو بکەنەوە و بیخوێنن، پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە لە فەرمودەی عومەری کوڕی خەتابدا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ نَامَ عَنْ حِزْبِهِ أَوْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ فَقَرَأَهُ فِيمَا بَيْنَ صَلاَةِ الْفَجْرِ وَصَلاَةِ الظُّهْرِ كُتِبَ لَهُ كَأَنَّمَا قَرَأَهُ مِنَ اللَّيْلِ »[٢]، واتە:" هەرکەسێ خەوی لێ بکەوێت بەسەر ئەو حیزبەی یان بەشێک لەوەی کە ئەیخوێند، جا لە ڕۆژدا لەنێوان نوێژی بەیانی و نیوەڕۆدا بیخوێنێت، ئەو پاداشتەی بۆ ئەنوسرێت وەک ئەوەی کە بەشەو خوێندبێتی ".

ئەی خوای گەورە و میهرەبان بمانگەیەنە بە کاروانەکەیان، و لە کەموکوڕی و پێ هەڵخلیسکانمان ببورە و لێمان خۆشبە.

لە ئەوسی کوڕی حوزەیفەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: « سَأَلْتُ أَصْحَابَ رَسُولِ اللهِ ﷺ كَيفَ تُحَزِّبُونَ القُرآن؟ قَالُوا: ثَلَاثٌ، وَخَمْسٌ، وَسَبْعٌ، وَتِسْعٌ، وَإِحدَى عَشرَةَ، وَثَلَاثَ عَشْرَةَ، وَحِزبُ المُفَصَّلِ وَحدَهُ»[٣]، واتە:" پرسیارم لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کرد ئێوە چۆن قورئانتان بەش بەش ئەکرد (بۆ خوێندنەوە)؟ وتیان: سێ سورەت بەشێک بوو، وە پێنج سورەت بەشێک، و حەوت سورەت

---

(١) رواه البخاري برقم (٥٠٥٤)، ومسلم برقم (١١٥٩) واللفظ له.

(٢) رواه مسلم برقم (٧٤٧).

(٣) رواه أحمد برقم (١٦١٦٦)، وأبو داود برقم (١٣٩٣) واللفظ له.

بەشێک، و نۆ سورەت بەشێک، و یانزە سورەت بەشێک، و سیانزە سورەت بەشێک، وە لەدوای سورەتی قاف (ق)ەوە هەتا کۆتایی قورئان بەشێک ".

مەبەست لە سێ سورەت؛ واتە: سێ سورەتی سەرەتای قورئان لە ڕۆژێکدا، ئینجا پێنج سورەتی دوای ئەوە لە ڕۆژی دووەمدا، ئیتر ئا بەو شێوەیە هەتا لە هەفتەیەکدا قورئانیان خەتم ئەکرد، ئا ئەمە حاڵی پێشەنگی یەکەمی ئەم ئوممەتە بوو لەگەڵ مەزنترین زیکردا، کە: قورئانە، وە ئەوانەی کە لەدوای ئەوان هاتن لە پێشین بەجوانی پەیڕەوی ئەوانیان کرد؛ چونکە لەسەر هەمان بەرنامە و ڕێبازی قوتابخانەکەی ئەوان پەروەردە بوون، زۆر بەکەمی ژیاننامەی یەکێکیان ئەخوێنیتەوە وەلێ ئەوەی تیا نەهاتبێت کە بە ئەوەندە و ئەوەندە ڕۆژ دەوری قورئانی نەکردبێتەوە، زۆربەی ڕێباز و ڕێنوێنیان حەوت بووە، واتە: هەموو هەفتەیەک خەتمی قورئانیان کردووە.

هەروەها لە حەمادی کوڕی زەیدەوە هاتووە: ئەویش لە عەطائی کوڕی سائیبەوە، کە ئەبا عەبدولڕەحمان وتوویەتی:" ئێمە قورئانمان لەگەلێک وەرگرتووە هەواڵیان پێداوین کە ئەوان کاتێ دە ئایەت فێر ئەبوون، بەسەریدا تێ نەئەپەڕین (بۆ ئایەتێکی تر) هەتا بەجوانی لێی تێنەگەیشتنایە و نەیانزانیایە کە چی تیادایە، ئێمە ئاوا فێری قورئان ئەبووین، لەگەڵ ئیش پێکردنی، جا دوای ئێمە خەڵکانێک ئەبن بە میراتگری قورئان بەوێنەی ئاو خواردنەوە ئەیخۆنەوە لە گەرویان تێ ناپەڕێت "[1].

* زیکر و یادی خوا مایەی ژیانی دڵەکانە:

زۆرێک لە ئێمە بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، و بەهۆی زۆریی سەرقاڵیمان سکاڵامانە لە دەست ژەنگ گرتن و بێ ئاگایی دڵەکانمان، لەکاتێکدا ژیانی دڵ بەزیکر و یادی خوا ئەبێ، لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە فەرمودەی ئەبی موسا (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لاَ يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ وَالمَيِّتِ»، واتە:" نمونەی ئەو کەسەی

(١) انظر: سير أعلام النبلاء: ٤/٢٦٩.

یادی پەروەردگاری ئەکات و ئەو کەسەی کە یادی پەروەردگاری ناکات، وەک نمونەی کەسێکی زیندو و کەسێکی مردوو وایە ".

لە بێژەی موسلیمدا بەمجۆرە هاتووە: « مَثَلُ الْبَيْتِ الَّذِي يُذْكَرُ اللهُ فِيهِ وَالْبَيْتِ الَّذِي لاَ يُذْكَرُ اللهُ فِيهِ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ »(١)، واتە:" نمونەی ئەو ماڵەی کە یادی خوای تیا ئەکرێت، و ئەو ماڵەی یادی خوای تیا ناکرێت، وەک نمونەی زیندو و مردوو وایە ".

ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) لە پەرتووکی (مدارج السالكين)دا لەبەشی (پلەو پایەی زیکر و یادی خوا)دا وتوویەتی:" پلە و پایەیەکی تری (إياك نعبد وإياك نستعين) بریتی یە لە پلە و پایەی: زیکر: کە پلە و پایەی گەلە گەورە و مەزنەکەیە، کە لەوێوە توێشووی خۆیان وەرئەگرن، و بازرگانی خۆیان ئەکەن، و بەبەردەوامی لەو نێوانەدا دێن و دەچن، یادی خوا بریتی یە لە بڵاوکردنەوە و گەیشتنە بە خۆشەویستی خوا، کە هەرکەسێک ئەم پلەیەی پێ ببەخشرێت ئەوا پەیوەندی بەخواوە ئەبێت و گەیشتوتە مەنزڵ، و ئەوەیشی کە پێی نەبەخشرێت ئەوا لەخوا دوور ئەخرێتەوە، و هەر ئەو خۆراکی دڵی گەلی موسڵمانە، کە هەرکاتێ لێی جیابێوە لاشەکان بۆی ئەبن بەگۆڕ، و ئاوەدانی خانە و لانەکانیان ئەگەر (یادی خوای) لێ پەکخرا ئەبێ بەوێرانە ...، هەر ئەو ڕۆشنایی دڵەکان و مایەی درەوشانەوە و دەرمانیەتی هەرکاتێ دەرد و نەخۆشی دایپۆشی، وە هەرچەن ئەوەی زیکری خوا ئەکات زیاتر زیکر بکات و پێوەی خەریک بێت ئەوا یادکراو (کە خوای گەورەیە) زیاتر پێی خۆشە بەدیداری بگات و زیاتر تامەزرۆیەتی...، هەر ئەمەیە دەرگای هەرە مەزنی کراوەی خوای پەروەردگار لەنێوان خۆی و بەندەکانیدا، ئەگەر بەندە نەیەت بەبێ ئاگایی خۆی دایبخات ". تەواو (٢).

هەروەها ئیبنولقەیم (بەڕەحمەت بێ) لە پەرتووکی (الوابل الصيب)دا زیاتر لە سەد کەڵکی زیکر کردنی باسکردووە، واچاکە بگەڕێینەوە بۆی و بیخوێنینەوە، کە وەرە و غیرەتی مرۆڤ ئەجوڵێنێ بۆ ئەوەی پارێزگاری لەم پەرستشە مەزنە بکات،

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٤٠٧)، ومسلم برقم (٧٧٩).

(٢) مدارج السالكين: ٢/٤٢٣.

هاتووە چەند نمونەیەکی لەو کەسانە باسکردووە کە یادی خوا زۆر ئەکەنەوە بەتایبەتی مامۆستاکەی شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (بەڕەحمەت بێ)[1].

خوای پاک و بێگەرد و بااڵ هانی بەندەکانی داوە بۆ زیکر کردنی لە چەند شوێنێکی زۆردا، لەوانە:

١- خوای پاک و بێگەرد و بڵند هانی بەندەکانی داوە؛ بۆ ئەوەی یادی خوا زۆر بکەن، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٤١ - ٤٢، واتە:{ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە یادی خوا بکەن بە یادکردنێکی یەکجار زۆر (٤١) وە تەسبیحاتی خوا بکەن و بەپاک و بێگەردی ڕابگرن لە بەیانیان و ئێواراندا }.

٢- خوای بەرز و بڵند بەڵێنی لێ خۆشبوون، و پاداشت و خێرێکی مەزنی داوە بەو پیاو و ژنانەی یادی خوا زۆر ئەکەنەوە، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی:﴿ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٥، واتە:{ ئەو پیاوانەی کە زۆر یادی خوا ئەکەن وە ئەو ئافرەتانەش کە زۆر یادی خوا ئەکەن ئا ئەمانە خوای گەورە لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورە و مەزنی بۆ ئامادە کردوون }.

٣- خوای پاک و بێگەرد و بڵند ئاگاداری کردوینەتەوە لە ئاکار و سیفەتی دوو ڕووەکان، ئەوانە زۆر بەکەمی یادی خوای بەرز و بڵند ئەکەن، پەنا بەخوا ئەگرین کە لەوانە بین، خوای بەرز و بڵند لەبارەیانەوە فەرموویەتی:﴿ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿١٤٢﴾ ﴾ النساء: ١٤٢، واتە:{ بەڕاستی دوو ڕووەکان بەگومانی خۆیان فێڵ لەخوا ئەکەن و خوا ئەخەڵەتێنن لەبەرامبەردا خوای گەورە هاوشێوەی خۆیان لەگەڵدا ئەکات و

(١) الوابل الصيب: ص٩٤.

ئەیانخەڵەتێنێ وە کاتێ هەڵئەسن بۆ نوێژ زۆر بەتەمەڵی هەڵئەسن بۆ ڕیا و ڕوپامایی بۆ خەڵک ئەیکەن و یادی خوا ناکەن زۆر بەکەمی نەبێت }.

٤- خوای پاک و بێگەرد و بڵند ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی کە خەریک بین بە مااڵ و سامان، و منااڵەوە و سەرقاڵمان بکات لەیادی خوای بەرز و بڵند، خوای باڵادەست فەرمووێەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٩ ﴾ المنافقون: ٩، واتە:{ ئەی باوەڕداران با مااڵ و سامان و منااڵتان سەرقاڵتان نەکەن لەیادی خوای گەورە و قورئان خوێندن و ئەنجامدانی فەرزەکان وە هەرکەسێ وا بکات و سەرقاڵ بێت بە دونیاوە ئا ئەو کەسانە بەڕاستی خۆیان زەرەرمەندن }.

٥- وەرە لەگەڵمدا جوان ڕامێنە لەو بەخشش و چاکە مەزن، و شکۆمەندیە، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٥٢، واتە:{ ئێوە یادم بکەن منیش یادتان ئەکەم بەلێخۆشبوون و پاداشتی نەبڕاوە }، وە لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کە فەرموویەتی: «أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي، فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ خَيْرٍ مِنْهُ »[1]، واتە:" من لەجێی گومانی بەندەکەمدام بەمن، وە من لەگەڵیدام کاتێ یادم ئەکات، ئەگەر لەدەروونی خۆیدا یادی کردم (بەنهێنی زمانی بجوڵێنێ و کەس نەیبیستێت، یان لە دڵیدا) ئەوا منیش لە نەفسی خۆمدا یادی ئەکەم، و ئەگەر لەناو کۆڕ و کۆمەڵێکدا یادم بکات ئەوا منیش لەناو کۆڕ و کۆمەڵێکی لەوان چاکتر یادی ئەکەم ".

٦- خوای گەورە ستایشی بڕواداری ژیر و تێگەیشتووەکانی کردووە کە ئەوان سیفەتیان وایە لە هەموو بارودۆخێکدا یادی ئەکەن، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا

---

(١) رواه البخاري برقم (٧٤٠٥)، ومسلم برقم (٢٦٧٥)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٠ - ١٩١، واتە:{ بەدڵنیایی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی و گۆڕانی نێوان شەو و ڕۆژدا هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر تاک و تەنیایی و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ کەسانێک کە ژیرن و خاوەن ئەقڵێکی ڕاست و دروستن (١٩٠) ئەو کەسانەی یادی خوای گەورە ئەکەن بەپێوە و بەدانیشتنەوە و بەڕاکشانەوە لەسەر لاکانیان و بیر ئەکەنەوە لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و ئەڵێن: ئەی پەروەردگار تۆ ئەمانەت بەبێ هودە بۆ گاڵتەوگەپ و بەپوچەڵی بەدی نەهێناوە پاک و بێگەردی بۆ تۆ خوایە بمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ }.

لە سوننەتی ئەو پێغەمبەرەی ﷺ - کە ئاکار و ڕەوشتی قورئان بوو- بەکردەوە جوانەکانی ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بۆ ئەکات، بەڕاستی هەمیشە لەگەڵ زیکر و یادی خوای گەورەدا بوو وە لێی جیا نەئەبۆوە لە هەموو بارودۆخ و کاتەکانی ژیانیدا، خاتو عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ، وەک لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە: « كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَذْكُرُ اللهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ »(١)، واتە: " پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کات و بارودۆخێکیدا یادی خوای ئەکرد ".

بۆت هەیە - ئەی برای موسڵمانم- بیر بکەیتەوە لە دەستەواژەی (لە هەموو کاتێکیدا) و بهێنیتە بەر چاوی خۆت، وەک چۆن ئەو هەموو کاتێکی وا بووە با ئێمە هەندێ لەکاتەکانمان وابین،وە من ناڵێم با هاوشێوەی ئەو و وەک ئەو بین بەڵام با نزیک بێت لەوەی پێغەمبەرەوە ﷺ.

ئایا ئێمە لەهەندێ لە کاتەکانماندا لەوانەین کەیادی خوا ئەکەن؟!

لەوە سەرسوڕهێنەر تر ئەوەیە کە پێشەوا موسلیم، لە صەحیحەکەیدا بۆی گێڕاوینەتەوە، کە زیکر کردنی پێغەمبەر ﷺ چۆن بووە تەنانەت لەکاتی سەرقاڵیشیدا، لە ئەغەری موزەنیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە، پێغەمبەری خوا

(١) رواه مسلم برقم (٣٧٣).

ﷺ فەرموویەتی: « إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي وَإِنِّي لأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ »[١]، واتە: " زۆرجار خەم و پەژارە (بۆ ئوممەتەکەی) یان بێ ئاگایی دێت بەسەرمدا و دڵم دائەپۆشێ (ئەگەر لە هەندێ ساتی ژیانیدا زیکری نەکردایە بەتاوانی ئەزانی)، وە من لە ڕۆژێکدا سەد جار داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە ئەکەم ".

پێشەوا نەوەوی (بەڕەحمەت بێ) وتوویەتی:" لێرەدا مەبەستی ئەو شتەیە کە دڵ دائەپۆشێ، قاضی عیاض وتوویەتی: وتراوە: مەبەست لێی خاوی و بێ ئاگابوونە لە زیکر کردن کە پیشەی ئەو بەردەوام بوون بووە لەسەری، جا ئەگەر خاو بوایەتەوە لێی، یان بێ ئاگایی ڕووی تێبکردایە بەگوناهو تاوانی دائەنا، بۆیە داوای لێخۆشبوونی لەخوا ئەکرد، وتی: هەروەها وتراوە: بریتی یە لەو خەم و پەژارەیەی کە بەهۆی ئوممەتەکەیەوە تووشی ئەبوو، کاتێ کەئاگادار ئەکرایەوە لە بارودۆخیان کەدوای خۆی چیان بەسەر دێت بۆیە داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەکردن، وە وتراوە: هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خەریک بوون بە چاودێری کردنی بەرژەوەندی و کاروباری ئوممەتەکەیەوە، و جەنگ و کوشتاری دوژمنان، و بەتەنگەوەهاتن، و دڵنەوایی و هۆگری کردنی تازە موسڵمانان، و هاوشێوەی ئەوانە، کە بەهەموو ئەمانەوە سەرقاڵ و خەریک ئەبوو لە پلەو پایە مەزنەکەی، بۆیە لەچاو پلەو پایە بەرزەکەی (لە نزیکی لە خوا و چاودێری کردنی و ڕاز و نیاز لەگەڵ کردنی) ئەو کارانەی بەگوناهو تاوان ئەزانی...، محاسەبی وتوویەتی: ترسی پێغەمبەران، و فریشتەکان ترسی بە گەورە و مەزن دانانە، ئەگەرچی دڵنیا و بێ ترسن لەسزای خوای بەرز و بڵند و بێ هاوتا "[٢].

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٧٠٢).

(٢) شرح النووي لمسلم: حديث (٢٧٠٢)، باب: استحباب الإستغفار، والإستكثار منه.

*** زیکر و یادی خوا دوو جۆرە: یادکردنی ڕەها و گشتی، لەگەڵ دیاری کراو:**

پێویستە لەسەر بەندەی موسڵمان کە سوور بێت لەسەر ئەوەی بەدڵ و زمانی یادی خوای گەورە بکات، چونکە ئەمە تێر و تەواوترین جۆری یادکردنە، نەک تەنیا بەزمان، هەندێ کەس هەیە هەست ناکات ئەو زیکرانەی کە ئەیانکات چییە، چونکە لەکاتی زیکردا تەنیا زمانی ئەجوڵێنێت، جا ئەگەر دڵیشی لەگەڵیدا بجوڵێنێت، و بەوردی بیری لێ بکاتەوە، ئەوا باوەڕی زیادی ئەکرد، و دڵیشی نەرم ئەبوو.

ئەوەش بزانە: ئەی برای بەڕێز و پڕ خێر و فەڕم: کە زیکر و یادکردنی خوای گەورە بەپێی شوێنەکەی دوو جۆرە: زیکری دیاری کراو، و زیکری ڕەها و گشتی.

زیکری دیاری کراو: ئەو زیکرەیە کە بەستراوەتەوە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، یان کاتێکی دیاریکراوەوە، یان بارو دۆخێکی دیاریکراوەوە.،

زیکری ڕەها و گشتی: ئەو زیکرەیە کە کاتەکەی دەستنیشان نەکرابێت، بەڵکو لە سەرانسەری ڕۆژدا ئەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

جا ویردەکانی دوای نوێژ، یان ئەو زیکرەی دوای بانگ ئەوترێت، هەروەها هەموو ئەو زیکرانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەشوێنێکی دیاریکراودا، یاخود لەکاتێکی دیاریکراودا فەرموویبێتی، بەسەر هەموو زیکرە ڕەهاکانی تردا پێش ئەخرێت؛ چونکە بەمجۆرە بەندە شوێنکەوتنی پێغەمبەری ﷺ دەست ئەکەوێت و کردەوەی وەک کردەوەی ئەو ئەبێت ﷺ و ئەو چی کردووە ئەمیش ئەوە ئەکات، جا کاتێ دوای نوێژە فەرزەکان سڵاو ئەداتەوە وا چاکە بۆی ویردەکانی دوای نوێژ بخوێنێ، و نەیەت جگە لەو ویردانە شتی تر بخوێنێ ئەگەرچی لەوانەش چاکتر بێت وەک قورئان خوێندن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەوجۆرەی کردووە، خێری تەواویش بەشوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ.

* بە زیکر کردن بەندە ئەبێت بەیەکێک لەپێشکەوتووەکان:

بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ قسەبکەین لەبارەی زیکر و سودەکانیەوە زۆری ئەوێت و درێژە ئەکێشێ، بەڵام ئەوەی هەیە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان لەو کەسانە نەبێت کەزۆر بەکەمی یادی پەروەردگاریان ئەکەن، بەڵکو دەستپێشخەری بکات بۆ پارێزگاری کردن لەو چاکە و بەخششە گرنگ و گەورە و مەزنە کە لە زیکردایە، و هەوڵبدات وردە وردە خۆی ڕابهێنێ لەسەر ئەم پەرستشە، و خۆی ڕابهێنێ لەسەر ئەوەی هەرکاتێ لە پەرستشێک بۆوە، بابێت جۆرێک لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ فێر بێت، و ماوەیەک پارێزگاری لێ بکات تا بەتەواوەتی لای جێگیر ئەبێت و ئەم زیکرە ئەبێت بە ویردی سەر زمانی لە شەو و ڕۆژدا، ئینجا با خۆی ڕابهێنێ و پەرۆش بوونی زیاد بکات، و بچێت بۆ فێر بوون و لەبەرکردنی زیکرێکی تر ئا بەو جۆرە، هەتا ئەبێت بە یەکێک لە تایبەتمەند و تاکەکان: کە ئەو پیاو و ژنانەن کە زۆر یادی خوای بەرز و بڵند ئەکەن.

بەوەش ئەبێت بەیەکێک لەوانەی کە پێشکەوتوون لەبەر وتە و فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ، وەک موسلیم لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَسِيرُ فِي طَرِيقِ مَكَّةَ فَمَرَّ عَلَى جَبَلٍ يُقَالُ لَهُ جُمْدَانُ فَقَالَ « سِيرُوا هَذَا جُمْدَانُ سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ ». قَالُوا وَمَا الْمُفَرِّدُونَ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: « الذَّاكِرُونَ اللهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتُ »[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕێگەی مەککەدا ئەڕۆیشت، بەلای کێوێکدا ڕابورد و تێپەڕی پێی ئەوترا جومدان، فەرمووی:" بڕۆن و بکەونەڕێ ئەمە جومدانە تاکەکان پێشکەوتن ". وتیان: تاکەکان کێن ئەی نێردراوی خوا ﷺ، فەرمووی:" ئەو پیاو و ژنانەی کە یادی خوا زۆر ئەکەن ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٧٦).

پەیامبەری خوا ﷺ تاک و تایبەتمەندەکانی بەوە ناساندووە کە ئەو پیاو و ژنانەیە کە یادی خوا زۆر ئەکەن، تاکەکان لە زمانەوانیدا لە تەنیا بوونەوە هاتووە، وەک ئەوەی ئەو کەسانە جیاواز بووبێتن لە کەسانی تر لەبەر زیکری خوا کردن، و ئەو پلەیەی ئەوان پێی گەیشتوون زۆرێک لە هاوشێوەکانیان پێی نەگەیشتوون، وەک هەندێ لە زانایان باسیان لێکردووە، وە زۆر کارێکی قێزەونە کە دڵ بەتاڵ بێت لەیادی خوای بەرز و بڵند، و زمانیش وشک و برینگ بێت لە زیکری خوا.

پێغەمبەری خوا ﷺ بەو پیاوەی فەرموو کاتێ هاتە خزمەتی، و کابرا پێی وت: «إِنَّ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيْنَا، فَبَابٌ نَتَمَسَّكُ بِهِ جَامِعٌ؟ قَالَ: « لَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللهِ»[1]، واتە:" بەڕاستی فەرمان و یاسا و ڕێساکانی ئیسلام (لە فەرز و سوننەت) زۆربووە لەسەرمان، جا بابەتێکی گشتگیر و کۆکەرەوەمان پێ بفەرموو کە دەستی پێوە بگرین؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:" با هەمیشە و بەردەوام زمانت تەڕ و پاراوبێت بە یادی خوای گەورە ".

جا ئەی برای بەڕێز و پڕ خێر و فەڕم ئەوەی فریای هەموشی نەکەوێت واز لە زۆربەیشی ناهێنێت (ما لا يدرك كله لا يترك جله)، تۆش وەرە زیکرێک بخوێنە و دەستی پێوەبگرە هەتا زیکری تری ئەخەیتە پاڵ و بۆی زیاد ئەکەیت، ئا ئەمە بۆتۆ خێرتر و چاکترە لەوەی تەمەنت بەفیڕۆ بڕوات و تێپەڕێت، و کردەوەکانت بەم پەرستشە سەنگین و بەڕێزە زیاد نەکەیت.

ئەوەی کە هاتووە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ سەبارەت بە جۆرەکانی زیکر و یادکردنی خوای گەورە زۆر زۆرە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانە:

١- لە ئەبی هورەیڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ. كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ

(١) رواه أحمد برقم (١٧٦٨٠)، والترمذي برقم (٣٣٧٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع: ١٢٧٣/٢).

وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنَ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِيَ وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ أَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلاَّ أَحَدٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ. وَمَنْ قَالَ سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَلَوْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ »[1]، واتە:" هەرکەسێ لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ: هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لە خوای گەورە تاک و تەنیایە هیچ هاوتا و هاوەڵێکی نییە هەرچی مووڵک و دەسەڵات و ستایشی ڕەهایە هەر بۆئەوە و شایانی ئەوە، و بەسەر هەموو شتێکدا بە دەسەڵات و بەتوانایە، ئەوا ئەوە وەک ئەوە وایە دە کۆیلەی ڕزگار کردبێت و بە ئەندازەی ئەوە پاداشتی دەست ئەکەوێت، و سەد چاکەی بۆ ئەنوسرێت، و سەد گوناهو تاوانی لەسەر ئەسڕێتەوە، و ئەبێتە پەرژین و پەناگە بۆی لە شەیتان لەو ڕۆژەیدا هەتا ئێوارەی لێ ئەبێتەوە، و هیچ کەسێ نییە لەڕۆژی دوایدا لەوەی ئەم چاکتری پێ بێت و مەگەر کەسێک لەم زیاتری کردبێت. هەرکەسێکیش لەڕۆژێکدا سەد جار بڵێ: (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ- پاک و بێگەردی لە هەموو نەنگی و کەموکوڕیەک بۆ خوا، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە کۆمەکی کردم و یارمەتی دام تا بەپاک و بێگەردی ڕابگرم)، ئەوا گوناهەکانی لەسەر لانەچێت و نامێنێت ئەگەر وەک کەفی دەریاش بێت ".

٢- لە ئەبی ئەیوبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ عَشْرَ مِرَارٍ كَانَ كَمَنْ أَعْتَقَ أَرْبَعَةَ أَنْفُسٍ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ »[2]، واتە:" هەرکەسێ دەجار بڵێ: هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لەخوا تاک و تەنیایە هیچ هاوتا و هاوەڵێکی نییە هەرچی مووڵک و دەسەڵات و ستایشی ڕەهایە هەر بۆئەوە و شایانی ئەوە، و بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵات و بەتوانایە، ئەوا وەک ئەوە وایە کە چوار کەسی لە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەر ﷺ ئازاد کردبێت ".

---

(١) رواه البخاري برقم (٣٢٩٣)، ومسلم برقم (٢٦٩١) واللفظ له.

(٢) رواه البخاري برقم (٦٤٠٤)، ومسلم برقم (٢٦٩٣).

٣- لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ « أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ أَلْفَ حَسَنَةٍ ». فَسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِهِ: كَيْفَ يَكْسِبُ أَحَدُنَا أَلْفَ حَسَنَةٍ؟ قَالَ: « يُسَبِّحُ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ »[1]، واتە:" ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین فەرمووی:" ئایا کەس هەیە لەئێوە ئەوەندە دەستەوسان و بێ توانابێت کە نەتوانێ هەموو ڕۆژێ هەزار چاکە بۆخۆی بەدەست بهێنی؟". یەکێک لەوانەی لای دانیشتبوو پرسیاری لێکرد: چۆن یەکێک لە ئێمە ئەتوانێ هەزار چاکەی دەست بکەوێ؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:" سەد (سُبْحَانَ اللهِ) بکات هەزار چاکەی بۆ ئەنوسرێت، یان هەزار گوناهو تاوانی لێ هەڵئەوەرێت ".

٤- لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « مَنْ قَالَ سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَلَوْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ »[2]، واتە:" هەرکەسێک لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ: (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ- پاک و بێگەردی لە هەموو نەنگی و کەموکوڕیەک بۆ خوا، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە کۆمەکی کردم و یارمەتی دام تا بەپاک و بێگەردی ڕابگرم)، ئەوا گوناهەکانی لەسەر لائەچێت و نامێنێت ئەگەر وەک کەفی دەریاش بێت ".

لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا بەمجۆرە هاتووە: « مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ وَحِينَ يُمْسِي سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ مِائَةَ مَرَّةٍ. لَمْ يَأْتِ أَحَدٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلاَّ أَحَدٌ قَالَ مِثْلَ مَا قَالَ أَوْ زَادَ عَلَيْهِ »[3]، واتە:" هەرکەسێ کاتێ بەیانی ئەکاتەوە و ئێوارەی بەسەردا دێت سەد جار بڵێ (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ)، ئەوا لەڕۆژی دوایدا هیچ کەسێ نییە لەوەی ئەم هێناویەتی باشتر بهێنێت، مەگەر کەسێک وەک ئەوەی ئەمی وتبێت یان زیاتری وتبێت ".

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٦٩٨).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٤٠٥)، ومسلم برقم (٢٦٩٢).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٦٩٢).

بەڕاستی فەرمووده زۆره سەبارەت بەجۆری زیکر کردن و خێر و چاکەی، ئەوەی لە پێشەوە هێنامان لە بەناوبانگترین و ڕاستترین جۆری زیکرە کە خێر و چاکەیەکی زۆری هەیە، و ئەوەی کە باسمان نەکردووە زۆر لەوە زیاترە، لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى كَنْزٍ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ ». فَقُلْتُ بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ. قَالَ « قُلْ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ »[1]، واتە:" ئایا ڕێنمایت نەکەم و ئاگادارت نەکەم لە گەنجینەیەک لە گەنجینەکانی بەهەشت؟"، وتم: بەڵێ ئەی نێرراوی خوا ﷺ، فەرمووی:" بڵێ: (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ - هیچ هەوڵ و توانایەک نییە شەڕ و خراپە لابدات و دوری بخاتەوە، و هیچ هێزێکیش نییە کەوا خێر و چاکە بهێنێ مەگەر بەویست و یارمەتی و کۆمەکی خوای بەرز و بڵند نەبێت) ".

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « لأَنْ أَقُولَ سُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ للهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَاللهُ أَكْبَرُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ »[2]، واتە:" ئەگەر بڵێم: پاک و بێگەردی بۆ خوا لە هەموو نەنگی و کەموکوڕیەک، و سوپاس و ستایشی ڕەها و بێ سنور بۆ خوا، و هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق شایستەی پەرستن بێ جگە لە خوا، و خوا گەورەترینە و لە هەرچی شت هەیە گەورەترە، ئەمانەم لەلا خۆشترە لە دنیا و هەموو ئەو شتانەی کە لە دنیادایە و خۆریان بەسەردا هەڵدێت ".

داوای لێخۆشبوون کردنیش لەخوا (استغفر الله) کردن، جۆرێکە لە جۆرەکانی زیکر، لە پێشەوە فەرموودەکەی ئەغەڕی موزەنیمان (خوا لێی ڕازی بێ) هێنا، کە لای پێشەوا موسلیم هاتبوو، کە پێغەمبەر ﷺ تیایدا فەرموی: « إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي وَإِنِّي لأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ »[3]، واتە:" زۆرجار خەم و پەژارە (بۆ ئوممەتەکەی)

---

(١) رواه البخاري برقم (٤٢٠٢)، ومسلم برقم (٢٧٠٤).

(٢) رواه مسلم برقم (٢٦٩٥).

(٣) رواه مسلم برقم (٢٧٠٢).

یان بێ ئاگایی دێت بەسەرما و دڵم دائەپۆشێ، و من لە ڕۆژێکدا سەد جار داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە ئەکەم ".

کە ئەمە کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بوو، لە گفتاریشیدا هانی موسڵمانانی داوە بۆ داوای لێخۆشبوون کردن لەخوا، وەک لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، لە ئەغەڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « يَا أَيُّهَا النَّاسُ تُوبُوا إِلَى اللهِ فَإِنِّي أَتُوبُ فِي الْيَوْمِ إِلَيْهِ مِائَةَ مَرَّةٍ »[1]، واتە:" ئەی خەڵکینە پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، بەڕاستی من لەڕۆژێکدا سەد جار تۆبە ئەکەم و ئەگەڕێمەوە بۆلای ".

لای پێشەوا بوخاری لە فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەدا (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە وتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەیفەرموو: « وَاللهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ فِي اليَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً »[2]، واتە:" سوێند بەخوا من لەڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار داوای لێخۆشبوون لە خوای مەزن ئەکەم و پەشیمان ئەبمەوە و ئەگەڕێمەوە بۆلای ".

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو بەندەیەکی موسڵمان بێ ئاگا نەبێت لە (أستغفر الله) کردن و بەردەوام داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکات.

ئا لێرەدا بە زیکرێکی گەورە و مەزن کۆتایی بە سوننەتەکانی زیکر و یادی خوای باڵادەست ئەهێنم- هەروەها هەموو سوننەتەکانی تری ڕۆژانەش- کە لەهەردوو پەرتوکە ڕاست و دروستەکەدا هاتووە (بوخاری و موسلیم)، کە پێشەوا بوخاری صەحیحەکەی بەمە کۆتایی پێ هێناوە، و ئیبنو حەجەریش پەرتوکەکەی (بلوغ المرام)ی بەمە کۆتایی پێ هێناوە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، کە ئەویش فەرموودەی ئەبی هوڕەیڕەیە (خوا لێی ڕازی بێ) کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي المِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ:

---

(١) رواه مسلم برقم (٢٧٠٢).

(٢) رواه البخاري برقم (٦٣٠٧).

سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ، سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ »[1]، واتە:" دوو وشە هەن لەسەر زمان سوک و ئاسانن و بەئاسانی ئەوترێن، و لە تەرازووی کردەوەکاندا قورس و سەنگینن (نەک لەبەر زۆری پیتەکانی بێت بەڵکو لەبەر مەزنێتی واتاکەیەتی)، و بەلای خواوە خۆشەویستن (چونکە بەپاک ڕاگرتن و بەمەزن دانانی لەخۆ گرتووە): ئەویش وتنی (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ ، سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ)ە، پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوا، پاک و بێگەردی بۆ خوای مەزن".

لە کۆتایدا سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە ناز و نیعمەتەکانی ئەو کردەوە چاکەکان کامڵ و تێر و تەواو ئەبێت.

منیش ئەڵێم: هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی سوپاسی بێ سنور بۆ ئەو خوایەی کە یارمەتی دام بۆ وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە و بۆی ئاسان کردم، ئەگەر پێکابێتم هەر لەخواوەیە و هەر هەڵەیەکیشم کردبێت (کە بێگومان کاری هیچ بەندەیەک بێ کەموکورتی نابێت) لە خودی خۆم و شەیتانەوەیە.

کاتژمێر: ١١:٤٣ خولەکی پێش نیوەڕۆ ٢٠٢٠/٣/٩ سلێمانی.

کاتژمێر: ٥:١٥ خولەکی دوای عەسر ٢٠٢١/٥/١٨ لەژێر ڕۆشنایی تێبینیەکانی مامۆستا صلاح الدين سوپاس بۆ خوا لە پیاچوونەوەی بوومەوە.

---

(١) رواه البخاري برقم (٦٤٠٦)، ومسلم برقم (٢٦٩٤).

((پێڕست))

پێشەکی وەرگێڕ ٥

پێشەکی نوسەر ١١

دەستپێک ١٦

واتای سوننەت ١٦

چەند نمونەیەک لەسەر پەرۆشی پێشین لەسەر جێبەجێکردنی سوننەت ١٧

لە بەرهەمەکانی شوێنکەوتنی سوننەت ٢٢

پێش دەستپێکردن بەوەی کە مەبەستمە ئەڵێم ٢٥

سوننەتە کات دیاریکراوەکان ٣٠

یەکەم: کاتی پێش بەرمبەیان (شەبەق) ٣١

بەشی یەکەم: هەستان لە خەو: لەگەڵ ئەو کردەوانەی لەدوای ئەوموە دێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی ئەدان ٣١

١/ سیواکی بەدەم و دانیدا ئەهێنا ٣١

٢/ ویردی لەخەو هەستانی ئەخوێند ٣٢

٣/ خەوی لەدەم و چاوی ئەسڕی (واتە: بەدەستەکانی چاوی هەڵئەگڵۆفت) ٣٢

٤/ تەماشای ئاسمانی ئەکرد ٣٢

٥/ دە ئایەتی کۆتایی سورەتی ئالی عیمرانی ئەخوێند ٣٢

٦/ سێ جار شتنی هەردوو دەستەکان ٣٣

٧/ سێ جار ئاو هەڵمژین و لە لووت ڕادان ٣٥

٨/ دەستنوێژگرتن ٣٨

لە سوننەتەکانی دەستنوێژ ٣٩
١- سیواک کردن ٣٩
٢- ناوی خودا هێنان (بسم الله) کردن ٣٩
٣- سێ جار شتنی دەستەکان ٤٠
٤- لەڕاستەوە دەستپێکردنی شتنی دەست و قاچەکان ٤١
٥- دەستکردن بە ئاو لەدەم و لووت وەردان و هەڵمژینی ٤١
٦- زیادەڕەوی کردن لە ئاو لە دەم و لوت وەردان ٤٢
٧- ئاو لەدەم و لووت وەردان بە یەک مشت ئاو ٤٣
٨- دەستی تەڕ هێنان بەسەردا ٤٤
٩- سێ جار شتنی ئەندامەکان ٤٤
١٠- ئەو جۆرە نزا و پاڕانەوانەی کە لەدوای دەستنوێژەوە هاتوون ٤٥

بەشی دووەم: شەونوێژ لەگەڵ نوێژی وتر..... ٤٨
١/ سوننەت وایە شەونوێژ لەکاتە چاکەکەیدا ئەنجام بدرێ ٤٨
٢/ سوننەت وایە موسڵمان یانزە ڕکات نوێژ ئەنجام بدات ٥٢
٣/ سوننەت وایە شەونوێژ بەدوو ڕکاتی سوکەڵە دەست پێبکرێت..... ٥٤
٤/ سوننەت وایە ئەو ویردانەی ئیستفتاح (دەستپێکردنی نوێژ) بخوێنرێ ٥٤
٥/ سوننەتە کە ڕاوەستان و چەمینەوە و سوژدەکانی درێژ بکاتەوە..... ٥٦
٦/ ئەو سوننەتانەی لەبارەی قورئان خوێندنەوە هاتوون..... ٥٦
٧/ سوننەت وایە لەهەر دوو ڕکاتێکدا سەلام بداتەوە..... ٥٨
٨/ سوننەت وایە لە سێ ڕکاتی کۆتاییدا چەند سورەتێکی دیاریکراو بخوێنێت ٥٩
٩/ سوننەت وایە لە نوێژی وەتردا جاروبار قنوت بخوێنرێت ٥٩
باسێک: ئایا خوێندنی قنوت لە نوێژی وەتردا جێگیر بووە ٦٠
ئایا خوێندنی قنوت لەپێش کڕنووش بردنەوە ئەخوێندرێ یان لەدوایەوە؟..... ٦٣
باسێک: ئایا لەکاتی خوێندنی قنوتی وەتردا دەستەکان بەرز ئەکرێتەوە؟ ٦٥
باسێک: ئایا لە نوێژی وەتردا قنوتەکەی بەچی دەست پێئەکات؟..... ٦٥

باسێک: ئایا دوای خوێندنی نزای قنوت دەست ئەهێنرێ بەدەموچاودا و ئەسرێتەوە؟ ٦٧
١٠/ نزا و پاڕانەوە لە سێ یەکی کۆتایی شەودا ٦٩
١١/ سوننەتە کاتێ سڵاوی دایەوە لە نوێژی وەترەکەی سێ جار بڵێ: «سُبْحَانَ الْمَلَكِ الْقُدُّوسِ»، و دەنگی بەرز بکاتەوە لە سێهەم جاردا ٦٩
١٢/ سوننەتە خێزان و کەسوکاری هەڵسێنێ بۆ شەونوێژ..... ٧٠
١٣/ سوننەت وایە ئەو کەسەی شەو هەڵئەسێ، بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە ٧١
١٤/ سوننەت وایە هەر کەسێ شەونوێژەکەی لە کیس چوو لە ڕۆژدا بە جووت شەونوێژەکەی بکاتەوە ٧٢

دووەم: کاتی بەرەبەیان ٧٤

بانگدان..... ٧٤
١/ شوێنکەوتنی بانگبێژ..... ٧٤
٢/ وتنی وێردی دوای شایەتمانی بانگبێژ ٧٦
٣/ سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای بانگ ٧٧
٤/ وتنی ئەو نزا و پاڕانەوەیەی کە لەدوای بانگدانەوە هاتووە..... ٧٧
٥/ پاڕانەوەی دوای بانگ..... ٧٨
کەڵکێک: ڕێگری کراوە لەوەی کە دوای بانگ لە مزگەوت بچێتە دەرەوە ٧٩
سوننەتی بەیانی: کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت ٧٩
سوننەتی بەیانی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر چەند هۆیەک..... ٨٤
ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت، کە ئەمەش چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت: ٩٠
١/ سوننەتە پێشبڕکێ بکرێ لەزوو چوونە مزگەوت ٩٠
٢/ بەدەستنوێژەوە لەماڵەوە بێتە دەرەوە بۆئەوەی هەنگاوەکانی بۆ بنوسرێت ٩١
٣/ پێویستە بە هێمنی و لەسەرخۆییەوە لەماڵ بچێتە دەرەوە بۆ نوێژ..... ٩١
٤/ پێشخستنی قاچی ڕاست لەکاتی چوونە مزگەوت، و..... ٩٢
٥/ لەکاتی چوونە ناو مزگەوت و هاتنە دەرەوەدا ئەو وێردە بخوێنێت..... ٩٣

٦/ دوو ڕکات نوێژی سوننەتی سڵاوی مزگەوت بکات ٩٤
٧/ سوننەتە بۆ پیاوان دەست پێشخەری بکەن بۆ چوونە ڕیزی یەکەم ٩٤
٨/ سوننەتە ئەوانەی لەدوای ئیمامەوە نوێژ ئەکەن لێیەوە نزیک بن ٩٧

سوننەتەکانی ناو نوێژ ٩٨

یەکەم: بەربەستی نوێژ (سوترەی نوێژ): ٩٨

١- سوننەتە بەربەست دابنرێت ٩٨
٢- سوننەتە لەبەربەستەکە نزیک بیت ٩٩
٣- سوننەت وایە ئەو کەسەی بە بەردەم نوێژخوێندا ئەڕوات ڕێگری لێبکرێت ١٠٠
٤- سوننەتە لەگەڵ هەموو نوێژێکدا سیواک بکەیت ١٠٢

دووەم: لەکاتی هەستانیدا بۆ نوێژ سوننەتە ئەم کارانەی لای خوارەوە ئەنجام بدرێت ١٠٢

١/ دەست بەرزکردنەوە لەکاتی ئەڵاهوئەکبەر کردنی نوێژ دابەستندا ١٠٢
٢/ سوننەتە لەکاتی دەست بەرزکردنەوەدا پەنجەکانی دەست درێژکراوە و ١٠٣
٣/ سوننەتە دەست بەرزکردنەوە هەتا ئەو شوێنە بێت کە لە سوننەتدا هاتووە ١٠٤
٤/ سوننەتە نوێژخوێن دوای ئەڵاهوئەکبەرکردنی نوێژ دابەستن دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دابنێت ١٠٤
٥/ سوننەتە بەدەستی ڕاستی دەستی چەپی بگرێت ١٠٤
٦/ سوننەتە نزای سەرەتای دەستپێکی نوێژ بخوێنێ (دعاء الإستفتاح) ١٠٥
٧/ پەنابەخوا گرتن ١٠٧
٨/ بیسمیلا کردن: خوێندنی (بسم الله الرحمن الرحیم) ١٠٨
٩/ ئامین کردن لەگەڵ پێشنوێژدا ١٠٨
١٠/ خوێندنی قورئان لەدوای فاتیحاوە ١٠٩

سێیەم: لەکاتی چەمینەوەدا سوننەتە ئەمانەی لای خوارەوە ئەنجام بدرێ..... ١١٠
١/ سوننەتە دەست بخرێتە سەر ئەژنۆکان و کڵاوەی ئەژنۆ بگیرێت و..... ١١٠
٢/ سوننەت وایە ئەوەی کە ئەچەمێتەوە پشتی بەڕێکی درێژ بکات ١١١
٣/ سوننەتە نوێژخوێن لەکاتی چەمینەوەدا ئانیشکەکانی لەلا کەلەکەی دوور بخاتەوە ١١١
٤/ سوننەتە ئەو ویردانە بخوێنێ کە سەبارەت بە چەمینەوە هاتوون..... ١١٢
چوارەم: سەربەرزکردنەوە لە چەمینەوەدا، کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت..... ١١٣
١/ درێژکردنەوەی ئەم ڕۆکنە ١١٣
٢/ هەمەجۆری لە وتنی شێوازەکانی: (رَبَّنَا لَكَ الحَمْد) ١١٤
٣/ سوننەتە دوای سەربەرز کردنەوە لە کڕنووش ئەو ویردانە بخوێنرێت ١١٥
پێنجەم: سوژدەبردن: کە چەند سوننەتێک لەخۆ ئەگرێت.... ١١٦
١/ سوننەتە سوژدەبەر باڵەکانی لەلا تەنیشت و سک و ڕانی دوور بخاتەوە ... ١١٦
٢/ سوننەتە بۆ کەسی سوژدەبەر سەری پەنجەکانی پێی بەرەو ڕووگە بێت... ١١٧
٣/ سوننەت وایە ئەو ویردانە بخوێنێت کە سەبارەت بە سووژدە هاتوون..... ١١٨
٤/ سوننەت وایە لەسوژدەدا نزا و پاڕانەوە زۆر بکرێت ١٢٠
شەشەم: سوننەتەکانی دانیشتنی نێوان دوو سوژدەکە..... ١٢٠
١/ سوننەت وایە نوێژخوێن قاچی چەپی ڕابخات و لەسەری دابنیشێت، و ... ١٢٠
٢/ پێویستە ئەم ڕۆکنە درێژ بکرێتەوە ١٢٠
٣/ سوننەتە بۆ ئەو کەسەی ئەیەوێت هەڵسێتەوە بۆ هەر ڕکاتێک بێت جا دووەم ڕکات بێت یان چوارەم ڕکات، ئەوا تۆزێک دابنیشێت و پشوویەک بدات پێش ئەوەی هەڵسێتەوە ١٢١

حەوتەم: ئەو سوننەتانەی کە سەبارەت بە تەحیات هاتوون ١٢٢
١/ سوننەت وایە نوێژخوێن لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا قاچی چەپی ڕابخات و ١٢٢
٢/ سوننەت وایە بە هەمەجۆری دەستی دابنێت لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا ... ١٢٣
٣/ سوننەت وایە لەکاتی خوێندنی تەحیاتدا چۆنێتی دانانی پەنجەکانی دەستی هەمەجۆر بێت ١٢٤
٤/ سوننەت وایە بە هەمەجۆری دەقەکانی تەحیات بخوێنرێت..... ١٢٥
٥/ سوننەت وایە نوێژخوێن لە تەحیاتی نوێژە سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتیەکاندا بەشێوەی تەوەڕوک دابنیشێت..... ١٢٦
٦/ سوننەت وایە نوێژخوێن بە هەمەجۆری ئەو دەقانە بخوێنێ کە سەبارەت بە سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوون..... ١٢٧
٧/ سوننەت وایە نوێژخوێن پێش ئەوەی سڵاو بداتەوە پەنا بگرێ بەخوا لە چوار شت ١٢٨

هەشتەم: ئەو وێردانەی دوای سڵاودانەوە لە نوێژە فەرزەکان هاتوون سوننەتن ١٣٠

نۆیەم: سوننەت وایە دوای نوێژی بەیانی لەجێ نوێژەکەیدا دابنیشێت هەتا خۆر هەڵدێت..... ١٣٦

وێردەکانی بەیانیان ١٣٨
وێردەکانی بەیانیان و ئێوارانیش بریتی یە لەمانە ١٣٨

سێ یەم: کاتی چێشتەنگاو..... ١٤٦
زانایان سەبارەت بە سوننەت بوونی نوێژی چێشتەنگاو ڕایان جیاوازە ١٤٦
کاتەکەی ١٥٠
خێر و چاکەی نوێژی چێشتەنگاو ١٥١
ژمارەی ڕکاتەکانی..... ١٥٢

چوارەم: کاتی نیومڕۆ ١٥٣
فەرمانی یەکەم: نوێژی سوننەتی پێش و دوای نوێژی نیوەڕۆ ١٥٣
فەرمانی دووەم: سوننەتە ڕکاتی یەکەمی نوێژی نیوەڕۆ درێژ بکرێتەوە ١٥٤
فەرمانی سێ یەم: سەرخەوشکاندن (قەیلولەکردن) ١٥٥
فەرمانی چوارەم: سوننەت وایە لەکاتی تاوسەندنی گەرمادا نوێژی نیوەڕۆ دوابخرێت هەتا تینی گەرماکە ئەشکێت ١٥٦

پێنجەم: کاتی عەسر ١٥٨
ئایا سوننەتە لە پێش عەسردا هیچ نوێژێکی سوننەت بکرێت؟ ١٥٨
ویردەکانی بەیانیان و ئێواران ١٦٠
کاتی خوێندنی ویردەکانی بەیانیان ١٦٠
کاتی خوێندنی ویردەکانی ئێواران ١٦١

شەشەم: کاتی ئێوارە ١٦٤
فەرمانی یەکەم: سوننەت وایە لەسەرەتای ئێوارەدا منالّ بهێنرێتەوە بۆمالّەوە ١٦٤
فەرمانی دووەم: سوننەت وایە لەسەرەتای ئێوارەدا دەرگاکان دابخرێن، و ١٦٤
فەرمانی سێ یەم: کردنی دوو ڕکات نوێژی سوننەت پێش نوێژی ئێوارە ١٦٧
وە هەروەها لە نێوان بانگ و قامەتدا سوننەتە دوو ڕکات نوێژ بکرێت ١٦٨
فەرمانی چوارەم: خەوتن لە پێش نوێژی خەوتنان کارێکی بێزراوە ١٧٠

حەوتەم: کاتی نوێژی خەوتنان (عیشا) ١٧١
فەرمانی یەکەم: کارێکی باش نییە کە لەدوایەوە قسەبکرێت و کۆڕ ببەسترێت ١٧١
فەرمانی دووەم: وا چاکە نوێژی خەوتنان دوابخرێ ١٧٣

سوننەتەکانی خەوتن ١٧٥
١/ داخستنی دەرگاکان لەکاتی خەوتندا ١٧٥
٢/ کوژاندنەوەی ئاگر پێش خەوتن ١٧٦
٣/ دەستنوێژگرتن پێش نووستن ١٧٨

٤/ تەکاندنی نوێن و پێخەف پێش ڕاکشان لەسەری ١٧٨
٥/ خەوتن لەسەر لای ڕاست..... ١٨٠
٦/ دەستی ڕاست خستنە ژێر ڕوومەتی لای ڕاست ١٨٠
٧/ خوێندنی ویردەکانی خەوتن ١٨١

سوننەتەکانی خەوبینین ١٩٤

هەرکەسێ خەوێکی خۆشی بینی، سوننەت وایە بۆی ئەم کارانە بکات ١٩٧
کەسێ خەوێکی بینی ، پێی ناخۆش بوو ئەوا سوننەت وایە ئەم کارانە بکات . ١٩٧
هەرکەسێ بەشەو هەستا، ئەوا سوننەتە بۆی ئەم ویردە بخوێنێ ٢٠٠

سوننەتەکات دیاری نەکراوەکان ٢٠٤

سوننەتەکانی خواردن..... ٢٠٥

١- ناوی خوا هێنان (بسم الله) کردن لەسەرەتای خواردندا ٢٠٨
٢- لەبەردەمەوە شت خواردن ٢١٣
٣- هەڵگرتنەوەی تیکە و پارووێەک کە ئەکەوێتە خوارەوە ٢١٤
٤- لێسانەوەی پەنجەکان..... ٢١٥
٥- قاپ لێسانەوە ٢١٦
٦- خواردن بەسێ پەنجە..... ٢١٧
٧- سێ جار هەناسەدان لە دەرەوەی دەفر و جام ٢١٨
٨- سوپاسکردنی خوای بەرز و بڵند لەدوای خواردن و خواردنەوەدا ٢١٩
٩- کۆبوونەوە لەسەر خواردن ٢٢٠
١٠- ستایشکردنی خواردن ئەگەر بەدڵیبوو ٢٢٢
١١- نزا و پاڕانەوە بۆ خاوەنی خواردنەکە ٢٢٣
١٢- کارێکی باش و موستەحەبە ئەوکەسەی خواردنەوەیەک ئەخواتەوە دوای خۆی بیدات بەو کەسی لای ڕاستیەوەیە پێش ئەوەی بیدا بەوەی لای چەپیەوەیە ... ٢٢٤
١٣- ئاوگێڕی خەڵکی لەکۆتایی هەموویاندا ئەیخواتەوە ٢٢٦
١٤- داپۆشینی دەفر و مەنجەڵ، و ناوی خوای بەرز و بڵند هێنان ٢٢٧

سوننەتەکانی سڵاوکردن، و دیدار، و کۆڕ و دانیشتن ٢٣٥
١/ سوننەتە سڵاو لەکەسی بەرامبەرت بکەیت ٢٣٥
٢/ کارێکی باشە سێ جار سڵاوکردن دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد ٢٣٧
٣/ سوننەتە بەگشتی سڵاو لە خەڵکی بکەیت ٢٣٩
٤/ سوننەت وایە ئەو کەسە لە پێشەوە سڵاو بکات کە لە سوننەتدا هاتووە .. ٢٤٠
٥/ سوننەت وایە سڵاو لە منااڵن بکرێت ٢٤١
٦/ سوننەتی سڵاوکردن لەکاتی چوونە ماڵەوەدا ٢٤٢
٧/ سوننەت وایە بە دەنگی نزم سڵاو بکرێت، ئەگەر چووە ناو خەڵکانێکەوە، کەسی نوستوویان تیا بوو ٢٤٣
٨/ سوننەت وایە سڵاو بگەیەنیت ٢٤٤
٩/ سڵاوکردن لەکاتی چوونە کۆڕێکی دانیشتن، هەروەها لەکاتی هەستان و جیابوونەوەشدا ٢٤٧
١٠/ سوننەتە لەکاتی بە یەکگەیشتندا لەگەڵ سڵاوکردن تەوقەش بکرێت ٢٤٧
١١/ سوننەتە زەردەخەنە لەسەر لێوت بێت و ڕووت خۆش بێ ٢٤٨
١٢/ سوننەتە قسەت خۆش و چاک بێت کە بەخێر و چاکە بۆت ئەنوسرێت .. ٢٤٨
١٣/ یادی خوای بەرز و بڵند لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا ٢٤٩
١٤/ سوننەتە بە خوێندنی کەفارەتی کۆڕو مەجلیس کۆتایی بە کۆڕو دانیشتنەکەیان بهێنن ٢٥٢
ئەو شتانەی قەدەغەیە و ڕێگریان لێکراوە و پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە ٢٥٣
سوننەتەکانی پۆشاک و جوانی و ڕازاوەیی ٢٥٤
سوننەت وایە لەکاتی نەعل و پێڵاو لەپێکردندا لای ڕاست پێش بخرێت ٢٥٤
سوننەت وایە پۆشاکی سپی لەبەر بکرێت: ٢٥٨
سوننەت وایە بۆنی خۆش بەکاربهێنرێت ٢٥٩
سوننەت وایە لەکاتی قژ داهێناندا لەلای ڕاستەوە دەست پێبکرێت ٢٧١
ئەو شتانەی لەم بەشەدا ڕێگریان لێکراوە ٢٧٥

سوننەتەکانی پژمین و باوێشک دان ٢٧٦
١/ سوننەتە بۆ کەسێک کە ئەپژمێت بڵێ: (الحمد لله) ٢٧٦
٢/ سوننەت وایە وەڵامی ئەو کەسە نەداتەوە کە ئەپژمێت و سوپاسی خوای باڵادەست ناکات لەسەری ٢٧٧
٣/ سوننەت وایە دەمی بگرێت و دایبخات لەکاتی باوێشکدا، یاخود بەدەستی بیگێڕێتەوە ٢٧٩
چەند سوننەتێکی تری ڕۆژانە ٢٨٢
ئەو ویردانەی لەکاتی چوونە سەرئاو، و هاتنە دەرەوەدا هاتوون ٢٨٢
سوننەتێکی تر نووسینی وەسێتە ٢٨٣
لێبوردەیی و نەرمونیانی لەکڕین و فرۆشتندا ٢٨٤
ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژی سوننەت دوای هەموو دەستنوێژێک ٢٨٦
چاوەڕوانی کردنی نوێژ ٢٨٦
سیواک کردن ٢٨٨
تازەکردنەوەی دەستنوێژ بۆ هەموو نوێژێک ٢٨٩
نزا و پاڕانەوە ٢٨٩
ئەو کردەوانەی سوننەتە موسڵمان ئەنجامی بدات کاتێ ویستی بپاڕێتەوە ٢٩٠
لە سوننەتەکانی ڕۆژانە یاد و زیکری خوای بەرز و بڵندە ٢٩٨
ئایا هاوەڵان چۆن بوون لەگەڵ قورئاندا ٢٩٩
زیکر و یادی خوا مایەی ژیانی دڵەکانە ٣٠١
زیکر و یادی خوا دوو جۆرە: یادکردنی ڕەها و گشتی، لەگەڵ دیاری کراو ٣٠٧
بەزیکر کردن بەندە ئەبێت بەیەکێک لەپێشکەوتووەکان ٣٠٨
ئەوەی کە هاتووە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ سەبارەت بە جۆرەکانی زیکر و یادکردنی خوای گەورە زۆر زۆرە ٣٠٩
پێڕست ٣١٦

خوێنەری بەڕێز

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە چەند دێڕو پەڕەیەکە، کە سونەت و پەرستشەکانی لەخۆگرتووە، سوننەتێکی زۆری نوسراو و بەجێماو، و کۆمەڵە پەرستشێکی ون و زانراو، و هەندێکی تری وازلێهێنراو، کە هەر هەموویان خەڵات و بەخششێکن لەلایەن خوای بەرز و بڵندەوە بۆ ئەم ئوممەتەی داناوە، بۆئەوەی پەرستشەکانیانی پێ زیاد بکەن، و چاکەکانیانی پێ چەندقات بکەن، و نزیکی لەپەروەردگاری زەوی و ئاسمانەکانی پێ بەدەست بهێنن کە فەرموویەتی:(بەردەوام بەندەکەم لێم نزیك ئەبێتەوە بەئەنجامدانی سوننەتەکان هەتا خۆشم ئەوێت).

بەڕاستی ئەمە خەڵات و بەخششێکی شکۆدار و مەزن و بەنرخ و بەرهەمدارە، کە سوننەتەکانی پەیامبەر(ﷺ) و ویردەکانی ڕۆژانەی تیادا هێنراوە هەر لەکاتی لەخەو هەستانیەوە تا ئەو کاتەی کە ئەنوێت، هەمووی بەستراوەتەوە بە بەڵگەی شەرعی و ئاماژەیەکی زۆری زانستیەوە، بۆ ئەوەی دەروونی خۆشم و ئێوەش هانبدەم بۆ جێ بەجێکردنی بەهیوای بەدەستهێنانی بەرهەمەکانی، و نزیکبوونەوە لەپەروەدگاری بەرز و بڵند، و تێکۆشانێکیش بێت بۆ بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵکیدا. ((نوسەر))

خوێنەرانی بەڕێز ئەم کتێبە پاش یارمەتی خوای بالادەست بەکۆمەکی خێرخوازان توانیومانە بەم نرخە کەمە بیخەینە بەردەستی ئێوەی ئازیز ئێوەش ئەگەر ئەتانەوێ هەر لەو نرخە کەمەدا بمێنێتەوە بۆ چاپەکانی تری بەشداربە لەو خێرە نەبراوەیەدا بەگەیاندنی یارمەتیەکانتان بۆ ئەم ژمارەیە
07701499711

کتێبخانەی ئامۆژگاری
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
0770 149 9711
سلێمانی - دارەسوتاوەکە - بەرامبەر کەشتی نوح